پێشهاتە سیاسییەکانی
دەڤەری بارزان لە ماوەی سالّانی
١٩٠٢ - ١٩٣٢

د. مستەفا محەمەد کەریم

دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٢

- **ناوی کتێب:** پێشهاتە سیاسییەکانی دەڤەری بارزان لە ماوەی سالّانی ١٩٠٢ - ١٩٣٢
- **نووسینی:** مستەفا محەمەد کەریم
- **هەڵەچنی:** دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ک.)
- **دیزاینی ناوەوە:** دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ک.)
- **دیزاینی بەرگ:** دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ک.)
- **ساڵی چاپ و شوێن:** ٢٠٢٢ – هەولێر
- **چاپخانە:** ڕۆکسانا
- **تیراژ:** ٢٠٠٠

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٢٨٢٩) ساڵی ٢٠٢١ پێدراوە.

پێشکەشە بە:

- گیانی پاکی شەهید عەبدولسەلام بارزانی، هەڵگری دروشمی سەربەخۆیی کوردستان و شێخ ئەحمەد بارزانی.
- هەموو ئەوانەی بە درێژەدان بە خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە قۆناغە جوداکاندا مێژووی پڕ سەروەری کوردستانیان نەخشاندووە.

پێڕست

بابەت	ل
پێشەکی و شیکردنەوەی سەرچاوەکان	١ - ٦
بەشی یەکەم هەڵکەوتەی جوگرافی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری ناوچەی بارزان	
تەوەری یەکەم: هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی ناوچەی بارزان	٩ - ١٧
تەوەری دووەم: بارودۆخی کۆمەڵایەتی دەڤەری بارزان	١٨ - ٢٤
تەوەری سێیەم: بارودۆخی ئابووری دەڤەری بارزان	٢٥ - ٢٨
بەشی دووەم ژیان و خەباتی شێخ عەبدولسەلامی دووەم	
تەوەری یەکەم: سەرنجێك لەڕەچەڵەکی بنەماڵەی شێخانی بارزان	٣١ - ٤٠
تەوەری دووەم: کورتەیەکی مێژوویی لە ژیانی شێخ عەبدولسەلامی دووەم	٤١ - ٤٧
تەوەری سێیەم: پەیوەندی شێخ عەبدولسەلام لەگەڵ کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان	٥٨ - ٥٧
تەوەری چوارەم: شێخ عەبدولسەلامی دووەم و بیری نەتەوایەتی	٥٨ - ٦٣
بەشی سێیەم لەشکرکێشی ئیتیحادیەکان و لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلامی دووەم	
تەوەری یەکەم: کودەتای ١٩٠٨ ی ئیتیحاد و تەرەقی	٦٧ - ٧٥
تەوەری دووەم: لەشکرکێشی ئیتیحادیەکان بۆ سەر دەڤەری بارزان	٧٦ - ٩٢
تەوەری سێیەم: سلێمان نەزیف و لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی	٩٣ - ١٠٣

بەشی چوارەم **شۆڕشی یەکەمی بارزان ١٩٣١ – ١٩٣٢**	
تەوەری یەکەم: ڕەوشی سیاسی باشووری کوردستان پێش شۆڕشی یەکەمی بارزان	١٠٧ - ١٢٣
تەوەری دووەم: ژیان و خەباتی شێخ ئەحمەد بەر لەهەڵگیرسانی شۆڕشی یەکەمی بارزان	١٢٤ - ١٣٥
تەوەری سێیەم: هەوڵە سیاسی و سەربازییەکان بۆ لاوازکردنی پێگەی شێخی بارزان	١٣٦ - ١٤٨
تەوەری چوارەم: ڕەوشی بارزان لە(٩ تا ١٢)ی کانوونی دووەمی ١٩٣١	١٤٩ - ١٦٥
تەوەری پێنجەم: خامۆشکردنی شۆڕشی یەکەمی بارزان وەدەرئەنجامەکانی	١٦٦ - ١٨٢
لیستی سەرچاوەکان	١٨٥- ٢٠٧
پاشکۆکان	٢١١ - ٢١٦

پێشەکی و شیکردنەوەی سەرچاوەکان

دەڤەری بارزان یەکێکە لە ناوچە سەرەکییەکانی باشووری کوردستان کە تا ئەمڕۆش سەرەڕای هەموو قۆناغە سەختەکانی مێژوویی کەپێیدا تێپەڕیوە، بەڵام وەك قەڵایەکی پۆلاین ماوەتەوە و توانیویەتی بەردەوامی بدات بەژیان و چالاکییەکانی، بێگومان ئەم تایبەتمەندیەش لە ناوچەکانی تری کوردستان جیای دەکاتەوە.

مێژووی زیاتر لەسەدەیەکی گەلی کورد، خاوەنی چەندین قارەمانی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر و مرۆڤدۆست و ئازادیخواز بووە، خانەوادەی شێخانی بارزان بەشێکی دیار و سەرەکی ئەم مێژووییە بەدرێژایی زیاتر لەیەك سەدە.

ڕۆڵی جوامێرانەی نیشتمانی بارزانییەکان کە شۆڕش و پێگەیەکی دیار و بەرچاویان هەبووە لە دەستپێشخەری گشت جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕی لەسەرجەم پارچەکانی کوردستان، هەروەها سەرقافڵەی هەموو ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکان بوون، کە مێژووی پڕ سەروەری کوردیان نەخشاندووە لە قۆناغە جیاوازەکانی فەرمانڕەوایەتی هەر یەکە لە"فەرمانڕەوایەتی عوسمانییەکان و سەردەمی پاشایەتی لە عێراق (۱۹۲۱ – ۱۹۵۸) و سەردەمی کۆماری" ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان گێڕاوە لە ژیانی سیاسی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە باشووری کوردستان بەتایبەتی و پارچەکانی دیکە بەگشتی.

نووسینەوەی مێژووی ئەم دەڤەرە لە ساڵانی ۱۹۰۲ – ۱۹۳۲ لەڕووی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و هزری، گرنگیدانە بەماوەیەکی گرنگ لە مێژووی کورد لە باشووری کوردستان، کە چەندین گۆڕانکاری و پەرەسەندنی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و هزری لە خۆدەگرێت، کە بە ساڵی (۱۹۰۳/۱۹۰۲) دەستپێکی ڕێبەرایەتی شێخ عەبدولسەلامی دووەم وەك شێخی تەکیەی بارزان وەك خاڵێکی وەرچەرخان دەست پێدەکات و بە خاموشکردنی شۆڕشی یەکەمی بارزان لە ساڵی ۱۹۳۲ کۆتایی دێت.

سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیە گرنگی خۆی هەیە، چونکە هەر لە دەستپێکەوە تا کۆتاییەکەی دەکەوێتە نێوان چەندین ڕووداوی دیاری وەك کودەتای ۱۹۰۸ ئیتیحادییەکان و بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی و دووبارە کێشانەوەی نەخشەی سیاسی سەرجەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دروستکردنی چەند قەوارە و دەوڵەتی سیاسی وەك عێراق و ئوردن.....، لەهەمان کاتدا بێ بەشکردنی کورد لە مافە

نەتەوەییەکانی کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە بەسەر ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان بەگشتی و دەڤەری بارزان بەتایبەتی.

ئەم کتێبە جگە لە پێشەکی لە چوار بەش پێکهاتووە، سەبارەت بە بەشی یەکەمی کتێبەکە تیشکخراوەتە سەر هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەڤەری بارزان کە تێیدا جەخت لەسەر تۆبۆگرافی ناوچەکە کراوە، هەروەها دیاریکردنی کارەکتەرە جوگرافییەکان بۆ مانەوەی ئەو ناوچەیە لە بەرامبەر شاڵاوی داگیرکاران، لەگەڵ جەختکردنەوە لەناوی بارزان لە لایەن سەرچاوە جیاوازەکانی مێژوویی، هەروەها تیشکخستنە سەربارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەڤەرەکە و ڕۆڵی شێخانی تەکیەی بارزان لە مانەوەی بارزان لەسەر ئەو ڕێچکەیەی کە قبوڵی ژێر دەستەیی و چەوسانەوە نەبێتە فەرهەنگیان بەرامبەر هەموو ئەو گوشارانەی کە لە لایەن دەسەڵاتداران لە قۆناغە جیاوازەکان ڕووبەڕوویان بووەتەوە.

بەشی دووەم تیشك دەخاتە سەر ژیان و خەباتی شێخ عەبدولسەلامی دووەم کە لەچوار تەوەر پێکدێت، تەوەری یەکەم "سەرنجێك لە ڕەچەڵەکی شێخانی بارزان" بە تیشك خستنە سەر ڕەچەڵەکی ئەم ماڵباتە و دەرکەوتنیان لەمیرانی میرنشینی ئامێدی تاکو شێخ عەبدولسەلامی دووەم کە تێیدا جەخت کراوەتەوە لە دەرکەوتنی شێخ تاجەدین و پاشان دامەزراندنی تەکیەی بارزان و ڕۆل و کاریگەرییەکانی شێخانی تەکیەی بارزان لەڕووی ئاینی و سیاسی و هەڵوێستییان لە بەرامبەر ناوچەکانی دەوروبەر و دەسەڵاتی عوسمانی، تەوەری دووەم خستنەڕوویێکە لەبارەی کورتەیەك لەژیان و خەباتی شێخ عەبدولسەلامی دووەم. سەرەتا تیشکخراوەتە سەر ئەو چاکسازییانەی کە شێخ عەبدولسەلامی دووەم ئەنجامی داوە لەو ناوچەیەی کە هەڵی دەسووڕاند، لەگەڵ جەختکردنەوە لە پەیوەندییەکانی شێخی بارزان لەگەڵ ئاغا و دەرەبەگەکانی ناوچەکە و کاریگەرییەکانیان لە نانەوەی پشێوی و ئاڵۆزی لەنێوان تەکیەی بارزان و حکومەت لە مووسڵ، تەوەری دووەمیش دەرخستنێکە لەبارەی پەیوەندی شێخ عەبدولسەلام لەگەڵ کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان و ڕۆڵی شێخی تەکیەی بارزان لەو جووڵانەوە سیاسی و ڕۆشنبیریانە و کاریگەرییەکانی لەسەر دەڤەری بارزان، لە تەوەری چوارەم و لە کۆتایی بەشەکەشدا تیشکخراوەتە سەر"شێخ عەبدولسەلام و بیری نەتەوایەتی" کە تێیدا باس لە ڕۆڵی شێخ عەبدولسەلامی دووەم کراوە لە کۆبوونەوەی بەهاری ساڵی ۱۹۰۷ و ناردنی یاداشتنامەیەك بۆ دەسەڵاتدارانی عوسمانی کە تێیدا جەخت کرابووەوە لە زمان و شوناسی نەتەوەیی، هەروەها چڕکردنەوەی

هەوڵەکانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا بە مەبەستی بەدیهێنانی مافەڕەواکانی گەلی کورد.

بەشی سێیەم "لەشکرکێشی ئیتیحادییەکان و لە سێدارەدانی شێخ عەبدولسەلامی دووەم" دابەش دەبێتە سەر سێ تەوەر، سەبارەت بەتەوەری یەکەم تیشك دەخاتە سەر کودەتای ۱۹۰۸ی ئیتیحاد و تەرەقی، تێیدا باس لە ڕەوت و پەرەسەندنەکانی کودەتای ۱۹۰۸ و لادانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لە دەسەڵات کراوە، لەگەڵ جەختکردنەوە لەپەیوەندی کورد و ئیتیحاد و تەرەقی، تەوەری دووەم دەرخستنێکە لەبارەی لەشکرکێشی ئیتیحادییەکان بۆ سەر دەڤەری بارزان، تێیدا تیشکخراوەتە سەر هۆکارەکانی لەشکرکێشیەکە و ڕەوت و پەرەسەندنەکانی بەتایبەت ڕۆڵی فازیل پاشا داغستانی لەو هەڵمەتە و بەرئەنجامەکانی لەنێوان ساڵانی ۱۹۰۹ – ۱۹۱۲، پاشان جەختکردنەوە لەڕۆڵی پارتی "حوڕیەت و ئیتیلاف" و گەڕانەوەی ئارامی بۆ ناوچەی بارزان، دوای دوورخستنەوەی ئیتیحادییەکان لە دەسەڵات، لە تەوەری سێیەم و کۆتایی بەشەکەشدا تیشکخراوەتە سەر "سلێمان نەزیف و لە سێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی" کە تێیدا جەختکراوەتە سەر دووبارە گەڕانەوەی ئیتیحادییەکان بۆ دەسەڵات و هەڵوێستی دوژمنکارانەیان بەرامبەر بە تەکیەی بارزان لەگەڵ خستنەڕووی سیاسەتی سلێمان نەزیف بەرامبەر بە شێخی بارزان و لەشکرکێشییەکانی بۆ سەر دەڤەری بارزان، پاشان سەردەمی ئاوارەیی شێخ عەبدولسەلام و هەوڵەکانی بۆپەیداکردنی پاڵپشتی بۆ دۆزی کورد لە تاراوگە بەتایبەت "ڕووسیا" پاشان تیشکخستنە سەر پیلانی دەستگیرکردنی شێخ و دیاریکردنی هەڵوێستی سلێمان نەزیف بەرامبەر بە شێخی بارزان و لە سێدارەدانی.

لەبەشی چوارەم لێتۆژ هەوڵ دەدات " شۆڕشی یەکەمی بارزان ۱۹۳۱ – ۱۹۳۲ " بخاتەڕوو، کە پێکدێت لەپێنج تەوەر، تەوەری یەکەم تیشك دەخاتە سەر ڕەوشی سیاسی باشووری کوردستان پێش شۆڕشی یەکەمی بارزان، بەتایبەت ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و دووبارە کێشانەوەی نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دروست بوونی چەندین قەوارە و دەوڵەتی سیاسی نوێ لە ناوچەکە و ڕۆڵ و سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، لەگەڵ خستنەڕووی هەڵوێستی کورد لە باشووری کوردستان لە پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق لە نێوان ساڵانی ۱۹۲۱ تا ۱۹۳۰.

تەوری دووەم خستنەڕوویێکە لەبارەی ژیان و خەباتی شێخ ئەحمەدی بارزانی بەر لەهەڵگیرسانی شۆڕشی یەکەمی بارزان کە تێیدا باس لە ڕۆڵ و هەڵوێستی شێخ ئەحمەدی بارزانی کراوە لە بەرامبەر داگیرکاری بەریتانیا و پشتگوێ خستنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد،

لەگەڵ تیشکخستنە سەر هەوڵەکانی بۆ پێشکەش کردنی یارمەتی و هاوکاری بۆ بزاڤ و ڕاپەڕینەکانی کورد لە ناوخۆی کوردستانی باشوور و پارچەکانی دیکەی کوردستان، هەروەها ڕێگری کردن لە سیاسەتی بەریتانیا لە نیشتەجێ کردنی ئاسووریەکان لە دەڤەری بارزان، سەبارەت بەتەوەری سێیەمی بەشەکەش جەخت کراوەتەوە لە هەوڵە سەربازی و سیاسییەکان بۆ لاوازکردنی پێگەی شێخ ئەحمەدی بارزانی چ لەڕووی سەربازی یاخود پرۆپاگەندەی ڕێکخراو، چونکە بەریتانیا و حکومەتە دەستکردەکەی بەغدا هەردەم دەڤەری بارزانیان بە بەرستێکی دژوار دادەنا بەرامبەر جێبەجێ کردنی سیاسەتەکەیان لە ناوچەکەدا، بۆیە دەستیانکرد بەهاندانی هۆزەکان دژ بە تەکیەی بارزان بە بیانووی بابەتی ئاینییەوە، جگە لەمانەش تیشکخراوەتە سەر گوزارشت و ڕەهەندە دەرەکییەکان و کاریگەریان لەسەر لاوازکردنی پێگەی شێخی بارزان کە بەریتانییەکان ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە لەم بابەتەدا، هەرچی تەوەری چوارەمە تیشك دەخاتە سەر ڕەوشی بارزان لە (۹ تا ۱۲) کانونی دووەمی ۱۹۳۱ کە تێیدا باس لە ناکۆکی نێوان بارزانییەکان و برادۆستەکان دەکات، لەگەڵ خستنەڕووی شاڵاوەکانی برادۆست بۆ ناوچەی شێروان و پاشان هەوڵە نێوەندگیرییەکانی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کە لەبنەڕەتدا هەوڵەکان فێڵێکی سیاسی و سەربازی هەریەکە لە بەریتانیا و عێراق بووە بە مەبەستی داگیرکردنی بارزان، چونکە لەو ماوەیەدا هەڵمەتە سەربازییەکەی سوپای عێراق و بەریتانیا کراوەتە سەر دەڤەرەکە بە سەرکردایەتی بەرقی بەگ، پاشان جەخت کراوەتەوە لە شۆڕشی ئاڕاڕات و دیاریکردنی هەڵوێستی تورکیا لە یارمەتییەکانی تەکیەی بارزان بۆ ئەم شۆڕشە و کاریگەرییەکانی لە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا. تەوەری پێنجەم و کۆتایی بەشەکە خستنەڕوویێکە لە خامۆشکردنی شۆڕشی یەکەمی بارزان و دەرئەنجامەکانی کە تێیدا تیشکخراوەتە سەر بیانووەکانی حکومەتی عێراقی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەکە و پاشان ئامادەکارییەکانی بە مەبەستی ئەنجامدانی لەشکرکێشی، دواتر جەخت کراوەتەوە لە ڕەوت و پەرەسەندنەکانی شەڕ لە ناوچەکە و دیاریکردنی ڕۆڵی بەریتانییەکان لە پاڵپشتیکردنی هێزەکانی عێراقی لە ڕێگای هێزی ئاسمانی، لەگەڵ تیشکخستنە سەر بەرگرییەکانی هێزی بارزان و دوا هەوڵەکانیان بۆپاڕێزگاریکردن لە دەڤەرەکەیان، پاشان پەنا بردنیان بۆ ناو خاکی تورکیا.

لێتۆژ پشتی بەستووە بە ژمارەیەکی زۆری سەرچاوەی جۆراوجۆر بەچەندین زمانی جیاواز لەسەرووی هەمووشیانەوە بەڵگەنامەکان کە بێگومان سوود وەرگرتن لە بەڵگەنامەکان بۆ نووسینی هەر توێژینەوەیەکی مێژوویی پێویستیەکی زانستیە، ئەو

بەڵگەنامانەی کە بۆ ئەم توێژینەوەیە بەکارهاتوون بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان، بەتایبەت لەوبارەیەوە سوود لە کتێبە بەڵگەنامەیەکان وەرگیراوە، لەم رووەوە کتێبە بەلگەنامەییەکانی هەریەکە لە خلیل علی مراد، عبدالفتاح علی البوتانی، بەناوونیشانی "صفحات من تاریخ الکرد و کوردستان الحدیث فی الوثائق العثمانیة (١٨٤٠ – ١٩١٥)، هەروەها کتێبەکەی نجده فتحی صفوە، لەژێر ناوونیشانی "العراق فی الوثائق البریطانیة سنه ١٩٣٦"، هەروەها "ڕاپەڕینەکانی بارزان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی هەردوو حکوومەتی فەرەنسا و بەریتانیادا ١٩٣١ – ١٩٤٩".

سەبارەت بە نامە زانکۆییەکان بەڕادەیەکی کەمتر توانراوە سوودیان لێ وەربگیرێت، بەڵام بەشێکی سەرەکی لەسەرچاوە بەکارهاتووەکان لەم لێکۆڵینەوەیەدا بریتین لە کتێبەکان کە بەزمانەکانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی و فارسی سوودیان لێوەرگیراوە.

سەرچاوە کوردییەکان پانتاییەکی فرەوانی کتێبەکەی لەخۆ گرتووە، کە بەشێکیان بەڕەچاوکردنی ڕێبازی زانستی لەنووسینەوەی مێژوو نووسراون، بەڵام هەندێکیان دوور لەڕێبازی زانستی زانیارییەکانیان تۆمار کردووە، ئەوانەی زۆر سوودیان لێوەرگیراوە کتێبەکەی "سێ قوربانییەکە (شێخ سەعید بەرزنجی، شێخ عەبدولسەلام بارزانی، شێخ زاری ئەلزەوبەعی)" عەبدولمونعیم غولامی، کەتێیدا باس لەژیان و خەبات و لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی دەکات، هەروەها کتێبەکەی "چەند ڕاستییەکی مێژوویی لەبارەی شۆڕشی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شۆڕشەکانی دیکەی بارزان تا ١٩٤٥ " مەنسور شێخ ڕەئووف بەرزنجی، کەتێیدا سوود وەرگیراوە لەژیان و خەباتی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شۆڕشی یەکەمی بارزان، جگە لەمانەش کتێبە گرنگەکەی "کارەساتی بارزانی زوڵملێکراو"ی مەعرووف چیاووك، زانیاری پڕ بایەخ لەبارەی شۆڕشی یەکەمی بارزان دەخاتەڕوو.

لە لایەکی دیکەوە سەرچاوە عەرەبییەکان گرنگی تایبەتیان هەیە لەئامادەکردنی ئەم کتێبەدا، بۆ نموونە کتێبەکەی (ثورات بارزان ١٩٠٧– ١٩٣٥)ی زبیر بلال اسماعیل کە زانیاری گرنگ و بەسوودیان لەبارەی شۆڕش و بزاڤەکانی دەڤەری بارزان هەر لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی دووەم تاکو جوولانەوەکەی خەلیل خۆشەوی لەخۆدەگرێت کە پشتی بەستووە بەچەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر بە شێوەیەك لەپانتاییەکی فرەوانی کتێبەکە سوودی لێوەرگیراوە، هەروەها لەبارەی ژیانی ئایینی بەتایبەت تەکیەی بارزان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئاینزایەکانی ناوچەکە سوود وەرگیراوە لە کتێبی عەرەفات کەرەم ستونی بە ناوونیشانی (الحیاة الدینیة من نهری الی بارزان)، سەرەڕای ئەوانەش سوود

وەرگیراوە لەسەرچاوەکەی "کاوس قفطان" بەناونیشانی (الانتفاضات البارزانية "صفحات من تاريخ الحركة التحررية الكرديه فی النصف الاول من القرن العشرين") کە نووسەر بە شێوەیەکی ئەکادیمی شرۆڤەی بابەتیانەی بۆ ڕووداوە مێژوویییەکان کردووە.

بە شێوەیەکی گشتی سەرەڕای ئەو سەرچاوانەی کە باس کران کتێبەکە پشتی بەستووە بە چەندین سەرچاوەی دیکە کە بە زمانە جیاوازەکانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی و فارسی نووسراون، بەڵام بە پێویست نەزانراوە لێرەدا بخرێنەڕوو، بۆیە دەکرێت بگەڕێنەوە سەری لە لیستی سەرچاوەکان لەکۆتایی کتێبەکەدا.

نووسینی کتێبێکی لەم جۆرەش هەرچەندە هەوڵێکی زانستیە و هەوڵی زۆری بۆ دراوە، بەڵام بێ کەموکورتی نابێت، هیوادارم بەچاوێکی زانستییانە وەربگیرێت و تێبینییەکان ببنە هۆی دەوڵەمەندکردنی زانستییانەی کتێبەکە.

نووسەر

هەولێر ۲۰۱۷/۲/۱

بەشی یەکەم

هەڵکەوتەی جوگرافی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری ناوچەی بارزان

تەوەری یەکەم:

«هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی ناوچەی بارزان»

مێژووی هەموو گەلێك بەپێی بارودۆخی هەڵکەوتەی جوگرافی و هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری چارەنووسەکەی دیاری دەکات و ئاڕاستە دەکرێ، بێگومان ئەمەش کاریگەری خۆی دەسەلمێنێت لە گۆڕەپانی ژیان و کایەکانی تری کارگێڕی و بەڕێوەبردن، کە لە کارلێکردن و کاردانەوەکانی ڕەنگ دەداتەوە.

شیاوی باسکردنە کورد بەدرێژایی مێژوو لە شوێن و پلەو پایەکانی خۆیدا توانیویەتی ببێ بە بزوێنەری ڕووداوەکان بە شێوازی جۆراوجۆر لەگەڵ قۆناغەکانی مێژوو گوزەر بکات، بەزەبری هێزو ئەو دەسەڵاتەی کە لە ژێر دەستی دابووە لە ڕێگای هەموو ئەو شۆڕش و بزاڤە نەتەوییانەی کە خۆی لەداواکاری ئازادی و سەربەخۆیی و دادپەروەری نێوان چینەکان دەبینییەوە، بوونە سەرەتای هەوێنی دروستبوونی چەندین ڕێکخراو و کۆمەڵەی نەتەوەیی لە پێش هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانی، بێگومان هاتنە ئارای شۆڕشی نەتەوەیی لە دەڤەری بارزان لە سەرەتای سەدەی بیستەم نمونەی بەرچاوە لە قۆناغی خەباتی گەلی کورد، کە دەسەلمێنێت هەرچۆنێ بێ نەتەوەی کورد توانیویەتی بەقوربانیدان و شێوەکانی تری خەبات و تێکۆشان، بەپێی تواناکانی خۆی نەپچڕاوە و لەسەری بەردەوام بێت، بە مەبەستی بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی[1].

بە درێژای مێژووی هاوچەرخی کورد، دەڤەری بارزان بووەتە مەڵبەندی سەرهەڵدانی چەندین شۆڕش و ڕاپەرین لەپێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی خۆیان، لە دژی دەسەڵاتە خۆسەپێنەکان[2]، دیارە ئەم ناوچەیەش لەڕووی جوگرافیەوە کەوتووەتە ئەوپەڕی باکووری کوردستانی عێراق لەناو سنووری پارێزگای هەولێر، کە مەڵبەندی ناوچەکەش مێرگەسۆرە یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر[3].

---

(١) فاخر عالی عەبابەکر، مێژووی بارزان و ڕاپەڕینەکانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دا، گۆڤاری مێژوو، ژمارە (٢٧)، ساڵی حەوتەم، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هاوینی ٢٠١٣)، ل ٩٦.

(٢) حسێن مەدەنی، کوردستان و ستراتیژی دەولەتان، بەرگی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- ٢٠٠٩)، ل ٣٨٠.

(٣) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (١٩٣١ -١٩٥٨)، (هەولێر- ٢٠١٢)، ل ١٨.

هەروەها سنووره جوگرافییەکەی لە ڕۆژهەڵاتەوە درێژ دەبێتەوە تاکو قەزای سۆران، لە ڕۆژئاواوە تاکو قەزای ئامێدی و ئاکرێش دەکەوێتە باشووری، هەروەها لە باکووریشەوە هاوسنووره لەگەڵ باکووری کوردستان[١].

پێشتر ئەم ناوچەیە بە قەزای زێبار ناودەبرا، کە ناوەندەکەی (بلێ) بووە، پاشان گواستراوەتە بۆ مێرگەسۆر[٢]، بەپێی بڕیارێکی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی لە ١٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٢[٣]، هەرچەندە ناوچەی بارزان لە سەرەتادا لە سێ ناحیە پێکدەهات کە بریتیبوون لە (مێرگەسۆر، شێروان، بارزان)[٤]، بەڵام ئێستا فراوانی بەخۆیەوە بینیوە و بووەتە پێنج ناحیە ئەوانیش (شێروانی مەزن، بارزان، گۆڕەتوو، پیران، مەزنێ)[٥].

لە لایەکی دیکەوە سنووره‌کەی لە گوندی (مەزنێ)وە دەست پێدەکات، کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی ڕواندوز، لە بەرەکەی دیکەوە سنووری تورکیایە لە نزیك گوندی زێت (هەرکۆ بێداڤە)کەوتوتە بەری ڕۆژهەڵات، باڵندەش کەوتوتە بەری ڕۆژئاوا کە (٥٥ کم) لە ئامێدیەوە دووره، لە باکووریدا چیای پیرسە کە لەگوندی (بیرەکەپرە) دەست پێ دەکات تاوەکو (بێکرێس) و (هەربۆ)[٦].

هەر لەوبارەیەوە ئەگەر چاوێك بە هەڵکەوتەی سرووشتی ناوچەی بارزان بخشێنین، دەبینین زێی بادینان دەکەوێتە باشووریەوە، هەروەها ڕووباری ڕواندوز لەڕۆژهەڵاتی و چەمی روکوچکیش لەباکووری ڕۆژئاوا ناوچەکە دەبڕێت[٧].

---

(١) هاشم شێروانی، دەڤەرا بارزان (جوگرافیا، دیرۆك، کلتور)، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- ٢٠٠٨)، ل ١١.

(٢) ڕۆژ عەبدوڵڵا عادل ئەرگوشی، ناوچەی بارزان لە نێوان ساڵانی (١٩٣١- ١٩٤٦)، نامەی ماستەر پێشکەشکراو بە کۆلێژی ئەدەبیات- (زانکۆی سەڵاحەددین- ٢٠١٠)، ل ٦.

(٣) مامخان شێروانی، بارزان و ڕەچەلەکی بارزانیان (لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و مێژوویی لەسەر بارزان تا بەهاری ١٩٧٤)، (لەندەن- ١٩٧٤)، ل ١٩.

(٤) مەنسوورشێخ ڕەئووف بەرزنجی، چەند ڕاستییەکی مێژوویی لەبارەی شۆڕشی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شۆڕشەکانی دیکەی بارزان تا ١٩٤٥، (دهۆك- چاپخانەی خەبات- ٢٠٠١)، ل ٦٧.

(٥) حسێن مەدەنی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨١؛ هاشم شێروانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.

(٦) عەبدولڕەحمان مەلاحەبیب ئەبوبەکر، عەشیرەتی بارزان لە نێوان (١٩٣١– ١٩٩١)، چ١، (هەولێر- ٢٠٠١)، ل ٩.

(٧) مامخان شێروانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

زێـی گـەورە لـەناو تورکیـاوە دێـت بـۆ ناوچـەی بـارزان بەتایبـەت ((باڵنـدا)) لـەوێش تێدەپەڕێت بۆگوندەکانی (باز، هەڤنکا، بلێ، ڕێزان و شانەدەر)، هەروەهـا لـە باکووریشـەوە ڕووباری رووکوچك کە لە دەشتی بـەرازگرەوە دێتـە ناوچەکـە و لەگونـدی ڕێـزانەوە دەچێتـە سەر زێی گەورە[١]، ئەویش لە خواروی بـارزانەوە بـە گـەلی بێخمـەدا شـۆڕ دەبێتەوە و لـە خواروی مووسڵ لەگەڵ ڕووباری دیجلە یەکدەگرنەوە[٢].

لەڕووی تۆپۆگرافیەوە ناوچەی بارزان ناوچەیەکی شـاخاوییە، کـە چەنـدین چییـای بـەرز لەخۆدەگرێت، لەوانە چیای شیرین کە بەرزییەکەی ٢٣٧٩ مەترە لەسەر ئاسـتی ڕووی دەریـا دەکەوێتە پشت گوندی بارزان، هەروەها چیای پیران کە بەرزییەکەی ٢٠٧٦ مەترە دەکەوێتە بەرامبەر مێرگەسۆر و چیای ئەلبت لە بەرامبەر گوندی کانیالنجا و چیای برادۆست دەکەوێتـە پشت گوندی گۆڕەتوو کە بەرزییەکەی لە ئاستی ڕووی دەریا بریتیە لە ٢٠٧٦ مەتر، هـەرچی چیای هۆرێیە لەپشت چیای شیرینە و چیای قەلەندەریش دەکەوێتە پشت گونـدی شـێتنە[٣]، و چیای پیرس دەکەوێتە باشووری ناوچەی بارزان کە بەرزییەکەی (١٧٦٢) مـەترە لـە ئاسـتی ڕووی دەریاوە، لەژێر ئەم چیایە گوندی سەفتێ و چەند گوندێکی تـری لـە تیـرەی نـزاری لـە خۆدەگرێت[٤].

لەڕووی ئاوهەواوە ئەم دەڤەرە بەفر و بارانی زۆرە لەژێر کاریگەری ئاووهەوای دەریـای ناوەڕاستە، ڕێژەی بەفر و باران بـارین زۆرە سـاڵانە زیـاتر لـە هـەزار ملـم بـاران دەبارێـت و بەفریش بە شێوەیەکی زۆر دەبارێت، هەنـدێك جـار لـە هەنـدێك جێگـا دەگاتـە سـێ مـەتر یاخود زیاتر، پلەی گەرماش لە وەرزی زستان لەم ناوچەیە نزمترین ئاسـت تۆمـار دەکـات، بـە شێوەیەك دەگاتە پلەی سفر یـان ژێـرەوەی سـفریش، بـەڵام لە وەرزی هاوینـدا پلـەی گـەرما مامناوەندە بەپێی ناوچەکە دەگۆڕێت و ڕەشـەبا و زریـان زۆرکـەم ڕووەدەن و بـەفریش تـا

(١) عەبدولڕەحمان مەلا حەبیب ئەبوبەکر، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٩؛ ڕێبـوار ڕەمـەزان بـارزانی، ڕەهەنـدە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان بۆ باشووری عێراق لە سـەردەمی بەعسـدا، (هـەولێر- چاپخانەی مناره- ٢٠٠٩)، ل ٢٣.

(٢) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

(٣) ڕێکاری مزویری، سەربوردا تراژیدیایێن بارزانییـان، (هـەولێر- چاپخانـەی حـاجی هاشـم- ٢٠١٣)، ل ل ١٨-١٩.

(٤) ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

مانگی حوزەیران لەسەر لوتکەی چیاکان دەمێنێتەوە[۱].

دانیشتوانی ناوچەی بارزان بە کشتوکاڵ کردن و بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات خەریك بوونە، مەڕ و ماڵاتیان زیاتر بزن و هێستر بووە لەگەڵ ئەسپ و مەڕو مانگا زۆربەی ژیانی خەڵکی ناوچەکە بە مەڕ و ماڵات و چاندن بووە، لەم دوایانەدا بەشێکی کەم باغداری پەیدا کردووە و پەرەی سەندووە، خەڵکی ئەم ناوچەیە بەشێکی کەم لەگەنم و جۆ و برنج و ماش و نیسك و هەندێك لە سەوزەوات بەرهەم دەهێنن ئەویش هەر بەشێکی کەمە لەسەر چیاکانیش هەندێك مێوە وەکو (تری و شێو و هەرمێ و گوێز) هەیە[۲].

لە لایەکی دیکەوە ناوچەی بارزان دەشت و دەری زۆر کەمە تەنها لە هەندێك ناوچە نەبێت وەکو دەشتی (ڕێزان، بلێ، بالندا) ناوچەی بارزان بە دار و درەختی سروشتی ڕازاوەتەوە، هەندێك لە دارەکان سوودبەخشن و بەرهەمدارن، خەڵکی ناوچەکەش سوودی زۆری لێوەردەگرن وەك (بەڕوو، مازی، قەزوان، گرك، گوشك)[۳].

سروشتی ناوچەی بارزان زۆر کوێستانیە و شاخی زۆرە و زستانی سەختە و زەوی تەختایی کەمە، چاندنی گەنم و جۆی کەمە، مێوەی زۆرە، لە کۆندا هاتوچۆیان لەگەڵ موسڵدا هەبووە[٤]، هەروەها ناوچەی بارزان بەرز و کوێستانییە لە کوردستان، بەهۆی کەمی زەوی کشتوکاڵی لەو ناوچەیەدا بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکی ناوچەکە زیاتر لە ئاژەڵداری و گرتنی سیلەی داری قەزوان و کەتیرە و ڕاوچێتیەوە، بژێوی ژیانیان دابین بکەن[٥].

بارودۆخی جوگرافیای بارزان سەرەڕای ئەو کاریگەریانەی لەسەر ژیان و گوزەرانی ڕابردووی خەڵکی ئەم ناوچەیەی داناوە، کۆسپی گەورەش بووە لە بەردەم پەرەسەندنی بارزگانی و ئاڵوگۆڕ و پەیوەندییە دەرەکیەکانی ئەوان و گەشەکردنی ئابووری ئەو ناوچەیەشی لەگەڵ گرفتێکی گەورەدا ڕووبەڕوو کردۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بارودۆخە تایبەتیە ئەو دەرفەتەی بۆ خەڵکی ناوچەکە ڕەخساندووە تا بتوانن کەلتووری

(۱) ڕێکاری مزویری، سەرچاوەی پێشوو، ل ۱۹.

(۲) حسین مەدەنی، سەرچاوەی پێشوو، ل ۳۸۱ .

(۳) عەبدولڕەحمان مەلا حەبیب ئەبوبەکر، سەرچاوەی پێشوو، ل ۹.

(٤) فاخر عالی عەبابەکر، سەرچاوەی پێشوو، ل ۹۷.

(٥) فەرەیدوون نووری، بزاڤی بارزانی، (هەولێر- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- ۲۰۰۷)، ل ل ۱۰۷–۱۰۸.

ڕەسەنی خۆیان بپارێزن تا ئەو ڕادەیەی کە ڕاستگۆیی و یەکڕیزی ئەوان هەمیشە لەسەر زاری هەمووان بێت[۱].

ئەو هۆزە سەرەکیانەی ناوچەی بارزان کە لەژێر سایەی دەسەڵاتی شێخانی بازانن، بریتین لە هۆزی بەڕۆژ کە دەکەوێتە باشووری چیای شیرین، "بارزان" یەکێك لەگوندەکانییەتی، هەروەها تیرەی شێروان کە دەکەونە ئەو ناوچانەی نێوان ڕۆژهەڵاتی ڕووباری روکچوك تاکو هاودیان، گرنگترین دێهاتەکانی بریتین لە ڕێزان و شێروان مەزن و مێرگەسۆر و مەڵبەندی تیرەکەش گوندی شێروانە، هەرچی هۆزی مزووری باڵایە دەکەوێتە باکووری چیای شیرین، "سێلکێ و کوزێ و شنگیل" لەگوندە دیارەکانی ئەم هۆزەن، کە گوندی سێڤی مەڵبەندی تیرەکەیە، هەروەها چەندین هۆزی دیکەی وەك " نزاری، دۆلەمەری، گەردی و هەرکی بنەجێ" دەگرێتە خۆی[۲].

سەبارەت بە هەریەکە لە هۆزی "گەردی و هەرکی بنەجێ "بەشێك لە گوندەکانیان دەکەونە ناو کوردستانی باکوور، بە هۆی سنووری دەستکرد و لێك جیاکردنەوەی کوردستان[۳]، لەوبارەیەوە لە کۆی "٤٨" گوندی هۆزی گەردی تەنها سێ گوند کە بریتین لە (زێت، زەرگەتە، هۆپە) دەکەونە کوردستانی باشوور، هەروەها لەکۆی "٢٠ " گوندی هۆزی "هەرکی بنەجێ" تەنها نۆ دێهاتیان دەکەوێتە ناو کوردستانی باشوور[٤].

دیارە پاش ئەوەی هۆزەکان ملیان بۆ پێشەوایەتی شێخ عەبدولسەلام دانواند، لەوساوە ناوی بارزانی ئەو هۆزانەشی گرتەوە[٥]، کەواتە لە پێناسەکردنێکی سادەی هۆز کە بریتیە لە تێکەڵاوییەکی بەهێزی خوێن کە تاکەکانی هەر هۆزێك بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەینە سەر بارزان ئەوە هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە، چونکە بارزان بریتیە لەکۆنفدراسیۆنی نێوان چەند هۆزیك کە پەیوەندی و دلسۆزی تاکەکانی ئەم هۆزانە بۆ شێخەکانی تەکیەی بارزان بە یەکەوەیان دەبەستێتەوە[٦]، کە"تەریقەت"[۱]ی نەقشبەندییان

---

(۱) هەمان سەرچاوە، ل ۱۰۸.

(۲) زبیر بلال اسماعیل، ثورات بارزان ۱۹۰۷ – ۱۹۳۵، (اربیل- وزارة الثقافة- ۱۹۹۸)، ص ١٦.

(۳) سیامەند مەحمود سێلکی، کاروانێ سەرفرازێ، (هەولێر- ۲۰۰٦)، ل ۱۹.

(٤) ڕۆژ عەبدوڵڵا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦.

(٥) ڕێکاری مزویری، سەرچاوەی پێشوو، ل ۲۱.

(٦) کاوس قفطان، الانتفاضات البارزانية (صفحات من تاريخ الحركه التحررية الكردية في النصف الاول من من القرن العشرين)، (اربيل- دار ئاراس للطباعة والنشر- ۲۰۰۳)، ص ۱۳.

لەم ناوچەیەدا بڵاوکردووتەوە[٢]، لێرەدا دەردەکەوێت کە هیچ هۆزێك نییە بە ناوی "بارزان"، بەڵکو بارزان عەقیدە و فەلسەفە و فیکرێکە هەموو بارزانییەك دەبەستێتەوە بەگوندی بارزان[٣].

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت بڵێین سەختی و ستراتیژی ناوچەکە لەڕووی هەڵکەوتە و تۆبۆگرافیاوە نزیکی لە سنووری نێودەوڵەتی، گرنگییەکی زۆری هەبووە بۆ بارزانییەکان لەڕووی بەرگریکردن بەرامبەر بە دوژمنان، دیارە ئەم هەڵکەوتە جوگرافیایەش بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵی گرنگی لە خەبات و مانەوەی نەتەوی کورد گێڕاوە کە هەمیشە وەکو لانەی شۆڕشی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بووە و شۆڕشگێڕانی لە باوەش گرتووە.

سەبارەت بەناوی بارزان بیروڕای جیاواز هەیە، لەوانە عەلائەدین سەجادی پێوایە ناوی بارزان لە وشەی **"بەرز"** هاتووە، بۆ ئەم مەبەستەش تیشك دەخاتە سەر هەڵکەوتەی جوگرافی گوندەکە کە ڕێککەوتنی دروستکردنەکەی لە شوێنێکی بەرز و بڵند بووە، بۆیە پێیان وتوە "بەرزان"[٤].

هەرچی مەعرووف چیاووکە چەند ئەگەرێك دەخاتەڕوو لەوانە **بنەوانی وشەی بارزان دەگەڕێنێتەوە بۆ عەشیرەتی "برازی" لە لایەکی دیکەوە ئەو ئەگەرەش باس دەکات کە ناوی باپیرە گەورەی ئەوان بێت کە بەواتای " خاوەن حەق یان حەقناسی" دێت**[٥].

"کاوس قەفتان" سەبارەت بەناوی بارزان هاوڕایە لەگەڵ "سەجادی"، بەڵام بۆچوونەکانی

---

(١) تەریقەت لە وشەی (الطریق، الطریقة) لەسەرشێوازی (سنن و سنة و حجة و محجة) لەزمانی عەرەبیدا هاتووە بەواتای ئادابی زیکرکردن لەپێناو بیروباوەڕی خودا، کەڕێبازی سۆفیەکانە، بەگوێرەی ئەرکەکانی (خۆبرسیکردن، گۆشەگیری و زیکرکردن و کەم دواندن) هەروەها سۆفی خۆی بە شێخەوە دەبەستێتەوە، بەم جۆرە هەموو جەستەی سۆفی لەلایەن شێخەوە بەڕێوە دەبردرێ، لەلایەکی دیکەوە شێخەکان زۆرجاران بە هەزاران سۆفیان هەبووە. بۆزیاتر زانیاری بڕوانە: عبدالوهاب الشعرانی، الانوار القدسیة في معرفة قواعد الصوفیة، (بیروت- ١٩٦٢م)، ص ٥٦.

(٢) محمد بریفکانی، چەندڕاستییەکی مێژوویی لە بارەی بارزانییەکان، وەرگێڕان: چەپەر، (بەغدا- ١٩٥٣)، ل ٨.

(٣) ڕۆژ عەبدوڵڵا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩.

(٤) عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کوردو وە کوردو کۆماری عێراق، (تاران- ئەتلەس چاپ-٢٠٠٥)، ل ١٤٦.

(٥) مەعرووف چیاووك، کارەساتی بارزانی زوللێکراو، وەرگێڕان: ئەبوبەکرسالح ئیسماعیل، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان- ٢٠٠٩)، ل ٥٥.

"چیاوك" پەسند ناكات، پێیوایە **بارزانییەكان عەشیرەتێكی سەربەخۆ نین تا باپیرە گەورەی خۆیان هەبێت و ناوی بارزانیش دەگەڕێنێتەوە پێش دەركەوتنی سۆفیگەرایەتی**[١].

لە لایەكی دیكەوە عەبدولمونعیم غولامی بە پێچەوانەی بۆچوونەكانی سەرەوە لەو باوەڕەدایە كە **بارزان ناوی عەشیرەتێكی گەورەیە و بە بنەچە دەگەڕێنەوە سەر خێلەكانی "هەكاری" ڕەسەن و پاك و خانەدانن**[٢].

"محەمەد علی سلطان" وای دادەنێت **كە بارزانییەكان خەڵكانێكن نیشتەجێی چیای بارزن لە هەرێمی كرمان و ئەم ناوەیان لەناوی ئەم شاخە وەرگرتووە**[٣]، كەچی ئەم بۆچوونە دووڕە لە ڕاستی، بەتایبەت لە شەرەفنامە بە وردی باس لەقەڵا بەناوبانگەكانی ئامێدی دەكات "لەوانە **قەڵای ئاكرێ كە شاڕۆكەیەكی بەلاوەیە و هەزار و دووسەد مااڵێكی مووسڵمان و جووی لێیە، قەڵاكانی تریش قەڵای دهۆك و قەڵای دێرن كە میرزادەكانی ئامێدی بەسەریان ڕادەگەن، قەڵای بوشیریش هەیە بەدەست هۆزی ڕادكانییەوەیە و قەڵادە و شووش و عیمرانی و قەڵای "بازیران" یش قەڵان و بەدەست زێباریانەوەن**" [٤].

لەوبارەیەوە "هەژار"یش لە پەراوێزی شەرەفنامە جەخت لەوە دەكاتەوە كە بازیران مەبەستی بارزانە، بۆ ئەم مەبەستەش مێژوونووسی عێراقی "عەباس ئەلعەزاوی" بەپشت بەستن بە شەرەفنامە دەڵێت "**شێخەكانی بارزان بە بنەچە دەگەڕێنەوە بۆ سەر عەشیرەتی بارزان و بۆ قەڵایەك بەناوی "باریزان" كە دەكەوێتە سەر لێواری ڕووباری زێی گەورە**"[٥].

بارزان ناوی شوێنێكی كۆنە، وامەزندە دەكرێت بەر لە ئاشووریەكان شارۆچكەیەك بووبێت پاشای ئاشووری (تیگالات پلاسەری یەكەم) لە ماوەی حوكمڕانی لەنێوان ساڵانی(١٢٨٠-١٢٦١) پ. ز لە نووسراوێكدا باس لەداگیركردنی ئەوشوێنە دەكات كە بەناوی

(١) كاوس قفطان، المصدر السابق، ص ١١.

(٢) عەبدولمونعیم غولامی، سێ قوربانییەكە (شێخ سەعید بەرزنجی، شێخ عەبدولسەلام بارزانی، شێخ زاری ئەلزەوبەعی)، وەرگێڕان: ئیحسان ئیروانی، (هەولێر- بڵاوكراوەی ئاراس- ٢٠٠٤)، ل ٣٦.

(٣) محمد علی سلطانی، اوضاع سیاسی اجتماعی تاریخی ایلی بارزان، چاپ دوم، (تهران- انتشارات سازمان اسناد وكتابخانه ملی جمهوری اسلامی ایران- ١٣٨٤هـ.ش)، ص ص ٦ – ٨.

(٤) میر شەرەف خانی بدلیسی، شەرەفنامە " مێژووی ماله میرانی كوردستان "، وەرگێڕان: مامۆستا هەژار، (تاران- پەخشانگای پانیز- ٢٠١٠)، ل ١٦٢.

(٥) عباس العزاوی، عشائر العراق الكردیة، (بغداد- ١٩٤٧)، ص ص ١٩٥-١٩٦.

بارزان ناوی دەبات و دەڵێت: (تاڵانمکرد و سووتاندم)[١]، هەروەها تۆیژەری ئەمریکی "مایکل ئاستۆ" وای بۆ دەچێت **کە ناوی بارزان لە " ئوروبارزونا"ی ناوی خواوەندی حوسیەکان و ئۆراتیەکان وەرگیراوە**[٢].

هەروەها خاوەنی سەرچاوەی "اصول العقائد البارزانییە" بە پشت بەستن بە " ئەحمەد شەریفی" کە وتارێکی لەگۆڤاری مەهاباد بەژمارە ١٦ ساڵی ٢٠٠٣/١٣٨١ بەناونیشانی "بەرزان وبارزان" بڵاوکردووتەوەو دەڵێت "**دەرکەوتنی ئەم بنەماڵەیە پێش سەردەمی ساسانی لەهەرێمی "کرخا بیت سلوخ" واتە کەرکووکی ئێستا بوون، بەڵام لە سەردەمی ساسانییەکان ئەم خانەوادەیە دوورخراونەتەوە بۆ باشووری ئێران**[٣]**، و بوونیان لە ناوچەی ئێستایان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەرفەتەی کە هاتەپێش، ئەویش ڕووخانی ئیمپڕاتۆریەتی ساسانی لە سەدەی حەوتی میلادی بە دەست عەرەبەمووسڵمانەکان، هاتوونەتەچیای بارزان**[٤].

بێگومان ئەم بۆچوونەش دوورە لە ڕاستی و هیچ لۆژیکێك قبوڵی ناکات، چونکە دوای دەرفەتەکە دەکرا بگەڕابانەوە بۆ کەرکووك بۆ ڕوویانکردە چیاکانی بارزان، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خەڵکی ڕەسەن و پاکی ئەو ناوچەیەن. بۆیە حامید گەوهەری دەڵێت "**بارزان مەڵبەندی شێخەکانی بارزانە و بارزانییەکان ناوی خۆیان لەو گوندە وەرگرتووە**"[٥].

---

(١) ب. ن. ن ، کوردستان لە چاپکراوە عوسمانیەکاندا، وەرگێڕان: فەیسەڵ دەباغ، (هەولێر- ٢٠٠٤)، ل ٥.

(٢) لقمان شرف، البارزانية (الجغرافية و التاريخ و الخصال الاصلية)، متاح على الموقع الالكتروني: // :http ciwanen – Kurdistan. Com، تمت زيارة الموقع في ٨:٣٠ في ٨ / ١ / ٢٠١٦.

(٣) ناوی ئێران لەسەرەتادا بە وڵاتی فارس هاتووە، ئەم ناوەدەگەڕێتەوە بۆهۆزێك کەلەساڵی ٩٠٠ پێش زایین نیشتەجێی باشووری وڵات بوونە و توانیان ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی دابمەزرێنن، دوای ئەوەی ئەم ئیمپراتۆریەتە لەسەردەستی ئەسکەندەری گەورە لەناو چوو، کەچی ئەوشوێنە جوگرافییگ بەناوی وڵاتی فارس لەناو یۆنانیەکان بڵاوبووە و پاشانیش ئەوروپاییەکان و عەرەبەکان ئەم زاراوەیان بەکارهێنا، ئەم ناوە بەردەوام بوو تاکو سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ڕەزا شا، بەڵام لەساڵی ١٩٣٥ز بەفەرمانی ڕەزا شا ناوەکەی گۆڕدرا بۆ ئێران. دونالد ولبر، ايران ماضيها وحاضرها، ترجمه: عبدالنعيم محمد حسنين، مراجعه، ابراهيم امين الشواربى، (القاهرة- ١٩٥٨م)، ص ١؛ مصطفى عبدالقادر النجار و اخرون، تاريخ الخليج العربى الحديث والمعاصر، الطبعة الأولى، (البصرة- مطبعة جامعة البصرة- ١٩٨٤م)، ص ١٩٩.

(٤) فريد أسسرد، أصول العقائد البارزانية، (السليمانية- مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية- ٢٠٠٨)، ص ٢٥٨.

(٥) حامید گەوهەری، ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، (هەولێر- چاپخانەی شەهاب- شەهاب- ٢٠١٤)، ل ١٤.

زۆر کەس وا دەزانن کە (بارزان) عەشیرەتە، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ عەشیرەتێك نییە بەناوی بارزان بێت، بەڵکو ناوی بارزانییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ناوی گوندی بارزان، بێگومان لە سەردەمی شێخ "عەبدولسەلامی دووەم[١]" بارزان وەك لایەنێکی ئاینی و نیشتمانی بە دیارکەوت، بە جۆرێك دەستیکرد بە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لە ناوچەکەدا و بارزانییەکانی یەکخست، چونکە تا ئەو سەردەمەش بارزانییەکان لەژێرچەتری بارزان نەبوون [٢]، توانی عەشیرەتەکانی (شێروانی، مزووری، دۆلەمەری، گەردی، هەرکی بنەجێ، بەڕۆژی، نزاری) بە پێشەوایەتی بارزان کۆبکاتەوە، لەوکاتەوە ناوی بارزان ئەو هۆزانەشی گرتەوە کە هاتنە ژێر چەتری فەرمانڕەوایەتی بارزان[٣].

دوای ئەوەی هۆزەکانی شێروانی و دۆلەمەری و مزووری و بەڕۆژی و نزاری و گەردی و هەرکی ڕەزامەندی خۆیان نیشاندا لەسەر ئەم چاکسازیانە و سەرکردایەتی شێخ عەبدولسەلامیان قبووڵ کرد، لەوکاتەوە زاراوەی بارزانی بەسەر ئەو هۆزانەوە دابڕاوە[٤].

(١) شێخ عەبدولسەلامی کوڕی شێخ محمد کوڕی شێخ عەبدولسەلامی کوڕی شێخ عەبدوڵڵای کوڕی مەلابەکر ناسراوە بە تاجەدین، لەساڵی "١٨٧٩ز یاخود ١٨٨٢ز" لە گوندی بارزان لەدایکبووە، لەتەمەنی (٢٨) ساڵیدا ڕێبەرایەتی بنەماڵەی بارزانی گرتە دەست، ئەویش لە دوای کۆچی دوایی شێخ محەمەدی باوکی لەساڵی ١٩٠٣دا بووەتە شێخی ڕابەری ڕێبازی نەقشبەندی لەتەکیەی بارزان و دەڤەرەکەی. مێر بەسری، ناودارانی کورد، وەرگێڕان: عەبدول خالق عەلائەدین، (سلێمانی- دەزگای چاپ وپەخشی- سەردەم- ٢٠٠٢)، ل ٤٧؛ کەریم شارەزا، شۆڕشگێڕی کورد شێخ عەبدولسەلامی بارزانی (١٨٨٧– ١٩١٤)، گۆڤاری K٢١، ژمارە ٤، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- ٢٠٠٩)، ل ٢٥٤.

(٢) ڕۆژ عەبدوڵڵا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٩ -١٠.

(٣) رشید کریم خان عقراوی، التجربه البارزانیة تقویمها وسبل تطویرها، (دهوك– مطبعة زانا– ٢٠٠٢)، ص ٣٠.

(٤) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٨-١٩.

تەوەری دووەم:

«بارودۆخی کۆمەڵایەتی دەڤەری بارزان»

بارزان خاوەن سیستەمێکی کۆمەڵایەتی زیندوو و پێکهاتەیەکی بە هێز و دەوڵەمەندە، پڕە لە داب و نەریت و بەهای کۆمەڵایەتی، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پڕۆسەیەکی هەرە گرنگی کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەوە هەیە، ئەویش هێزی کۆمەڵایەتییە (social power) یاخود دەسەڵاتە لە کۆمەڵگادا[1]، بە شێوەیەك بابەتی دادپەروەری و کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی بارزانەوە، وەك ویستێکی بنچینەیی گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەبووە بۆ بواری ڕێکخستن و ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا ئێستا و بۆ ئایندەی کۆمەڵگەی کوردستان[2].

سەرەڕای کەمی ڕابەرایەتی کردنی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی، بەڵام ئەوەی سەلماند کە توانایەکی گەورەی ڕابەرایەتی کردنی ئایینی و دونیایی هەیە، جگە لە چالاکییە شۆڕشگێڕانەکانی، پەیوەندی کۆمەڵایەتی زۆر بەهێز بووە لە سەردەمی ئەودا[3].

پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی پتەوی دروستکرد لەگەڵ زۆربەی تیرە کوردەکان، بووە مایەی ڕێزی هەموو میللەتی کورد، پەیوەندییەکانی تەنها قەتیس نەبووە لەسنووری عەشیرەتە دراوسێیەکانی ناوچەی بارزان، بەڵکو ئەو سنوورەیان تێپەراند بەرەو هەموو ناوچەکانی تری کوردستان[4].

سەبارەت بە پابەندبوون بە چەمکی کۆمەڵایەتی دادپەروەری کە لە ناوەرۆکدا دووراییەکی مادییە، شێخایەتی بارزان بە پێچەوانەی شێخایەتی نەهرییەوە نەیتوانی هیچ جۆرە ئاشتەواییەکی کۆمەڵایەتی لەنێوان پەیڕەوەکانی کە زۆربەی هەرە زۆریان جوتیاری کۆلەوارن و لەنێوان ئەرستۆکراتەکانی دەوروبەرەکەیدا کە زۆرینەیان زەویدارن لەڕووی مێژوویی و تیۆرییەوە چینێك پێکدێنن دەوڵەمەندییەکەی پشت ئەستووە بە ڕەنج و

(۱) عبدولحەمید بەرزنجی، دادپەوەری و کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی بارزانەوە، کۆنفرانسی یەکەمی بارزان: سەدەیەکە بارزان پێشەنگی هزرا مرۆڤایەتی و ژینگەپارێزییە، (هەولێر- چاپخانەی ئاراس- ۲۰۱۰)، ل ۱٤۲.

(۲) هەمان سەرچاوە، ل۱٤۳.

(۳) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ۱۹.

(٤) عەبدولحەمید بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ۱٤۸.

ماندووبوونی جوتیاران بە دیبهێنێ و لایەنە کۆمەڵایەتییەکەی وادەکات کە بەهێز بێت[١].

لەم ڕوانگەوە بەهێزبوونی لایەنی کۆمەڵایەتی لەم دەڤەرەدا زۆر بە ڕوونی دەکەوێتە بەرچاو بە شێوەیەك هەتا ئەم ساڵانەی دوایی ئەو خەڵکەی لە بارزان ژیاون لەگەڵ ئەو هۆزە کوردانەی موریدی ماڵی بارزانن و لەگەڵ بارزانیان هاوسێن، سەدان ساڵە لە چەشنێك ژیانی هاوبەشی سەرەتایی بەرخودان بوون، هیچ کات کەسی وای لێ نەبووە خۆی تێربێ و هاوسێی برسی بێت، یان هەموو پێکەوە تێربوون یان گشتیان بێ نان بوون[٢].

شێخ عەبدولسەلام لە ماوەی حوکمڕانیدا چەند کارێکی گرنگی ئەنجامدا لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی لەو ناوچەیەی لەژێر دەستی دابوو، چونکە تاوەکو ئەو کاتەش هەموو بارزانییەکان لە ناوخۆیاندا ڕێك نەکەوتوون لەسەر ئەوەی کە خۆیان بەلایەنگری شێخانی بارزان بزانن، بەڵام دوای ئەوەی کە کرداره باشەکانی شێخیان بۆدەرکەوت، پشتگیری و لایەنگیری خۆیان دووپات کردەوە بۆ شێخ، بە شێوەیەك هەر حەوت هۆز ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە شێخ عەبدولسەلام ڕابەرایەتیان بکات، هەر لەوساوە ناوی بارزانییەتی ئەم هۆزانەشی لەخۆگرت[٣].

لە گرنگترین ئەو کارانەی کە شێخ عەبدولسەلام لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی ئەنجامیدا بریتیبوون لە نەهێشتنی سیستەمی ئاغایەتی و نەمانی مولکایەتی لە ناوچەکەدا، هاوسەنگکردنی جوتیارەکان و دابەشکردنی زەوی بەسەریاندا بۆ چاککردنی بژێوی ژیانیان و لابردنی دیاردەی ژن بەژنە و گەورە بە بچووك و لە ناوبردنی مارەیی بە زۆر، هەروەها کارکردن بۆ یەکخستنی پەیوەندی کاروباری بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی لەسەر بناغەی دادپەروەری، ئازادی و یەکسانی[٤].

هەروەها دروستکردنی مزگەوت لە هەر گوندێك بۆ بەجێهێنانی فەرزە ئاینییەکان تیایدا و سوود وەرگرتن لێی وەك مەڵبەندێکی کۆبوونەوە و ڕاگۆڕینەوە و چارەسەرکردنی گیروگرفتی نێوان خەڵکی گونداوا بۆ چارەسەری کێشەی گوندەکان[٥]، لەگەڵ پێکهێنانی لێژنە

(١) فرید أسسرد، المصدر السابق، ص ١٠٨.

(٢) هەژاری موکریانی، بارزانی، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- ١٩٩٨)، ل ٨.

(٣) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٨ – ١٩.

(٤) حسین مەدەنی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٥.

(٥) مەنسوور شێخ ڕەئووف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢.

لەهەر گوندێك بۆ سەرپەرشتی کردنی کاروباری گوندەکان لە هەموو ڕوویەکەوە[۱].

چیاووك پێیوایە کە بارزانییەکان مرۆڤی چیایین، دیارە مرۆڤی چیایی فرچکی بە ئازایەتی و جەسووری و ئەوپەڕی ڕاشکاویی گرتووە، لای ئەوان درۆکردن بە تەواوی حەرامە، غەدرکردن لە ڕەوشتی ئەواندا نەبووە و ڕێزگرتن و پاراستنی ئافرەت لە ناو ئەواندا لەپایەی (واجب) دایە[۲].

لێرەدا ناکرێت بە تەواوەتی پشت بە بۆچوونەکەی ((چیاووك)) ببەستین و بڵێین بارزانییەکان بە شێوەیەکی گشتی لە درۆکردن دوورن، چونکە ئەم بابەتە پەیوەستە بە ڕەفتار و سلوکی ناوخۆیی تاکەکان، بێگومان لە هەموو شوێن و سەردەمێك پیاوی خراپ بەدی دەکرێت، بەڵام دەکرێ بڵێین بارزانییەکان درۆکردنیان زۆرکەم بووە، ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری و کاردانەوەی هەڵسوکەوت و مامەڵەی شێخانی بارزان بەسەر سرووشت و ئەخلاقیەتی تاك لەم ناوچەیەدا.

دامەزراندنی چەند لێژنەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکانی گوندەکان، هەروەها سوود وەرگرتن لە داهاتە سرووشتییەکانی ناوچەکە بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەمووان[۳]، بە واتایەکی دیکە لەناو هەموو هۆزەکاندا (بارزان) دابونەریتی مرۆییان وەکو یەك بوو بە شێوەیەکی یەکسان مامەڵەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد[٤].

دادپەروەری کۆمەڵایەتی ناوچەی بارزان لە چەند نموونەیەکی ئەو ڕەفتارە مرۆییانەی دەبنە هۆکارێك بۆ هاوبەندی لەسەر پەیوەندییەکانی پێکەوەژیان و لەیەکدی گەیشتن بنیات دەنرێت، بەهۆی ئەوانیشەوە کەسانی کۆمەڵگا پێکەوە کۆدەبنەوە بەیەکەوە دەبەستڕێتەوە تاکو پێکەوە کاربکەن و پێکەوە بگەنە چەند ئامانجێکی هاوبەشی دادپەروەری کۆمەڵایەتیش پڕۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و یاساییە و دەبێتە یارمەتیدەرێك بۆ پاراستنی یاسا و کۆمەڵگا، سوودەکەش بۆ کۆمەڵ ئاشکرایە، چونکە گوزارشت لە بەرژەوەندی ئەو کەسانە دەکات کە تێیدا هاوبەشن و لە شێوەیەك لە شێوەکانی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی بەهۆیەوە خەڵکان دەگەنە ئامانجە

(۱) رشید کریم خان عقراوی، المصدر السابق، ص ۳۱.

(۲) مەعرووف چیاووك، سەرچاوەی پێشوو، ل۵۷.

(۳) ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل۳۵.

(٤) عەبدولڕەحمان مەلا حەبیب ئەبوبەکر، سەرچاوەی پێشوو، ل۳٤.

سەرەکییەکانیان[١].

یەکێك لە داب و نەریتە کۆمەلایەتییەکانی تری بارزانییەکان دیاردەی ژن بەژنی تا ڕادەیەك قەدەغەبووە لە زەمانی شێخ محەمەد و شێخ عەبدولسەلام و شێخ ئەحمەدیش ژن بەژنی زۆرکەم بووە، ئەگەر هەبوایەش زۆربە کەمی بووە، چونکە گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی کە ئەستەمە چوار دڵ بەیەکتر بگەن، هەندێك جار کێشە دروست دەبێت و زۆرجاریش پیاو دەکوژرێ، کە لەناو بارزانییەکان بە ئەستەم کێشەی ئاوا دروست دەبێت[٢].

بارزانییەکان بە تەریقەت نەقشبەندین، مەزهەب سونی شافیعین، بە زمانی کوردی زاراوەی کرمانجی سەروو خواروو قسەدەکەن، لە بارزان زەکات لەسەرچی پێویستە بەپێی شەرع دەدرێت، بەسەر هەژاران دابەش دەکرێ، بە تێکڕا برایانە دەژین، یەکتریان خۆشدەوێت و ڕێزی گەورە و بچووك بە پێویست دەگیرێ، خەڵکەکەی خاوەن مووڵك ومااڵ و سامانە، شێخەکانیشیان سامانیان لە خەڵکەکەی خۆیان زیاتر نییە، مەشروب خواردنەوە قەدەغە بووە، ڕێزگرتنی ئافرەت بەلایانەوە شتێکی پێویستە، ژنهێنان لە ناویاندا بەدی دەکرێ لەسەر بنەمای خۆشەویستی دوولایەنە، ئەگەر کوڕ و کچ یەکتریان خۆش بوبسبایە، سەرپەرشتیاریان ڕازی نەبوایە، شێخ بۆیانی جێبەجێ دەکرد لەسەر بنەمای خۆشەویستی هاوبەش[٣].

لای بارزانییەکان هەموو کاتێك نەختی ژن قەدەغەبووە لە زەمانی شێخەکانەوە تاکو ئەمڕۆش قەدەغە و حەرام بووە، بە شێوەیەك ئەگەر کچ و ماڵی کچەکە ڕازی بووان دەیاندایێ، بۆیە جیاوازی ناکەن کەسەکە هەژار یان دەوڵەمەند بێت، لە ناو بارزانییەکاندا پیاو زۆر ڕێز لە ئافرەت دەگرێت و بە پێچەوانەشەوە زۆر بە ئەستەم پیاو دوو ژنی دەهێنا تەنها لە هەندێ حاڵەتدا نەبێت و ڕێژەی تەاڵقیش زۆر کەمبووە، ئەمەش وای کردووە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەهێز لەنێوان ژن و پیاودا دروست ببێت[٤].

---

(١) عەبدولحەمید بەرزنجی، بارزانی نەمر: کەسایەتی و دادپەوەری کۆمەڵایەتی، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١٥)، (هەولێر- ٢٠٠٠)، ل ٨.

(٢) عەبدولڕەحمان مەال حەبیب ئەبوبەکر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.

(٣) ئەحمەد شەریفی، بارزانییەکان لە زانستنامەی دنیای ئیسلام دا، گۆڤاری هەولێر، ژمارە(٧)، (هەولێر - هاوینی ٢٠٠٧)، ل ٦؛ مەعرووف قەرەداغی، بارزان و نەهێنی یەکانی، (بەغدا- ١٩٥٩)، ل ٢٤-٢٦.

(٤) مەال ئەیوب، پێداچوونەوەیەك ل مێژوویا بارزان ١٨٢٠ – ١٩١٤، (هەولێر- چاپخانەی حاجی هاشم- ٢٠٠٧)، ل ٧١.

یەکێکی تر لە داب و نەریتەکان خواردنەوە کهولییەکان قەدەغە بووە بە شێوەیەکی گشتی هەر لە سەردەمی شێخەکانەوە مەشروب خواردنەوە قەدەغە بوو، بێگومان لەشەریعەتی ئیسلامیش حەرامە، لەناو بارزانییەکان ئەگەر مووچەخۆرێك بهاتبایە ناوچەکەیان قەدەغەبوو مەشروب بخواتەوە، چونکە ئەنجامی خراپی لێ دەکەوتەوە و ئاگای لەخۆ نامێنێت و سەرخۆش دەبێت و ئەگەر یەکێك لەناو بارزانییەکان مەشروبی بخواردباوە ئەوا بەچاوێکی تر سەیریان دەکرد[١].

دزی کردن لەناو بارزانییەکان زۆر کەم بووە و ئەوەی دزی کردبا بە چاوێکی سووك سەیر دەکراو سزای خۆی وەردەگرت لە لای شێخەکان، هەر بۆیە کەس نەدەوێرا دزی بکات و زۆر کەم بووە، ئەمەش دەبووە بەهێزبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی[٢]، لە لایەکی دیکەوە بارزانییەکان وەکو هەموو عەشیرەتەکانی تری کوردستان بە زمانی کوردی و زاراوەی کرمانجی قسەدەکەن و لە قسەی شێخەکانیان دەرنەدەچوون، ئەمەش وای کردبوو پەیوەندی نێوانیان بەهێز بێت[٣].

سەبارەت بە جەژنەکان، بارزانییەکان جەژنیان زۆرە هەر وەکو عەشیرەتەکانی تری کوردستان ئەوانیش جەژنەکانی (قوربان، ڕەمەزان، جەژنی لە دایکبوونی پێغەمبەر (د.خ)، جەژنی نەورۆز)، و خەڵکەکە لە کاتی جەژندا سەردانی یەکتری دەکەن و بۆ لە ناوبردنی ئەو ڕق و کینەی لە ناو دڵیاندایە و هەروەها دەوڵەمەندەکان قوربانی دەکەن و خواردن دروست دەکەن بۆ ئەندامانی عەشیرەتەکە و پێکەوە کۆدەبنەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانیاندا[٤].

ئەو شێوە سیستەمە کۆمەڵایەتیانەی کە لەو سەردەمەدا شێخانی بارزان پەیڕەویان دەکرد، ڕەنگە ئەوکاتە نەك هەر لە هیچ شوێنێکی کوردستان بە دەرنەکەوتبوو بگرە لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش هاوتای نەبووە، بە شێوەیەك وا لێك دەدرێتەوە کە شێخانی بارزان هەمیشە عەدالەتخواز و خەمخۆری میللەتەکەیان بوونە، هەروەها تا ڕادەیەکی زۆریش شارستانییەت پارێز و پێشکەوتنخواز بوون، بە ڕادەیەك لە زۆر ڕووەوە

(١) عەبدولڕەحمان مەلاحەبیب ئەبوبەکر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

(٢) مەلا ئەیوب، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٧١-٧٢.

(٣) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٦.

(٤) مەعرووف چیاووك، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨.

پێش سەردەمی خۆیان کەوتوون[۱].

شێخ عەبدولسەلام بارزانی هەمیشە بانگی یەکێتی و هاوکاری دەدا، ئەوەی دووبارە دەکردەوە (یەك بگرن و هاوکاری یەکتر بکەن، کەس پێتان ناوێرێ)، شێخ کاتەکانی دابەش کردبوو بەسەر سێ ئامانج لەوانە ڕێبەری ئاین و وانەبێژی، ڕاپەڕاندنی کارەکانی خەڵك و چارەسەرکردنی ناکۆکی هۆزەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان، هەروەها بایەخی بەگەلەکەی داوە هاوسۆزیان بووە لە هەموو ڕۆژانی جەژن جلوبەرگی بەسەر منداڵە هەژارەکاندا دابەش کردووە، جگە لەمانەش بە بەردەوامی لەگەڵ هەتیوان و لێقەوماوان دادەنیشت[۲].

دەستپێکی شێخایەتی عەبدولسەلام بارزانی لە ساڵی ۱۹۰۲ دەستی پێکردوە[۳]، دیارە ناوچەکە تا ساڵی ۱۹۰۷ هێمنی و ئارامی باشی بە خۆیەوە بینیووە، ئەمەش دەرفەتێکی زێڕین بووە بۆ شێخ عەبدولسەلام زیاتر تێکەڵاوی خەڵك بێت و لە نزیکەوە گوێ لە کێشە و گیروگرفتەکانیان بگرێت و کێشەکان بۆ خۆی چارەسەریان بکات، لە بواری زانستی شێخ عەبدولسەلام گرنگی زۆری پێداوە، چونکە باوەڕی وابوو نەفامی و نەزانی هۆکاری داڕمانی مرۆڤە، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییە کە شێخی بارزان دەیەویست خەڵك بەرەو خوێندەواری و فێربوون بڕوات[٤].

---

(۱) مستەفا جوندیانی، (هەلدانەوەی چەند لاپەڕەیەك لە ڕاپەڕینەکەی خەلیل خۆشەوی)، لە (مومتاز حەیدەری و ئەوانی تر، کۆنگرەی یادەوەریی سەدساڵەی بارزانی نەمر، بەشی دووەم، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ۲۰۰۳)، ل ۱۱۱۱.

(۲) فائق ئەبوزێد، (دەرخستنی واتاکانی ژیان لە ژیانی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی)، لە (مومتاز حەیدەری و ئەوانی تر، کۆنگرەی یادەوەریی سەدساڵەی بارزانی نەمر، بەشی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ۲۰۰۳)، ل ل ١٣٦-١٣٧.

(۳) سەبارەت بە دەستپێکی ڕابەرایەتی شێخی بارزان، زۆربەی سەرچاوەکان لەسەرئەوە هاوڕان کە لەدوای کۆچی دوایی شێخ محەمەد لەساڵی ۱۹۰۳، ڕاستەوخۆشێخ عەبدولسەلامی دووەم دەبێتە جێنشینی بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری تەکیەی شێخانی بارزان، بەڵام لۆنگریك بەپێچەوانەی هەموو بۆچوونەکان دەستپێکی شێخایەتی شێخ عەبدولسەلامی دووەم دەگەڕێنێتەوە بۆ ساڵی ۱۹۰۸، بێگومان ئەمەش دووەرە لە ڕاستی، چونکە هەر لەدوای کۆچی دوایی باوکی ڕابەرایەتییەکەی وەرگرتووە. ستیفن هیمسلی لونگریك، العراق الحدیث من سنة ۱۹۰۰ الی سنة ۱۹۵۰، ترجمة: سلیم طه التکریتي، الجزء الاول، (بغداد- ۱۹۹۸)، ص ص ١٠٤-١٠٥.

(٤) مەلا ئەیوب، سەرچاوەی پێشوو، ل ۱۲۹.

هەر لەوبارەیەوە "سەدیق دەمەلۆجی" کە کاتی خۆی چاوی بە شێخ عەبدولسەلام کەوتبوو دەڵێت " **کابرایەکی بیر تیژە، تەنها کەموکوڕی ئەوەیە کە خوێندەوار نییە و لای من باسی ئەوەی دەکرد کە زۆر پێی ناخۆشە لەزانست بێبەش بووە، لەکاتێکدا باوك و باپیرانی لە زاناکان بوون**"[1].

شێخ عەبدولسەلامی دووەم، بەر لە هەموو شتێك دەرگای تەکیەی بارزانی والّا کرد بۆ خوێندن و فێرکردن، بە مەبەستی ڕزگارکردنی خەڵکی ناوچەکە لە نەخوێندەواری، هەر لەبەر ئەوە بوو گەورەترین زانای لەناوچەکانی تر هێنایە تەکییەی بارزان بۆ وانەگوتنەوە لەوانە "**مەلا ئەحمەد کوڕی عەبدولخالق ئاکرەیی**" بە شێوەیەکی فەرمی کردی بە مەلای تەکییەی بارزان، هەروەها چەندین زانای تریشی هێناوە بۆ هەر زانایەکیش لە تەکییەی بارزان موچەی بۆ دابین دەکرێ[2]، شێخ لەو ناوچەیەی کە هەڵی دەسوڕاند زۆر چاکسازی ئەنجامدا، جگە لەمانەش بەردەوام لە ناو خەڵك دەگەڕا تاوەکو بزانێت خەڵکی چ پێویستیەکی هەیە تاکو بۆیان جێبەجێ بکات[3].

لە لایەکی دیکەوە شێخ زۆر دادپەروەر و یەکسان بووە بەرامبەر بەهەموکەس، هەروەها سۆز و بەزەیی هەبووە، بەرامبەر بەهەتیو و بێ سەرپەرشتیاران، شێخ بە دەستی خۆی کاری بۆ دەکردن و جلوبەرگی بۆ دابین دەکردن[4].

یەکێك لە سیفاتەکانی شێخ ئەوەبوو کاتێك لە جەژن نزیك دەبووە چەند کەسێکی دەناردە شاری مووسڵ کە چەند بار قوماشێك بهێنن بۆ ئەوەی بەسەر چینی هەژاراندا دابەشی بکات لە ناوچەکەدا بە تایبەتی بەسەر منداڵان لەکاتی بۆنەکاندا[5]. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی دووەمی بارزانی وەك نموونەیەکی دیاری سەردەمی دادپەروەری و چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکان بخەینەڕوو، وەك نموونەیەکی پێشکەوتوو بەگوێرەی بارودۆخی ئەو قۆناغە مێژوویەی کەتێیدا ژیاوە، بە بەراوورد لەگەڵ ئەمڕۆ کە دەبینین بەرامبەر هەموو ئەو هەوڵ و تەقەڵایانەی بەشێکی زۆری دامەزراو و ڕێکخراوە جیهانیانەی کە ئەنجامی دەدەن لەپێناو هێنانەدی دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

---

(١) صديق الدملوجي، امارة بهدينان الكردية، (الموصل- مطبعة الاتحاد- ١٩٥٢)، ص ٩٠.

(٢) ئەحمەد بالایی، سەرهلدانا شێخ عەبدولسەلام بارزانی ١٩٠٧ – ١٩١٤، (بەرلین- ٢٠٠٣)، ل ٢٤.

(٣) مەلائەیوب، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٩.

(٤) ئەحمەد بالایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

(٥) مەلائەیوب، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠.

تەوەری سێیەم:

(بارودۆخی ئابووری دەڤەری بارزان)

سەبارەت بە بارودۆخی ئابووری دەڤەری بارزان، بەپێی سەرژمێری"شۆڕشی ئەیلوول[1]" لە کۆتایی شەستەکاندا، ژمارەی گوندەکانی دەڤەری بارزان (٤٠٠) گوندە و ڕێژەی دانیشتوانەکەشی (٣٥٠٠٠ یان ٤٠٠٠٠) کەس بووە[2].

ڕژد و کوێستانی ناوچەکە وای کردبوو بەدرێژایی مێژوو خەڵکەکە تێکەڵاوییەکی زۆریان لەگەڵ دەوروبەرەکانیدا نەبێت و لە بواری زانستی و ئابووریيەوە دواکەوتوو بن، بەڵام لە لایەکی دیکەوە ببووە هۆی ئەوەی کە بتوانن فەرهەنگی خۆیان بپارێزن و ڕاست و پاك بمێننەوە[3].

بارزان وای لێهات لە تاقە گوندێکەوە بوو بە نزیکەی (٢٠٠) گوند، دانیشتوانەکەی (٢٥) هەزار کەس بووە[4]، هەرچەندە ناوچەی بارزان ناوچەیەکی چیاییە و پڕە لە شاخ و دۆل واتە بەرزایی زۆرە، ئەمەش وای کردووە لەڕووی ئابووریيەوە بێ هێز بێت، تەنها بۆ پێداویستی

---

(١) شۆڕشی ئەیلوول بەیەکێك لە شۆڕشە هەرە مەزنەکانی کورد دادەنرێت کە لەپێناو هێنانەدی مافەڕەواکانی کورد لەباشووری کوردستان بەرپاکرا، لەماوەی چواردە ساڵ تەمەنی خۆیدا توانی زۆرترین چەکدار لەخۆبگرێت و زۆرترین جەماوەر لەدەوری خۆیدا کۆبکاتەوە، هەروەها توانی سۆزی گەڵان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و ڕۆژنامەنووسان والێ بکات کە شەیدای دوای هەواڵەکانی شۆڕش بن، بەڵام ئەم شۆڕشە لەئەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، لەدوای ڕێککەوتنی نێوان عێراق و ئێران و بەستنی پەیماننامەی جەزائیر لە (٦)ی ئاداری (١٩٧٥)دا کۆتایی بەتەمەنی هات. بۆپتر زانیاری بڕوانە: هاوکار کەریم حەمە شەریف، شۆڕشی ئەیلوول "لێکۆڵینەوەیەکە لەڕێکخستن و چالاکییە سەربازییەکان ١٩٦١- ١٩٧٠"، (هەولێر- چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین - ٢٠١٢).

(٢) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦. لە ساڵی ١٩٤٧ ژمارەی گوندەکانی دەڤەری بارزان (١٠٠) گوندە ودانیشتوانی (١٠٧٦٢) کەس بووە؛ عبدالفتاح علي البوتاني، ملا مصطفى البارزاني قائد الثورة الكوردية وملهمها، (دهوك- مطبعة جامعة دهوك- ٢٠١٣)، ص ١١٢.

(٣) بابە شێخ مەردۆخ ڕۆحانی (شیوا)، مێژووی ناودارانی کورد، وەرگێڕان: ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، بەرگی سێیەم، (هەولێر- ئەکادیمیای کوردی- ٢٠١٢)، ل ٤٨٧.

(٤) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٥.

خۆیان بەرهەمیان دەهێنا لەو سەردەمەدا ئەمەش لەبەر بوونی زۆری چیاکان بووە[١]، ئەمەش وای کردووە ناوچەکە لەڕووی ئابوورییەوە بێ هێز بێت[٢].

دیارە ئەم ناوچەیە ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە ڕووەکی سرووشتی کە خەڵکەکە سوودی زۆری لێ دەبینن وەکو (دار بەڕوو، دار مازی قەزوان، ڕێواس، کەنگرۆ.....هتد) ئەمەش کاریگەرییەکی باشی هەیە لەسەر ژیانی خەڵکی ئەم ناوچەیە، هەندێکیان بەرهەمێکی زۆری سرووشتی کۆدەکەنەوە و دەیفرۆشن، بەڵام بەڕێژەیەکی زۆرکەم هەیە، تەنها بۆ دابینکردنی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان[٣].

ئەم ناوچە سرووشتیە چیایانە بە هۆی بارینی بارانێکی زۆر بواری بۆ شوانکارەکان ڕەخساندووە پشت بە لەوەرگای سرووشتییەوە ببەستن بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان[٤]، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی بە ماڵاتەوە خەریکن وەکو (ئەسپ، مانگا، هێستر، بزن) بە زۆری بزنیان هەیە لەگەڵ هەندێك مانگا و مەڕ ئەو شتانەی بارزانییەکان بارزگانییان پێوە دەکرد بریتیە لەپێستەی ماڵات و ئاژەڵی کێوی، مازو، بەڕو، بزن، هەنگوین، بە زۆری بارزانییەکان مامەڵەیان لەگەڵ خەڵکی موسڵ بووە[٥].

هەروەها بوونی دوو ڕووباری گەورە لەم ناوچەیەدا ئەوانیش (زێ گەورە، ڕووکوچك) کە زێ گەورە لە بالنداوە دێت و ڕووکوچکیش لە دەشتی بەرازگرەوە دێت تێکەڵی یەکتری دەبن لەگوندی ڕێزان[٦]، کە ئەم دوو ڕووبارە سوودی زۆری بۆخەڵکی ناوچەکە هەبووە بە شێوەیەکی گشتی واتە باغ و بێستانیان بە ئاوی ڕووبارەکان ئاو دەدا و بۆ کشتوکالیشیان بەکاردەهێنا، هەبوونی ئەم ڕووبارانە وای کردووە خەڵکی ناوچەکە بایەخ بە ڕاوەماسی بدەن کە ماسییەکی یەکجار زۆریان تێدایە، بەڵام لە کاتی زاوزێ ڕاوەماسی قەدەغەیە، ئەویش لەمانگی (٣ تا ٧) قەدەغەکراوە لە دواتر دەست دەکرێتەوە بە ڕاوەماسی لەو ماوەیەدا

(١) هاشم شێروانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.

(٢) ڕێکاری مزویری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

(٣) عەبدولڕەحمان مەلا حەبیب ئەبوبەکر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠.

(٤) خەلیل ئیسماعیل محەمەد، بارزان لە نێوان ئاراستەکانی ئاین و هۆشیاری نەتەوەیدا، کۆنفرانسی یەکەمی بارزان: سەدەیەکە بارزان پێشەنگی مرۆڤایەتی و ژینگەپارێزییە، (هەولێر- ٢٠١٠)، ل ٤١.

(٥) مەعرووف چیاووك، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦.

(٦) هاشم شێروانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.

خەڵکی ناوچەکە داهاتێکی باشیان دەست دەکەوێت [١].

لە لایەکی دیکەوە هەبوونی چەند دەشتێك لە ناوچەی بارزان وای کردووە گرنگی زۆر بە کشتوکاڵی بدرێت ئەوانیش (دەشتی بلێ، دەشتی ڕێزان، دەشتی بالندا) کە ئەمانەش ڕۆڵی گرنگی هەبوو لەڕووی کشتوکاڵیەوە، بوونی بارانێکی یەکجار زۆر لەم ناوچەیە وای کردووە لە کاتی بێ بارانیش بەرگەی کەم بارانی بگرێت ئەمەش وای لێدێت بەروبوومەکان ڕوو لە زیادبوون بکەن و لەم سەردەمەدا خەڵکەکە بارزگانیان پێوە دەکەن[٢].

ئەم دەشتانە بۆ گەنم و جۆ زۆر لەبار بووە خەڵکەکە بە شێوەیەکی یەکجار زۆر گرنگیان بە چاندنی گەنم و جۆ داوە و زیاتر لە پێویست بەرهەمیان دەهێنا تا وای لێدەهات بۆ فرۆشتنیان بەرهەم دەهێنا و بەرهەمی هاوینەشیان بەرهەم دەهێنا وەکو (ماش، نیسك، برنج) ئەمانەش زیاتر لە لایەن عەشیرەتی نزاری بەرهەم دەهات، بەهۆی بوونی ناوچەی گونجاو بۆ بەرهەمهێنانیان ئەمەش بە هۆی زۆری ئاوەوە بووە، لەگەڵ هەندێك لە سەوزەوات و ترێ بەڕێژەیەکی یەکجار زۆر لە ناوچەکەدا هەیە، دیارە لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلام بارزانی باری ئابووری ئەوکاتە بەتایبەتی ناوچەی بارزان زیاتر پەیوەست بوو بە بەروبوومی سروشتی وەکو (قەزوان و کەنگر و مازی...هتد)، هەروەها لە دەڤەری بارزان ڕەزی دێمی هەبوو جگە لەمەش گژوگیایەکی زۆریشی هەبوو بەپێی ئەو سروشتە جوانەی کە هەیبوو خەڵك لە وەرزی بەهاراندا دەچوون بۆ چیاکان بۆ هێنانی ئەم گژوگیایانە، ئەم گژوگیایانەش ئەمانە بوون (لووش وسترك و چۆرین ...هتد)، هەروەها خەڵکی دەڤەرەکە مەڕ ومااڵتیشیان بەخێو دەکرد، گرنگییەکی زۆریشیان دەدا بەچاندنی دانەوێلە وەکو گەنم وجۆ و نیسك ونۆك و...هتد[٣].

هەروەها تەکیەی بارزانیش داهاتی هەبوو کە بریتیبوو لە زەکات، زەکاتیش بەو مانایە نەبوو کە لە هەموو خەڵکی ناوچەکە وەربگرن، بەڵکو تەنها لەو جوتیارانە وەردەگرن کە بەرهەمی زۆریان بە دەست دەکەوت، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو ساڵێك لەمانگی حەوت(شانە)یان دادەنا لە هەموو گوندەکان و هەر گوندێك شانەی خۆی هەبوو بۆ ئەمەش پیاوێکی ڕاستگۆیان دەست نیشان دەکرد و کاتێ کۆتایی بە دروێنە دەهات لە ((**دە تەنەکە**

(١) عەبدولڕەحمان مەلا حەبیب ئەبوبەکر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨.

(٢) هاشم شێروانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢.

(٣) عەبدولڕەحمان مەلاحەبیب ئەبوبەکر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠.

گەنم تەنها یەك تەنەكە)) بۆ تەكییەی بارزان بوو، خەرج كردنی ئەم بەروبوومانەش لە تەكیەی بارزان لەسەر بنەمای دادپەروەرییانە بوو لەسەر ئەو كەسانەدا دابەش دەكرێن كە پێویستیان پێی هەبوو، واتە ئەوانەی دەست كورتبوون[١].

بۆ نمونە یەكێك لە موریدەكانی شێخ كۆچی دوای دەكات و چەند منداڵێك لە دوای خۆی بە جێدەهێلێت، پاش ئەوەی شێخ هەست دەكات ئەم خانەوادیە پێویستسان بە(مانگا)یەك هەیە بۆ ئەوەی ژیانی خۆیان پێ بەڕێوەبەرن، بۆیە بڕیار دەدات بە فرۆشتنی (گاو جۆتی) خۆی بە مەبەستی جێبەجێ كردنی داواكاری خانەوادەكە، هەروەها نەیدەهێشت كەس موحتاجی هیچ شتێ ببێت، هەر كەسێك كە داواكاریەكی هەبوایە شێخ بە خۆشحالییەوە بۆی جێبەجێ دەكرد، بۆ نمونە كەسێك بە ناوی (مەلا عومەر بیرەكەپڕی) دەچێتە خزمەتی شێخ بۆ ئەوەی ڕەزامەندی وەربگرێت بە مەبەستی گواستنەوەی ماڵەكەی لە بارزان بۆ یەكێك لەگوندەكان، دیارە پاش ئەوەی باسی مەینەتیەكانی ژیانی خۆی دەكات كە بارودۆخی زۆر خراپە و دەستكورتە، بەڵام شێخ ئەم داوایەی پەسند نەكرد، بەڵكو فەرمانی كرد هەموو پێداویستیەكانی لە تەكیەی بارزان بۆ فەراهەم بكەن، هەروەها پێی ڕاگەیاند لەكاتی هەر حالەتێكی ئەوها دەرگاكانی ئێمە بۆ هەموو كەسێك والایە[٢].

لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلام ناوچەی بارزان پێشوەچونێكی هەمەلایەنەی بە خۆیەوە بینی، چەندین چاكسازی لە بواره جیاوازەكان ئەنجامدران بە تایبەتی ئەو چاكسازیانەی كە پەیوەندی بە بواری ئابووری هەبوو وەك نەهێشتنی مولكایەتی و دابەشكردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا[٣].

بێگومان گۆڕانكارییە سیاسی و ئابووریەكانی شێخانی بارزان هەڕەشەیەكی جدی بوو بۆ خان و دەرەبەگەكانی ناوچەكە، چونكە چاكسازییە ئابووریەكان ڕاستەوخۆ مەترسی لەسەر بەرژەوندیەكانیان دروست كرد، بۆیە هەوڵەكانیان چڕ كردەوە لە شێوازگەلی جۆراوجۆر لەوانە ڕاپۆرت و گوزارشتنی بەردەوامی خانەكانی ناوچەكە بۆ دەسەڵاتدارانی عوسمانی[٤].

(١) هەمان سەرچاوە، ل ١١.

(٢) مەلائەیوب، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٠.

(٣) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

(٤) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٠.

بەشی دووەم

ژیان و خەباتی

شێخ عەبدولسەلامی دووەم

تەوەری یەکەم:

«سەرنجێک لە ڕەچەڵەکی بنەماڵەی شێخانی بارزان»

مێژووی هەموو ناوچەیەك بەپێی بارودۆخ و هەڵکەوتەی جوگرافیا و هەڵومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی چارەنووسەکەی دیاری دەکرێت، بێگومان شوێن و پێگەی شێخەکانی بارزان، ڕۆڵی کاریگەریان لە بزووتنەوەی سیاسی و چەکداری و ئایینی و تەریقەتدا وایکردووە نەك تەنها سنوورەکەی تەنها دەڤەری بارزان بێت، بەڵکو کاریگەری گشتگیری هەبووە لەسەر تەواوی کوردستان.

شیاوی باسکردنە شێخانی بارزان لە بەرەبابی فەرماندەکانی ئامێدییەوە هاتوون[١]، پاش ئەوەی لە میرنشینی ئامێدی[٢] ناکۆکی و ململانێ دەکەوێتە نێوان دوو برا لەسەر دەسەڵات پاش وەفاتکردنی باوکیان[٣]، هەرچەندە ماف بە "مەسعود" بوو کە وەك جێنشینی باوکی دەسەڵات وەربگرێت، بەڵام برا بچووکەکەی هەڵی دەسەڵات بۆ خۆی دەقۆزێتەوە و "مەسعود"یش بەناچاری ناوچەکە جێ دەهێلێت[٤].

دوا بە دوای ئەم ڕووداوە "مەسعود"ی باپیرە گەورەی شێخانی بارزان ڕووی کردە گوندی (هەڤنکا)ی نزیك بارزان و لەوێ نیشتەجێ بووە و کچێکی ئەو گوندەی هێنا و

---

(١) فاخر عالی عبابکر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٩.

(٢) میرنشینی ئامێدی یاخو بادینان بەناوی باپیرەی بنەماڵە و دامەزرێنەری میرنشینەکە "بەهائەدین" ناونراوە، یەکێکە لەمیرنشینە کوردیە کۆنەکان، دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ پێش فەرمانڕەوایەتی سوڵتان سلێمان قانوونی، ئەم میرنشینەلەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دووچاری چەندین ناکۆکی و ململانێ نێوخۆیی دەبێتەوە لەسەرڕابەرایەتی کردنی میرنشینەکە، کە هەریەکە لە ولایەتی مووسڵ و بەغدا ڕۆڵی سەرەکیان گێڕاوە لە قولکردنەوەی کێشەکان، کە دەرەئەنجام لەساڵی ١٨٠٨ میرنشینەکە دەبێتە قوربانی ناکۆکییە نێوخۆییەکان و دەکەوێتەژێر دەسەڵاتی ولایەتی مووسڵ، کە دواتر یەکێ لەمیرەکان بەناوی "زوبێر پاشا" دەتوانێت میرنشینەکە لەچەنگی ولایەتی مووسڵ ڕزگار بکات، میرنشینەکەش لەسەردەمی ئیسماعیل پاشا کەگیرۆدەی چەندین کێشەی گەورە هاتبوو، دواجار لەساڵی ١٨٤٢ڕووخا. بۆ زانیاری پتر دەربارەی میرنشینی ئامێدی بگەڕێتەوە بۆ: انور المائي، الاكراد في بهدينان، (الموصل - ١٩٦٠)، ص ص ١٢٢-١٧٧؛ صديق الدملوجي، المصدر السابق، ص ص ١٨-٤١.

(٣) مامخان شێروانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩.

(٤) ڕۆژ عەبدوڵڵا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧.

کوڕێکی لێ بوو ناوی لێنا (سەعید)، نەوەی ئەویش کە شێخ (تاجەددین) بوو زانایەکی ئایینی و ناوداربوو گەلێك موریدی لەدەوری کۆبوونەوە، تەکیەیەکی لە بارزان دامەزراند تا کۆچی دوایی هەر لەوێ دەژیا پاشان شێخ (عەبدولڕەحمان)ی کوڕی جێی گرتەوەو پاش کۆچی دوایی ئەویش شێخ (عەبدوڵڵا)ی کوڕی جێی گرتەوە کە بە خواناسی و دینداری و خۆپارێزیەوە ناوی دەرکردبوو[١].

شێخانی بارزان لە نەوەکانی میرانی ئامێدین (١٧٨٣-١٨٢٦)، بە تەریقەت دەگەڕێنەوە سەر تەریقەتی نەقشبەندی[٢]، سەرچاوەی ئەم شێخانەش لە شێخ (تاجەددین)ەوە هاتووە، کە ناوبراو یەکێك بووە لە خەلیفەکانی (مولانا خالید نەقشبەندی[٣]) و لەو گوندەدا ئیرشادی کردووە پاشان بەرەبەرە خەڵکی تر هاتوونەتە کۆڕەکەیەوە، جگە لەتەریقەتە (نەقشبەند)یەکەی پیاوێکی زانا بووە[٤].

دوابەدوای کۆچی دوایی شێخ (عەبدوللا)، شێخ "عەبدولسەلامی یەکەم" کاروباری تەکیەی بارزانی بەدەستەوە گرتووە، بە شێوەیەك ژمارەی موریدەکانی گەلێك زیادی کردووە و قوتابخانەی ئایینی لە بارزان دروست کردووە لە ناوچەکەدا ناوبانگی باشی کردووە و قوتابیان لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێدەکرد، "مەولانا خالید" لەکاتی گەڕانیدا سەری لەتەکیەی بارزان داوە شێخ عەبدولسەلامی وەك خەلیفەی خۆی دەست نیشانکردووە، جگە

(١) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧.

(٢) حسین مەدەنی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٤.

(٣) مولانا خالید یاخود شێخ خالیدی کوڕی ئەحمەدکوڕی حسێنە رەخاوی و مەلا حامید، ناوی باوکیان بە حسێن لە قەلەم داوە، باوکی سەر بەهۆزی مکایەلی جافی مورادیە، مەزاری پیری مکایەل کەوتۆتە گوندی دەودانی سەر بە جوانڕۆ، دانیشتوانی گوندەکە پیری ناوبراو دەبەنەوە سەر عوسمانی کوڕی عەففان (ر.خ)، مەولانا خالید لەساڵی ١١٩٣ کۆچی لەگوندی قەرەداغی سەر بە قەزای مەڵبەندی سلێمانی لەدایکبووە، لەتەمەنی گەنجیدا ڕوویکردۆتە خوێندنی زانستی ئیسلامی و زانستەکانی (عقلیة) و (نقلیة) لەزانا گەورەکانی سەردەمی وەك سەید عەبدولکەریم بەرزنجی و سەید عەبدولڕەحیمی برای و شێخ عەبدوڵڵا خەرپانی و چەندینی تر وەرگرتووە، توانیوەتی لەزانستە ئیسلامیەکانی تایبەت بە (حکمت) و (کلام) بەپایەی بەرز بگات، لەدەلهی لەسەر دەستی شاعەبدوڵڵای دەهلەوی تەریقەتی نەقشبەندی وەرگرتووە، پاش چوار ساڵ دەگەڕێتەوە شاری سلێمانی، پاشان ڕوو دەکاتە دیمەشق هەر لەوێش لەساڵی ١٢٤٢ کۆچی وەفات دەکات. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێنەوە: سەید محەمەد تاهیر سەید زادەی هاشمی، مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشبەندی، وەرگێڕان لە فارسیەوە: دلێر میرزا، (سلێمانی- چاپخانەی قانع- ٢٠٠٤)، ل ل ٣٢ – ٤٤.

(٤) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٥.

لەمەش لەگەڵ خۆیدا بردوویەتی بۆ "نەهری" بە مەبەستی بینینی "سەید تەها" کە ئەویش وەك خەلیفەی "مولانا خالید" دەست نیشانکرابوو[١].

شێخ (عەبدولسەلام) زانایەکی بلیمەت و کەسێکی خاکرایی بووە، لەهەمان کاتدا ژیانی جیاواز نەبووە لەگەڵ خەڵکی دەوروبەری، زۆر گرنگی بەزانست و فێرکردن داوە، بە شێوەیەك زاناکانی بانگهێشتی ناوچەکە کردووە بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی زانستە ئاینییەکان، جگە لەمانەش لەبواری نووسین دەستی باڵای هەبووە، وەك نووسینی پەرتووکێك دەربارەی "**شرح العقائد**" لە گوندی "ئاستی" لە ساڵی ١٢٦٤کۆچی، هەروەها سێ ساڵ پێش وەفاتکردنی کتێبێکی بەنرخی داناوە دەربارەی ((**فیقهی ئیسلامی**))، لەگەڵ نامەیەك بەزمانی کوردی بەناونیشانی "**بیروباوەڕی ئیمان**" سەرەڕای ئەوانەش دەستی باڵای هەبووە لە بابەتی وەرگێڕان کە هەڵساوە بەوەرگێڕانی "**رساله القدسیه**" شێخ بەهائەدین نەقشبەندی[٢]" لە زمانی فارسی بۆ زمانی کوردی[٣].

دیارە ئەو پایە کۆمەڵایەتی و ئایینی و زانستیە وایکردبوو خەڵکێکی زۆر ڕوو لەتەکیەی بارزان بکەن و بیکەنە پەناگە و پاڵپشتی خۆیان، بێگومان ئەمەش لێکدانەوەی خراپی بۆ کرا لە لایەن دەرەبەگ و ئاغاکانی ناوچەکە، کە تەکیەی بارزان وەك قەڵایەکی پۆڵاین بوو بۆ پارێزگاری کردن لە زوڵمێکراو و لێقەوماوان، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر دەسەڵاتی دەرەبەگەکانی ناوچەکە، بۆیە کەوتنە دارشتنی پیلان و بوختان هەڵبەستن دژ بە شێخ

---

(١) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧.

(٢) شێخ بەهائەدین محەمەدکوڕی محەمەد ناسراو بە محەمەد شا نەقشبەند بوخاری لەساڵی ٧١٧کۆچی/ ١٣١٧زاینی لە گوندی کۆشکی هیندەوانی بوخارا لەدایکبووە، لەتەمەنی بچوکیدا لەلایەن باپیرەی بردراوەتە "سەمماسی" بۆ خزمەتی عارفی گەورە شێخ محەمەد سەمماسی هەر لای ئەویش تەریقەتی وەرگرتووە، پاش مردنی شێخ سەمماس لەساڵی ٧٥٥کۆچی/ ١٣٥٤م دەچێتە لای سەید ئەمیر کەلال کە خەلیفەی شێخ سەمماس بووە، یارمەتی زۆری داوە، هەر لەوێش لای چەندین زانای سەردەم زانستە شەرعیەکان دەخوێنێت، چەندین نووسینی جۆراوجۆری هەیە لەوانە "هدایة السالکین، تحفة الطالبین، الاوراد البهائیة و سلك الانوار" وچەندینی تر، لەساڵی ٧٩١کۆچی/ ١٣٨٨ زاینی کۆچی دوایی کردووە، سەبارەت بە تەریقەتەکەی سەرەتا گەیشتووتە شێخ عەبدوڵڵا دەهلەوی و لەویشەوە بۆ مەولانا خالید لەساڵی ١٨٠٩. بۆپتر زانیاری بڕوانە: محمد علی حاج یوسف، ایجاز البیان عن سیرة فضیله الشیخ رمضان (حیاة لاموت فیها وموت لا حیاة فیة)، تقدیم: محمد شریف الصواف، محمد سمیح دعدوش، (دمشق- ٢٠١٢)، ص ص ٦٦-٦٧.

(٣) عرفات کرم ستونی، الحیاة الدینیة من نهري الی بارزان، (اربیل- مطبعة اراس- ٢٠١٠)، ص ص ٣٤-٣٥.

عەبدولسەلامی یەکەم و تەکیەی بارزان لە لایەن کاربەدەستانی عوسمانی بەوەی کە دەرچوون و زیادەڕەوی لەئاین دەکەن[١].

شێخ عەبدولسەلامی یەکەم بۆ ئەم مەبەستە بانگهێشتی مووسڵ کرا بە مەبەستی وەڵامدانەوەی ئەو تۆمەتانەی ئاڕاستەی کراوە، کە مانگێکی خایاند، لەو ماوەیەدا نزیکەی سێ سەد کەس لە موریدەکانی ڕووەکەنە شاری مووسڵ بە مەبەستی گەڕاندنەوەی شێخ، بەڵام لە لایەن عوسمانییەکان دەستگیر دەکرێن، پاش سێ مانگ ڕێگا درا بە شێخ بگەڕێتەوە بارزان، سەبارەت بەچارەنووسی موریدەکانیش ژمارەیەکی کەمیان گەڕانەوە ئەوانی تر بەهۆی فەرامۆشکردنیان لە لایەن حکومەتەوە لە زیندانەکان بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی گرانەتا "تیفۆئید"مردن[٢].

دیارە دژایەتی و ململانێی ئاغا و دەرەبەگەکانی ناوچەکە دژ بە شێخ عەبدولسەلامی یەکەم بەردەوامی هەبوو، تا وەفاتکردنی لە ساڵی ١٨٧٢، پاش ئەو شێخ (محەمەد)ی کوڕی بوو بە شێخی تەکیە و بە کەسێکی دیندار و خواناس ناوبانگی دەرکرد، کە لەژێر دەستی باوکی خوێندنی تەواو کردبوو[٣].

شێخ محەمەد لە تەمەنی سی ساڵیدا جێگای باوکی دەگرێتەوە، هەر لەتەمەنی لاوێتیدا بە مەبەستی خوێندن دەچێتە باڵەکایەتی و کۆیە و ئاکرێ[٤]، لە سەردەمی ئەودا تەکیەی بارزان سەرەڕای بزاڤە تەریقەتی و زانستییەکەی بوو بە پەناگەی زۆرلێکراوانی عەشیرەتەکانی نزیك و دەوروبەری بارزان[٥].

لە لایەکی دیکەوە لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا خەڵکی کوردستان بەڕێبەرایەتی "شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری[٦]" لە ساڵی ١٨٨٠ دژی عوسمانییەکان شۆڕشی

---

(١) پێ رەش، بارزان وحركه الوعي القومي الكوردي (١٨٢٦-١٩١٤)، (دون مكان الطبع- ١٩٨٠، ص ٣٦.

(٢) صديق الدملوجي، المصدر السابق، ص٩٠.

(٣) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧.

(٤) محمد بريفكانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

(٥) محمد علی سلطانی، منبع ثیشین، ص ٤٦.

(٦) شێخ عوبەیدوڵڵاکوڕی سەید تەهای کوڕی شێخ ئەحمەد شیهابەدینە، لەساڵی ١٢٤٧/١٨٣٠کۆچی لەگوندی نەهری لەدایکبووە، هەر لەوێ گەورە بووە، وەك باوکی چووتە ڕێزی خەلیفە نەقشبەندیەکان، دوای ماوەیەك هێز و دەسەڵاتی دەستکەوتووە و تا ئەوڕادەیەی گەیشتووە کە لە شێخایەتی پەڕیوەتەوە و بیری لە فەرمانڕەوایەتی و پاشایەتی کردۆتەوە، لەساڵی ١٨٨٠ شۆڕشی دەست پێ کردووە، پاش دامرکانەوەی

هەڵگیرساند، "شێخ محەمەد بارزانی" و بنەماڵە و موریدەکانی زۆر چالاکانە لەو شۆڕشە بەشداریان کردووە و کاریگەری بەرچاویان هەبووە، هەرچەندە شۆڕشەکە لە ئەنجامدا بە ڕێککەوتن و هاوکاری هەریەکە لەوڵاتانی قاجار[1] و عوسمانی و ڕووسیای تەزاری خامۆشکرا و ڕابەری شۆڕشەکەش بە ناچاری خۆی ڕادەستی دەوڵەتی عوسمانی کرد، پاشان دوورخرایەوە بۆ "تایف" بە مەبەستی نیشتەجێ بوونی زۆرەملێ[2].

دەکرێت بڵێین بەشداریکردنی بارزانییەکان و ئامادەیی و کاریگەرییەکانی لەپرسی

شۆڕشەکەی دەسەڵاتدارانی عوسمانی لەگەڵ سەد خێزانەدا دووری دەخەنەوە بۆ حیجاز و لەساڵی ١٨٨٣ کۆچی دوای دەکات، هەروەها ساڵی ١٨٩٣ حکومەتی عوسمانی ڕێگای بەگەڕانەوەی خێزانەکانەدا بەو مەرجەی کوڕانی شێخ عوبەیدوڵڵا لە ئیستانبوڵ نیشتەجێ بن. بابە شێخ مەردۆخ ڕۆحانی (شیوا)، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤٨٥-٤٨٦؛ عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، کوردستان لەسەردەمی دەولەتی عوسمانی دا (لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهان). (خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاوێر– ٢٠٠٤)، ل ١٠٢. دەربارەی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا بگەڕێتەوە بۆ: نەجم سەنگاوی، کوردستان و سەرکردە و دەسەڵات و شۆڕشەکانی لە ١١٦٩– ١٩٩٤، (بێ شوێنی چاپ- ٢٠١٤، ل ل ٢١٧ – ٢٥٣.

(١) قاجارەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو هۆزە تورکانەی کەلە سەدەی چواردەهەمی زاینی لە کاتی لەشکرکێشیەکەی تەیموورلەنگ بۆ ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لەو وڵاتەدا نیشتەجێ بوونە بەتایبەت لەناوچەی ئازەربایجان و مازندەران ڕۆڵی سەرەکیان بینیوە لە بەهێز بوونی بزووتنەوەی سەفەوی و دەولەتی سەفەوی، توانیان دەسەڵات لە ئێران بگرنە دەست لە نێوان ساڵانی (١٧٩٥ – ١٩٢٥ز). بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی قاجارەکان بڕوانە سعید نفیسي، تاریخ اجتماعی و سیاسی ایران در دورة معاصر(از اغاز سلطنت قاجار تا پایان جنگ نخستین با روسیه)، جلد اول، (تهران- ناشر شرق- ١٣٤٤هـ. ش)، ص ص ٨ -٢٠.

(٢) مەلائەیوب، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦. خاوەن پەرتووکی"بزاڤی بارزانی" ڕووداوی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کە لەساڵی ١٨٨٠ ڕوویداوە، هاوکاتی دەکات بەسەردەمی شێخ عەبدولسەلامی یەکەم، بۆئەم مەبەستەش لەوانەیە پشتی بەستبێت بە ساڵی وەفاتی شێخ عەبدولسەلام بارزانی کەلە خاوەن پەرتووکی "بارزان وحرکه الوعي القومي الکوردي (١٨٢٦-١٩١٤)" وەریگرتووە کە ساڵی وەفاتەکەی بە ١٨٨٤ داناوە، ، بەڵام لەلایەکی دیکەوە زۆربەی سەرچاوەکان ساڵی ١٨٧٢ بەساڵی وەفاتی شێخ عەبدولسەلامی یەکەم دادەنێن، کەوایە شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا لەسەردەمی شێخایەتی "شێخ محەمەد" بارزانییە نەك شێخ عەبدولسەلامی یەکەم، بۆپشت ڕاستکردنەوەی ئەم بابەتە خاوەن پەرتووکی "الحیاة الدینیة من نهري الی بارزان" جەخت لەوە دەکاتەوە کەپەیوەندی نێوان شێخ عەبدولسەلام و شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری باش نەبووە، بەڵام "شێخ محەمەد" توانی ئەم پەیوەندییە جارێکی دیکە لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵا بەهێز بکاتەوە. فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩؛ پێ ڕەش، المصدر السابق، ص ٣٦؛ عرفات کرم ستونی، المصدر السابق، ص ٣٥.

ململانێیە سەربازییەکان و سیاسییەکان، ڕێگا خۆشکەر بووبێت بۆ دەستەبەرکردنی زەمینەیەکی فراوان بۆ ڕاپەڕین و بزووتنەوە نەتەوەییە کشتگرییەکانی ئەوان لە داهاتوودا کە دواتر مێژوو واقیعی ئەم بابەتەی سەلماند بەوەی کە بارزانییەکان سەرمەشقی چەندین شۆڕش و ڕاپەڕین بوون.

بێگومان ئەم هەڵوێستەی شێخی بارزان لە بەرامبەر زۆرلێکراوانی عەشیرەتەکانی نزیک و دەوروبەری بارزان، زەنگێکی مەترسیداربوو بۆدەوڵەتی عوسمانی بە شێوەیەکی گشتی و ئاغا و دەرەبەگەکانی ناوچەکە بەتایبەتی، چونکە لە تەکیەی بارزان خەڵك وا فێر دەکرێ کە ئازادبێت و سوخرەکێشی کەس نەبێت، ئەمەش لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئاغاکان یەکینەدەگرتەوە کە هەموو دەسەڵات و هێزیان لەسەر بازووی ئەو خەڵکە جوتیار و زەحمەتکێشانە بنیادنابوو، کە هەوڵ و ماندووبوونەکانیان هەمووی دەچووە خەزێنەی دەوڵەتی عوسمانی یاخود عەمباری ئاغا و دەرەبەگەکان[1].

لەم ڕووەوە سەردەمی شێخایەتی "شێخ محەمەد" هێمن و ئارامی بەخۆیەوە نەدی، بەڵکو بەردەوام لە ململانێ دابوو لەگەڵ ئاغاکانی ناوچەکە لەسەروی هەموویانەوە "فەتاح ئاغای هەرنێ" کە هەوڵەکانی چڕ دەکاتەوە بۆ لەناوبردنی شێخی بارزان، لە سەرەتادا لە ڕێگای سکاڵایەك دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە مووسڵ ئاگادار دەکاتەوە بەوەی کە شێخ محەمەد لەجیاتی خۆپەیوەست کردن بەکاروباری تەکیە و خوداپەرستی، خەڵك هان دەدات لە دژی دەوڵەت، بۆیە کاربەدەستانی عوسمانی لە ساڵی ۱۸۸۵ لەسەر بناغەی ئەم هەواڵانە بانگهێشتی موسڵی دەکەن و لەوێش وەك دەست بەسەرکراوێکی زۆرەملێ دەیهێلنەوە[2]، پاشان دەتوانێت بەهاوکاری هەریەکە لە زوبێر مەلا محەمەد و مەلا مەحموود خۆی لەو دەست بەسەرکراوییە ڕزگار بکات و بگەڕێتەوە بارزان[3]، ئەم ڕووداوە هیچ دەنگۆیەکی نەبوو چ لەئاستی فەرمی یاخود ئاستی میللی لە مووسڵ[4]، بەواتایەکی دیکە دەوڵەتی عوسمانی چاوپۆشی لەم بابەتە کردووە[5].

دەکرێت هۆکاری زەق نەکردنەوەی بابەتی ڕزگارکردنی شێخ محەمەد بارزانی لە لایەن

(١) مەلائەیوب، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤٩- ٥٠.

(٢) زبير بلال اسماعيل، المصدر السابق، ص ٢٢.

(٣) محمد بريفكاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

(٤) پێ ڕەش، المصدر السابق، ص ٤٣.

(٥) عرفات كرم ستوني، المصدر السابق، ص ٣٧.

کاربەدەستانی عوسمانی لە شاری مووسڵ، چەندین ڕاڤەی جیاوازی بۆ بکرێت، لەوانە بۆ شاردنەوەی ئەو شەرمەزارییە بێت کە کۆی گشتی ئیدارەی عوسمانی لە شارەکە لەکەدار کردبوو، بەوەی کە ئیدارەیەکی لاواز و ڕووخاوە، یاخود دەکرێت پەیوەست بێت بەخودی سیاسەتی عوسمانییەکان لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی "**پەرتکەوزاڵ بە**" کە بەدرێژایی فەرمانڕەوایەتی عوسمانییەکان بەرامبەر کورد ئەنجامی داوە، بۆئەوەی لە ڕێگای ئەو سیاسەتە بەئاسانی مەرامە سیاسی و ئابووریەکانیان جێبەجێ بکات و سوود لە ناکۆکی و ململانێیەکانی نێوان کوردان وەربگرێت، بەڵگەش بۆ ئەمە هیچ بەدواداچونێکی سەربازی لە دوای ڕووداوەکە بەدی ناکرێت.

دوابەدوای گەڕانەوەی "شێخ محەمەد" بۆ بارزان نیشانەی سەرکەوتنێکی مەعنەوی زۆر گەورە بوو، بەسەر پیلانگێرییەکانی ئاغا و دەرەبەگەکانی ناوچەکە، چونکە خەڵکێکی زۆر لە تیرەی "شێروانی و گەردی" ڕوویان لە تەکیەی بارزان کرد و بوون بە موریدی تەریقەت، لەگەڵ ئەوەش تووڕەیی زۆر باڵی کێشا بەسەر دەروونی موریدەکانی تەکیەی بارزان دژ بەدەسەڵاتی ئاغاکان، بەڵام شێخ زۆر بە هوشیاری مامەڵەی لەگەڵ بارودۆخەکە کرد، داوای لە شوێنکەوتووانی کرد لەبڕی دژایەتی کردن ڕوو لە خواپەرستی و ڕوحانییەت بکەن[١].

شیاوی باسکردنە ئاغاکانی ناوچەکە لە ساڵی ١٨٩٣ توانیان سوود لەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی نێوان شێخی بارزان و شێخ محەمەد سورچی شێخی تەکیەی "بجیل" وەربگرن [٢]، پەیوەستی بکەن بەخۆیان و ڕازی بکەن بە سەردانیکردنی شێخ" محەمەد سەدیق نەهری[٣]" بە مەبەستی گەیاندنی سکاڵاکانیان دژ بە شێخ "محەمەد" لە ڕێگای ئاڕاستەکردنی چەندین قسەی هەڵبەستراو وەك " لادان لەئایینی پاکی ئیسلام، تاڵانکردن و ئازاوە و پەشێوی دروست

(١) مەلائەیوب، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٥٥- ٥٦.

(٢) سەبارەت بە ئاڵۆزی لە پەیوەندییەکانی نێوان تەکیەی بارزان و تەکیەی بجیل بگەڕێتەوە بۆ: پێ ڕەش، المصدر السابق، ص ص ٦٢-٦٣.

(٣) دیارە ناوبراو لەسەردەمی باوکی بەتایبەت لەشۆڕشەکەی ڕۆڵێکی لاوەکی گێڕاوە، هەرچەندە لەدوای باوکی دەسەڵاتی تەکیەی نەهری کەوتە دەست، زیاتر گرنگی بە کۆکردنەوەی سامان داوە نەوەك کاروباری تەکیەی نەهری، ئەویش لە ڕێگای قۆرخکارییەکانی بازرگانی توتن، بەهاوکاری فەرمانبەرانی عوسمانی، کەڕێژەیەك لەقازانجەکانی پێ دەدان، ئەویتریش وەبەرهێنانی پێ دەکرد لەگەڵ بانکەکانی لەندەن. دیقید مکدول، تاریخ الاکراد الحدیث، ترجمة: راج ال محمد، (بیروت- دار الفارابي- ٢٠٠٤)، ص ١٥٧.

کردن له ناوچەکه" زیاتریش مەبەستیان لەم کاره لەنێوبردنی شێخنشینی بارزان بوو[١].

شێخ محەمەد بارزانی لەسەر داوای شێخ محەمەد سەدیق نەهری لە ساڵی١٨٩٣ ڕووەکاته "کاتینا"، هەرچەنده له لایەن موریدەکانی تەکیەی بارزان هەوڵ درا گەشتەکەی ئەنجام نەدات، بەڵام شێخی بارزان پێداگری کرد لەسەر ڕۆشتنەکەی، بۆ ئەوەی ڕاستی و دروستی بابەتەکه بخاتەڕوو[٢]، بەڵام شێخی نەهری له ڕێگای هەواڵە نا دروستەکانی شێخ محەمەد بارزانی گیرۆدەی زیندان دەکات له بەدلیس بۆ ماوەی ساڵێك[٣].

دەکرێت بلێین هۆکاری نواندنی ئەو مامەڵەیە له لایەن شێخ "محەمەد سەدیق نەهری" بەرامبەر به شێخی بارزان، له چەند لایەنێکەوە بوو بێت لەوانە "کەوتنە ژێر کاریگەری سکاڵای ئاغاکانی زێبار و شێخی تەکیەی بجیل، که باس لە مەزلومیەتی خۆیان کردووه له بەرامبەر تەکیەی بارزان، یاخود پەیوەسته به بۆچوونەکەی "زوبێر بیلال ئیسماعیل" **کە وای دادەنێت پەیوەندی ڕاستەوخۆی به ململانێ و کێبرکێی نێوان تەکیەکان هەبێت**[٤]، چونکە ئەوکات تەکیەی بارزان له تەواوی ناوچەکه به گەوره و گرنگ سەیر کراوه، دیاره ئەمەش لە لایەن شێخی نەهری مایەی قبوڵکردن نەبووه که لقێك له ئەسلەکەی بەهێزتر بێت.

له لایەکی دیکەوە پێدەچێت پەیوەندی ڕاستەخۆی به خودی کەسایەتی شێخ "محەمەد سەدیق نەهری"یەوە بێت کە تاڕادەیەکی زۆر لەڕیشە و ڕێساکانی تەریقەت دوورکەوتبێتەوە و زیاتر پابەند بێت بەکاری دنیایی، ئەمەش وایکردووه کە ناوبراو ببێتە هۆکارێك بۆ گۆڕینی ڕێچکەی ئەم بنەماڵەیە بەرەو لاوازی و پوکانەوە[٥].

ئەگەر دیراسەیەکی بەراوردکاری ورد بکرێت، زۆر به ڕوونی هۆکارەکانی تەشەنەکردنی تەریقەت له تەکیەی بارزان له بەرامبەر هەریەکه له تەکیەکانی نەهری و قادری و تاڵەبانی دەردەکەوێت، دیاره ئەم بابەتە زیاتر پەیوەست بووه بە خودی شێخەکان، لەم ڕووەوە شێخەکانی تەکیەی بارزان خۆیان لە قەرەی خاوەنداریەتی زەوی نەداوە[٦]، بە واتایەکی

(١) عرفات كرم ستوني، المصدر السابق، ص ص ٣٧ -٣٩.

(٢) مەلائەیوب، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٤.

(٣) محمد بريفكاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

(٤) زبير بلال اسماعيل: المصدر السابق، ص ٢٢.

(٥) عرفات كرم ستوني، المصدر السابق، ص ٢٠.

(٦) جەمال گردەسۆری، بارزانی نەمر ڕابەرێك لەسەدەی بیستەم، (هەولێر- چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین - ٢٠١٢)، ل ٩.

دیکە دەسەڵاتە ئاینییەکانیان نەبەستۆتەوە بە مەبەستی مادی و زەویداری، ڕێك ئەمەش پێچەوانەی شێخەکانی نەهری و قادری و تاڵەبانی بوو، ئەم ئاکارەش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر ڕاکێشانی هزر و بیری شوێنکەوتووانی تەکیەی بارزان کە بە شێوەیەکی سرووشتی و ئارەزوومەندانە ملکەچی بنوێنن بۆ شێخەکانی تەکیەی بارزان نەوەك بەزۆرەملێ[١].

دوابەدوای ئازادکردنی شێخ محەمەد بارزانی گەڕایەوە بارزان، بەڵام زۆری پێ ناچێت جارێکی دیکە لە ساڵی ١٨٩٥ هاوپەیمانییەك پێك دەهێنرێت لە لایەن هەریەکە لە شێخ محەمەد سەدیق نەهری و شێخی بجیل و ئاغاکانی زێبار و شێروان و مزووری و برادۆست و ڕێکان و هۆرەمارییەکان، بە مەبەستی لەنێوبردنی دەسەڵاتی شێخانی بارزان و دەست بەسەرداگرتنی تەواوی دەڤەری بارزان[٢]، دیارە ئەم گەلەکۆمەیە بۆ سەر شێخی بارزان، وایکرد بە ناچاری ڕووبکاتە ڕواندوز، لەوێش بەڕەنگاری هاوپەیمانان بووەوە، بەسوود وەرگرتن لەو دەرزەی کە لە نێوان ئاغاکانی زێبار ڕوویدا، بەتایبەت پاش ئەوەی هەریەکە لە حەسەن ئاغا و محەمەد ئاغا پشتگیری خۆیان بۆشێخی بارزان دەربڕی، هەروەها گوندی بیرەکەپڕە (پیرەکەپرا) وەك بنکەیەك لە لایەن حەسەن ئاغا بۆ شێخ محەمەد بارزانی دیاری کرا، لە ئازاری ساڵی ١٨٩٦ پێکدادان لە بیرەکەپڕە لەنێوان هەردوو هێز ڕوویدا، شەڕیش بەردەوامی هەبوو بەبێ هیچ ئەنجامێك، تا ئەوکاتەی حکومەتی عوسمانی هۆشداری دەداتە شێخی نەهری لە بەردەوامیدان بەشەڕ و داوای لێدەکات پاشەکشە بکات، بێگومان ئەم داوایە بۆ شێخی بارزان هەڵێکی زێڕین بوو، چونکە دواتر بارزانییەکان لە هێزێکی بەرگریکار بوون بەهێزێکی هێرشبەر[٣].

دوای هۆشداریەکەی حکومەتی عوسمانی، هێزەکانی نەهری دەست دەکەن بە پاشەکشەکردن، هەرچەندە زنجیرەیەك شەڕ لەنێوانیاندا ڕوودەدات، بەڵام بارزانییەکان توانیان بەسەر ڕکابەرەکانیان سەربکەون و تێکیان بشکێنن لە لای چەپی زێی گەورە بۆ لای ڕاستی زێیەکە، کە پاشان ئەم ڕووبارە بووە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ئاغاکانی زێبار و بارزانییەکان[٤]، دیارە دوای ئەم سەرکەوتننانە شێخ محەمەد بارزانی دووبارە گەڕایەوە بۆ

(١) فرید أسسرد، المصدر السابق، ص ص ١٣١-١٣٢.

(٢) پێ ڕەش، المصدر السابق، ص ٧٤.

(٣) المصدر نفسه، ص ص ٢٢-٢٣.

(٤) عەبدولمونعیم غولامی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٨-٣٩.

بایەخدان بە کاروباری ئاینی تەکیەی بارزان و هەموارکردنەوە و لابردنی هەموو ئەو یاسا و سیستەمانەی کە پەیوەست بوون بە ڕژێمی دەرەبەگایەتی، هەروەها کارکردنی لەپێناو چاندنی تۆی خۆشەویستی لەنێوان تیرەکان و پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە[١].

شێخ محەمەد بارزانی لە ساڵی ١٩٠٣ کۆچی دوایی کرد، پاش خۆی پێنج کوڕی بەجێ هێشت[٢] ئەوانیش: (شێخ عەبدولسەلامی دووەم، شێخ ئەحمەد[٣]، شێخ محەمەد سەدیق، شیخ محەمەد ناسراو بە بابۆ، مستەفا بارزانی[٤]).

---

(١) پێ ڕەش، المصدر السابق، ص ٨٣.

(٢) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

(٣) شێخ ئەحمەد بارزانی (١٨٩٢– ١١ی کانونی دووەمی ١٩٦٩) شێخ ئەحمەدکوری شێخ محەمەد کوری شێخ عەبدولسەلامە لەتشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٤ لەدوای لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلامی دووەمی برای دەسەڵاتی تەواوی ناوچەی زێبار دەگرێتە ئەستۆ، مێژووی شێخ ئەحمەد بارزانی پڕە لە ململانێ و شۆڕش دژ بەدەسەڵاتی عێراق، دوای لەباربردنی شۆڕشی یەکەمی بارزان لە حوزەیرانی ١٩٣٢ پەنای بردۆتە بەر تورکیا، پاشان لەساڵی ١٩٣٤ گەڕایەوە بۆعێراق و ساڵی ١٩٤٣ جارێکی تر لەسەروبەندی شۆڕشی دووەمی بارزان دژی حکومەت ڕاپەڕی و لەتەشرینی ساڵی ١٩٤٥ پەنای بردۆتە بەر ئێران، دوای شۆڕشی ١٩٥٨ هاتۆتەوە عێراق و پاش گەڕانەوەی وازی لەکاری سیاسی هێناوە، لەساڵی ١٩٦٩ کۆچی دوایی دەکات. ڕاپەڕینەکانی بارزان لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی هەردوو حکوومەتی فەرەنسا و بەریتانیادا ١٩٣١– ١٩٤٩، وەرگێڕان: نەجاتی عەبدوڵڵا، بەرگی یەکەم، (هەولێر- دەزگای بڵاوکردنەوەی ئاراس- ٢٠١٠)، ل٢١٢.

(٤) مستەفا بارزانی: لە ١٩٠٣/٣/١٤ لەگوندی بارزان لەدوای دوو مانگ لەوەفاتی باوکی "شێخ محەمەد" لەدایك بووە، لەتەمەنی سێ ساڵیدا لەگەڵ دایکی لەشاری مووسڵ زیندانی کراوە لەسەردەمی عوسمانییەکان، بەشداری و هاوکاری زۆربەی بزووتنەوەو جووڵانەوە شۆڕشگێڕییەکانی کوردستانی کردووە، لەشۆڕشی یەکەمی بارزان وەك سەرکردەیەکی دیار ڕۆڵی گێڕاوە، لە حوزەیرانی ١٩٣٢ لەگەڵ خێزانەبارزانییەکان پەنا دەباتەبەر تورکیا، هەرچەندە حکومەتی تورکیا ئاوارەکان ڕادەستی حکومەتی عێراقی دەکات، بەڵام مستەفا بارزانی خۆی دەرباز دەکات و دەگەڕێتەوە ناوچەی بارزان، ساڵی ١٩٣٩ لەلایەن حکومەتی عێراقی دوور دەخرێتەوە بۆ شاری سلێمانی، لەوێش لە ١٩٤٣/٧/١٢ بەیارمەتی کەسانی نیشتمانپەروەر دەتوانێت لەسلێمانی بەرەو کوردستانی ڕۆژهەڵات بڕوات و پاشان دەگەڕێتەوە بارزان و شۆڕشی دووەمی بارزان دەست پێدەکات، لەساڵی ١٩٤٥ لێژنەی ئازادی بەسەرۆکایەتی مستەفا بارزانی پێکهێنرا، لەکۆماری مەهاباد کرایە بەرپرسی سەربازی ئەو کۆمارە و پلەی جەنەرالی پێدرا، دوای لەباربردنی کۆماری کوردستان لەلایەن حکومەتی ئێرانی، مستەفا بارزانی لەڕێگای ڕووباری ئاراس لەساڵی ١٩٤٧ ڕووەکاتە یەکێتی سۆڤیەت و لە ١٩٥٨/١٠/٦ دەگەڕێتەوە عێراق، پاشان لەساڵی ١٩٦١ شۆڕشی ئەیلوولی هەڵگیرساند دژ بەحکومەتی عێراقی، هەروەها ڕێککەوتنامەی ١١ی ئازاری لەگەڵ حکومەتی عێراقی

تەوەری دووەم:

(کورتەیەکی میژوویی لە ژیانی شێخ عەبدولسەلآمی دووەم)

دەستپێکی شێخایەتی عەبدولسەلام بارزانی (۱۸۷۹ز/ ۱۸۸۲ز- ۱۹۱٤[۱]) لە ساڵی (۱۹۰۳/۱۹۰۲) دەستپێکردوە تاوەکو ۱۹۰۷ لەو ماوەیەدا ناوچەکە هێمنی و ئارامی باشی بە خۆیەوە بینی[۲]، هەروەها لە سەردەمەکەیدا ناو و ناوبانگی "بارزان" دەکەوێتە ناو بازنەی گۆڕەپانی سیاسی، سەرەڕای پێگە ئایینییەکەی بنەماڵەی شێخ عبدولسلامی بارزانی کە پایەی ئایینی دیاری خۆی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کەوتە سەرشان بە شێوەیەك بارزان بوو بە لانکێکی شۆڕشگێڕی نەك تەنیا لەسەر ئاستی ناوچەی بادینان و خواروی کوردستان، بەڵکو لەهەر سوچێکی کوردستاندا ڕاپەڕینێك

واژووکرا، چەندین جار هەوڵی تیرۆرکردنی دراوە لەلایەن حکومەتەوە لەنێوان ساڵانی ۱۹۷۰- ۱۹۷۲ لە ۱۹۷۹/۳/۱ لەنەخۆشخانەی جۆرج تاون لەئەمریکا کۆچی دوایی دەکات. بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێنەوە بۆ: شەعبان عەلی شەعبان، هەندێك زانیاری سیاسی و میژوویی، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- ۲۰۱۳)، ل ل ۱٤ – ۱۸.

(۱) سەبارەت بە ساڵی لەدایکبوونی شێخ عەبدولسەلامی دووەم: بۆچوونی جیاواز بەدی دەکرێت، لەوانە نووسەرانی سەرچاوەی "صفحات من تاريخ الكرد و كوردستان الحديث في الوثائق العثمانية (۱۸٤۰– ۱۹۱۵)" ساڵی لەدایکبوونی بە ۱۸٤۷ز دادەنێت، کەچی کەریم شارەزا بەساڵی ۱۸۸۷، لەبەرامبەریشدا لۆنگریك باس لەدەستپێکی شێخایەتیەکەی دەکات و دەیگەڕێنێتەوە بۆساڵی ۱۹۰۸ کەئەوکات لەتەمەنی ۲٤ ساڵیدا بووە، بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان کۆکن لەسەرئەوەی لەدوای کۆچی دوایي باوکی لەساڵی ۱۹۰۳ ڕێبەرایەتی تەکییەی بارزانی گرتۆتە دەست، کەواتە بەگوێرەی زانیارییەکانی لۆنگریك بێت ساڵی لەدایکبوونی ۱۸۸٤ز، ئەوەی زیاتر بابەتەکە پشت ڕاست دەکاتەوە گۆتەی "ویگرامە" چونکە خۆی سەردانی بارزانی کردووە لەنێوان ساڵانی ۱۹۰۷-۱۹۰۹ و لەنزیکەوە چاوی بەشێخ عەبدولسەلام کەوتووە، لەکاتی وەسف کردنیدا دەڵێت "تەمەنی لەدەوروبەری ۲۸ ساڵیدا بووە" کەواتە ساڵی لەدایکبوونی لەنێوان ساڵانی (۱۷۷۹ یاخود ۱۸۸۲ز) دەبێت. خليل على مراد، عبدالفتاح على البوتاني، صفحات من تاريخ الكرد و كوردستان الحديث في الوثائق العثمانية (۱۸٤۰– ۱۹۱۵)، (أربيل- مطبوعات الاكاديمية الكوردية- ۲۰۱۵)، ص ٤٤؛ کەریم شارەزا، سەرچاوەی پێشوو، ل ۲۵٤؛ ستيفن هيمسلى لونگريك، المصدر السابق، ص ص ۱۰٤-۱۰۵؛ دبليو. أي. ويگرام، ادگار. تي. أي. ويگرام، مهد البشرية"الحياة في شرق كردستان" ترجمة: جرجيس فتح الله، (اربيل- دار ئاراس للطباعة والنشر- ۲۰۱۰)، ص۱۲۰.

(۲) مەلائەیوب، سەرچاوەی پێشوو، ل ۱۲۹.

بەرپابووبێ بارزانییەکان پشتگریان کردووە و بەهانای خەڵکە زۆرلێکراوەکەیەوە چوون[١].

شێخ لەو ناوچەیەی کە هەڵیدەسوڕاند زۆر ڕیفۆرمی کرد لەوانە دابەشکردنی زەوی و زار بەسەر جوتیارەکاندا، ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و نەهێشتنی پارەی مارەیی و بەزۆر بەشوودانی کچ، هەروەها لەهەر گوندێکیش کە لایەنگرەکانی تێیدا بوو، مزگەوتێکی دروستکرد و ئەنجوومەنێك بۆ مشوورخواردنی کاروباری گوندەکە و لە هەر تیرەیەکیش هێزێکی چەکداری پێکهێنا، کە ئەحمەد ئاغا بێرسیاڤی خاڵی بارزانی لەپشتگیری و پاراستنی ئەم چاککاریانەدا ڕۆڵی گەورەی هەبوو[٢]، جگە لەمانەش شێخ پێی وابوو نەزانی یەکێکە لە هۆیە گرنگەکانی بەجێمانی کورد، لەبەر ئەوە بایەخی بەکردنەوەی قوتابخانە داوە[٣].

لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی دووەمدا کریستیانەکان لە بارودۆخێکی سەقامگیردابوون، دووربوون لە چەوساندنەوە، لەگەڵ موسڵمانەکان بەیەکسانی دەژیان ئاغای گوندی ئەردێل "ئاغا سواریی" کە دانیشتوانی ئەو گوندە بە ئاین فەلە بوون، ئاماژە بەڕۆڵی شێخ دەکات کە بەیەکسانی مامەڵە لەگەڵ موسڵمانان و فەلەکان کردووە، مەسیحییەکان لەوپەڕی ئازادی دەژیان و دووربوون لەکەسانی تاڵانکەر، هەروەها شێخ ڕێگای نەدا شەڕ لەنێوان موسڵمانان و عەشیرەتی "التخوما"ی کریستیانی دروست بێت، کە موسڵمانەکان جیهادیان لە دژیان ڕاگەیاندبوو[٤].

سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ شێخ محەمەد سەدیق نەهری مێژوونووسی ڕووسی (ف. نیکیتین) دەڵێت: **(شێخی بارزان هەردەم هیواو ئومێدی هەبوو کە ئەو بۆشایەی لەگەڵ (شێخی نەهری) پەیدابوو پڕ بکاتەوە و ئاشت ببنەوە، بەڵام (شێخ محەمەد سەدیق نەهری) ڕاست نەبوو لەگەڵ شێخ عەبدولسلام دەیویست شێخ عەبدولسلام بە هەر هۆیەك بێت لە ناو ببات، چەندین پلانی داڕێشت بۆ لەناوبردنی شێخ عەبدولسەلام بەڵام پلانەکانی**

(١) دلێرشاوێس، هۆکارەکانی سەرکردایەتیکردنی بارزانییەکان بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان، کۆنفرانسی یەکەمی بارزان: سەدەیەکە بارزان پێشەنگی مرۆڤایەتی و ژینگە پارێزییە، (هەولێر-٢٠١٠)، ل ١٢٤.

(٢) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

(٣) عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٠.

(٤) حسێن مەدەنی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٢؛ ڕۆژ عەبدوڵڵا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣.

سەری نەگرت و لە دوایشدا کۆچی دوایی کرد[١].

بەڵام کاتێك (سەید تەهای نەهری) دووەم هات لە جێگای باوکی دانیشت شێخ عەبدولسلام توانی پەیوەندییەکانی نێوانیان چاك بکاتەوە بۆ ئەم مەبەستە شێخی بارزان دەڵێت "**ئێمە نامانەوێت هیچ ناکۆکی لەنێوانماندا هەبێت و ئێمە دەمانەوێت خەڵکیش ئارامی و تەناهی بەخۆیەوە ببینن، چونکە دووبەرەکی لە بەرژەوەندی هیچ لایەکدا نییە**[٢]". لە لایەکی دیکەوە شێخ عەبدولسلامی دووەم به سەید تەهای نەهری راگەیاند کە هەردوولایان لەسەر یەك تەریقەتن ئەویش (تەریقەتی نەقشبەندی)یە، لەکۆتایدا سەید تەهای نەهری هەڵوێستەکانی شێخ عەبدولسلام بارزانی بەچاك زانیووە و پێکەوە ئاشتبوونەوە، هیچ کێشە و ئاریشەیەك لەنێوانیاندا نەما، بێگومان ئەمەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەهەڵوێست و کاریگەری شێخ عەبدولسلام بارزانی بووە[٣].

شێخ عەبدولسەلام بارزانی هەمیشە بانگی یەکێتی و هاوکاری دەدا و ئەوەی دووبارە دەکردەوە (یەك بگرن و هاوکاری یەکتر بکەن، کەس پێتان ناوێرێ) شێخ کاتەکانی دابەش کردبوو بەسەر سێ ئامانج لەوانە ڕێبەری ئایین و وانەبێژی، ڕاپەڕاندنی کارەکانی خەڵك و چارەسەرکردنی ناکۆکی هۆزەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان[٤].

پەیوەندی هۆزی بارزان لەگەڵ هۆزەکانی دەوروبەری خۆیان بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکی ئاسایی و دۆستایەتی بووە، هەندێ جاریش خراپ بووە، دەکرێ ئەوەش بۆ پایەی ئایینی و تەریقەت بگەڕێتەوە، ئەمەش وایکردبوو کە خەڵکانێکی زۆر لە دەوریان کۆببنەوە و پەیوەندی لەگەڵ شوێن و گوندەکانی دەوروبەردا ببستن، جگە لە دوو هۆزی دەوروبەری ناوچەکە نەبێت ئەوانیش (برادۆست، زێباری) بوون ڕەنگە ئەوەش هۆکار و تایبەتمەندی خۆی هەبێ بەو پێیەی لەیەك کاتدا خاوەن پایەی ئایین و دەسەڵاتداری ناوچەی خۆیان بوون ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە لەسەر بەرژەوەندی هۆزایەتی لەیەکتر تورەبن یاخود ئەو کەسانەی زوڵمی زۆریان لە لایەن هەر یەکێك لە هۆزەکان لێکرابێ ڕەنگە

---

(١) مەلائەیوب، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٣٣-١٣٤.

(٢) ڕێبین سەعید مەلا، سەید تەهای نەهری، (هەولێر- چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین- ٢٠١٦)، ل ١٠٢.

(٣) مەلائەیوب، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤.

(٤) فائق ئەبو زێد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٣٦-١٣٧؛ زبير بلال اسماعيل، المصدر السابق، ص ٢٦.

پەنای بۆ لایەکی تر بردبێ[١].

دیارە ئەوکاتەی شێخ عبدولسەلام دەبێتە شێخی تەریقەت و بارزان ناوبانگێکی زۆری دەرکرد و مورید و سۆفیەکی زۆری بۆ پەیدابوو بەم هۆیەشەوە دەسەڵاتێکی باشی پەیداکرد ئەم جۆرە دەسەڵاتەش لەگەڵ ئاغاکانی زێبار و ئاغاکانی تری دەوروبەر نەدەگونجا، بەمەش سەرەتای ناکۆکی و ململانێ دەرکەوت، ئەم ناکۆکییەی نێوان ئاغاکانی ناوچەکە و شێخانی بارزان تا سەردەمی شێخ محەمەدی کوڕی شێخ عبدولسەلامی یەکەم بەردەوام بوو، دواتر زێبارییەکان ملکەچی شێخانی بارزان بوون، بەڵام ئەم ملکەچ بوونە تا کۆتایی بەردەوام نەبوو هەر کاتێ ئاغا و دەرەبەگەکانی ناوچەکە دەرفەتێکیان بۆ بڕەخسایە لە پلان و بەربەرەکانی بارزان دڕێغیان نەدەکرد بەو ڕێگایانەی کە لە دەستیان دەهات هەر هیچ نەبوایە خۆیان لە دەسەڵاتدارانی ناوچەکە نزیك دەکردەوە لەگەڵیان ڕێك دەکەوتن لە دژی بارزان و هێرشیان دەکردە سەریان[٢].

دوای فراوانبوونی دەسەڵاتی بارزان بەسەر هۆزەکانی دەوروبەر و ناوچەکە وردە وردە دەسەڵاتیان بەهێزتر دەبوو بە تایبەتی ناوچەی مێرگەسۆر کە عەشیرەتی شێروانی لێ نیشتەجێ بوو، ناوچەکە بەتەواوی بوو بە پارچەیەکی تەواو لە بارزان و سنووری دەسەڵاتەکەی گەیشتە بناری ڕەواندز[٣].

لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی دووەم جارێکی دیکە ململانێی و ناکۆکی لەنێوان تەکیەی بارزان و ئاغاکانی ناوچەکە سەرهەڵدەداتەوە، چونکە ئاغاکان لە بەرامبەر فراوانبوونی دەسەڵاتی شێخانی بارزان نا ڕازیبوون، هەوڵیاندا سنووریك بۆ ئەم فراوانخوازییە دابنرێت، چونکە خەڵکێکی زۆر چوونە ژێر ڕکێفی تەکیەی بارزان بە بەردەوامی، ئەمەش وایکرد ئاغا و دەرەبەگەکانی ناوچەکە بگەنە ئەو باوەڕەی ئەگەر بەشەڕکردن نەتوانن سنووریك بۆ ئەم کارەی تەکیەی بارزان دابنێن، دەکرێت لە ڕێگای دروستکردنی بیانو و هەڵبەستنی هەواڵی نا دروست عوسمانییەکان لە دژی شێخانی تەکیەی بارزان هانبدەن[٤].

لە لایەکی دیکەوە جگە لەئاغا و دەرەبەگەکانی ناوچەکە، بنەماڵەی "محەمەد پاشای

(١) سیامەند مەحموود سێلکی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦.
(٢) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٧.
(٣) فاخر عالی عبابکر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.
(٤) عەبدولمونعیم غولامی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩.

سابوونچی"یەکێك بوون لە خانەوادە گەورەکانی شاری موسڵ، ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە بەگزادەنانی دەوڵەت لە دژی شێخ عەبدولسەلامی دووەم، بۆ ئەم مەبەستە "دەمەلوجی" لەزاری شێخ عەبدولسەلام دەگێڕێتەوە و دەڵێت "**ڕێی بەردەممان داخراوە، کەسمان نییە بەرگریمان لێ بکات، هەموویان مەبەست و بەرژەوەند دارن و گوندمان نییە بیدەینە پیاو ماقولانی موسڵ و هەروەك نەیارەکانمان دەیاندەنێ، ئێمە خۆمان بەرگری لە خۆمان دەکەین. لێم پرسی دوژمنەکانتان کێن ؟ گوتی کەسمان دوژمن نییە، ئاغاکانی زێبار نەبێت**[١]".

جێگری کونسوڵی بەریتانیا لە موسڵیش هەمان بۆچوونی هەیە و دەڵێت "**پیاوماقوڵانی موسڵ بەتایبەتی محەمەد جەمیل سابوونچی پاشا چاوی بڕیوەتە گوندەکانی بارزان، کۆشان و بەربەرەکانی نێوان بارزانییەکان و سەرۆکەکانی زێباری بقۆزنەوە بۆ ئەوەی دەست بەسەر گوندی کشتوکاڵی زۆرتردا بگرن**[٢].

دیارە ململانێی توندی نێوان شێخ عبدولسەلام و شێخ عوسمان ئاغا لە نزیك ئاکرێ، هانەدرێکی باش بوو بۆ شێخ عوسمان هەوڵەکانی خۆی چڕ بکاتەوە بە مەبەستی خۆڕزگارکردن لەو ناکۆکییە، بۆ ئەم مەبەستە داوای یارمەتی لە سابوونچی پاشای هاورێی کرد کە خاوەن دەسەڵات و هەژموون بوو لە موسڵ، توانی باوەڕ بە والی موسڵ بکات لە دەرفەتێکی زۆر نزیك هێرش بکاتە سەر بارزان[٣] لە بەرامبەردا عوسمان ئاغای زێباری کۆمەڵە گوندێکی بەخشییە سابوونچی پاشا[٤].

لەوبارەیەوە "ڕۆژ عەبدوڵڵا عادل ئەرگوشی" لێکدانەوەیەکی ئابووریانە بۆمەرام و مەبەستەکانی"سابوونچی پاشا" دەکات سەبارەت بە ناوچەی بارزان کە پێیوایە بۆ بەخێوکردنی مەڕومااڵتیان (شوانکاری) بێت، چونکە ناوچەیەکی لەبار بووە بۆ ئەم بابەتە یاخود بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتیان بێت لە ناوچە سنوورییەکان بە مەبەستی بارزگانی کردن

(١) صديق الدملوجي، المصدر السابق، ص ٩٢.

(٢) عوسمان عەلی، بزاڤی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی "لێکۆڵینەوەیەکی بەلگەنامەیی لەهۆکارە ناوخۆیی و هەرێمیەکاندا"، لە (مومتاز حەیدەری و ئەوانی تر، کۆنگرەی یادەوەریی سەدسااڵەی بارزانی نەمر، بەشی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ٢٠٠٣)، ل ٥٧.

(٣) زبير بلال اسماعيل، المصدر السابق، ص ص ٣٢-٣٣.

(٤) عوسمان عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

لەگەڵ ئەودیوی سنوور[١].

دەکرێت ئەم بابەتە لە ڕوانگەیەکی فرەوانترەوە خوێندنەوەی بۆبکرێت و پەیوەست بکرێت بە ڕەهەندە سیاسی و کارگێڕیەکانەوە، ئەگەر سەیری دەزگا کارگێڕییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەو ماوەیەدا بکرێت زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت لە لێواری داڕمان بووە بەهۆی گەندەلی و سوود وەرگرتن و خراپی یەکە کارگێڕیەکان، لەو بۆشاییەدا دەرفەت بۆ "سابوونچی پاشا" دەڕەخسێت لە ڕێگای سەرمایە و پەیوەندییەکانی هەژموونی خۆی بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکار لەموسڵ بسەپێنێت، هەر دەنگێکی نا ڕازی دژی جەور و ستەم کە ئەوکات شێخ عەبدولسەلامی دووەم ڕابەڕایەتی دەکرد لە ناوچەکە زەنگێکی مەترسیدار بووە بۆ دەسەڵاتی "سابونچی" بۆیە هەموو هەوڵێکی چڕ دەکردەوە بۆ کپکردنی ئەم دەنگە نا ڕازیە.

دیارە نەیارانی شێخ عەبدولسەلامی دووەم بە هەواڵ و ڕاپۆرتە ناوخۆییەکان نەیاتوانی مەرام و مەبەستەکانیان بپێکن، بۆیە ئەمجارە هەوڵیاندا شێخ تۆمەتبار بکەن بەوەی کە دەستی تێکەڵاو کردووە لەگەڵ ڕووسەکان بە مەبەستی جیابوونەوە لە دەوڵەت، ئەم تۆمەتەش لە لایەن عوسمانییەکان جێگای خۆی گرت، بۆ ئەم مەبەستەش دەستیانکرد بە دەستگیرکردن و زیندانیکردنی هاوڕێیەکانی شێخ[٢].

لەوبارەیەوە "عەبدولمونعیم غولامی" **پێموایە شێخ عەبدولسەلام لەوە گەورەتر بوو پشت بە دەوڵەتێکی نا موسڵمان ببەستێت و ملی بۆ کەچبکات و گوێ ڕایەڵی بکات و بەپارێزەری موسڵمانانی دابنێت، ئەگەر وادابنرێت پەناشی بردبێتە بەرخاکی ڕووسیا[٣] دوای ئەوەی بۆیەکەم جار عوسمانییەکان هێرشیان کردە سەر، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبووە قبوڵی ئەو خستنەڕوو"عروض"ە زۆرانەی کە زۆرجار بۆیان دەخستەڕوو بۆپارێزگاری کردن لەخۆ بکات، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە شێخ عەبدولسەلام ناخرێتە خانەی تۆمەتباری مادام ئاوڕی لەو خستنەڕووانە نەداوەتەوە و ئارەزووی بۆ نەچووە، ئەوەش بە بەڵگەی دڵنەوابوونی دوای ئەوەی حکومەت فەرمانی لێخۆشبوونی**

(١) ڕۆژ عەبدوڵڵا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

(٢) زبیر بلال اسماعیل، المصدر السابق، ص ٣٣.

(٣) زیاتر ئەم بابەتە وەك لێکدانەوەیەك خراوەتەڕوو، لەهێڕشی یەکەمی عوسمانیەکان شێخ عەبدولسەلامی دووەم دەچێتە تیاری مەڵبەندی مارشەمعون، بەهیچ شێوەیەك ڕووی لە ڕووسیا نەکردووە.

دەرکرد بە بێدەنگی و ئاسوودەیی گەڕایەوە جێگای خۆی[۱].

دوابەدوای ئەم هەوڵانەش، نەیارانی شێخ عبدولسەلامی دووەم، لە ساڵی ۱۹۰۷ پیلانیان داڕشت بە مەبەستی تیرۆرکردنی شێخ، دیارە ئەم پیلانەش بەهاوبەشی لەنێوان ئاغا و دەرەبەگەکانی ناوچەکە و قایمقامی مووسڵ داڕێژرا، بۆ ئەم مەبەستە قایمقامی زێبار لە ساڵی (۱۹۰۷) داوای لەشێخ عەبدولسەلامی دووەم کرد، سەردانی **بیرەکەپرا** بکات بۆ تاوتۆکردنی کێشە و گرفتەکانی ناوچەکە بە هاوکاری حکومەت بە مەبەستی چارەسەرکردنی[۲].

دیارە بەر لە بانگهێشت کردنی شێخ، قایمقام چەندین جار لەگەڵ ئاغاکانی ناوچەکە کۆببووە و سەرەنجامی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکان بەوە گەیشت، لەکاتی هاتنی شێخ بیگرن، گەر نەشکرا بیکوژن، شێخیش لەسەر نیاز پاکی خۆی لەگەڵ هێزێکی بچووك چووە **بیرەکەپرا** کە کاتەکە دەمەو پاییز بوو[۳]، بەر لەگەیشتنی شێخ عەبدولسەلامی دووەم بۆ شوێنی کۆبوونەوە، لە لایەن یەکێك لە شوێنکەوتووانی بەناوی "**ئەبو زێد**" ئاگادار دەکرێتەوە لەو پیلانەی کە بۆی داڕێژرابوو، گومانەکە ئەوکاتەش جێگای خۆی گرت کە پیاوانی شێخ بۆسەیان بینی لە ڕێگادا بۆیە ڕێگای خۆیان گۆڕی و گەڕانەوە دواوە، کاتێك گەیشتنە چۆمی"قورەبەگ[٤]"، هەندێك لەپیلانگێران خۆیان وا پیشاندا کە نوێژ دەکەن ئەوەبوو لە هەموو لایەکەوە گوللەیان ئاڕاستەی شێخ و پیاوەکانی کرد، بەڵام زوو پاسەوانەکان شێخیان خستە نێوان خۆیان لە سەنگەری بەرگری دانیشت ڕووبەڕووی پیلانگێڕان بوونەوە و توانیان ژمارەیەکی زۆریان لێ بکوژن بەتایبەتی کاتێك کەنعان هەرنی کوژرا وەی پیلانگێڕان نەماو هەڵاتن[٥]، دیارە قایمقام لە جیاتی گفتوگۆ بەم شێوازە پێشوازی لە شێخ کرد، ئەمەش وای کرد شێخ زیاتر ئاگەداری خۆی بێت لە داهاتوودا[٦].

---

(۱) عەبدولمونعیم غولامی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ۳۹-٤۰.

(۲) صالح محمود البارزانی، روایة محمدأمین أبو زید البارزاني خادم الشیخ الخاص، نسخة خطیة بحوزة (ئـ . د . ئـ)، رقم الملف (p.۳)، ص ص ٥-٦.

(۳) فائق ئەبو زێد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤١.

(٤) قورەبەگ شوێنێکە دەکەوێتەسەر زێی گەورە نزیك گوندی پرێسە دەکەوێتە باشووری گوندی بارزان.

(٥) صالح محمود البارزانی، المصدر السابق، ص ص ٦-١٠.

(٦) ڕۆژ عەبدوڵڵا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل ۱۷.

تەوەری سێیەم:

(پەیوەندی شێخ عەبدولسەلام لەگەڵ کۆمەڵە و پێکخراوە کوردییەکان)

پێش کۆتایی هاتنی سەدەی نۆزدەیەم، گۆڕانکاریەکی گەورە لەخەباتی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردی پەیدابوو، ئەویش دەست پێکردنی ڕۆژنامەگەری کوردی بوو لە ۲۲ نیسانی ۱۸۹۸ز بە دەرچوونی یەکەم ژمارەی "ڕۆژنامەی کوردستان" لە لایەن میر (میقداد مەدحەت بەدرخان) لە قاهیرە[۱]، ئەم ڕۆژنامەیەی بەزمانی (کوردی و تورکی) بڵاوکردەوە کە هەستی پشتیوانی بۆ کورد بە ڕێبەرایەتی شێخ و گەورەکانیان دەوروژاند[۲]، ئەم ڕۆژنامەیە سەرەتا لە قاهیرە دەرچوو، دواتر گوازرایەوە بۆ ژنێف[۳]، کە سەرجەمی (۳۱) ژمارەی لێ دەرچوو، لە ١٤ی نیسانی ۱۹۰۲ دواین ژمارەی دەرچوو[٤].

گەشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردەکانی سنووری عوسمانی بووە هۆی لە دایکبوون و بەرهەم هێنانی دەستەی ڕوناکبیری و خوێندەواری کورد کە ڕۆڵی کاریگەریان لەدارشتنی بنچینەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردا گێڕا[٥].

دوای شۆڕشی ڕووسیا، شۆڕشی دیموکراتی هەموو ئاسیای گرتەوە (تورکیا و ئێران و چین)، شۆڕشی ۱۹۰۵ی ڕووسیا هەوێنی بە ئاگابوونی یەکجارەکی هەموو ڕۆژهەڵات بوو،

---

(١) عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤا سیاسی ل کوردستانێ (١٩٠٨-١٩٢٧)، (هەولێر- چاپخانەی وەزارتی پەروەردە- ٢٠٠٢)، ل ٦٧ .

(٢) دیقید مکدول، المصدر السابق، ص ١٥٨.

(٣) عەبدولڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، وەرگێڕان: عبدالله حسن زاده، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- ٢٠١٢)، ل ٤٩.

(٤) کەمال بورکای، کوردوکوردستان لە سەردەمی باستانەوە تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم، وەرگێڕان: علی فەتحی، (هەولێر- چاپخانەی مناره- ٢٠٠٨)، ل٢٧٣.

(٥) جەعفەر عەلی، سۆفیزم و کاریگەری لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی گەلی کورددا (١٨٨٠-١٩٢٥)، (هەولێر- ٢٠١٣)، ل ١٧٦.

زۆر کاریکردە سەر جووڵانەوەی پێشکەوتووخوازی گەلی کورد[١].

مەشروتەی ئێران (١٩٠٥-١٩١١) و پێشتر لەویش شۆڕشی تورکە لاوەکان لە ساڵی (١٩٠٨) کە ئەنجامەکانیان بوونە هۆی دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێی پڕ لە تەوژم لەڕەوتی ڕووناکی خوازی کورد و هەموو گەلانی دیکەی ناوچەکە[٢].

بۆیە کوردەکان لە دیارترین ئەو نەتەوانە بوون کە شۆڕشیان هەڵگیرساند لە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، کوردەکان هاوکاریەکی زۆریان کرد لە ڕووخانی ڕژێمەکەی سوڵتان عەبدولحەمید لە ساڵی ١٩٠٨ و بەرپاکردنی شۆڕشی (دەرسیم و بەدلیس و بایەزید)[٣].

لەیەکەمین بەیاننامەی نووسراودا کە دەربارەی ناسیۆنالیزمی کورد لە دەست دایە، شێخ عوبیدوڵڵا بە یەکێك لە نوێنەرانی هێزە ڕۆژئاواییەکان کە دۆستایەتی لەگەڵ هەبوو دەڵێت ((**میر و سەرانی کوردستان چ لەتورکیا چ لە ئێران خەڵکی کوردستان هەر هەموویان ڕایان وایە کە ناکرێت بەم جۆرە لەگەڵ ئەم حکومەتەدا هەڵبکرێت، دەبێ کارێك بکرێت کە دەوڵەتانی ئەوروپا لەدۆخەکە ئاگەداربن و لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن، گەلی کورد نەتەوەیەکی جیایە ئێمە دەخوازین کاروباری خۆمان لەدەستی خۆمان بێت**))، شێخ عوبیدوڵڵا بەم بەیاننامەیە دەبێتە یەکێك لە دامەزرێنەرانی ناسیۆنالیزمی کوردی[٤].

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە کۆتایی سەدەی نوزدیەم و سەرەتایی سەدەی بیستەم، پێی نایە قۆناغێکی نوێ کە چەندین ڕێکخراو کۆمەڵە و ناوەندی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و فەرهەنگی کوردی سەریان هەڵدا، لەوانە کۆمەڵەی (ئیتیفاقی کوردی) ١٨٨٠ز، ئەم کۆمەڵەیە بە یەکەم کۆمەڵەی نەتەوەیی دەناسرێت، لە لایەن شێخ عوبیدوڵڵای نەهری دامەزراوە لە ساڵی ١٨٨٠ز، ئەگەرچی ئەم کۆمەڵەیە نەگەیشتۆتە ئاستی کۆمەڵەیەکی سیاسی، بەڵام هوشیاری نەتەوەیی گەشەپێدابوو، بە خاڵی کاری هاوبەش و

(١) عەزیز شەمزینی، جووڵانەوەی رزگاری نیشتیمانی کوردستان، وەرگێڕان: فەرید ئەسەسەرد، (چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزو- ئەیلوولی ١٩٨٥)، ل ٦٣.

(٢) کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەرگی دووەم، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ٢٠٠١)، ل ٢٦٤.

(٣) م. س لازاریف و ئەوانی تر، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان: هۆشیار عەبدوڵڵاسەنگاوی، (هەولێر- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات- ٢٠١٢)، ل ٢٦٦.

(٤) کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، وەرگێڕان: حەمەکەریم عارف، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- ٢٠١١)، ل ٢٧.

کوتلەیەکی سیاسی کە بانگەشەی بۆ ڕزگاربوون دەکرد لەدەستی عوسمانی و پێکهێنانی دەسەڵاتێکی سەربەخۆی تایبەت، بەڵام حکومەتی عوسمانی پەی بەئامانجی ئەم کۆمەڵەیە برد، هێندەی نەبرد لەگەڵ سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینی ١٨٨٠ز ئەم کۆمەڵەیە بەخێرایی تواپەوە[١]. (کۆمەڵەی عەزمی قەوی کورد) لە ساڵی ١٩٠٠ ئەم کۆمەڵەیە بە یەکەمین کۆمەڵەی کوردی دادەنرێت، کە لەسەرەتای سەدەی بیستەم دامەزرا[٢]، ئەم کۆمەڵەیە لە ئەستەمبوڵ دامەزراوە لەم ڕووەوە بایەخدارە، وەك زانراوە دامەزرێنەری ئەم کۆمەڵەیە (فکری ئەفەندی) دیاربەکریە، لەسەر بەرگی کتێبێکدا لە بارەی بەدرخانیانەوە، لە ئەستەمبوڵ بڵاوکراوەتەوە، ڕوونکردنەوەی داهاتی بۆ کۆمەڵەی عەزمی قەوی کوردستانە[٣].

لە ئەندامە چالاکەکانی ئەم کۆمەڵەیە (ئەحمەد رامز کوردی زادە، ئەحمەد خاسی زادە) ئەمەی دوایی لە ساڵی ١٨٩٩، مەولوود نامەیەکی بەزمانی کوردی و (بەدیالێکتی زازای) نووسیوە، ئەحمەد رامز کوردی زادە لە ساڵی ١٩٠٤ لە میسر بووە، بەڵام نازانرێت بۆ لەوکاتە لەوێ بووە، ئاخۆ لەبەر ئەوە بووە دەسەڵاتدارانی عوسمانی ڕاوەدوویان ناوە، یاخود بۆ ئەوەی لقێکی کۆمەڵەکە لە میسر بکاتەوە[٤].

پاش ئەوەی لە لایەن کاربەدەستانی عوسمانی ئاشکرا دەبێت، کۆمەڵە نامێنێت و ئەندامەکانیش هەندێکیان پێدەچێت دەستگیر کرابن، ئەوانەی دیکەشیان ئەوا ولاتیان بەجێ هێشتبێت، بەوەی کە کۆمەڵەیەك بووە مەبەستی هوشیارکردنەوەی لاوانی کورد بووە، هاوکات ئامانجیشیان داکۆکی کردن بووە لە نەتەوەی کورد[٥].

بێگومان لە دوای کودەتای ساڵی ١٩٠٨ لەدەوڵەتی عوسمانی ڕۆشنبیرانی کورد لە ئەوروپاوە گەڕانەوە، ئەمەش ڕێگا و یارمەتی ڕاستەقینە بوو بۆ ڕۆشنبیرانی کورد لەپێناو دامەزراندنی یەکەم ڕێکخستنی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەرەتایی کوردیدا، ڕێکخستنێکی وا لەپاییزی ساڵی ١٩٠٨ پێکهێنرا تا کۆمەڵەی جیاجیای ڕۆشنبیری کورد لەیەك بۆتەی سیاسی دا

(١) عبدالخالید سابیر کەریم، بیری نەتەوەیی لە پەیڕەو و ئامانجەکانی جەمعیەت و حزبە کوردییەکان (١٩١٩-١٩٤٥)، (سلیمانی- چاپخانەی کەمال- ٢٠١٣)، ل ٦٦.

(٢) عبدالله عەلیاوەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٣.

(٣) ڕۆهات ئەلاکۆم ، کوردەکانی ئەستەمبوڵی کۆن (١٤٥٣-١٩٢٥)، وەرگێڕان: ئەحمد تاقانە، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ٢٠٠٥)، ل ١١٥.

(٤) عبدالله عەلیاوەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٤.

(٥) عبدالخالید سابیرکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨.

یەك بخات و ڕێنوێنییان بکات. بەم شێوەیە"شێخ عەبدولقادری نەهری[١]" کوڕە بچووکی شێخ عوبیدوڵڵای نەهری و میر ئەمین عالی بەدرخان[٢] ڕێکخستنەکەیان لە ئەستەمبوڵ پێکهێنا بەناوی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد کە یەکەم کۆمەڵەی کوردیە بە ئاشکرا ئیش بکات، ئەم کۆمەڵەیە پەیڕەوی تایبەت بەخۆی هەبوو و خۆی بەنوێنەری شەرعی گەلی کورد دەزانی[٣].

یەکێك لە چالاکییە هەرە دیارەکانی ئەم کۆمەڵەیە بریتی بوو لە دەرکردنی گۆڤارێك بەناوی (کورد تەعاونی و تەرەقی گازتس) کە سەرنووسەرەکەی (جەمیل بەگ) بوو، نووسەرە کوردەکان ئەو گۆڤارە بە مەڵبەندی وتووێژ و توند و جدی سەبارەت بە مەسەلەی کەلتووری و زمانی کوردی و یەگگرتوویی و میللەتی کورد دەزانێت و باس لەپێشوازی گەرمی کوردانی دانیشتووی ئەستەمبوڵ دەکەن[٤].

ئەم کۆمەڵەیە لە مێژوویەکی کورتدا دەتوانێ چەند یانەی کوردی و کەلتووری و هوشیاری لە زۆربەی شارە کوردیەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بکاتەوە[٥]، ئەو کۆمەڵەیە

---

(١) سەرکردەی ئایینی و سیاسی کوردە، کوڕی شێخ عوبیدوڵڵای نەهریە، پیاوی سیاسی عوسمانی بوو، و سیناتۆری وان بوو، ساڵی ١٨٨١ لەگەڵ باوکی دوای لەنێو بردنی شۆڕشەکەی باوکی ڕەوانەی مەککە دەکرێت ساڵی ١٩٠٨ دوای کودەتای تورکە لاوەکان دەگەڕێتەوە ئیستانبوڵ، یەکێك لە لایەنگرەکانی تێزی ئۆتۆنۆمی بوو بۆ کورد لەچوارچێوەی دەولەتی عوسمانی و دواتر لەگەڵ سەرەتای سەرهەلدانی بزووتنەوەی کەمالیزم دژی ئەوە بوو کە کورد دژی تورك چەك هەڵبگرێت، لەساڵی ١٩٢٥ بەبیانووی بەشداریکردن لەشۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لەلایەن کەمالییەکان بەدیل دەگیرێت و دواتر لە سێدارەدرا. کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ١٩٢٠-١٩٢٢، وەرگێڕان: شیرکۆفەتحوڵڵا، (هەولێر- چاپخانەی ئاراس- ٢٠١٢)، ل ١٢٧.

(٢) ئەمین عالی بەدرخان لەساڵی ١٨٥١ لەدایك بووە، خوێندنی یاسایی لە قوتابخانەی سولتانیە تەواو کردووە، یەکێك بووە لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان، خاوەنی شەش منداڵ بووە، چەندین چالاکی جۆراوجۆری لەبواری جیاکان ئەنجامداوە، لەساڵی ١٩٢٦ لەقاهیرە کۆچی دوایی کردووە. یووسف ئەحمەد، بەدرخانیەکان ماڵباتێکی خەباتکەر، (هەولێر- چاپخانەی منارە- ٢٠٠٥)، ل ٣٥.

(٣) عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٤٠-١٤١.

(٤) موجتەبا بورزوویی، بارودۆخی سیاسی کوردستان (١٨٨٠-١٩٤٦)، وەرگێڕان: نازناز محەمەد عەبدولقادر و ئەوانی تر ، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ٢٠٠٥)، ل ١٢٨.

(٥) کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان (١٩١٨- ١٩٣٣) لەبەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و فرانسادا، وەرگێڕان: نەجاتی عەبدوڵڵا، بەرگی یەکەم، (سلێمانی- چاپخانەی شیڤان- ٢٠٠٧)، ل١٥.

چەندین لقی لە شارە گەورەکان کردۆتەوە وەك (دیاربکر، بەدلیس، مووسڵ، بەغدا، سلێمانی، ئەرزەرۆم، خنس) هەرچەندە یانەی ئەستەمبوڵ کە لەڕۆشنبیری هەڵبژاردە پێك نەهات بوو، بەڵام دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی گەلی کورد بە تورك کرابوو جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ باوەشی نەتەوایەتی[١].

بەپێی ئامانج و چالاکییەکان و ڕاوبۆچوونی کەسایەتی و لایەنی دیکە، کۆمەڵەی تەعاون تەرقی کورد بە کۆمەڵەیەك دادەنرێت کە بیری نەتەوایەتی لەخۆگرتووە و تەنانەت بەگەڕانەوە بۆ دامەزرێنەرانی کۆمەڵە، کە پێشتر باسکرا دەردەکەوێت کە ئەوانەی بەهۆی ڕادەی ڕۆشنبیری و نەتەوەخوازی و شۆڕشگێرانەوە ئەم کۆمەڵەیان گەیاندۆتە ئاستێك کە ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی کورد لەدەوری خۆی کۆ بکاتەوە و دواتر پەلیهاوێشت بۆچەندین شارو شارۆچکەی کوردستان وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد[٢][٣].

هەر لە پێڕەوەکەی کۆمەڵەوە، ئەوە دەردەکەوێ کە ئەم ڕێکخراوە بایەخی بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی داوە، بۆ نموونە، هەر لەو پێڕەوەدا ئەوە دیاری کراوە کە کۆمەڵە ویستوویەتی کتێبێك بۆ ئاسانکردنی فێربوونی سەرەتایی زمانی کوردی بنووسێت، ئیتر پێ بەپێ زانیاری سەبارەت بە زمانی کوردی و فەرهەنگێکی باش ئامادە بکات، یاخود پشتیوانی لە ئامادەکردنی بکات. هەروەها هەوڵی ئەوەی داوە کە هەموو کتێبە کوردیەکان، واتەچ ئەوانەی کە بڵاوبوونەتەوە یاخود ئەوانەی کە بڵاونەبوونەتەوە، دووبارە پەخشیان بکاتەوە و ڕێگا هەموار بکات بۆ خوێندنەوەیان، لە تەقەڵاشدا دەبیت بۆ نووسینی کورتە مێژوویەکی ئەدەبیاتی کوردی[٣].

هەر لەچوارچێوەی ئەو ڕۆژنامەیەی کە ئەم کۆمەڵەیە دەریکرد بە ناوی "کورد تەعاون و تەرەقی جەمعیەت غەزەتەسی لەیەکێك لەژمارەکانیدا "مەلا سەعید" لە وتارێکدا بەناوی (چی بۆ کورد پێویستە) دەڵێت ((**نزیکەی پانزە ساڵە من دەهێنم و دەیبەم بیرم لای ئەم مەسەلەیە و گەیشتوومەتە دوو ئەنجامی گرینگ، لام وایە تەنیا ئەم دووشتە چارەنووسی**

(١) عبدالخالید سابیر کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣؛ عەلی تەتەر بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٢، ل ل ٨٧-٨٩.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٧٣.

(٣) ماڵمیسانژ، جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی کورد و ڕۆژنامەکەی، وەرگێڕان: زریان ڕۆژهەڵاتی، (سلێمانی- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی حەمدی- ٢٠٠٧)، ل ل ٤٣-٤٤.

کوردستان دیاری دەکەن، یەکێتی نەتەوەیی و زانست [۱].

هەروەها ئەم کۆمەڵەیە خەڵکی مافناس و ئاینی و ئەفسەری تێیدابوو، بەڵام نەبۆتە حزبێکی دامەزراوەیی و جەماوەری و خاوەن نەخشە و بەرنامە، هەروەها دوو ڕای جیاوازی تێیدابوو، یەکەمیان داوای سەربەخۆیی بۆ کوردستان دەکرد و دووەمیان کۆنفیدرالیەت بەناوی کۆمەڵەی ئیسلامی، بۆیە ئەو کۆمەڵەیە نەیتوانی سەرکردایەتی شۆڕش بکات[۲].

سەرەڕای هەموو ئەوانەش، کەچی هەر زوو لەگەڵ ڕەوتی ناسیۆنالیستی تورکخوازانەی ئیتحادیەکان پێکداهەڵپژران و دواجار نەیتوانی لەڕووی سیاسی جگە لە سەرەتایەکی کورت بۆ ژیانی ڕێکخراوەیی، چیتر لە دوای خۆیەوە بەجێ بهێڵێت و پاشان لەدوا دواییەکی ساڵی ۱۹۰۹ بەیەکجاری کۆتایی بەژیانی ئەم ڕێکخراوە هات[۳].

لە لایەکی دیکەوە سەبارەت بەکۆمەڵەی هێڤی (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) پێ وایە ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ۱۹۱۰ دامەزراوە[٤]، بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان پێیان وایە ساڵی ۱۹۱۲ دامەزراوە، خوێندکارانی زانکۆی کشتوکاڵ لەگەرەکی خەڵکالی کۆمەڵەی هێڤیان بە سەرۆکایەتی (قەدری جەمیل پاشا، فوئاد تەمۆ، جەراح زادە زەکی) ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە زۆر چالاکانە کاریان دەکرد لە شارەکانی دیکەی کوردستان لەگەڵ بەشداریکردنیان لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی [٥].

ئەم کۆمەڵەیە لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی هەفتانەیی بە زمانی کوردی لە ساڵی ۱۹۱۳ بەناوی (ڕۆژی کورد) کە ئامانجی سەرەکی ئەم گۆڤارە پەرەپێدانی ڕۆشنبیری کوردی بوو بە زمانی کوردی لەنێوان دانیشتوانی کوردستان، سەرنوسەرەکەی (عبدالکریم بەگ) خەڵکی سلێمانی بوو بەشێکی گۆڤارەکە بەزمانی تورکی بوو، ئەوانەی لە بەشی تورکی نووسەرەکانی"عەبدوڵڵا جەودەت بەگ، مەمدوح سەلیم بەگ" کە خەڵکی وان بوون[٦].

---

(١) عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٢.

(٢) مەسعود عبدالخالق، ناسنامەی حزبە کوردستانیەکان، (هەولێر- چاپخانەی هێڤی- ٢٠١٢)، ل ٦٨.

(٣) کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان ....، ل ١٦.

(٤) محمد ئەمین زەکی بەگ، خولاسەیەکی تأریخی کوردوکوردستان، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ٢٠٠٦)، ل٢٣٥.

(٥) کەمال بورکای، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧٦.

(٦) زنار سلۆپی، دۆزی کوردستان، وەرگێڕان: فەیزوڵڵا برایم خان، بارزان وەهاب، (دیاربەکر- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بیر، - ٢٠٠٧)، ل ٤٥.

ئەم گۆڤارە چوار ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە و یەکەم ژمارەی لە ٦ی حوزیرانی ١٩١٣دا لە ئەستەمبوڵ دەرچووە، هەروەها لەلاپەڕەی (٥)ی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکەدا پەیڕەو و پڕۆگرامی کۆمەڵەکە خراوەتەڕوو، هەروەها لە لایەکی دیکەوە داوای مافی ئازادی زمان و کەلتوور و پەروەردەی کردووە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی ئەمەش هەستێکی نەتەوەیی بەبەرگی خۆیدا دەکات[١].

هۆکاری دامەزراندنی کۆمەڵەی هێڤی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی حکومەتی تورکیا سیاسەتی تورکایەتی گرتبووە بەر ئیدی دەوڵەتی عوسمانی نەمابوو، هەروەها ئەم پێکهاتە جیاوازانەی دەوڵەتی عوسمانی کە بنەماکەی ئیسلام ئەم پێکهاتە جیاوازانە پێکەوە دەبەستەوە ئیتر وەکو بنەمایەك بۆ پتەوکردنی بیری تورکایەتی بەکار دەبران، هەر لەبەر ئەمەش بوو کە پێکهاتە ئەتنیکی موسڵمانەکانی عوسمانی هەستیان بەستەمکاری دەکرد و گەیشتە ئەم بڕوایەی کە پێویستە ئەوانیش پڕۆسەی نەتەوەخوازی خۆیان دەست پێ بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێکخراوی جۆراوجۆریان دامەزراند، عەرەبەکان ڕێکخراوی (مونتەدا ئەلئەدەب) ئەلبانییەکان (باشکیم) و کوردەکانیش (جڤاتی هێڤی)یان دامەزراند[٢].

دیارە بەستنی کۆنگرەی ساڵی ١٩١٣ بووە هۆی ئەوەی کە حکومەتی تورکیا داوا لە سەرکردایەتی (هێڤی) بکات لە بەردەم دادگا ئامەدەبن، بە هۆی ئەمەش ئەنجوومەنی سەرکردایەتی ڕاگرتنی چالاکیەکانی دا، بەمەش مەرامی تورکیا بەدی هات کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە دوژمنایەتیان هەبوو لە بەرامبەر هێڤی[٣].

سەبارەت بە شێخ عەبدولسەلامی دووەم پەیوەندییەکی گەرم و گوڕ و بەتینی هەبووە لەگەڵ هەموو کۆمەڵە کوردییەکانی ئەو سەردەمەدا، ئەوانیش بریتی بوون لە کۆمەڵەی تەعالی تەرەقی، کۆمەڵەی هێڤی، کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد، کە بەگرنگیەوە بەدواداچوونی بۆ هەنگاوەکانی چینی ڕۆشنبیرانی کورد دەکرد و پاڵپشتی پڕۆگرامە چاکسازییەکانیان بووە، کە بڵاوکراوەکانیان بەتایبەت دەگەیشتە تەکیەی بارزان[٤].

---

(١) عبدالخالید سابیر کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧.

(٢) ماڵمیسانژ: جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان (١٩١٢-١٩٢٢) وەرگێڕان: زریان ڕۆژهەڵاتی، (سلێمانی- بنکەی ژین- چاپخانەی شیڤان- ٢٠٠٨)، ل ٢٩.

(٣) زنار سلۆپی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤٦-٤٨.

(٤) پێ ڕەش، المصدر السابق، ص ٨٩؛ احمد عثمان ابوبکر، الاثار الکاملە، الجزء الثاني، اعداد: ازاد عبید صالح، (السلیمانیة- مؤسسة ژین- ٢٠١٠)، ص ١٣٤.

لەگەڵ پەرەسەندنی سیاسەتی تۆندڕەوانەی دەسەڵاتدارانی ئیتیحاد و تەرەقی بزاڤی کوردیش وەکو کاردانەوەی خۆی بەگوڕوتین بەرەو ڕێکخراوی تر دەچوو، شان بەشانی خەباتی چەکداری هەوڵی سیاسی و ڕۆشنبیریش بەرەوی پێدراوە لەم ڕووەوە (ئەستانە) پایتەختی عوسمانی بووە بنکەی هەڵسوڕانی جموجۆڵ و چالاکیە ڕۆشنبیری سیاسەتمەدارانی کورد لەچوارچێوەی بڵاوکردنەوەی ئەم بزاڤە بە ناوچەکانی کوردستان، ئەم خەباتە گەیشتە دەڤەری بارزانیش دیارە هەبوونی پەیوەندی لە نێوان شێخ عەبدولسەلام و ڕۆشنبیرانی کورد لەئەستانە و گەیشتنی بڵاوکراوە و چەمکەکانی ئەم پەرەسەندنە ڕۆشنبیری و سیاسی بۆ بارزان خوێندنەوە و تێگەیشتنی لە لایەن خەڵکی بارزان کاریگەری گرینگ و بەهای هەبوو لەبەرەو پێشوەچوونی بزاڤی کورد لەو مەڵبەندە کوردیە ڕەسەنەدا[١].

هەر لەبەر ئەوە بوو کە ئەو گۆڤارو بڵاوکراوانە لە لایەن ئەو کۆمەڵە کوردیانە دەردەچوون وەکو کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد و استقلال کورد و کۆمەڵەی هێڤی و چەندین کۆمەڵەی دیکە دەگەیشتە بارزان و شێخ عەبدولسەلام لەلای خۆی گرینگی زۆری بەو بزاڤە کوردییانە دەدا ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆچین و توێژی ڕۆشنبیران[٢].

لەوبارەیەوە شێخانی بارزان لەسەرەتای سەدەی بیستەم بەشداری ژیانی هزری و سیاسی کوردیان کردووە، هەروەها ڕۆڵیان گێڕاوە لە پێکهێنانی ڕێکخراو و کۆمەڵە کوردییەکان لەپێناو کێشەی کورد، بۆ ئەم مەبەستە شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە ساڵی ١٩٠٤ لەگەڵ هەندێ لەسەرکردە کوردییەکان لە ئەستانە ڕێکخراوێکی کوردیان دامەزراندووە، ئەم هزرە سیاسیەی کە خۆی دەبینییەوە لە یەکڕیزی و یەککگرتن نەك تەنها لە نێوان هۆزە جیاوازەکان، بەڵکو باڵی کێشابوو بۆ هەموو کەمە نەتەوایەتی و ئاینزایی ناوچەکە کە زۆربەی جار دووپاتی دەکردەوە بە یەککگرتن و لێك تێگەیشتن و لەبیرکردنی هەڵەکان هۆکاری سەرکەوتنە بەسەر دوژمنەکانمان، هەر ئەم هوشیاری و بیرکردنەوانەی وایکرد کە ببێتە جێگای ڕێز و شانازی لە لایەن خەڵکی ناوچەکە لە هەموو ڕەگەزە جیاوازەکانی نەتەوەیی و ئاینزایی[٣].

---

(١) سەعدی عوسمان هەروتی، بزاڤی رزگاریخوازی کوردی (سەرهەلدان و قۆناغەکان و نمونەیەك)، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ٢٠٠٦)، ل ل ٨٢-٨٣.

(٢) مەلائەیوب، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٦.

(٣) کاوس قفطان، المصدر السابق، ص ١٦. سەبارەت بەم کۆمەڵەیەکە لەساڵی ١٩٠٤ شێخ عەبدولسەلام و هەندێ لە سەرکردەکان دایانمەزراندووە، دیار نیە مەبەست چ کۆمەڵەیەکە، بەڵام ئەوەی کە دیارە

هـەروەها شـێخ پێـی وابـوو نـەزانی یەکێکـە لـە هۆیـە گرینگـەکانی بـەجێمانی کـورد لەبەرئەوەی بایەخی بەکردنەوەی قوتابخانەدا و بڵاوکراوەکانی کۆمەڵـەی تـەعاون و تـەرەقی کورد و کۆمەڵەی هێڤی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەگەیشتە ناوچەی بارزان و شـێخ بـە پەرۆشەوە بوو بۆ کۆمەڵە کوردیەکان و پشتگیری و پشتیوانی پڕۆگرامەکانیان بوو[١].

سەرەڕای ئەو پەرۆشیەی بۆ چین وتوێژی ڕۆشنبیران، کەچی شێخ لەبـەر ئـەو بارودۆخـە سەختەی کە ڕووبەڕووی بنەماڵە و تەکیەی بارزان ببوویەوە نەیتوانی بـە شـێوەیەکی ڕێـك و پێك پەرە بەخوێندن بدات و لەسەر ڕێچکەی باوك و باپیرانی بەردەوامی بدات بەزانسـت و زانیاری لەگەڵ ئەوشدا کە ماوەی سەرکردایەتییەکەی لە بارزان کـورت بـوو، بـەڵام توانایـەکی بەرزی لەڕێبەرایەتی ئایینی و دونیای پێشکەش کرد[٢].

لە لایـەکی دیـکەوە شـێخ عەبدولسـەلام بـارزانی پەیوەنـدی نزیکـی لەگـەڵ کۆمـەڵـەی "استخلاص کوردستان" هەبووە و هاوکاریانی کردووە، بێگومان ئەم کۆمەڵەیە لە سـاڵی ١٩١٢ دامەزراوە، سەرۆکی کۆمەڵەکەش سەید عەبدوڵڵا کوڕی شـێخ عەبـدولقادری نـەهری بـوو[٣]، یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی کوردی کە خاوەن ئامانجی سیاسی و نـەتەوەیی و ڕزگـاریخوازی بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جگە لەمـەش کۆمەڵـەی "جیهانـدانی" کـە لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩١٣ لە لایەن هەریەکە لە عەبدولڕەزاق بەدرخان و سـمکۆ ئاغـای شـکاك دامـەزرا، شـێخی بـارزان پەیوەنـدی زۆری لەگـەڵ ئـەم کۆمەڵەیـە هـەبووە، تەنانـەت نامـەگۆڕینەوە هـەبووە لـەنێوان ئـەو و عەبـدولڕەزاق بـەدرخان، ئـەم کۆمەڵەیـە جگـە لەئەنـدامانی لـەڕۆژهەڵاتی کوردستان، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لـە سـەرۆك هـۆزی کـوردی ژێردەسـەڵاتی عوسـمانی لـەو کۆمەڵەیە ئەندام بوون[٤].

دەکرێـت بڵێـین پشـتگیری و پشـتیوانی شـێخی بـارزان لـەو سـەردەمەدا بـۆ ئامـانج و

لەوسەردەمەدا تەنها کۆمەڵەی" کردستان عـزم قـوی جمعیتـی" هـەبووە و هـەر لەوسـاڵەدا چالاکییـەکانی ڕاگیراوە. عەلی تەتەر نێروەیی، (سەرهەلدان وگەشەکرنا ژیانا حزبایەتی و کۆمەڵە و ڕێکخـراوێن سـیاسی ل کوردستانێ و دەوری شێخ عەبدولسەلامێ بـارزانی تێـدا)، لـە (مومتـاز حەیـدەری و ئـەوانی تـر، کـۆنگرەی یادەوەریی سەدساڵەی بارزانی نەمر، بەشی یەکەم ، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ٢٠٠٣)، ل ٢٤.

(١) عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٠.

(٢) عەلی تەتەر نێروەیی، سەرهەلدان....، ل ٢٨.

(٣) توماس بوا، تاریخ الاکراد، ترجمة: محمد تیسیر میرخان، (دمشق- دارالفکر المعاصر- ٢٠٠١)، ص ١٩٤.

(٤) عەلی تەتەر نێروەیی، سەرهەلدان....، ل ٢٨.

پڕۆگرامەکانی کۆمەڵ و ڕێکخراوە کوردیەکان، دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە ژیری و هوشیاری شێخ عەبدولسەلام بارزانی هۆکاری سەرەکی و داینەمۆی ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانە بوو لە هزری ڕێبازی سۆفیگەری بەرەو ئاڕاستەی ڕێبازی سۆفیگەری سیاسی نەتەوەیی، ئەمەش زۆر بەڕوونی لەو چاکسازیە کۆمەڵایەتیانە و پێشکەوتنانەی کە کۆمەڵگای بارزانی بەخۆیەوە بینی لەو سەردەمەدا، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی کردە سەر بەرژەوەندییەکانی حکومەت و سەرۆك هۆزەکانی ناوچەکە.

تەوەری چوارەم:

(شێخ عەبدولسەلامی دووەم و بیری نەتەوایەتی)

دوا بە دوای جێبەجێ کردنی بڕیاری ڕەهای دەسەڵاتی ناوەندی لە لایەن عوسمانییەکان نەهێشتنی دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان، ئاغا و دەرەبەگ و سەرۆك هۆزە کوردییەکان نەیانتوانی وەك میرانی کورد ڕۆڵی ڕێبەرایەتی بگێڕن، لەبڕی فرەوانکردنی دەسەڵاتیان، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەسەڵاتیان قەتیس مایەوە لە سنووردێکی بەرتەسك کە زۆرجار لەسنووری هۆزەکان تێنەدەپڕی، بێگومان ئەمەش کاردانەوەی نەرێنی هەبوو لەسەر گەشەکردنی هزری نەتەوایەتی و نیشتمانی.

دیارە لەو بارودۆخە ناهەمواڕەی کە بەرۆکی کوردی گرتبوو لە دوای نەمانی میرنشینە کوردییەکان، دەسەڵاتی ڕێبازە ئایینییەکان بوون بەفریادڕەس لەم قۆناغە هەستیارە و شوێنی میرانی کوردیان گرتەوە، کە زۆرجار ئەم دەسەڵاتە ڕوحیانە قەتیس نەدەبوو لەسنووری هۆزێك یاخود ناوچەیەك، بەڵکو سنووری دەسەڵاتەکەی ڕووبەرێکی زۆر فرەوانی دەگرتەوە[1]، لەم ڕووەوە شێخانی ڕێبازی نەقشبەندی و قادری ڕۆڵی سەرکیان هەبووە لە فرەوانکردنی دەسەڵات و گەشەکردنی هزری نەتەوەیی لەنێو کوردا کە بنەماڵەی نەهری و بارزانی لە ڕێبازی نەقشبەندی و ڕێبازی قادری لە سلێمانی سەرمەشقی ئەم گۆڕانکاریانەن[2].

شێخ عەبدولسەلامی دووەم لەسەر ڕێچکەی باوکی ڕۆیشت و بوو بە چاکسازێکی ئایینی و سەرکردەیەکی نیشتمانی[3]، قورسایی زیاتری بە ناوەندی شێخایەتی بارزانـدا داو چالاکتری کرد لە ڕێگەی نەهێشتنی مولکایەتی و دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا و ڕەتکردنەوەی مارەیی و بە زۆر بەشوودانی کچ و ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنچینەی یەکسانی و دادپەروەری، هەروەها دروستکردنی مزگەوت بۆ ئەنجامدانی ئەرکە ئایینییەکان و کردنی بە ناوەندێك بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی، سەرەڕای ئەوانەش لەسەرانسەری بادیناندا زانای ئایینی لەسەنتەری دینی بارزان نزیك کردەوە، لە

(۱) مارتن ڤان برۆنسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، وەرگێڕان: کوردۆ عەلی، بەرگی دووەم، (سلێمانی- ۲۰۰۳،.. (۲) عەلی تەتەر نێروەیی، سەرهەلدان.....، ل ۲۱.

(۳) *Michael m. Gunter ،the a to z of the kurdsm, (published by scarecrow prees, united kingdom – ۲۰۰۹), p.۱.*

بەرامبەردا پاداشتی ئەو زانا ئاینیانەی دەکرد و لە کاروباری شێخایەتیدا لەڕووی کۆمەڵایەتی سیاسی و زانستی پرس وڕای پێ دەکردن[١].

شێخ هەموو کاتێك دەیویست پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەریدا باش بکات و بەرەو پێشەوەی ببات، هەروەها هەموو کێشەیەك چارەسەر بکات، چونکە شێخ تاڵبی ئاشتی و تەناهیی بووە، دەیزانی کە جەنگ و دووبەرەکی لە ئەنجامدا سوود بە هیچ کەسێك ناگەیەنێت و تەنها ماڵ وێرانی دەمێنێتەوە، بەڵام وادیارە کە نەیارانی (بارزان) هەمووکات دەیانویست ئەم شێخە لەناو ببەن و بە قسەی شێخ ڕازی نەبوون کە باسی ئاشتی و دانوستاندن بکات[٢].

لەلای خۆییەوە شێخ عەبدولسەلام پەیوەندی کرد بەناودارانی دەڤەری بادینان بۆ ڕازی کردنیان بۆ ئەوەی بۆچوونی ئەوان وەربگرێت کە چاکسازی بکرێت و سەردانی کەسایەتیەکانی وەك شێخ بەهائەدین نەقشبەندی خاوەنی تەکییەی بامەڕنێ و کەسایەتی شێخ بریفکانی خاوەنی تەکییەی قادری و هەموو لایەك هاندەر بوون کەبزووتنەوەیەکی نەتەواییەتی هەبێت لەناو کوردا[٣].

لەبەهاری ١٩٠٧ز شێخ عەبدولسەلام ئامادەبوو بۆ مەبەستی کۆبوونەوەیەکی گرنگ کە لە ماڵی شێخ (نوور محەمەد قادر بریفکانی) ڕابەری تەکیەی قادری گەیلانی لەگوندی بریڤکانی بەسترا و ژمارەیەکی زۆر لە گەورە و سەرۆك هۆزە کوردیەکانیش ئامادەبوون لەم کۆبوونەوەیەدا سەرەتا شێخ نوور محەمەد وەك سەرۆکی کۆنگرە هەڵبژێردرا[٤]، بەمەش شێخ داوای لێبوردنی کرد کە باری تەندروستی باش نییە بۆیە داوای لە شێخ عەبدولسەلام کرد کە ببێتە سەرۆکی کۆنگرەکە[٥].

شێخ عەبدولسەلام بە سەرۆکی کۆنگرە هەڵبژێردرا، پاشان یادداشتنامەیەکیان بەرز کردەوە بۆ (باب عالی) لە ئەستانە کە یادداشتنامەکە ئەم داواکاریانەی لە خۆگرتبوو: زمانی

(١) جەعفەرعەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٥.

(٢) مەلائەیوب، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٣.

(٣) جرجيس فتح الله، يقظة الكرد (تاريخ سياسي ١٩٠٠-١٩٢٥)، (اربيل- دار ئاراس للطباعة والنشر- ٢٠٠٢)، ص ٦٦.

(٤) صالح محمود البارزانی، المصدر السابق، ص ٣.

(٥) محەمەد ڕەسوڵ هاوار: کوردو باکووری کوردستان لەسەرەتای مێژووە هەتا شەڕی دووەمی جیهان، بەرگی یەکەم، (سلێمانی- چاپخانەی خاك- ٢٠٠٠)، ل ٤٨٧.

کوردی زمانی فەرمی بێت لەناوچە کوردیەکاندا، قایمقام و بەڕێوبەر و فەرمانبەرانی دامـوو دەزگاکان لەم جۆرە کەسانەبن کە پسـپۆڕن لـە زمـانی کـوردی و شـارەزاییان هەیـە، ئـەحکام بەپێی شـەریعەتی ئیسـلام بێـت و زمـانی کـوردی زمـانی ڕەسـمی بێـت لەقوتابخانەکانـدا[١]، هەروەها دامەزراندنی موفتی لە ناوچەکە دەبێت لەسەر مەزهەبی ئیمامـی شـافعی بێـت و مافی فتوادانی هەبێت و باج بەپێی شەریعەتی ئیسـلام لـە دانیشـتوان وەربگیرێـت و بـاجی بەدەل (نەبونە سەرباز) وەکوخۆی بمێنێتەوە بە مەرجێك پارەکە بـۆ چـاککردنەوەی ڕێگاوبـان و کردنەوەی قوتابخانە تەرخان بکرێت[٢]، ئەم بروسکەیە کـە لـە مـاڵی شـێخ نـوور محەمـەد نـووسراوە پێچەوانـەی ئـەو کەسـانەی کـە ئیمزایـان لەسـەر کـردووە و گـەرەکیـان بـووە بروسکەیەکی تەواو ڕەسمی بێت، لەسەر داوای شـێخ عەبدولسـەلام وێنـەی دراوە بـە هـەر یەك لە (شەریف پاشای کوڕی سەعید پاشای خەندان[٣])، شـێخ (عەبـدولقادری شـەمزینی) و (ئەمین عالی بەدرخان)[٤].

ئەم ڕیفۆرمە پیشنیارکراوانە کە لە ڕێگای یاداشتێك ئاڕاستەی دەسەڵاتدانی عوسمانی کرا، بەتایبەت کە جەخت لە لایـەنی زمـان دەکـاتەوە، لێـدانی زەنگێکـی مەترسـیدار لـە بنگـوێی تورکـانی لاو[٥]، چونکـە زمـان بنـەمای بنـەڕەتـی شوناسـی نەتەوەیـە، بـە تێروانینـی ئـەوان بەخشینی ئەم جۆرە مافانە بە گەلانی ژێر دەستە، یـەکێتی عوسـمانی لاواز دەکـات، ئـەوکات ولاتە ئەوروپییەکان دەتوانن بەئاسانی یەك لە دوای یەك قوتیان بدەن، بەهانەشیان بۆ ئەمـە سەربەخۆیی بولگاریـا، یـاخود ئـەو چارەنووسـە بـوو کـە ڕووبـەڕووی میسر- بووتـەوە، بۆیـە

(١) عەلی تەتەر نێروەیی، نەتەوە و نیشتمان د بزاڤێن بارزانـدا، کۆنفرانسی- یەکـەمی بـارزان: سـەدەیەکە بارزان پێشەنگی مرۆڤایەتی و ژینگە پارێزییە، (هەولێر- ٢٠١٠)، ل ل ٦٢-٦٣.

(٢) پێ ڕەش، المصدر السابق، ص ٩٩.

(٣) شەریف پاشا کوڕی سەعید پاشای خەندانە لەساڵی ١٨٥٦ لە ئەستانە لەدایك بـووە، لەلایـەن دەوڵـەتی عوسـمانی پلـەی جـەنڕالی پێبەخشڕاوە، نوێنەرایـەتی کـوردی کـردووە لـەکۆنگرەی پـاریس لەسـاڵی ١٩١٩، تێکۆشاوە بۆ بەدەست خستنی مافەکانی گەلی کورد، لەساڵی ١٩٥١ لەشاری نـاپۆلی لـەولاتی ئیتالیـا کـۆچی دوایی کردووە. جەلادەت عالی بەدرخان، شەریف پاشای خەندان بیرەوەریەکانی بەرهەلستێك بەربـەرەکانی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی، وەرگێڕان: زریان ڕۆژهـەڵاتی، (سـلێمانی- چاپخانـەی شـڤان- ٢٠٠٦)، ل ل ٩-٣٠.

(٤) صديق الدملوجي، المصدر السابق، ص ٩٦.

(٥) جرجيس فتح الله، المصدر السابق، ص ٦٧؛ تلار على امين، موقف تركيا مـن القضـية الكرديـة في العـراق ١٩٣٧- ١٩٧٥، (السليمانية– مطبعة بينايي– ٢٠١١)، ص ٦٥.

دەسەڵاتدارانی عوسمانی یاداشتەکەیان بەسەرەتای جیابوونەوە لە دەوڵەت لە قەڵەمدا[١].

گوتاری شێخ عەبدولسەلام گوتارێکی ئاشکرایە و ڕەهەندەکانی دیارە، ئەو یەکەم کەسە کە بەرنامەی بۆ بزووتنەوەی نیشتمانی کوردی نووسیوە و داواکاریەکانیشی تێیدا تۆمار کردووە، کە لە پلەی یەکەمدا بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردی هاتووە، بە شێوەیەك زمان لە گوتاری شێخ عەبدولسەلام بارزانی پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دیارە لەپشت داواکردنی بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردیەوە دەلالەتی گەڕان بەدوای شوناسدا دێتە ئاراوە، شوناس بەو واتایەی کە بوونی کورد وەك پێکهاتەیەکی ئیتنیکی جیاواز و سەربەخۆ لەوانی تر پیشان بدرێت و مافەکانیشی پێ بدرێت[٢].

لە لایەکی دیکەوە شێخ عەبدولسەلامی دووەم هەوڵیداوە کورد ئیسلام بێت، بەڵام بەناسنامەی کوردیەوە، واتە لەبڕی ئەوەی کورد لە ئیسلام بتوێتەوە، پێویستە پەیامی ئیسلام بکات بە یارمەتیدەر و هۆکاری مانەوە و پاراستنی خۆی، ئەم ڕەگەزە دیارەش لە گوتاری شێخ بە ئاشکرا دەبینرێت، تەنانەت ئەم بۆچوونە لەبەرنامەی سەرجەم ئەم بزووتنەوانە دەبینرێت کە شێخەکانی تەریقەتی نەقشبەندی سەرکردایەتیان کردووە[٣].

دەسەڵاتی ئەستانە کەچاوی بەو یاداشتنامەیە کەوت ئەوەندەی تر ڕەقی هەڵساو وتی ئەم جۆرە داواکاریانە هی شێخێکی تەریقەت نییە، بەڵکو ئەمە تێوەژەندنێکە لە کۆمەڵە کوردییەکانەوە کە دەیانەوێت حکومەتێکی لامەرکەزی بۆ کورد دروست بکەن جگە لەوەش وایان لە بابی عالی گەیاندووە کە شێخ عەبدولسەلام ژێربەژێر لەگەڵ ڕووسیا ڕێککەوتووە بۆ دروستکردنی حکومەتێکی کوردی، بۆیە هەموو ئەو شتانە بوونە هۆی ئەوەی کە حکومەتی ئەستانە بە هەموو جۆرێك خەشموقین لە بارزان و بارزانییەکان هەڵبگرێت و خەریکی ئەوە بێت لە ناوییان بەرێت[٤].

پەیوەندی شێخ عەبدولسەلام لەگەڵ بەریتانیا بگەڕێنینەوە بۆ ئەوکاتەی کە کونسوڵی بەریتانیا سەردانی بارزانی کردبوو بە مەبەستی ئاگاداربوون لەبارودۆخی ناوچەکە و لەگەڵ

(١) خالد مەحمود کەریم، دەولەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردەکان لەکوردستانی باشوور (١٨٦٩-١٩١٤)، (سلێمانی- بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هوشیاری و پێگەیاندنی کادیران- ٢٠١٢، ل ٢٩٧.

(٢) عەتا قەرەداغی، گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی، بەرگی یەکەم، (سلێمانی-چاپخانەی ڕەنج- ٢٠٠٧)، ل ل ٢٨٩-٢٩٠.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٢٨٩.

(٤) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨.

ئەوەشدا گفتوگۆی لەگەڵ شێخی بارزان کردبوو لەهەمان کاتیشدا شێخ عەبدولسەلام پشتگیری خۆی بۆ بەریتانییەکان ڕاگەیاند لەکاتێکدا بەریتانیا پاڵپشتی ئەوان بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەردەم شێخی بارزان بەپشت بەستن بەهێزەکانی ناوخۆ بەپلەی یەکەم دێت، هەروەها پشت بەستن بەهێزەکانی کورد سوود وەرگرتن لەو ناکۆکیانەی کەلە نێوان دەوڵەتە گەورەکانی ڕۆژئاوادا هەیە کە بەرژەوەندیەکانیان لە لایەك و ناکۆکیەکانی نێو دەوڵەتان سەروەری و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە لایەکی دیکەوە[١].

شێخ عەبدولسەلام بۆ مانەوە و ڕزگارکردنی گەلەکەی پەیوەندی لەگەڵ جێگری کونسوڵی بەریتانی لە مووسڵیش باش بوو و بەردەوام هەوڵی دەدا هانی دەوڵەتە گەورەکان بدات و بیان بزوێنێ بە تایبەت بەریتانیا و ڕووسیا تا پشتیوانی لە مافی کوردان بکەن و گوشار بخەنە سەر دەوڵەتی عوسمانی بۆئەوەی بە دەنگ داخوازیەکانیانەوە بچن[٢]، هەر لەم بارەیەوە دەتوانین پێ لەسەر ئەوە داگرین کە پەیوەندی کردنی شێخ بە نوێنەرانی دەوڵەتی بەریتانیا و ڕووسیا لە ناوچەکەدا، گومانی لەدڵی دەسەڵاتدارانی عوسمانی دروستکرد، هەروەکو بەڵگەنامە عوسمانییەکان بە دیاری دەخەن و زیاتر هانیدان بۆ پەلەکردنی ئامادەکاریەکانیان بۆ بەڕەنگاربوونەوەی ئەو کارانەی شێخی بارزان دەیکات لەگەڵ دەوڵەتە زلهێزەکان[٣].

دەکرێت بڵێین هەستی نەتەوایەتی لەلای شێخ عەبدولسەلام شاراوە نەبووە، بەڵکو بەدرێژایی ڕۆژگار هەردەم گەرەکی بووە گەلی کورد وەکو هەمو گەلانی تری دونیا بێتە خاوەنی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ و دیار بێت لە ڕیزی نەتەوەکانی دیکە بێت، بەتایبەت پاش ئەو هەموو ئەزموونە تاڵەی بەسەریدا هاتووە.

لە لایەکی دیکەوە بیری نەتەوایەتی زۆر بە ڕوونی لەهزری شێخ عەبدولسەلام بارزانی دەردەکەوێت، کاتێك گەڕیدەی ئینگلیزی بەناوی"ویگرام" لە گەشتەکەی خۆیدا بۆ دەڤەری بادینان لەوێشەوە سەردانی بارزان دەکات و دەبێتە میوانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی، لەم ڕووەوە شێخ بە ویگرام دەڵێت "**ئێوە چوون بۆ هیندستان و ئەوان ئێوەیان نەویست، بەڵام ئێوە بۆ نایەنە ئەم وڵاتە کە خەڵکەکە ئێوەی دەوێت، چونکە خەڵکی ئێمە حەزدەکات لە**

(١) محەمەدسالح عەقراوی، کوردو دەوڵەتی سەربەخۆ بە پێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان، (دهۆك- چاپخانەی خانی- ٢٠٠٧)، ل ل ١٨-١٩.

(٢) عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤا سیاسی...، ل ٣٠٤.

(٣) سەعدی عوسمان هەروتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٣.

ئێوە فێربێت....، شێخ عەبدولسەلام کە زانی پاش چەند مانگێك دەگەڕێینەوە بەریتانیا پێداگری کرد لە هاوەڵی کردنمان بۆ ئەوەی خودی خۆی داوا لەسەرۆکی ئەساقفەی کانتربری بکات بۆ کردنەوەی قوتابخانە لە دێهاتەکانیان، هەروەها سەردانیکردنی پاشا جۆرج بە مەبەستی باسکردنی کێشەی کوردستان و بڕیاردان لەسەر سەربەخۆییەکەی، هەرچەندە نەتوانرا هیواکانی جێبەجێ بکەین، بەڵام پێشنیارەکانی لەناخی دڵیەوە بوو"[1].

بە شێوەیەکی گشتی بەریتانەییەکان سەبارەت بە شێخ عەبدولسەلامی بارزانی گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی کە شێخ هەوڵەکانی چڕ دەکاتەوە لەپێناو کارکردن بۆڕزگارکردنی گەلی کورد و سەربەخۆیی، هەروەها دەستپێکردنی چاکسازی و بەکارهێنانی هۆیەکانی پێشکەوتن، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونی لێبوردن لە نێوان هەموو چین و تۆژ و ئایینە جیاجیاکان و بەرهەڵسکاری زوڵم و زۆرداری لە ناوچەکەدا[2].

(١) دبليو.أي. ويگرام، ادگار. تي.أي . ويگرام ، المصدر السابق، ص ص ١٢٢-١٢٣.

(٢) محەمەدسالّح عەقراوی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

بەشی سێیەم

لەشکرکێشی ئینتیحادیەکان و لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلامی دووەم

تەوەری یەکەم:

«کودەتای ١٩٠٨ ی ئیتیحاد و تەرەقی»

پەیوەندییەکانی نێوان کورد و عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی شازدەیەم، لە دوای شەڕی چاڵدێران ساڵی (١٥١٤)[١]، دوای ئەم شەڕە سوڵتان سەلیمی یەکەم گەیشتە ڕێککەوتنێك لەگەڵ میرە کوردییەکان لە ڕێگای (مەلا ئیدریسی بەدلیسی)[٢] بەگوێرەی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەوڵەتی عوسمانی دانی نا بە سەربەخۆیی میرنشینە کوردییەکان، لە سەردەمەکانی دواتردا کوردستانی عوسمانی لە هەڕەشەی دەسەڵاتدارانی ئێران پارێزراوبوونە[٣].

بەڵام لە سەردەمانی دواتردا ئەم پەیوەندییە گۆڕانی بەسەر داهات پێشێلکاری ڕێککەوتنی کورد و عوسمانی کرا، ئەو ڕێکخستنە بەردەوام بوو تاکو نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم کە دەوڵەتی عوسمانی دەستیکرد بە سیاسەتی بە مەرکەزی کردنی دەسەڵات و لەناوبردنی هێز و دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان وەکو میرنشینی سۆران ساڵی (١٨٣٦)، میرنشینی بادینان ساڵی (١٨٤٢)، میرنشینی بۆتان (١٨٤٧)، میرنشینی هەکاری ساڵی (١٨٤٨)،

---

(١) شەڕی چاڵدێران: ئەو شەڕە بوو عوسمانیەکان بە سەرکردایەتی سوڵتان سەلیمی یەکەم (١٥١٤_١٥٢٠) سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێت بەسەر سەفەویەکان. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی شەڕی چاڵدێرانب ڕوانە: سعدی عثمان هروتی، کوردستان والامبراطوریة العثمانیة (١٥١٤_١٨٥١)، (دهوك- مطبعة خانی - ٢٠٠٨)، ص ص ٣٩_٤٢.

(٢) مەلا ئیدریسی بەدلیسی: زانا و شاعیر و مێژوونوسی لێهاتووی کورد، دوای مردنی سوڵتان بایەزیدی دووەم (١٤٨١_١٥١٢)، درێژە بە پەیوەندی سوڵتان سەلیمی یەکەم دەدات زۆر لێیەوە نزیکبوو، لە ساڵی (١٥١٥) لە ئەستەمبوڵ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: قامووس ئەعلامی شەمسەدین سامی، کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسکلۆپیدیای تورکی، وەرگێڕان: ئەحمەد تاقانە، چاپی دووەم، (هەولێر- دەزگای ئاراس- ٢٠١٠)، ل ١١١.

(٣) سەعدی عوسمان هەروتی، چەند لایەنێکی مێژووی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان لە سەردەمی عوسمانیدا، (هەولێر- چاپخانەی حاجی هاشم- ٢٠١٣)، ل ٣٦.

میرنشینی بابان ساڵی (۱۸۵۱)[۱].

لە دوای لەناوبردنی میرنشینە کوردیەکان، لە ڕێگای والی و فەرمانبەران و سوپای عوسمانی کوردستان بەڕێوەدەبرا، لەم ڕووەوە بۆشایی هێز لە ناوچەکە دروست بوو [۲]، ئیتر لێرەوە ڕۆڵی (شێخ و سەرۆك هۆزەکان) دەرکەوت لە ڕابەرایەتی و بزووتنەوە سیاسی و چەکداریەکانی کورد، کە جووڵانەوەی چەکداری لە گەشەسەندن دابوو بە تایبەت لە لایەن هۆزە کوردییەکان[۳] کە هەندێك لە سەرچاوەکان دڵنیای ئەوە دەکەن کە سیاسەتی عوسمانییەکان بەرپرس بوو لە تێکدانی ئاسایشی ناوچەکە ئەمەش بە بەکارهێنانی سیاسەتی (پەرتکە و زاڵ بە)[٤].

لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٩)، هەوڵی دا سوود لە کورد وەربگرێت لە کۆکردنەوەیان لە (جامیعەی ئیسلامی) کە پیاوانی ئایینی کورد لە خۆی نزیك کردەوە، دامەزراندنی هێزێکی نانیزامی بەناوی (سوارەی حەمیدیە)[٥]، لە ساڵی (١٨٩٠) لە چەند هۆزێکی کوردی، بەڵام سەرەڕای ئەمەش سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید بەدەرنەبوو لە هەندێك ڕاپەڕین و چالاکی کوردی وەکو ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (١٨٣٠_١٨٨٣) لەساڵی (١٨٨٠)[٦].

هەروەها ئۆپۆزسیۆنی سیاسی کورد لە دەرەوە لە لایەن بەدرخانییەکان و دەرچووانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان) ساڵی (١٨٩٨) لە قاهیرە لە لایەن (میقداد

---

(١) دەربارەی لەناوبردنی میرنشینە کوردیەکان بڕوانە: سەعد بەشیر ئەسکەندەر، سەرهەڵدان و ڕووخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، وەرگێڕان: جەوهەر کرمانج، (سلێمانی- چاپخانەی دانا- ٢٠٠٤)، ل ل ٦٠_٧٥.

(٢) عەتا قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

(٣) عەبدولخالید سابیر کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

(٤) سەعدی عوسمان هەروتی، چەند لایەنێکی .....، ل ٤٦.

(٥) سوارەی حەمیدیە: بریتی بوو لە یەکەیەکی سەربازی بە فەرمانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لە ساڵی (١٨٩٠) لە چەند هۆزێکی کوردی پێکهێنرا تاوەکو ئەم هێزە نا نیزامییە لەکاتی شەڕ ببێتە پشتیوانی سوپای نیزامی بەتایبەت بەکارهێناني ئەم یەکەیە بۆسەرکوتکردنی هەر شۆڕش و یاخیبوونێك. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:عوسمان عەلی، چەندلێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕان:کامەران جەمال بابان زادە، بەرگی یەکەم، (سلێمانی- چاپخانەی ڕێی نوێ- ٢٠١٠)، ل ل١٦٠_١٦٥.

(٦) دەربارەی شۆڕشەکەی شێخ عوبیدوڵڵای نەهری بڕوانە: جەلیلی جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکان ١٨٨٠، وەرگێڕان: کاوس قەفتان، (بەغداد-١٩٨٧)؛ دیقید مکدول، المصدر السابق، ص ص ١٠٥- ١١٤.

مەدحەت بەدرخان) کە هەنگاوێکی گەورەی ڕۆشنبیری و هەستی نەتەوەیی کوردی دەوروژاند[۱].

لەگەڵ دەرکەوتنی چەند بارودۆخێك لە دەوڵەتی عوسمانی ڕێگەخۆشکەر بوو تا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم کۆمەڵەی (ئیتیحاد و تەرەقی) لە ساڵی (۱۸۸۹) دامەزرا، ئەم کۆمەڵەیە یەکەم پارتی سیاسی لە دەوڵەتی عوسمانی لە مایسی ساڵی(۱۸۸۹)دا وەکو گروپێکی نهێنی لە ساڵۆنێك دامەزرا، بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ڕەهای سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و بەدیهێنانی ئازادی و دادپەروەری و یەکسانی[۲]، بیرۆکەی دامەزراندنیشی دەگەڕێتەوە بۆ قوتابییەکی ئەلبانی بەناوی (ئیبراهیم تەمۆ)[۳].

بێگومان ئەویش بەیارمەتی سێ قوتابی قوتابخانەی پزیشکی سەربازی شاهانەی ئەستەمبوڵ[٤]، ئەوانیش"عەبدوڵڵا جەودەت"[٥] و "ئیسحاق سك وتی"[٦] کە هەردووکیان بەڕەگەز کورد بوون، لەگەڵ "محەمەد ڕەشید چەرکەسی"[۷]، ئەم کۆمەڵەیە هەر لە سەردەمی سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز (۱۸٦۱-۱۸۷٦) وەك ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیری دەرکەوت، بەڵام

(۱) کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل ۲۸.

(۲) ابراهيم محمد العقيدى، الجيش العراقي والسياسة ۱۹٤۱ – ۱۹٥۳، (بغداد – مكتبة النهضة العربية للطباعة والنشر والتوزيع – ۲۰۱۷)، ص ۲۸.

(۳) ئیبراهیم تەمۆ (۱۸٦۹_۱۹۳۹): لەشاری (نوانی) ئەلبانیا لەدایکبووە، قوتابی قوتابخانەی پزیشکی سەربازی بووە، لە ئەستەمبوڵ کۆچی دوایی دەکات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: جاوان حسین، الکورد و دورهم في جمعية الاتحاد والترقي، (دمشق- دارالزمان- ۲۰۱۲)، ص ٦٨.

(٤) أرنست أ.رامزور، تركية الفتاة و ثورة ۱۹۰۸، ترجمة: صالح أحمد العلي، (بيروت- ۱۹٦۰)، ص ص ٤۹_٥۰.

(٥) عەبدوڵڵا جەودەت (۱۸٦۹_۱۹۳۲): خەڵکی شاری (عەرەبگێر)ی مەلاتیایی لە کوردستانی تورکیا، لەبنەماڵەیەکی کوردی لە دایکبووە، ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی بواری سیاسی بوو. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: ڕۆهات ئەلاکۆم، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ۱۰۳_۱۰٤.

(٦) ئیسحاق سکووتی (۱۸٦۸_۱۹۰۲): سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیری کورد خەڵکی دیاربەکرە، یەکێکەلە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی، لە وڵاتی ئیتالیا کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل ل ۱۰۳_۱۰٤.

(۷) محەمەد ڕەشید چەرکەسی: لە قەفقاز ساڵی (۱۸۷۲) لەدایکبووە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە، ساڵی(۱۸۹٥) دووردەخرێتەوە بۆ تەرابلۆس تا ساڵی (۱۹۰۸) پاشان دەگەڕێتەوە بۆ ئەستەمبوڵ ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لەناو کۆمەڵەکە. بۆزانیاري زیاتر بڕوانە: جاوان حسین، المصدر السابق، ص۷۰.

لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، چوارچێوەیەکی سیاسی وەرگرت، لە سەرەتا بەناوی کۆمەڵەی (ئیتیحادی عوسمانی) بوو دواتر بۆ کۆمەڵەی "ئیتیحادوتەرەقی" گۆڕا[١].

کۆمەڵەکە لەسەر سیستەمی (کۆمەڵەی کاربۆناری)[٢] ئیتاڵی کاریان دەکرد، بیروباوەڕی کۆمەڵەکە تەشەنەی کرد بۆ هەموو قوتابخانە باڵاکانی دیکە، ئەو بەرە ڕکاربەریەی لەپاریس گیرسابوونەوە بە هاوکاری ماددی و مەعنەوی ناسیۆنالیستە فەرەنسیەکان و جووڵەکەکانی دژ بە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ڕێکخراوێکی سیاسییان بەناوی (تورکە لاوەکان) دامەزراند[٣].

زۆربەی لایەنگرانی تورکە لاوەکان سەرسامی شارستانییەتی ئەورووپی و بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسی، وەکو (ئازادی، دادپەروەری، یەکسانی)[٤]، لە سەرەتا کۆمەڵەکە بانگەشەیان بۆ هیچ نەتەوەیەك نەدەکرد[٥]، ئامانجی سەرەکیان گەڕانەوەی ژیانی دەستور و پەیڕەوکردنی سیستەمی لامەرکەزیەت لە وڵات دا تیایدا سەرجەم گەلانی عوسمانی لە ماف و ئەرکیان یەکسان بن، ساڵی (١٨٩٢) کۆمەڵەکە ئاشکرابوو ژمارەیەك لە ئەندامانی گیران[٦].

ساڵی (١٨٩٥) ناوی کۆمەڵەکە گۆڕا بۆ (کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی) کە زۆربەی کار و چالاکیەکانیان لەدەرەوە ئەنجام دەدا، (ئەحمەد ڕەزا) ڕابەرایەتی کۆمەڵەکەی گرتە ئەستۆ لە پاریس (ڕۆژنامەی مەشروتیەت)یان بڵاوکردەوە کە زمانحاڵی کۆمەڵەکەبوو بەنهێنی

---

(١) شكري محمود نديم، أحوال العراق في مرحله المشروطية الثانية (١٩٠٨_١٩١٨)، جامعة بغداد، اطروحة دكتوراه، مقدمة الى مجلس كلية الاداب/ جامعة بغداد، (بغداد- ١٩٨٥)، ص ص ٣٩_٤٠.

(٢) کۆمەڵەی کاربۆناری: یەکێکە لە کۆمەڵە شۆڕشگێڕە نهێنیەکانی ئیتالیا لەسەرەتای سەدەی ١٩ دامەزرا، ئامانجیان دژایەتی کردنی فەرمانڕەوای ستەمکار و هەوڵدان بۆگێڕانەوەی دەستور، خەباتیان کرد بۆ یەکێتی خاکی ئیتالیا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:فاضل حسين و كاظم هاشم نعمة، التاريخ الأوروبي الحديث ١٨١٥-١٩٣٩، (جامعة الموصل- دار الكتب للطباعة والنشر- ١٩٨٢)، ص ص ٩٦_٩٧.

(٣) تورکە لاوەکان: بەوکەس و ڕێکخراوانە دەگوترا کە لەڕیزەکانی ئۆپۆزسیۆن بوون لە دەرەوەی وڵات، ئامانجیان گەڕانەوەی دەستور و دژی دەسەڵاتێکی تاك ڕەوی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، دەوڵەتێکی نەتەوەی تورکی دروست بکەن و هەڵگری ئایدۆلۆژیای پان تۆرانیزم بوون. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: رفيق سابير، ئیمپراتۆریای ل (دەربارەی ئیسلام، خێڵ و ناسیۆنالیزم)، (سويد- بڵاوکراوەکانی ڕابوون- ١٩٩٨)، ل ل ١٥٩_١٦٠.

(٤) عوسمان عەلی، چەندلێکۆڵینەوەیەك.....، ل ٢٠٨.

(٥) زنار سلۆپی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.

(٦) خالد مەحموودکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٦.

دەهێنرایە ناو وڵات[۱].

کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی لە ساڵی (١٨٩٦) لەڤیەننا کۆنگرەیان بەست، کە گشت نەیارانی فەرمانڕەوایی سوڵتان بەشداربوون، بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە ڕژێمی فەرمانڕەوایی سوڵتان (عەبدولحەمیدی دووەم) بەمەش سوڵتان هەڵوێستی تووندی بەرامبەریان هەبوو، لە بەربەست دروست کردن و پەرتەوازەکردنی ڕیزەکانی کۆمەڵەکە و هیچ یارمەتیەکیان نەدرێت لە لایەن وڵاتە ئەوروپییەکانەوە[۲].

ئەندامانی کۆمەڵەکە هەوڵیان دا سوپا بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان تاوەکو ناوی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی بێت وەکو ڕێکخراوێك بۆ یەکگرتنی هەردوو باڵی (سەربازی و مەدەنی) کە لە بازنەی یەکیەتیەکە کاریان دەکرد، ساڵی (١٨٩٦) جارێکی دیکە پیلانێك لە لایەن (تورکە لاوەکان) ڕێکخرا، بۆ ئەنجامدانی کودەتا بەسەر سوڵتان، بەڵام ئاشکرا بوو ژمارەیەکی زۆر لە لایەن پۆلیسی سوڵتان گیران و هەندێکیان هەڵهاتن بۆدەرەوە و هەندێکیان دوورخرانەوە[۳] .

لەوانە (عەبدوڵڵا جەودەت) بۆ تەڕابلۆس و (ئیسحاق سك وتی) بۆ ڕۆدس دوورخرانەوە، لەوێشەوە توانیان خۆیان بگەینە (جنێف)، بەیەکەوە لە ساڵی (١٨٩٧) (ڕۆژنامەی عوسمانلی) دەرکەن، داواکاریان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکە بریتیی بوو لەڕێکخستنی شۆڕش دژی سیستەمی فەرمانڕەوایەتیەکەی سوڵتان، لە ساڵی (١٩٠٢) ڕۆژنامەکە لەدەرکردن دەوەستێت، بەڵام لە (ئەیلولی١٩٠٢) عەبدوڵڵا جەودەت، گۆڤاری (ئیجتیهاد)ی دەرکرد تا ساڵی (١٩٣٢) بەردەوام بوو لە دەرکردن لە جنێف و قاهیرە و ئەستەمبوڵ، گۆڤارەکە ئاڕاستەکرا بۆ چاکسازی و چاکردنی بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی دواتر بۆکارکردن بۆ دۆزی میللەتی کورد[٤]، بەڵام بە وەرگرتنی دوو پلەی سیاسی لە لایەن (عەبدوڵڵا جەودەت) وەکو

(١) أرنست أ. رامزور، المصدر السابق، ص ٨٥؛ جەعفەر عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٢.

(٢) محەمەد سوهەیل تەقوش، عوسمانییەکان لە دامەزراندنی دەولەتەوە تا کودەتا بەسەر خەلافەتدا، وەرگێڕان: نەریمان خۆشناو و مستەفا سەید مینە، (هەولێر- چاپخانەي ڕۆژهەڵات- ٢٠٠٩)، ل ل ٦٠٠_٦٠٥.

(٣) علي محمد الصلابي، دەولەتی عوسمانی، وەرگێڕان: أحمد عبدالرحمن أحمد و نهاد جلال حبيب الله، (بيروت- دارالمعرفة- ٢٠٠٧)، ل٦٠٠.

(٤) سروة أسعد صابر، كردستان من بداية الحرب العالمية الى نهاية مشكله الموصل (١٩١٤_١٩٢٦)، (اربيل- (اربيل- مطبعة وزارة التربية-٢٠٠١)، ص ٢٢؛ أحمد محمد أحمد، أكراد الدوله العثمانية "تاريخهم الاجتماعى والاقتصادي والسياسي(١٨٨٠– ١٩٢٣)"، (اربيل- مطبعة حجي هاشم- ٢٠٠٩)، ص ٢٣٧.

باڵیۆز لەڤیەننا و (ئیسحاق سکوتی) لەڕۆما بەفەرمانی سوڵتان (ڕۆژنامەی عوسمانلی) داخرا، بەمەش ڕۆڵیان لەپارتەکە نەما[١].

کۆنگرەی یەکەمی تورکە لاوەکان بە نهێنی لەپاریس لە ساڵی (١٩٠٢) بەناوی (کۆنگرەی ئازادی) بەسترا بە ئامادەبوونی هەر چوار لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە و ژمارەیەك لەکورد وەکو نوێنەری کورد بەشداربوون لەوانە (حیکمەت بابان، عەبدولڕەحمان بەدرخان، ئیسماعیل حەقی بابان)، ئامادەبووان (شازادە سەباحەدین)یان وەکو سەرۆکی کۆمەڵەکە دەست نیشانکرد و جەخت لەسەر دامەزراندنی حکومەتێکی دادپەروەر کرایەوە.

جارێکی تر سوڵتان ڕووبەڕووی هەوڵێکی تیرۆرکردن بوو لەسەر دەستی کەسێکی ئەرمەن لە ساڵی (١٩٠٥)، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، هەروەها شۆڕشێك لە ئەنادۆل بەرپابوو باری ئابووری و تەندروستی وڵات بەرەو خراپ بوون ڕۆیشت، بەرووبوومەکان نرخیان بەرزبووەوە، بەمەش بووە هۆی تووڕەیی لەنێو چینەکانی کۆمەڵگا و دواکەوتنی مووچەی سەربازەکان بەمەش ناڕەزایی و دەرچوون لەژێر حوکمی سوڵتانی لێدەکەوێتەوە[٢].

دوای ڕێکخستنی کۆمەڵێك لە ئەفسەرەکان یەکەمین شانەی کۆمەڵەکە بەناوی (کۆمەڵەی ئازادی عوسمانی) لە دیمەشق دامەزرا، لە (کانونی یەکەمی١٩٠٧) لە پاریس دووەمین کۆنگرەی تورکە لاوەکان بەڕێوەچوو، عەبدولڕەحمان بەدرخان، وەکو نوێنەری کورد بەشداری کرد کە عەبدوڵڵا جەودەت بانگێشت نەکرا، لە کۆنگرەکە بڕیاردرا بۆ ڕووخانی حکومەتی ناوەندی، لە ئەنجام دا کودەتای ساڵی (١٩٠٨) تورکە لاوەکانی لێکەوتەوە[٣].

کودەتای (١٩٠٨)ی تورکە لاوەکان کتوپڕ ڕووی نەدا، بەڵکو زادەی چەند هەوڵی دەیان ساڵ بە شێوەی خەباتی نهێنی درێژەی کێشا[٤]، سەرەتای ساڵی (١٩٠٨) لەبەر چەند هۆکارێك پڕۆژەی کودەتای سەربازییان بۆسەر سوڵتان (عەبدولحەمیدی دووەم) دواخست، بەهۆی نەبوونی هێزی تەواوی کۆمەڵەکە بۆ کەنارگیرکردنی سوڵتان، هەروەها گرتنەبەری سیاسەتی نەرمی سوڵتان لەگەڵیان، جگە لەمانەش ئیتیحادیەکان بوێری تەواویان نەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەکانیان دژی سوڵتان لەنێو سەربازەکاندا، چونکەسەربازەکان

(١) جرجيس فتح الله، المصدر السابق، ص ٥١.

(٢) محەمەد سوهەیل تەقوش، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢؛ جرجيس فتح الله، المصدر السابق، ص٥٠.

(٣) مەنسوور عبدالحكيم، مستەفاکەمال ئەتاتورك، وەرگێڕان: شەویار حەسەن، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- ٢٠١١)، ل ٨١.

(٤) عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٣.

دۆستایەتیان بۆ سوڵتان دەربڕیبوو[۱].

بۆیە ئیتیحادیەکان بڕیاریان دا لە (۲۳ی تەموزی ۱۹۰۸)دا دەست بە جووڵانەوەکانیان بکەن، لە هەڵمەتێك دا چەند ئەفسەرێك لەوانە (نیازی بەگ و ئەنوەر بەگ) کە ئەندامانی کۆمەڵە بوون بەسوپاکانیانەوە لە مەکدۆنیا یاخی بوون[۲]، لە (۲۳ی تەموزی ۱۹۰۸) کودەتاکەیان سەرکەوتوو بوو، ئەفسەرە تورکەکانی ئەندامی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی سوڵتانیان ناچارکرد جارێ مەشروتیەت بدات هەر لە هەمان ڕۆژ (مەشروتیەتی دووەم) ڕاگەیەنرا و دووبارە کارکردن بە دەستوری ساڵی (۱۸۷٦)[۳]، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران بە ئازادی لە وڵات ئەنجام درا، لە (۲٤ی تەمووزی ۱۹۰۸) ئەم هەواڵانە بڵاوبووەوە لە وڵات دا، بەتایبەت لە ئەستەمبوڵ ئاهەنگ گێڕان و برایەتییان بە خۆیەوە بینی[٤].

هاونیشتمانیان دڵخۆش بوون، ئیتیحادیەکان بەڵێنی دەستەبەر کردنی ئازادی بێگوێدان بە ئایین و زمان، فەرمانده نیزامیەکانی تورك بەڵێنیان بە کورد دا کە دان بە مافی سەربەخۆییان دەنێن[٥]، ئەم گەشبینییە ماوەیەکی کورت بوو، پەرلەمان یەکەم دانیشتنی خۆی لە (۱۷ی کانونی یەکەمی ۱۹۰۸) بە ئامادەیی سوڵتان ئەنجام دا و گوتارێکی تەختی پاشایەتی دا، کەش و هەوایەکی نالەبار دانیشتنەکەی داپۆشیی بوو، چونکە ئیتیحادیەکان هەرەسیان هێنابوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیەکانی دەرەکی، بەتایبەت بولگاریا کە لە (۱۵ی تشرینی یەکەمی ۱۹۰۸) سەربەخۆیی ڕاگەیاند، نەمسا و مەجەر لکاندنی هەرێمێك لە بۆسنە و هەرسکی ڕاگەیاند[٦].

---

(۱) کۆمەڵێك نووسەر، عوسمانیەکان، وەرگێڕان: سەلام عەبدولکەریم، (سلێمانی- چاپخانەیگەنج-۲۰۱۳)، ل ۲۸۲.

(۲) ئیریك جەی زۆجەر، مێژووی هاوچەرخی تورکیا، وەرگێڕان: یاسین سەردەشتی، (سلێمانی- چاپخانەی سیڤار-۲۰۰۹)، ل ١٥٦.

(۳) عبدالفتاح علي البوتاني، الحركه القومية الكوردية التحررية" دراسات و وثائق"، (اربيل– مطبعة وزارة التربية- ۲۰۰٤)، ص ۱۸.

(٤) حەمید بۆز ئەرسلان، مێژووی تورکیای هاوچەرخ، وەرگێڕان: نەجاتی عەبدوڵڵا، (هەولێر- دەزگای ئاراس- ۲۰۰۹)، ل ٢٦؛ کۆمەڵەی خۆیبوون، قەتلوعامی کورد لە تورکیا، وەرگێڕان: نەجاتی عەبدوڵڵا، (سلێمانی- چاپخانەی شڤان-۲۰۰۷)، ل ۱۰.

(٥) مارتن ڤان برۆنسن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٢.

(٦) محەمەد ڕەسوڵ هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦٣.

سەرانی کۆمەڵەکە بڕیاریان دا بەرهەڵستییەکی چەکدارانە بۆ لابردنی سوڵتان ئەنجام بدەن، بۆیە لە ساڵۆنێك بە خێرا هێرشیان کردە سەر ئەستەمبوڵ لە (٢٤ی نیسانی ١٩٠٩) توانیان بارودۆخ کۆنترۆڵ بکەن و حوکمی کاتی ڕابگەینن، بۆیە شێخولئیسلام (محەمەد زیائەدین) ناچارکرا فتوای لابردنی سوڵتان بدات[١].

لە شوێنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، (محەمەد ڕەشاد)ی برای بەناوی سوڵتان محەمەدی پێنجەم (١٩٠٩-١٩١٨) هاتە سەر دەسەڵات[٢]، بەڵام دەسەڵاتی ڕاستەقینە بەدەست ئیتیحادیەکان بوو، واتە دوای کودەتای (١٣ی نیسانی١٩٠٩) توانیان جلەوی سیاسی و سەربازی بگرنە دەست، کەوتنە بڵاوکردنەوەی بیری تۆرانییەت و نەیانتوانی چارەسەری کێشەی نەتەوەیی لە وڵات دا بکەن، دەستیان کرد بەپەیڕەوکردنی سیاسەتی تووندڕەوی و مەرکەزیەت[٣].

دوا بە دوای جێگیربوونی دەسەڵاتی ئیتیحادیەکان گوشارێکی زۆرتووند خرایە سەر کورد بە سیاسەتی بە تورك کردن و خراپبوونی ڕەوشی ئابووری، بەمەش شەپۆلێکی نارەزایی لە لایەن کورد هاتە ئاراوە کە دەرئەنجامەکەی هۆکارێك بوو بۆ تێکچوونی پەیوەندیی نێوانیان[٤]، بۆ ئەم مەبەستەش سەرچاوەیەك ئاماژە بەوە دەکات کە سیاسەتی چەوسێنەری تورکە لاوەکان پاش ساڵی ١٩٠٩ هەستی ناسیۆنالیستی کوردی بە خەبەر کردەوە و زەمینەی خۆشکرد بۆ داوا کردنی دەولەتێکی کوردی[٥]. کوردەکان کەوتنە چالاکی لە دژیان و دروشمی دروشمی (ئەم خاکە خاکی خۆمانە) و گەڕانەوەی حوکمی ئیسلامیان بەرزکردەوە، کوردەکان بەتووندترین شێوە ڕووبەڕووی ئیتیحادیەکان بوونەوە[٦]، لە ڕێگای ئەنجامدانی چەندین

(١) وەدیع جوەیدە، جوولانەوەی نەتەوەی کورد و بنەما و پەرەسەندنی، وەرگێڕان: یاسین سەردەشتی، (سلێمانی- چاپخانەی سیما-٢٠٠٨)، ل ٢٢٨.

(٢) فؤاد صالح السيد، اعظم الاحداث المعاصرة ١٩٠٠– ٢٠١٤، (بيروت- مكتبه حسن العصرية-٢٠١٥)، ص ٣٣.

(٣) م.س. لازاریف، کێشەی کورد، وەرگێڕان: کاوس قەفتان، (بەغداد- چاپخانەی الجاحظ-١٩٨٩)، ل ٢٣٤.

(٤) عوسمان عەلی، چەندلێکۆلینەوەیەك....، ل ١٩٩؛ عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٢.

(٥) ئەلبێرت عیسا، ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە بۆ عێراقی سەردەمی فاشیزم (وێنەیەك لە رابردوو كە نایەوێت راببوڕێت)، (سلێمانی – دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – ٢٠٠٩)، ل ١٨٠.

(٦) م.س. لازاریف و ئەوانی تر، مێژووی....، ل ل ٢٣٣-٢٣٤.

شۆڕش وەك شۆڕشی ئیبراهیم پاشای میللی (۱۹۰۸) [۱]، هەروەها شۆڕشی شێخ سەعید بەرزنجی (۱۹۰۹) [۲]، شۆڕشی شێخ عەبدولسەلام بارزانی (۱۹۰۷-۱۹۱٤) و شۆڕشی مەلا سەلیم بەدلیسی (۱۹۱۳-۱۹۱٤) [۳].

(۱) براهیمی کوڕی مەحموود بەگی کوڕی تیماوی، پەیوەندی بەهێزی بە سوڵتان (عەبدولحەمیدی دووەم) هەبووە، نازناوی (میری میرانی) بە ئیبراهیم بەخشیبوو، دوای کودەتای ئیتحادییەکان، شۆڕشی ڕاگەیاندو توانی دیرئەلزوور بخاتە ژێر کۆنترۆل، لە بەرایی هەندێك شەڕی دژ بە ئیتیحادیەکان سەرکەوت بەتایبەت لە (وێرانشەهر)، بەڵام لەدواتر بەهۆی ناهاوسەنگی هێز و ناپاکی هەندێك لە هۆزە یەزیدیەکان لە چیای (عەزیزیە) لە ڕووبەڕووبوونەوەیەك دەکوژرێت. بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێنەوە بۆ: أحمد عثمان ابوبکر، اکراد الملي و ابراهیم باشا، (بغداد- مطبعة دارالجاحظ- ۱۹۷۳)، ص ۳۸؛ جەلیلی جەلیل وئەوانی دیکە، شۆڕشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا، وەرگێڕان: بەهائەدین مستەفا، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- ۲۰۱۳)، ل ۸۳ ؛ محمد ئەمین زەکیبەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ۱۸۲_۱۸۳.

(۲) شێخ سەعید کوڕی کاك ئەحمەدی شێخ ڕێبەری تەریقەتی قادری، پەیوەندی پتەوی بە سوڵتان هەبوو، بە هۆی سیاسەتی تووند و مەرکەزیەت لەلایەن ئیتیحادیەکان کەشێخ سەعید یان بە کۆسپ دەزانی لەبەردەم جێبەجێ کردنی سیاسەتەکەیان، شێخ شۆڕشی بەرپاکرد دژ بە ئیتیحادیەکان، سلێمانی بوو بە مەڵبەندی بزاڤ دژ بە دەسەڵاتدارانی تورك، شێخ سەعید سەرکردایەتی جووڵانەوەکەی کرد، بۆهێور کردنەوەی ئەم بارودۆخە شێخ سەعید و بنەماڵەکەی دوورخرانەوە بۆ مووسڵ بەمەش لە پیلانێك شێخ سەعید و هاوەڵانی کوژران. عوسمان عەلی، چەندلێکۆلێنەوەیەك ....، ل۲۳٤؛ عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٦. م. ر. هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان و دەولەتەکەی خواروووی کوردستان، بەرگی یەکەم، (لەندەن- چاپکراوی بلاك ڕۆژ-۱۹۹۰)، ل ل ۱٤۹_۱۵۲.

(۳) ئەم شۆڕشە لەلایەن مەلا سەلیم ئەفەندی بەرپابوو کەیەکێکە لە بەهێزترین شۆڕشی کوردەکان، لە هۆکاری سەرەکی شۆڕشەکە بە دەست هێنانی سەربەخۆیی نەتەوەیی و خراپی دەسەڵاتی حوکمەت، خزمەتی سەربازی زۆرە ملێ تێکچوونی باری ئابووری، لە (تەموزی ۱۹۱۳) شۆڕشگێڕان توانیان بەدلیس کۆنترۆل بکەن بەمەش ئیدارەی ئیتیحادییکان کەوتە مەترسی ژمارەی ڕاپەڕیوان لە زیاد بوون دابوو، بەڵام شەڕ وپێکدادانی تووند و هێنانی هێزیکی زۆر لەلایەن تورك لە (نیسانی ۱۹۱٤)، شۆڕشەکە دامرکایەوە، مەلا سەلیم ڕووی کردە کۆنسوڵخانەی ڕووسیا لە بەدلیس کە ئامادەنەبوون بیدەنە دەست تورك بەڵام لە دەستپێکی جەنگی یەکەمی جیهانی هێرشیان کردە سەر کۆنسوڵخانە و مەلا سەلیم لەسێدارەدرا. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێنەوە بۆ: سروە أسعد صابر، المصدر السابق، ص ۲۸. محمد ئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ۵۷.

تەوەرەی دووەم:

«لەشکرکێشی ئینتیحادییەکان بۆ سەر دەڤەری بارزان»

شێخ عەبدولسەلام، دوای کۆچی دوایی باوکی ڕابەرایەتی تەکیەی بارزانی گرتوتە دەست لە دەڤەری بادینان، کەوتە چالاکی سیاسی و بەرگری لە مافی کورد[١]دوای کودەتای (١٩٠٨) لەگەڵ چەند سەرکردە و شێخی ناوچەکە داواکارییان نارد بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران لە ئەستەمبوڵ کە جەخت لە زمان و خوێندنی کوردی و لایەنی ئابووری و چاککردنی ڕێگاوبان، ئەم داواکاریە چاکسازییە بە هەنگاوێکی یاخی بوون و مەترسی لێك درایەوە لە لایەن ئینتیحادییەکان بۆیە هەوڵیاندا سنووریك بۆ دەسەڵاتی شێخ دابنێن، بەڵام شێخ عەبدولسەلام لە بەرامبەر هەڕەشەکانیان لە (تشرینی یەکەمی ١٩٠٩) شۆڕشی ڕاگەیاند[٢] .

خەباتی سیاسی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی بریتی بوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو شاڵاوە سەربازییەی کە"فەریق محەمەد فازیل پاشا داغستانی" ئەفسەری سەربازی عوسمانی لە کۆتایی ١٩٠٩ و سەرەتای ١٩١٠ کردیە سەر بارزان، پاش ئەوەی ئینتیحادیەکان لە ئاکامی کودەتای ١٩٠٨دەسەڵاتیان گرتە دەست، داغستانی وەك والی مووسڵ دانرا[٣]، لە تەمووزی ١٩٠٩ والی مووسڵ بانگهێشتی شێخ عەبدولسەلامی کرد بۆ مووسل، بەڵام لە لایەن دۆستانی لە ئاکرێ و مووسڵ ئاگادارکرایەوە کە ئەم بانگهێشت کردنە ڕەت بکاتەوە و ڕوونەکاتە مووسڵ و ئاگاداری خۆی بێت[٤].

شێخ عەبدولسەلام بارزانی ئاگادارکردنەوەی دۆستانی بەهەند وەردەگرێت و بانگهێشتەکەی داغستانی ڕەت دەکاتەوە، دیارە هۆکاری ڕەتکردنەوەکەشی ئاشکرایە کە بەر لەو داواکارییە دەسەڵاتدارانی مووسڵ بەهاوکاری ئاغاکانی ناوچەکە لە بیرەکەپڕە هەولی تیرۆرکردنیان بۆ دانابوو کە لە پێشوودا باسمان کردووە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، بۆیە دوای ئەم ڕووداوە زۆر بە هوشیاریەوە مامەڵەی دەکرد، گەیشتە ئەو بڕوایەی کە بانگهێشتەکەی

(١) عەبدولخالید سابیر کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٤.

(٢) م.س. لازاریف، کێشەی....، ل ٢٣٨.

(٣) فائق ئەبو زێد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٢.

(٤) عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی: بزاڤی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی لە بواری سیاسی و پێشمەرگایەتی، گۆڤاری مێژوو، ژمارە (٩)، ساڵی دووەم، (هەولێر- ١٩٩٨)، ل ١٢.

داغستانیش وەك هەوڵەکانی پێشوو، دوو مەبەستی هەیە یان دەستگیرکردنی یاخود تیرۆرکردنی، هەرچەندە لە داب و نەریتی تەکیەی بارزان و تاکی دەڤەرەکە وا باوبوو کە خۆڕادەستکردن کارێکی وا ئاسان نابێت، بەڵکو پەیوەستیان کردبوو بە کەرامەتی مرۆڤ کە پێویستە گیان و لاشەی بۆ تەرخان بکرێت[١].

دیارە دوای ڕەتکردنەوەی بانگهێشتەکە لە لایەن شێخ عەبدولسەلام بارزانی و نەچوونی بۆ مووسڵ داغستانی لە (ئاکرێ)وە ئاگاداری شێخی کردەوە ئەگەر گوێڕایەڵی فەرمانەکانی نەبێت و نەچێتە مووسڵ، ئەوا سوپایەك بەرەو بارزان دەنێرێ و تەکیەکەی وێران دەکات[٢].

وەڵامی شێخ بۆ هەڕەشەکەی (داغستانی) گوللەیەك بوو لە ناو نامەیەکی پێچراودا کە تێیایدا هاتبوو (**ژیان لای من هیچ بەهایەکی نییە و مەرگ نامترسێنێ لە ئێستاشەوە پەیوەندیم لەگەڵ تورکیادا دەبێتە شەڕو کوشتار، چیت دەوێ بیکە**)[٣]، دیارە ئەم وەلامدانەوەی شێخ لە ڕێگای ئەم نامەیە کاریگەری گەورەی لەسەر دەروونی داغستانی دروستکرد، لەوبارەیەوە "عەباس ئەلعزاوی" دەڵێت "**داغستانی پیاوێکی سەربازی و پیاوی شەڕ و لێدان وکوشتار بووە، نەك پیاوی نووسین و قەلەم**[٤]" ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستەیە کە شێخ عەبدولسەلام چۆن زیرەکانە توانیویەتی دەروونی بەرامبەرکەی بخوێنێتەوە کە ئەم کەسایەتیە تەنها بۆ جەنگ دەشێت نەوەك ئیدارەدانی ویلایەتێك .

دوا بە دوای وەڵامی شێخ عەبدولسەلام بارزانی هێرشی ئیتیحادیەکان بۆ سەر بارزان دەستیپێکرد، ناردنی هێز و لەشکرکێشی بلیسەی ئاگری شۆڕشی خۆشکرد، بێگومان ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینەی تەکیەی بارزان وا پێناسە دەکرێت و دەناسرێت کە یەکەمین ڕووداوە توانی پەردە ڕابماڵێت لەسەر شۆڤینییەتی فەرمانڕەوایەتی ئیتحاد و تەرەقی، بەوەی کە هەموو بەڵێنەکانیان مایەپووچ بوون بەرامبەر بە میلەتانی عوسمانی[٥].

سەبارەت بەرەوت و پەرەسەندنەکانی جەنگ، نەخشەی شێخ عەبدولسەلام لەڕووی سەربازییەوە تەواو بەرگریکردن بوو، بە شێوەیەك خۆ قایمکردن لەچیای پیرس و ڕێگا و بانەکان بە مەبەستی ڕێگاگرتن لە پێشڕەوییەکانی سوپای عوسمانی، کە لە (ئاکرێ)وە ڕوویان

(١) مەلائەیوب، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٥.

(٢) فائق ئەبوزێد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢.

(٣) زبير بلال اسماعيل: المصدر السابق، ص٢٢؛ عبدالفتاح علي البوتاني، الحركه القومية.....، ص ٢٥.

(٤) عباس العزاوى، تاريخ العراق بين احتلالين، (بغداد- ١٩٥٦)، ص ١٨١.

(٥) كاوس قفطان، المصدر السابق، ص ص ٢٠-٢١.

کردبووە دینارتە، تۆپە ئاگرینەکانیان لەوێ دامەزراند و سوپای پیادەش بەرەو چیای پیرس پێشڕەویان کرد، بەڵام لێهاتوویی سەربازییەکانی تەکیەی بارزان لەسەروو هەموویانەوە "فەقێ عەبدولڕەحمان" توانرا شکست بە سوپای عوسمانی بهێندرێت و ناچاریان بکەن بە پاشەکشە بە ئاڕاستەی دینارتە[١].

هێزەکانی شێخ لەچیای پیرس و دەروازەکانی بەسەر سوپای عوسمانیدا سەرکەوتن، زیانی گیانی جەنگاوەرانی تەکیەی بارزان بریتی بوو لە کوژرانی دوو جەنگاوەر بە ناوەکانی "سارم و مامل" لەگەڵ بریندار بوونی ساڵح بێرسیاقی بۆ ئەحمەد ئاغای بێرسیاقی، بەڵام لەڕیزی عوسمانییەکان ژمارەیەك دیل و کوژراویان لەدوا بەجێما لەگەڵ برێك چەك و تەقەمەنی، سەرەڕای ئەو بارودۆخەش شێخ عەبدولسەلام بۆ دەربڕینی نیازپاکی دیلەکانی ئازاد کرد، هەروەها چەکە دەست بەسەرداگیراوەکانی بەسەر جەنگاوەرەکاندا دابەش کرد[٢].

ئەم شکستەی داغستانی لەڕووی سەربازییەوە بەرامبەر بە تەکیەی بارزان گورزێکی کوشندە بوو لە ناو و ناوبانگی داغستانی، بۆیە ناوبراو هەموو دەستپێشخەریەکی ئاشتی ڕەت کردەوە، دەستی کرد بە دووبارە ڕێکخستنەوەی هێزەکەی کە سێ مانگی خایاند، بە مەبەستی هێرشکردنە سەر بارزان، بۆ ئەم مەبەستەش تاکتیکێکی نوێی سەربازی پەیڕەو کرد کە بریتی بوو لەفرەوانکردنی بەرەکانی جەنگ، بە تایبەت لەبەری ڕۆژهەڵاتی چیای پیرس[٣].

جگە لەمەش گوشاری فەرمی خستە سەر هۆزەکان بۆ بەشداریکردن دژ بە تەکیەی بارزان، بە پێچەوانەوە هەر هۆزێك بەشداری نەکات بەهاریکار و پشتیوانی شێخ عەبدولسەلام هەژمار دەکرێت[٤]، ئەمەش وایکرد لەکاتی لەشکرکێشی ئیتیحادیەکان هیچ سەرۆك هۆزێکی ناوچەکە بەڕەنگاری سوپای عوسمانی نەبێتەوە، بەڵکو هەموو قورسایی شەڕەکە کەوتە سەر شانی تەکیەی بارزان[٥]، لەوبارەیەوە "کاوس قەفتان" بۆچوونێکی جیاواز دەخاتەڕوو، پێی وایە **سەرەڕای گوشاری ئیتحادیەکان بۆ سەر هۆزە کوردییەکان، بەڵام هەندێك سەرۆك هۆز بەتایبەت ئاغا و دەرەبەگەکانی ناوچەکە ئارەزوومەندانە پاڵپشتی**

(١) فائق ئەبوزێد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٣.

(٢) پێ ڕەش: المصدر السابق، ص ص ١٠٢-١٠٣.

(٣) زبير بلال اسماعيل: المصدر السابق، ص ٤١.

(٤) پێ ڕەش: المصدر السابق، ص ١٠٣.

(٥) ئەحمەد بالایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

حکومەت بوون، بەهیوای گەڕانەوەی هێز و دەسەڵاتیان بۆ ناوچەکە و پەیڕەوکردنی سیستەمی پێشوتریان[۱].

پاش ئەوەی شێخ عەبدولسەلام بە ڕاوێژکردن لەگەڵ سەرکردە سەربازییەکانی گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە نا هەوسەنگی لە تەرازووی هێزدا هەیە، هەروەها نەخشەی حکومەتی عوسمانی بۆ داگیرکردنی سەرتاپای ناوچەکە ئاکامەکەی کاولکاری و مەرگەساتی پتر دەبێت، بۆیە لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ڕووبەڕووی سوپای عوسمانی نەبنەوە و بەرگری نەکەن[۲].

دیارە سوپای ئیتحادیەکان لە پەلاماری دووەمدا توانیان دەست بگرن بەسەر دەڤەری بارزان، دوای ئەوەی شێخ و هاوەڵەکانی لە ناوچەکە دوورکەوتنەوە و ڕوویان کردە چیاکانی هەکاری بە مەبەستی خۆ وونکردن[۳]، هەرچەندە شێخ عەبدولسەلام سەرەتا پەنای بردە بەر چیای "هیرێ" لە نزیك بارزان و چەندین مانگ لە شوێن گۆڕکێکرندا ژیانی بەسەر برد، چونکە لەدڵنیایدا نەبوو[٤]، پاشان ڕووەکاتە لای "بنیامین مار شەمعون[٥]" لە ناوچەی "تیاری" لە دەڤەری جۆلەمێرگ[٦]، کە ئەویش بەوپەری ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ شێخ کردو پەناگەی بۆ ڕێکخست[۷].

دەسەڵاتدارانی عوسمانی بە تەواوەتی دەرکیان بەمەترسییەکانی شێخ عەبدولسلام بارزانی کردبوو[۸]، بۆیە لە هەموو لایەك هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاریان دەدا لەسەر شێخ،

---

(۱) کاوس قفطان، المصدر السابق، ص ۲۱.

(۲) فائق ئەبوزێد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٤٤-١٤٥.

(۳) جرجیس فتح الله، المصدر السابق، ص۷۰.

(٤) خالد مەحمودکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ۲۹۸-۲۹۹.

(٥) بنیامین مار شەمعون ڕابەری باڵای دونیای و ئاینی کەمینەیی ئاسووری بوو، لەچوارچێوەی تێکۆشانەکانیدا بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ئاسووری لەهەرێمی ئازەربایجانی ئێراندا، لەکۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم لە ئازاری ساڵی ۱۹۱۸ ئینگلیزەکان هانیاندا لەگەڵ سمکۆی شکاك هاریکاری بکات، پاش ئەوەی هەردوو کەسایەتی بڕیاریاندا لە کۆنە شاری نزیك سەلماس کۆببنەوە بەمەبەستی گۆڕینەوەی بیروڕا لەمەر پرسی هاریکاری نێوان کورد و ئاسووری دژ بەئێرانییەکان، بەڵام لەناو کۆبوونەوەکەدا سمکۆی شکاك هەڵدەستێت بەکوشتنی مارشەمعون، پێدەچێت جیاوازی بیروڕاکانی نێوانیان هۆکارێك بێت بۆڕوودانی ئەم کارە.

(٦) هاشم شێروانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ۲۳۱.

(۷) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ۲۱.

(۸) کاوس قفطان، المصدر السابق، ص ۲۱.

تەنانەت دوای ئەوەی زانیاری دەگاتە والی وان کە شێخ عەبدولسەلام لە لایەن "مار شەمعون" دالّدەدراوە، بڕیار دەدات بە ناردنی هێزێك بە مەبەستی دەستگیرکردنی، بەڵام کە سەرکردەی ئەم هێزە لەسەر ڕاسپاردەی والی وان ڕوو دەکەنە دیوەخانی مارشەمعون، کە ئەوکات شێخ عەبدولسەلام لەوێ بوونی دەبێت، بەڵام ناسراو نابێت لە لایەن سەرکردەی هێزە ڕەوانکراوەکە، مارشەمعون بەئینجیل سوێند دەخوات کە تۆ چەند شێخ دەبینی منیش وەك تۆ دەیبینم[١].

دیارە نواندنی ئەم ڕەفتارەی "مارشەمعون" بووە هۆکارێك بۆڕزگارکردنی شێخ عەبدولسەلام، بۆیە "مەسعود بارزانی" لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی ناوبراو دەڵێت "**ئێمەی بارزانی منەتباری ئەم هەڵوێستە پڕ لە شانازییەی مارشەمعونین**[٢]".

بارودۆخی شێخ و شوێنکەوتووانی تا دەهات ئاڵۆز و سەخت دەبوو، بەتایبەت پاش ئەوەی داغستانی نەفی عامی بۆ بارزانییەکان ڕاگەیاند و دەستی کرد بەسوتاندن و وێرانکردنی دێهاتی دەڤەرەکە[٣]، بە شێوەیەك دەسەڵاتداران بە دوای شێخ عەبدولسلامی دووەم دەگەڕان، هیچ شێوازێك نەما گوندییەکانی پێ ئازارو ئەشکەنجە نەدەن، بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن زانیاری لەبارەی هەڵسوکەوت و گەڕان و سووڕانیان بدەن، لەهەر گوندێکدا پیاوێکی شێخ لە لایەن حکومەتەوە دەستگیر بکرایە ئەوە ئەو گوندە خاپوور دەکرێ و زۆریش لە ڕۆڵەکانیان دەخرایە زیندان[٤].

لەم نێوەندەشدا ژن و منداڵیش لەو ڕەشبگیریە بەدەر نەبوون، تەنانەت "مستەفا بارزانی" برا بچووکی شێخ کە تەمەنی لەدەوروبەری سێ ساڵاندا بوو لەگەڵ دایکی کەوتنە بەر ئەو هەڵمەتە و لە موسڵ زیندانی کران بۆ ماوەی سێ ساڵ[٥].

داغستانی بەمەش نەوەستا، بەڵکو دەستیکرد بە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی دیکە کە بریتی بوو لە ڕاسپاردنی ئەفسەرانی کورد لە سوپای عوسمانی بە ڕاوەدوونان و

---

(١) مەلائەیوب، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٦.

(٢) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

(٣) هاشم شێروانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣١.

(٤) فائق ئەبوزێد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٦.

(٥) حامید گەوهەری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧؛ احمد عثمان ابوبکر، الاثار.....، ص ١٣٣؛ *Iraq a then and now: A Guide of the country and its people، (london – ٢٠٠٨)، p.١٥٣.*

دەستگیرکردنی شێخ عەبدولسەلام بارزانی، یەکێك لەو ئەفسەرانە بەناوی "جەمیل عەلی ئەفەندی ڕەسووڵ ئاغا برای ئیسماعیل حەقی شاوێس" کە فەرمانە سەربازییەکەی جێبەجێ نەکرد، بۆیە لە کارەکەی دوورخرایەوە و لە ئەستانە نیشتەجێ بوو، هەرچەندە ئیتیحادییەکان فەرمانی لە سێدارەدانیان بۆ دەرکرد، بەڵام بەهۆی هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی یەکەم، بڕیارەکە جێبەجێ نەبوو[١].

دوا بە دوای ئەم ڕووداوە ژمارەیەکی زۆر لە چەکدار لە شوێنە دوورە پەرەکانـدا خۆیان حەشاردابوو، چاوەڕوانی فەرمان بوون، پاشان شێخ عەبدولسەلام گەڕایەوە ناوچەی بارزان و پیاوەکانی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە لە وڵاتی ژێری کە کەوتۆتە پشتی چیای شیرین لە باکووری گوندی بارزان لەوێوە پەلامارێکی تووند و کتوپڕیان کردە سەر ئەو هێزە تورکەی کە لە ناوچەکەدا دەواریان هەڵدابوو توانیان سەرجەم ناوچەکە پاك بکەنەوە[٢].

هەر لەوبارەیەوە ڕۆژنامەی "صدی بابل" لە ٣١ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٠٩ بە ڕوونی تیشك دەخاتە سەر بارودۆخی دەڤەری بارزان بەگشتی و شێخ و جەنگاوەرەکانی بە شێوەیەکی تایبەت لە دوای پەلاماردانی دووەمی داغستانی و دەنووسێت "**ئەوان لەکاتی ئێستادا لەچیاکان خۆیان قایم کردووە، بەتایبەت لەم وەرزەی زستاندا شێخی بارزان لە پەناگەکەی خۆی هاتۆتەدەر و پیاوەکانی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە لە حکومەت و ئەوانەی دەستیان هەبووە لە بەدیل گرتنی پیاوان و خێزانەکەنیان لە مووسڵ، هەروەها بە تووندی و لافاو ئاسا پەلاماری ئەو سەربازانەیان داوە کە کەوتوونەتە لای ئاکرێ، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو سەربازانە چەك و تفاقیان هەبووە، بەڵام شەڕێکی سەختی لەگەڵ کردوون و تێکیانی شکاندوون**[٣].

پاش ئەم ڕووداوە "سەفوەت بەگ" کە یەکێك بووە لە ئەفسەرەکانی داغستانی، بەبێ ئاگاداری سەرکردەکەی نامەیەك ئاڕاستەی "ئەستانە" دەکات و ڕاوبۆچوونی خۆی لەمەڕ کێشەی بارزان دەخاتەڕوو، کە تێیدا جەخت دەکاتەوە لەوەی کە پێویستە شێخی بارزان ببەخشرێت و ڕێگای پێ بدرێت بگەڕێتەوە بارەگاکەی لە بارزان، بە مەبەستی گوێرایەڵ بوون بۆ دەسەڵات، بێگومان ئەنجامدانی ئەم کارە لە بەرژەوەندی دەستوور و ڕێگایەکە بۆ

(١) مەنسوور شێخ ڕەئووف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٧٦-٧٨.

(٢) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

(٣) ابراهیم خلیل احمد، ولایة الموصل دراسة في تطورها السیاسی ١٩٠٨-١٩٢٢، رسالە ماجستیر، قدمت لکلیة الاداب، (جامعة بغداد- ١٩٧٥)، ص ٩٠.

سەرکەوتنی[١].

ناردنی ئەو نامەیە لە لایەن "سەفوەت بەگ" بووە مایەی ناڕەزایەتی تووندی داغستانی، بۆیە ناوبراو وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر "سەفوەت بەگ" ڕاپۆرتێك ئاڕاستەی دەسەڵاتدارانی ئەستانە دەکات و تێیدا ناوبراو تۆمەتبار دەکات بە وەرگرتنی بەرتیل لە شێخ عەبدولسەلام بارزانی، هەر ئەمەش وایکرد لە لایەن کاربەدەستانی عوسمانییەوە سەفوەت بەگ بانگهێشتی ئەستانە بکرێت، بەڵام بەر لە ڕۆیشتنی بە نامەیەك ئاگاداری شێخ دەکاتەوە **کە لە شوێنی خۆی ئارامبگرێت، لەکاتێکیشدا داغستانی هەوڵەکانی چڕبکاتەوە بۆ هێرشکردن ئەوە هیچ پاساوێك نامێنێت تەنها بەرگریکردن نەبێت**[٢]**، منیش لەلای خۆمەوە لە ئەستانە دەسەڵاتداران تێدەگەیەنم کە بەرپرسی ڕاستەقینە لەوکارە خودی داغستانییە**[٣].

لە لایەکی دیکەوە دەرکەوتنی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و خەباتە چەکدارییەکانی لە گوندی بابسیڤا مەترسیەکی گەورە بوو لەسەر خودی داغستانی، بۆیە لە ساڵی ١٩٠٩ بڕیاریدا هێرش بکاتە سەر بارەگای شێخ لەو ناوچەیە، بەیاوەری (٤٠٠) سەرباز لە ڕەگەزی داغستانی و کۆمەڵێك لە چەکدارە هۆزە کوردیەکانی وەك "سورچی و گۆران و زێبار و هەرکی" کە ئامانجی سەرەکی چیای شیرن بوو، لەوێشەوە بۆ لوتکەی "سەری بازێ" کە بە تەواوی دەڕوانێتە سەر سەرجەم گوندەکانی ناوچەکە و بەتایبەت گوندی "بابسیڤا" کە بارەگای شێخی تێیدا بوو[٤].

بەر لە ئەنجامدانی لەشکرکێشیەکە داغستانی ڕوودەکاتە چەکدارە هۆزە کوردییەکان و دەڵێت "**ئێوە وەك تورك نین کە ویژدانیان نییە، باوەڕیان بەچوار لیرە دەفرۆشن، ئێوە پیاوە ئازاکانی هۆزەکانن، هێرش بکەنە سەر ئەم شێخە (شێخ عەبدولسەلام بارزانی) و بیکوژن و خۆی و شوێنکەوتووانی لەناوبەرن**[٥]".

شێخ دوای ئاگاداربوونی لە جموجۆڵە سەربازییەکانی داغستانی زۆر هوشیارانە پلانی جەنگی دارشت، ئەویش پشت بەستن بوو بە هەڵکەوتەی جوگرافیای ناوچەکە، کە

(١) زبير بلال اسماعيل: المصدر السابق، ص ٤٢.

(٢) ف. نيكيتين، العائله البارزانية، ترجمة: كاوس قفطان، مجله شمس كردستان، العدد (٥)، السنة الثانية، (بغداد- ١٩٧٣)، ص ٢٠.

(٣) خالد مەحموودکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٣.

(٤) پێ ڕەش، المصدر السابق، ص ١١٠.

(٥) ف. نيكيتين، المصدر السابق، ص ٢٠.

گەروویەکی تەنگ دەکەوێتە نێوان بارزان و بابسیڤا جەنگاوەرەکانی لە هەردوو بەری گەروەکە جێگیر کرد وەك دانانی بۆسەیەك بۆ سەربازانی داغستانی، لە هەمان کاتیشدا دەستیکرد بەبەرزکردنەوەی وەری جەنگاوەرەکانی و پێیانی ڕاگەیاند کە ئێمە لەناو وەرزی زستاندایین و ناتوانین ڕوو بکەینە شاخەکان، پێویستە بەرەنگاری بارودۆخەکە ببینەوە و بە کەرامەتەوە بمرین[١].

شیاوی باسکردنە ئەم جەنگە لە مێژووی نوێی کورد لە کوردستانی باشوور بە جەنگی "سەری باز"[٢]ناسراوە، لەم بارەیەوە خاوەن سەرچاوەی "مهد البشریه" دەڵێت "**لەم جەنگەدا ئەو سەربازانەی کە لە دەوروبەری مووسڵ بوون هەموویان بۆ شەڕ نێردران، کە پێکدەهات لە حەوت فەوجی نیزامی سێ فەوج بەرەو ئەو بۆسەیە ڕۆیشتن کە بۆیان دانرابوو، هەموویان بەچەك و کەلوپەل و تۆپەکانیان خۆیان ڕادەستکرد، ترسێکی گەورە کەوتە نێو خەڵکی مووسڵ، کە ترسی ئەوەیان هەبوو شارەکەیان لە دەست بچێت**[٣].

دەرەنجامەکانی جەنگی "سەری باز" ئەگەر نەبوو بێتە فاکتەرێکی بنەرەتی بۆ ئەوەی بەرپرسانی عوسمانی هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر شێخی تەکیەی بارزان بگۆڕن، ئەوە بێگومان کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر ئەوەی کە داواکارانی ڕێگەچارەی ئاشتی هان بدات لەسەر ڕای خۆیان سوور بن، هەر بۆ ئەم مەبەستەش حکومەتی عوسمانی"سەفوەت بەگ"ی ڕاسپارد ئەرکی چاوپێکەوتن و دانوستان لەگەڵ شێخ عەبدولسەلام بارزانی بگرێتە ئەستۆ[٤].

بێگومان پەیڕەوکردنی سیاسەتی تووندی ئیتیحادیەکان دژ بەگەلانی ژێر دەسەڵاتیان، هاوکات بوو لەگەڵ شکستخواردنیان لە ساڵی ١٩١١ بەرامبەر بەئیتالییەکان و بەناچاری هێزەکانیان لەئەفریقیا کێشاوە[٥]، ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی بەرهەڵستی لە پەرلەمان و پەرەسەندنی ململانێ لەنێوان ئیتیحادی و ئیتلافییەکان، بۆیە ئیتیحادیەکان لە ڕێگای فەرمانی سوڵتانییەوە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانیاندا لە ١٨ی کانوونی

(١) زبير بلال اسماعيل: المصدر السابق، ص ٤٣.

(٢) سەبارەت بەرەوت و پەرەسەندنەکانی جەنگی "سەری باز "بگەڕێتەوەبۆ: پێ رەش، المصدر السابق، ص ص ١١٠ - ١١٣.

(٣) دبليو. أي. ويگرام، ادگار. تي. أي. ويگرام، المصدر السابق، ص ص ١٢٢-١٢٣.

(٤) پێ رەش، المصدر السابق، ص ١١٨.

(٥) فؤاد صالح السيد، المصدر السابق، ص ٣٤.

دووەمـی سـاڵی ١٩١٢، بـۆ ئەوەی هـەڵبژاردنی نـوێ ئـەنجام بـدەن، کـە ئاکامەکـەی بـە سەرکەوتنی ئیتیحادیەکان تـەواو بـوو، توانیـان زۆرینـەی کورسـیەکانی پەرلـەمان بـۆ خۆیـان دەستەبەر بکەن[١].

هەرچەنـدە ئـەم کـارەی ئیتیحادییـەکان لـە مێـژووی تورکیـا بـە کودەتـای دووەمـی ئیتیحادیەکان دادەنرێـت، کـە بەهـەموو شـێوەیەك لـە هەوڵـدابوون کـە پارتی"حوریـیەت و ئیتیلاف" سەرکوت بکەن[٢]، بەڵام دامەزرانـدنی کۆمەڵـەی سـەربازی لـە ئایـاری سـاڵی ١٩١٢ بەناوی"ئەفسەرانی ڕزگارکەر" کە زۆربەیان ئەلبانی بوون، ناڕەزایەتی و یـاخی بـوونی خۆیـان لەڕوم ئیلی ڕاگەیاند و پێیان وابوو ئەم حکومەتە و پەرلەمانە نوێیەی ئیتیحادییەکان شـەرعی نییـە و دەبێـت هـەڵبژاردنی ئـازاد ئـەنجام بـدرێت و حکومەتەکـەی "مـەحموود شـەوکەت پاشـا[٣]" هەڵبوەشـێندرێتەوە، ئـەویش لـە ڕێککـەوتی ٢١ی تـەموزی سـاڵی ١٩١٢ بـەدەم داواکارییەکانیان هات[٤].

پارتی "حوریـیەت و ئیتیلاف" لە ئەستانە دەسەڵاتیان کەوتـە دەسـت و ئیتیحادییـەکانیان لـە دەسـەڵات دوورخسـتەوە، پـارتی نـاوبراو بـە پێچەوانـەی ئیتحـاد و تـەرەقی خۆیـان دوورخستەوە لە نانەوەی بارگرژی لە نێوان گەلانی نێو مەملەکـەت و بـە ژیـری و لێـزانییەوە کاریان دەکرد بۆ هێنانەکایەی تەبایی لە شوێنی ڕق و کینە و لێك دوورکەوتنەوە[٥].

بێگومان پەیرەو کردنی ئەم جۆرە سیاسـەتەی ئیتیحادییـەکان کاریگـەری هـەبوو لەسـەر

---

(١) **Bernard Lewis, The Emergence of modern turkey, (London-١٩٦١), P. ٢١٨.**

(٢) عوسمان عەلی، بزاڤی شێخ....، ل ٤٣.

(٣) مەحموود شەوکەت پاشاکوڕی سلێمان فائق بەگ کوڕی حاجی تالیب، لەساڵی ١٨٥٦ لەبەغدا لـەدایك بووە، لەوێش خوێندوویەتی، پاشان پەیوەندی دەکات بەکۆلێژی سـەربازی لـە ئیسـتانبۆل بەپلـەی نـەقیب "یوزباشی" دەردەچێت، لەساڵی ١٨٨٢ وەك مامۆسـتایەك کـاری کـردووە لەقوتابخانـەی ئـەرکانی سـەربازی لەئیستانبۆل و سەردانی فەرەنسا و ئەلمانیای کردووە، لەساڵی ١٩٠٥ بووەتە والی کۆسۆڤۆ، لەکودەتای ١٩٠٨ لەسلانیك بەرەو ئیستانبۆل هات و سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی ناچار کـرد واز لەدەسـەلات بهێنێـت، لەساڵی ١٩١٠ لەلایـەن ئیتیحادییـەکان کراوەتـە وەزیـری جـەنگ لەحکومەتەکـەی محەمـەد کامیـل پاشـا قەبرسلی، لەکودەتای دووەمی ئیتیحادیەکان بەسەرپارتی حوریەت و ئیتلاف لە٢٢ی کانونی دووەمـی ١٩١٣ کراوەتە سەدری ئەعزەم "سەرۆك وەزیـران"، بـەڵام لـە ١٣ی حـوزەیرانی هـەمان سـاڵ لەئێسـتانبۆل تـیرۆر دەکرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: www.marefa.org/index.php/ محمود شوکت باشا

(٤) **Bernard Lewis, Op. Cit, P. ٢١٨.**

(٥) عەبدولمونعیم غولامی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

کۆتـایی هێنـان بەحکومـەت و دەسـەڵاتیان و هاتنـە سـەر دەسـەڵاتی پارتی"حوریـیـەت و ئیتیلاف"، لەم حکومەتە نوێیەش "نازم پاشا" دەبێتە وەزیری جەنگ و سەفوەت بەگیش دوای خانەنشین بوونی لەپۆستی سەربازی دەبێتە پارێزگاری ئەستانە[١].

"نازم پاشا" بەر لەوەی کە لە لایەن پارتی "حوریـیـەت و ئیتـیلاف" بانگهێشـت بکـرێتەوە ئەستانە بە مەبەستی پێ سپاردنی وەزارەتی جەنگ، والی بەغدا بوو زۆر زیرەکانـە مامەڵـەی کرد و وای بینی کە بەرژەوەندییەکان وا دەخوازێت پـەردە لـەسـەر هـەموو ئـەو تۆمەتانـەی درابوونە پاڵ شێخی بارزان لابەرێت و فەرمانی لێبووردن بۆ شێخ و لایەنگرەکانی دەرکرد[٢].

لە لایەکی دیکەوە "ئەسعەد پاشای دەروزی" فەرماندەی فەیلەقی دوانزە و والی مووسڵ بەوەکالەت داوا لە "باب العالی" دەکات کە مەدالّیاییەکی مەجیدی لەجۆری سێیەم بـە شـێخ عەبدولسەلامی دووەم ببەخشرێت وەك پێزانینێك بۆ هاورێیەتی و دڵسۆزی[٣].

دوا بـە دوای گـۆڕانی هەڵوێسـتی عوسـمانییەکان لـە سـەردەمی کابینـەی حکومـەتی "حوریـیەت و ئیتیلاف" بەرامبەر بە شێخی تەکیـەی بـارزان، ڕێگـای خۆشـکرد بـۆ لێـك نزیـك بوونەوە و ئەنجامدانی دانوستان لەنێوان هـەردوولا، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش (سـەفوەت بـەگ) وەك سەرۆکی شاندی عوسمانی ڕاسپێردرا بۆ ئەنجامدانی ئـەو کـارە، نـاوبراو لـە مووسـڵ بـە ڕێککەوت بەرەو بارزان، لە هاوینەهەواری "تاتوێك" لە ناوەندی چیـای شـیرین کۆبـوونەوەی ئەنجامدا لەگەڵ شێخی بـارزان و ڕایگەیانـد کـە زەرەر و زیـانێکی گـەورە بـەئێوە گەیشـتووە لەسەر دەستی ئیتیحادیەکان، بۆیە هاتووم ئەم هەڵەیە ڕاست بکەمەوە[٤].

لە ئاکامی وتوێژەکانی هەردوولا، بەتایبەت پاش ئاڵوگۆڕکردنی بۆچوونەکان لەسەر چەند خاڵێك ڕێککەوتن لەوانە، هەموو هەوادار و ئەندامانی بنەماڵەی شێخ کە بەدیل گیراون ئازاد بکرێن[٥]، هەروەها قەرەبووکردنەوەی خەڵکی بارزان کە زیانێکی زۆریان پێگەیشـت بـوو لـە ئەنجامی جەنگەکان و ئاواکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانە و دامەزراندنی بنکەیـەکی ئیـداری و بنکەی پۆلیس لە دەڤەرەکە، لەگەڵ ڕادەستکردنەوەی هەموو ئەو کەلوپەلە سـەربازییانەی

(١) پاول شیسمەن، خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، لەژێرئاڵای کوردسـتاندا ژیـان و ڕێبـازی مەلامسـتەفا بـارزانی، (هەولێر- خانەی موکریانی بۆچاپ و بڵاوکردنەوە-٢٠١٤)، ل ٣٣.

(٢) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨؛ جرجیس فتح الله، المصدر السابق، ص ٧٠.

(٣) عەبدولمونعیم غولامی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤؛ صدیق الدملوجي، المصدر السابق، ص٩٨.

(٤) مەلائەیوب، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٦٩– ١٧٠؛ محمد بریفکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٠، ٤٣.

(٥) صالح محمود البارزانی، المصدر السابق، ص ١٩.

حکومەت کە بارزانییەکان لە ئەنجامی شەڕەکان بەدەستیان کەوتبوو، جگە لەمەش هەموو هێزەکانی عوسمانی پاشەکشە لە ناوچەکە بکەن و تەنها حامیەك بمێنێتەوە[١].

جەخت کردنەوە لەسەر دەرکردن یان گواستنەوەی ئەم کارمەندانەی کە هۆکاربوون بۆ ئەوەی باردۆخەکە ئەم ڕێچکەیە بگرێتەبەر و کارەسات دروست بێت، لە بەرامبەردا دامەزراندنی کارمەندی نوێ و دەست پاك کە زمانی کوردی بزانێت، هەروەها سەپاندنی سزا بەسەر دەرەبەگەکانی کە هاوپەیمانیان لەگەڵ فەرمانبەرە بەرتیل خۆرەکان هەبووە بە مەبەستی ناشیرین کردنی هەڵوێستی شێخی بارزان[٢].

پاش مۆرکردنی بەڵگەنامەی ئاشتی، ژیان گەڕایەوە باری ئاسایی خۆی دوور لە هەموو ڕق و تیرۆرێك، بەڵکو سیاسەتێکی ڕەواخواز جێگای گرتەوە[٣]، لە هەمان کاتدا پەیوەندییەکانی شێخی بارزان لەگەڵ پارتی"حوریەت و ئیتیلاف" تا ڕادەیەك گەرم وگوڕی تێکەوت کە بارزانییەکان هەستیان کردووە لەگەڵ حکومەتێکی خاوەن ویژدان مامەڵە دەکەن[٤].

ماوەی حوکمڕانی پارتی"حوریەت و ئیتیلاف" درێژەی نەکێشا، تا ئەو کاتەی ئیتیحادییەکان لە٢٣ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩١٣ کودەتایان ئەنجامدا بە سەرۆکایەتی "ئەنوەر پاشا"[٥]، پاش ئەوە سیاسەتی تیرۆر و دەربەدەرکردن و لەناوبردنی خەڵکی ناتورك

(١) ئەحمەد بالایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤١ – ٤٢.

(٢) پێ ڕەش: المصدر السابق، ص ١١٩.

(٣) مەنسوور شێخ ڕەئووف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠.

(٤) ئەحمەد بالایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

(٥) ناوی ئیسماعیل پاشایە، بەڵام لەلایەن ڕۆژئاواییەکان بە ئەنوەر پاشا ناسراوە، لە ٢٢ی تشرینی دووەمی دووەمی ١٨٨١ لەئیستانبوڵ لەدایك بووە، سەرکردەیەکی سەربازی عوسمانی بووە، هەروەها یەکێ بووەلەسەرکردە دیارەکانی بزووتنەوەی تورکە لاوەکان، پاش ئەوەی لەکۆلێژی سەربازی دەردەچێت وەك ئەفسەرلەسلانێك لەفەیلەقی سێ دەست بەکاردەبێت، دواتر دەبێتەسەرۆك ئەرکانی فەیلەقەکە، هەر لەوکاتەوەپەیوەندی بەئیتیحاد وتەرەقی دەکات و لەساڵی ١٩٠٨ بەشداری کارای هەبووە لەکودەتای ئیتیحادیەکان بۆ دوورخستنەوەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەدەسەلات، بەشداری جەنگی کردووی لەتەرابلۆس بەرامبەر بەئیتالیەکان، پاشان دەگەڕێتەوە ئێستانبوڵ دەکرێتە وەزیری جەنگ "ناظر الحربیة" لەجەنگی جیهانی یەکەم سەرکردایەتی سوپای سێیەمی عوسمانی کردووە لەجەنگی سەری قامیش دژ بە ڕووسیا لە قەوقاز، لە٤ی ئابی ١٩٢٢ لەبوخارای ناوەڕاستی ئاسیا لەشەڕی بەلشەفیەکان دەکوژرێت. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێنەوەبۆ: انور باشا /www.wikiwand.com/ar

دەستی پێکرد[۱]، یەکێك لە قوربانییەکان کە بە دەستی "ئەنوەر پاشا" تیرۆر کرا "نازم پاشا" بوو کە ئەوکات وەزیری جەنگ بوو لە ئەستانە لە کۆڵەکەی دیارەکانی پارتی "حوریییەت و ئیتیلاف" بوو[۲].

دیارە ئەو سیاسەتە سەرکوتکەرانەیە لە لایەن ئیتیحادیەکان لە دوای کودەتای ساڵی ۱۹۱۳ ناڕەزایەتییەکی زۆری لە کوردستان دروست کرد، لەو بارەیەوە "کەمال مەزهەر" دەڵێت" **بارودۆخ لە کوردستان بەر لە هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانی وەك بورکان وابوو، ئەگەر ئەم جەنگە هەڵنەگیرسابایە تەقینەوەی گەورە و سەرتاسەری بەدەمەوە بوو**[۳].

شیاوی باسکردنە نێوەندگیری بەرپرسانی پارتی"حوریییەت و ئیتیلاف" پەیوەندییە بەستەلەك و ساردوسڕەکەی نێوان شێخی بارزان و بابی عالی بەتین کردبوو، بەڵام سەرکەوتنی ئیتیحاد و تەرەقی لە ڕێگای کودەتاکەیان ئەو ڕەوتەیان تێکداو جارێکی دیکە ئەم پەیوەندییە ڕووی لە کزی کرد[٤]، بەمەش نەوەستان بۆ نیشاندانی دژایەتی و دوژمنایەتی خۆیان بۆ تەکیەی بارزان، "سلێمان نەزیف[٥]" کە دوژمنایەتییەکی لەمێژینەی

(۱) ابراهیم خلیل احمد، المصدر السابق، ص ۷۸؛ عوسمان عەلی، بزاڤی شێخ....، ل ٤۳.

(۲) پاول شیسمەن، خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل ۳٤ ؛ نووری کەریم، پانۆڕامای دیرۆکی کورد ٤۰۰ پز– ۱۹۷۵ز، کورد (نەتەوە، نیشتمان، ناسنامە، کولتور)، بەرگی دووەم، (سلێمانی– چاپخانەی چوارچرا– ۲۰۱۷)، ل ۱٦۲.

(۳) کمال مظهر احمد، کردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ترجمة: محمد الملا عبدالکریم، (اربیل- دار اراس للطباعة والنشر- ۲ ۰۱۳)، ص ۱۳٤.

(٤) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ۱۱۱ - ۱۱۲.

(٥) ناوی ڕاستەقینەی وندکارە، هەرچی "سلێمان نەزیف" وەك لەقەبێك دواتر بۆ خۆی داناوە، ناوبراو لەساڵی ۱۸٦۸ لەدایك و باوکێکی کورد لە دیاربەکر لەدایك بووە، کوڕی سەعید پاشایە کەلە حکومەتی عوسمانی والی بووە، یەکێ لەسەرسەختترین ئەندامانی ئیتحاد و تەرەقی بوو، لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید لەئەوروپا ژیاوە، دوای کودەتای ئیتحادییەکان چەندین پۆستی کارگێڕی و سەربازی وەرگرتووە، لەساڵی ۱۹۰۹ دەبێتە والی بەسرە، ساڵێك دواتر دەیگوازنەوە بۆ قستەمونی وەك والی، ئینجا لەتشرینی دووەمی ساڵی ۱۹۱۳ بۆماوەی سێزدە مانگ وەك والی مووسڵ لەو شارە دەمێنێتەوە، لەئاکامی تێکشکانی ئیتیحادیەکان لەجەنگی جیهانی یەکەم لەساڵی ۱۹۱۸ تورکەکان کەوتنە جموجوڵ و هاندانی سەردارانی کورد لەناوچەی ماردین و دیاربەکر بۆ خواستی سەربەخۆیی کوردستان، سلێمان نەزیف لەگەڵ عەبدوڵڵا جەودەت لەپێشەوەی هەموو داواکارانی ئەم بیروڕایەدا بوون، لەساڵی ۱۹۲۷ لەئەستانە دەمرێت.

لەگەڵ بنەماڵەی بارزانیدا هەبوو، کردیانە والی مووسڵ[١].

هەرچەندە تا ئێستا هیچ سەرچاوەیەك ئاماژە بەهۆکاری ئەم دژایەتییەی ناوبراو ناکەن بەرامبەر بە شێخانی بارزان، بەڵام دەکرێت بڵێین سلێمان نەزیف یەکێك بووە لە جەمسەرە دیارەکانی ئیتیحاد و تەرەقی بە شێوەیەك وابەستە بوو بەجێبەجێ کردنی پەیڕەو و ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە کە دژ بە هەموو گەلانی ژێر دەستەی عوسمانی کاریان دەکرد و هەوڵەکانیان بۆ سێ دروشم بووە، ئەویش (سەنترالیەت و تۆرانییەت و تورکاندن)، بێگومان ئەمەش لەگەڵ بیرو بۆچوونەکانی تەکیەی بارزان یەکی نەدەگرتەوە، کە هەردەم لە خەبات بوون بۆ ئەوەی بەئازادی بژین و پارێزگاری لە بوون و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بکەن، ئەوەش پێچەوانەی بیرکردنەوەکانی سلێمان نەزیف بوو، هەرچەندە هەریەکە لە میر بەسری و جەرجیس فەتحوڵڵا ئاماژە بەوە دەکەن کە لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩١٨ ناوبراو لەگەڵ عەبدوڵڵا جەودەت لە پێشەوەی هەموو داواکارانی بیروڕای سەربەخۆیی کوردستان بووە، ئەمەش بە ڕاست نازانرێت، چونکە هیچ سەرچاوەیەك باس لەجموجۆڵی سیاسی ناوبراو ناکەن، هەرچەندە بەر لەمردنی بە دوو ساڵ جووڵانەوەیەکی گەورەی شۆڕشگێڕی لە ساڵی ١٩٢٥ بە سەرکردایەتی شێخ سەعیدی پیران لە دژی تورکەکان سەرهەڵدەدات.

دیارە ئیتیحادییەکان لە یەکەم هەنگاویان بۆ یەکلاکردنەوەی کارەکانیان لەگەڵ شێخی بارزان، بریتی بوو لە لادان و دوورخستنەوەی "ئەسعەد پاشا دەروزی" لەپۆستەکەی کە ناوبراو دۆستێکی نزیکی شێخ عەبدولسەلامی دووەم بوو[٢]، لە شوێنی ئەو "سلێمان نەزیف"یان کردە والی مووسڵ، بەگوێرەی ڕۆژنامەی "المقطم" میسری ئاماژە بەوە دەکات کە **"والی نوێ هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە بزووتنەوەکەی شێخی بارزان لەناوببات[٣]، کە**

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: جرجیس فتح الله، المصدر السابق، ص ص ٧٢ – ٧٣؛ میر بەسری، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٦٩ - ٧٢.

(١) تاريخ وقائع الشهر في العراق وماجاورة في (مجله لغة العرب البغدادية: يوليو ١٩١١– اكتوبر ١٩٣١م)، تحقيق: ابراهيم حامد الخالدي، (بيروت– جداول للنشر والترجمة والتوزيع– ٢٠١٤)، ص ٢٣٥.

(٢) عبدالفتاح علي البوتاني، الحركه القومية.....، ص ٣٠.

(٣) عبدالفتاح على البوتاني، الحياة الحزبية في الموصل ١٩٢٦–١٩٥٨، (اربيل-مطبعة وزارة التربية– ٢٠٠٣)، ص ص ٤٤-٤٥.

توانیویەتی بەرپەرچی هەموو لەشکرکێشیەکانی عوسمانی بداتەوە کە بۆی ڕەوانە کراوە[١].

سلێمان نەزیف لە لایەن ئیتیحادیەکان تەواوی دەسەڵاتێکی درایە دەست لە مووسڵ وەك کوشتن و بڕین و زیندانی کردن[٢]، ناوبراو بەگشتی سیاسەتی دژایەتیکردنی هەموو ڕەگەزە نا تورکەکانی گرتبووە بەر، لەوانەش کوردەکان کەدەیانویست مافەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن[٣].

دیارە دەست بەکاربوونی سلێمان نەزیف لە مووسڵ وەك والی، هاوکات بوو لەگەڵ نزیکبوونەوەی حکومەتی ئیتیحادی لە بەرەی ئەڵمانەکان و پێشبینییەکان دەرخەری ئەوە بوون کە لەپاڵ ئەڵمانەکان بچێتە ناو جەنگە چاوەڕوانکراوەکەی جیهان، بۆ دەستەبەرکردنی خەرجییەکانی جەنگیش، دەستیانکرد بە سەپاندنی باجی زیاتر لەسەر گەلانی عوسمانی، سەبارەت بە ناوچەی بارزان وەك بەهانەیەك و تۆڵەکردنەوە لەشێخی بارزان سەپاندنی باجەکە بۆ ٢٥% لەسنووری داواکراو تێپەڕی کرد[٤].

هەر لەوبارەیەوە حکومەتی ئیتیحادی دەیویست ئامارێك بۆ تۆمارکردنی ناوی گوندەکان و کەسانی عەشیرەتەکان و سەرژمێرییەکی مەڕ ومااڵتی ئەوێ بکات، شێخی تەکیەی بارزان ڕەخنەی لەو کارە گرت و ڕوونی کردەوە کە ئەوانیش لەو عەشیرەتە "نا نیشتەجێ"یانەن کە کەسیان ناچێ بۆ سەربازی وەك عەشیرەتەکانی"جاف" و ئەوانی دیکە، ئەو گوندانەی کە ئێستا ئاوادانن بەگوێرەی هەلومەرجی وا پێوست دەکات زۆربەی دانیشتوانەکەی کۆچ بکەن بەرەو جێگایەکی دیکە، بەتایبەت لە ڕۆژانی نەهاتی و گرانیدا، ئەو باجانەی ئێستا دەیدەن بەخەزێنە زۆر لەو ڕادەیە زیاترە کە پێویستە بیدەن، بەڵام حکومەتی ئیتیحادی گوێی بە داخوازییەڕەواکانی ئەوان نەدا[٥].

لەو هەلومەرجەدا "سەفوەت بەگ" قایمقامی سەربازی و ئەندامی کارا لە پارتی"حوریەت و ئیتیلاف" لە مووسڵەوە بەنهێنی پەنا دەباتە لای شێخ عەبدولسلام بارزانی، هۆکارەکەشی دەگەڕایەوە بۆ خستەنە پاڵی تۆمەتی کوشتنی مەحموود شەوکەت پاشا

(١) عبدالعزيز المفتي، محاضرة التبعية السياسية للكورد، متاح على الموقع الالكتروني:
http: // algadenia. Com ، تمت زيارة الموقع في ٣:٣٠ في ١٥ / ١ / ٢٠١٦

(٢) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٩.

(٣) صديق الدملوجي، المصدر السابق، ص ٩٩.

(٤) كاوس قفطان، المصدر السابق، ص٢٢؛ کەمال بورکای، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩٢.

(٥) مەعرووف چیاووك، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩.

وەزیری جەنگی ئیتیحادییەکان لە لایەن ناوبراو، ئەمەش بیانوویەکی باش بوو بۆ "سلێمان نەزیف پاشا" کە داوا لەشێخ عەبدولسەلام بارزانی بکات "سەفوەت بەگ" ڕادەستی حکومەت بکات[١].

شێخ عەبدولسەلام بارزانی داواکەی والی مووسڵی پەسند نەکرد و ئامادە نەبوو سەفوەت بەگ بەدەستەوە بدات[٢]، لەهەمان کاتدا ڕەتیکردەوە باجی زیاد بدات و خەڵکەکەشی بۆ سەربازی زۆرەملێ ڕەوانە بکات، بەڵکو داوای کرد کار بەخاڵەکانی ئەو ڕێککەوتنامەیە بکرێت کە لەهاوینەهەواری "تاتویك" ئەنجام درا[٣].

بیانووی حکومەت و داواکارییەکانی والی مووسڵ دەرخەری ئەو هەنگاوە مەترسیدارانەی حکومەت بوو، کە دەیویست بەهەر جۆرێك بێت هێرش بکاتە سەر بارزان، بۆیە "سەفوەت بەگ" بەر لەوەی کە بارزان جێ بهێڵێت شێخی ئاگادارکردەوە کە بەهیچ شێوەیەك بە نواندنی نیازپاکی بەرپرسانی تورك بڕوا نەکات، چونکە ئەوان نە زەمیریان هەیە و نە ئەو پیاوەن کە پشتیان پێ ببەستێ و لێیان دڵنیا بێت[٤]، هەروەها پێی ڕاگەیاند کە بچێتە ڕووسیا، چونکە ئەگەر بکەوێتە دەست تورکەکان لە سێدارەی دەدەن[٥].

لە لایەکی دیکەوە سلێمان نەزیف دژی پێدانی خەڵاتە مەجیدییەکەی حکومەت بوو، کە پێش بوونی بە والی مووسڵ پێشکەش بە شێخ عەبدولسەلام بارزانی کرا بوو، لەوبارەیەوە دەیگوت "**شێخ عەبدولسەلام شایستەی کووشتنە نەوەك پێدانی خەلات**"[٦]، بۆ ئەم مەبەستەش لێدوانێکی فەرمی لە ڕۆژنامەی مووسڵ بڵاوکردەوە تێیدا ڕایگەیاند کە شێخ مافی خەڵات وەرگرتنی نییە، چونکە لە دەوڵەت یاخی بووە[٧].

دیارە هەر بەمەش نەوەستا، بەڵکو بەر لە دەست پێکردنی لەشکرکێشی بۆ سەر بارزان، دەستیکرد بە سزادانی قایمقامی ئامێدی، بە بیانووی ناتوانایی لە دابین کردنی ئاسایش لە ناوچەکە، هەروەها "عەبدولعەزیز بەگ" قایمقامی ئاکرێی لەکارەکەی دوورخستەوە لە

(١) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٩.

(٢) ف. نیکیتین، المصدر السابق، ص ٢١.

(٣) کاوس قفطان، المصدر السابق، ص ٢٢.

(٤) عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧.

(٥) ڕێبین سەعید مەلا، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٠٤ - ١٠٥.

(٦) خلیل علی مراد، عبدالفتاح علی البوتاني، المصدر السابق، ص ١٥.

(٧) عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

ساڵی ١٩١٤ پاش ئەوەی زیندانی کرد و دەسەڵاتدارانیشی ڕاسپارد کە لەهیچ فەرمانگەیەکی حکومەت سوودی لێ وەرنەگیرێت[١].

دوا بە دوای ئامادەکارییەکانی حکومەت لەڕووی سەربازییەوە، لەئازاری ساڵی ١٩١٤ لەشکرکێشیەکانی سوپای ئیتیحادی بۆ ناوچەی بارزان دەستی پێکرد، خەڵکی ناوچەکە بە موسڵمان و فەلە و ئاشووری لەژێر سایەی ڕێبەرایەتی شێخ عەبدولسەلامی دووەم کۆبوونەوە، بەرگریکردنی شۆڕشگێڕان ئەوەندە بەهێز بوو، کە زەرەر و زیانی زۆری بەهێزەکانی حکومەت گەیاند، بەڵام زۆری ژمارەی هێزەکانی حکومەت و پاڵپشتی کردنی ئاغا و دەرەبەگەکانی ناوچەکە لە لایەك و کەمی ئازووقە و پێداویستی جەنگی شۆڕشگێڕان لە لایەکی دیکەوە، هاوکێشەی جەنگەکەی بەسوودی ئیتحادییەکان گۆڕی[٢].

سەبارەت بە ڕەوت و پەرەسەندنەکانی شەڕەکە[٣]، لەسەر شێخ عەبدولسەلام بارزانی پێویست بوو لەسێ بەرەوە بەرەنگاری سوپای ئیتحادییەکان بێتەوە، لەوانە بەرەی ئامێدی بۆ بارزان، هەروەها بەرەی ڕواندوز بۆ مێرگەسۆر لەگەڵ بەرەی ئاکرێ بۆ چیای پیرس، بەڵام نەخشەی سەربازی حکومەت زیاتر جەخت دەکرێتەوە لەسەر ئەوەی کە قورسایی شەڕەکە لەمێرگەسۆر بێت[٤].

دیارە مەبەستی حکومەت لە جەختکردنەوە لە بەرەی مێرگەسۆر دەگەڕایەوە بۆ چەند هۆکارێك، لەوانە ڕاکێشانی زۆربەی هێزەکانی بارزان بۆ ئەم بەرەیە، بە مەبەستی لاوازکردنی بەرگرییەکانی بەرەی پیرس لە بەرامبەر هێزەکانی ئاکرێ، هەروەها سەرقاڵکردنی هێزەکانی بارزان لە بەرەی ئامێدی بۆ ئەوەی نەتوانن هاریکاری هێزەکانیان بکەن لە بەرەکانی دیکە[٥].

دیکە[٥].

شۆڕش بۆ ماوەی چەند مانگێك بەردەوام بوو، بەڵام شێخ عەبدولسەلام و شوێنکەوتووانی نەیانتوانی تاسەر بەرگری بکەن، بۆیە شێخ فەرمانیدا بە پەلە لە ناوچەکە بکشێنەوە و ڕوو بکەنە سنووری ئێران، پاشان هێزەکانی حکومەت و هۆزە کوردیە

(١) خليل على مراد، عبدالفتاح على البوتاني، المصدر السابق، ص ١٥.

(٢) كاوس قفطان، المصدر السابق، ص ص ٢٢ - ٢٣.

(٣) سەبارەت بەروودداو و پەرەسەندنەکانی جەنگەکە بگەڕێنەوە بۆ: پێ ڕەش، المصدر السابق، ص ص ١٢٨ ١٢٨ - ١٣١.

(٤) مەلائەیوب، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٢.

(٥) زبير بلال اسماعيل، المصدر السابق، ص ٥٧.

هاوپەیمانەکانیان لە دوای شەڕێکی دژوار توانیان لە حوزەیرانی ساڵی ١٩١٤ دەست بەسەر ناوچەی بارزان دابگرن و هەرچی دەستیان پێگەیشت لە دێهاتەکان تاڵانیان کرد و گوندی شێخیشیان وێران کرد و تەکیە ئاینییەکەشیان خاپوور کرد[1].

(١) عەبدولمونعیم غولامی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢؛ کاوس قفطان، المصدر السابق، ص ٢٣.

تەوەری سێیەم:

«سلێمان نەزیف و لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی»

ئیتیحادیەکان بە سەرپەرشتی سلێمان نەزیف کە ئەوکاتە والی مووسڵ بووە، هێرشیان کردە سەر دەڤەری بارزان بۆ دەستگیرکردنی شێخ عەبدولسەلام بارزانی پاش بەرگریەکی زۆر لە لایەن خەڵکی ناوچەکەوە ئەوە بوو بە ناچاری شێخ ناوچەکەی بە جێهێشت ڕووی کردە کوردستانی ئێران [(١)]، دوای گەیشتنی بارزانییەکان بۆ نێو خاکی ئێران، بەسەر گوندەکانی دەوروبەری ناوچەی "ورمێ" دابەش و نیشتەجێ بوون، شێخ عەبدولسەلام بووە میوانی ماڵی سەید تەهای شێخ محەمەد سەدیقی شەمزینی بۆ ماوەی پێنج مانگ لە گوندی ڕاژان کە ئەم گوندە نزیکەی سێ قۆناغ لە شاری "ورمێ" دوورە[(٢)]، بێگومان چوونی شێخ عەبدولسەلام بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خۆدزینەوە نەبووە لە گۆڕەپانی خەبات، بەڵکو زیاتر مەبەستی سیاسی و دیپلۆماسی بووە کەوای دەخواست خۆی لە کاربەدەستانی ڕووسیا نزیك بکاتەوە و داوای پاڵپشتیان لێ بکات، بە مەبەستی بەردەوامی دان بە خەبات دژبە عوسمانییەکان [(٣)].

شیاوی ئاماژە پێکردنە، شەڕی جیهانی لەسەروبەندی بەرپابوون دابوو، شێخ عەبدولسەلام بارزانی بێ ئاگا نەبوو لە ڕەوشی نێودەوڵەتی، بۆیە ویستی ئەم دەلیڤەیە بقۆزتەوە تا دۆزی کورد بە وڵاتانی گەورە بناسێنێ، هەرچەندە لەو ماوەیەدا کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، دەچێتە دیدەنی "سمایل ئاغای شکاك" لەوێشەوە لە ئابی ١٩١٤ پێکڕا چوون بۆ "تەفلیس"و چاویان بە نوێنەری تزاری ڕووسیا کەوت، [(٤)]

---

(١) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

(٢) عەبدولمونعیم غولامی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩.

(٣) ئەحمەد بالایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠.

(٤) مەنسوور شێخ ڕەئووف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠. سەبارەت بەسەردانەکەی شێخ عەبدولسەلام بارزانی بۆ تەفلیس بۆچوونی جیا بەدی دەکرێت، زۆربەی سەرچاوەکان لەسەرئەوە کۆکن کەشێخ عەبدولسەلام لەگەڵ سمایل ئاغای شکاك سەردانەکەی ئەنجام داوە، تەنها "پێ ڕەش" نەبێت کە پێی وایە سەردانەکەی تەنها ئەنجام داوە، کە زۆر بەنهێنی بوو بۆ ماوەی چل ڕۆژ دەخایەنێت و پاشان گەڕاوەتەوە. پێ ڕەش، المصدر السابق، ص ١٣٦.

سەبارەت بە ناوەرۆکی وتووێژەکانی شێخ عەبدولسەلام لەگەڵ ڕووسەکان، تا ئێستا ڕوون نییە، تەنها ئەو نەبێت کە "ف. نیکتین" دەڵێت" **دەسەڵاتدارانی ڕووسیا ئامۆژگاری شێخ عەبدولسەلام بارزانی دەکەن، لەو بارودۆخەدا لە بەرژەوندیاندا نییە دژایەتی تورك بکەن، وابا‌شترە بۆ ماوەیەك خۆی بشارێتەوە**[١].

جێی سەرنجە کە کورد بەدرێژایی مێژوو بە دەگمەن خێری لە ڕووسەکان دیوە، چونکە کورد زۆرجار پەیوەندی پێوە کردوون و داوای کۆمەك و یارمەتی لێکردوون کەچی هەڵوێستی ڕووسەکان سەرەڕای ململانێی ڕووسیا- دەوڵەتی عوسمانی هەموو جار نێگەتیڤانە بووە[٢] .

لەم هەلومەرجەدا چالاکییەکانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی وا لە دەوڵەتی عوسمانی دەکات، نیگەرانی و ڕەخنەکانیان ئاڕاستەی دەسەڵاتدارانی ڕووسیا بکەن، لە بەرامبەردا ڕووسەکان بۆ ڕواندنەوەی ئەو پەرۆشیانەی حکومەتی ئەستانە، بەڵێن دەدەن کە هیچ یارمەتی و پشتگیرییەکی شێخ عەبدولسەلام نەکەن، بەمەش ناوەستن، بەڵکو دەیگوازنەوە نەخچەوان و دەیخەنە ژێر چاودێری و پێی ڕادەگەیەنن نابێت بە هیچ شێوەیەك دژی تورك بجوڵێتەوە[٣].

حکومەتی تەزاری سیاسەتێکی جێگیری نەبووە بەرامبەر بە شێخ عەبدولسەلام بارزانی، بەڵکو پەیوەندیەکانیان لەگەڵیدا پەیوەست کردبوو بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، بۆ ئەم مەبەستەش داوایان لە شێخ کردووە بۆ ماوەی دوو تا سێ مانگ چاوەڕوان بکات، ئەگەر لە حالەتێکدا نێوانیان لەگەڵ تورکەکان بەرەو باشی بڕوات، ئەوە هەوڵ دەدەن لێبوردنێکی بۆ فەراهەم بکەن لە لایەن کاربەدەستانی عوسمانی، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر پەیوەندییەکانیان ئاڵۆز بوو، ئەوە هەموو هەوڵێك دەدەن لە ڕێگای دابینکردنی هێز و چەك بە مەبەستی گەڕاندنەوەی بۆ ناوچەکەی خۆی[٤].

شێخ عەبدولسەلام بەر لە دەستپێکردنی جەنگی جیهانی یەکەم، جارێکی دیکە داوای یارمەتی لە حکومەتی تەزاری ڕووسیا دەکات و ئاگاداریان دەکاتەوە کە وەڵامەکەی پەسند

(١) ف. نیکتین، المصدر السابق، ص ٢١ .

(٢) عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٣.

(٣) ئەفراسیاو هەورامی، کورد لە ئەرشیفی ڕووسیا و سۆڤیەت دا، پێداچوونەوە: مستەفا غەفوور، (هەولێر- دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی- ٢٠٠٦)، ل ٣٨٥.

(٤) ف. نیکتین، المصدر السابق، ص ٢١.

بکرێت یاخود نەکرێت دەگەڕێتەوە کوردستان، بەڵام پێتربۆرگ لە وەڵامی حاکمی قەفقاز دەڵێت" **دەوڵەتی ڕووسیا دژی هەر چەشنە یارمەتیدان و ڕاپەڕینێکی شێخ عەبدولسەلام بارزانییە دژ بەدەوڵەتی عوسمانی "جگە لەمەش فەرمان بە حاکمی قەفقاز دەدەن کە نابێت بوار بە گەڕانەوەی شێخ بدەن بۆ کوردستان، لە بەرامبەردا مانگانە بری "١٥٠" ڕوبلی پێ بدەن و لە تەفلیس لەژێر چاودێریتان بێت**[١].

دیارە ئەم ڕەفتارەی حکومەتی ڕووسیا بووە مایەی نیگەرانی بەشێك لە هەڵسوڕاوانی سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی تەزاری، چونکە پێیانوابوو بێ هەڵوێستی حکومەتەکەیان لە بەرامبەر شێخ عەبدولسەلام و شۆڕشەکەی دەبێتە هۆکارێك بۆ نەمانی متمانە و دەسەڵاتی ولاتەکەیان بەسەرهۆزە کوردییەکان، هەروەها ڕێگا خۆشکەریش دەبێت بۆ هۆزە کوردییەکان خۆیان بخزێنە باوەشی ئەڵمانەکان، هەر ئەمەش وایکرد "چیرکوف " یاریدەدەری کۆنسوڵی ڕووسیا لە شاری "خوی" لە سەرەتای دەرکەوتنی شۆڕشەکەی شێخ عەبدولسەلام بارزانی ناڕەزایەتی و ڕەخنە لە سیاسەتی ولاتەکەی بگرێت[٢].

سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا لەو ماوەیەدا کاری بۆ دوو مەبەستی سەرەکی دەکرد، یەکێکیان بریتی بوو لەوەی بە هەر شێوەیەك بێت پارێزگاری لە پێگەی خۆی بکات لەڕووی سەربازی و ئابووری لە ناوچەکانی ژێر قەلەمڕەوی خۆی، ئەویتریان بریتی بوو لە زامنکردنی توانا بەرگرییەکانی لە سنووورەکانی قەفقاز لە بەرامبەر عوسمانییەکان کە ئەوکات لە لایەن ئەڵمانەکانەوە هاندەدرا، کەواتە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە بۆچی ڕووسیا ئامادە نەبوو هیچ بەڵێنێك یاخود پشتگیرییەك بۆ شێخ عەبدولسەلام فەراهەم بکات، لەوانەیە زیاتر بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نەوەك ببێتە مایەی ئاڵۆزی و کێشەی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها لەسەر پەیوەندییەکانی ڕووسیا لەگەڵ ولاتە زلهێزەکان[٣].

دوا بە دوای بێ ئومێد بوونی شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە ڕووسەکان دەگەڕێتەوە کوردستان، بە مەرجێك لە "ورمێ" لەژێرچاودێری کۆنسوڵخانەی ڕووسیا بێت و بەهیچ شێوەیەك نەگەڕێتەوە شەمدینان و ڕواندز و بارزان، هەروەها جەخت کرایەوە لەسەر

(١) ئەفراسیاو هەورامی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٦.

(٢) حسین مەدەنی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٥.

(٣) زبیر بلال اسماعیل، المصدر السابق، ص ص ٦١ – ٦٢.

ئەوەی بەبێ ئاگاداری ڕووسیا هیچ هەنگاوێك نەهاوێژێت دژ بە عوسمانییەکان [١].

لە ماوەی مانەوەی زۆرە ملێ شێخ عەبدولسەلام دەچێتە گوندی "چاریە"ی نزیك سنووری نێوان تورکیا و ئێران بە مەبەستی سەردانیکردنی سمایل ئاغای شکاك، ئەو ماوە کورتەی لەوێ مایەوە زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێکرد، بە یەکەوە لەکۆبوونەوەیەکدا باسیان لە نەخشەی دواڕۆژی کورد کرد [٢]، هەروەها دوای ئەوە سەردانی ژمارەیەك سەرۆکی کوردی ناوچەکەی کرد لە نێویاندا "سلێمان خان" سەرۆك هۆزی زەرزا و نوێنەری سەید تەهای نەهری چەندین کەسایەتی دیکە[٣].

دیارە ئەوکات سمکۆی شکاك خەریکی خەبات بوو دژ بە حکومەتی قاجار لە ئێران، شێخ عەبدولسەلام پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵیدا بەست [٤]، بێگومان ئەو دیدارە یەکەم پەیوەندی ڕامیاری بوو لە نێوان بنەماڵەی بارزانییەکان و ڕێبەرە خەباتکارەکانی هاونەتەوەی خۆیان لە ئێران کە دواتر ئەم پەیوەندییانە قایمتر کرانەوە و پەرەیان پێ درا، بە جۆرێ لەکاتی کۆماری کوردستاندا بارزانییەکان و هێزە سەربازییەکانیان لە دامەزراندن و بەرگریکردن لەو کۆمارەدا ڕۆڵی بەرچاو و سەرەکییان هەبووە[٥].

عوسمانییەکان لە بەرامبەر چالاکییەکانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی ئۆقرەیان لێبڕابوو، هەربۆیە هەموو تواناکانییان خستەگەڕ تاکو شێخ دەستگیر بکەن یاخود لەناوی بەرن[٦]، بۆ ئەم مەبەستە "جەودەت بەگ" والی وان خەڵاتێکی گەورەی دیاریکرد بۆ هەرکەسێك بەزیندوویی یاخود مردوویی شێخ عەبدولسەلامیان ڕادەست بکات[٧].

دەزگا هەواڵگرییەکانی حکومەتی عوسمانی بەردەوام سۆسەی جموجۆڵەکانی شێخ عەبدولسەلام بارزانیان دەکرد، بە جۆرێك ئەگەر ناڕاستەوخۆش بێت ئاگاداری سەردانەکەی شێخ بوون بۆ تەفلیس و دیدار ئەنجامدان لەگەڵ کاربەدەستانی ڕووسیا کە دەوڵەتی عوسمانی بە مەترسیەکی گەورەی لەسەر ئاسایشی خۆی هەژمار دەکرد، چونکە لە لایەك

(١) ئەفراسیاو هەورامی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٦.

(٢) فائق ئەبوزێد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٧.

(٣) زبیر بلال اسماعیل، المصدر السابق، ص ٦٢.

(٤) بابە شێخ مەردۆخ ڕۆحانی (شیوا)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨٩.

(٥) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٢.

(٦) مەنسوور شێخ ڕەئووف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٣.

(٧) خلیل علی مراد، عبدالفتاح علی البوتاني، المصدر السابق، ص ٥٩.

نزیك بوونەوەی جەنگی جیهانی یەکەم مەترسیەکی گەورەی خستبووە سەر کۆی دام و دەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانی، لە لایەکی دیکەوە مەترسیان لە گەڕانەوەی شێخ هەبووە لەوەی کە پەیوەندی ببەستێت لەگەڵ سەرۆك هۆز و بنەماڵە کوردییەکانی باکوور لە دژی حکومەتی عوسمانی[١].

شیاوی باسکردنی شێخ عەبدولسەلام بارزانی پاش تەواوکردنی سەردانییەکانی لە گوندی چاریە بەرەو ڕاژان بە ڕێکەوت، بە هاوەڵی شەش کەس لە دڵسۆزانی ئەوانیش بریتی بوون لە "عەلی مح، عەزیز گوهار، نووری (خاڵی شێخ عەبدولسەلام)، سالح ئاکرەیی، عەزیز حاجی و ئەحمەد حاجی ئەمین ئاکرەیی"[٢]، هەرچەندە سمایل ئاغای شکاك داوا لەشێخ عەبدولسەلام دەکات کە چەند چەکدارێکی لەگەڵ ڕەوانە بکات، بەڵام ئەم پێشنیارە لە لایەن شێخ قبول نەکرا، سەرەڕای مەترسی ڕێگاکان کە نزیك بووە لەسنووری تورکیا و هەوڵەکانی هەواڵگری حکومەتی عوسمانی بۆ دەستگیرکردنی شێخ عەبدولسەلام[٣].

لەکاتی گەڕانەوەیدا دەستەیەك لە داروودەستەی "سۆفی عەبدوللا"، لەو ڕێگایەدا لە بۆسەدا بوون، هەر بەدەرکەوتنی شێخ عەبدولسەلام هاتنە سەر ڕێگاکەی بەناوی "سۆفی عەبدوللا" و داوایان لێکرد، ڕوو بکاتە گوندی"گەنگەچین[٤]" و گوندەکەیان پیرۆز بکات[٥]، هەر چەندە شێخ چەندین بیانووی بۆ هێنانەوە بۆ ئەوەی نەچێت، بەڵام پێداگری ئەو دەستەیە بە شێوەیەك بوو، "سۆفی عەبدوللا" کە یەکێك بووە لەسەرۆك هۆزێکی بچوکی شکاك، لە ڕواڵەتدا خۆی بە یەکێك لە دۆستانی شێخ دانەوە، پێی ڕاگەیاندوون ئەگەر شێخ ماڵەکەم پیرۆز نەکات ئەوە ماڵەکەم دەسوتێنم، ئەمەش شێخ عەبدولسەلامی ناچار کرد داواکانیان پەسند بکات[٦].

هەر بە گەیشتنی شێخ عەبدولسەلام و یاوەرەکانی بۆ گوندی گەنگەچین، لە لایەن سۆفی عەبدوللا پێشوازی گەرمی لێکرا و یاوەری کرد بۆ ماڵەکەی خۆی، پاشان داروودەستەکەی گەمارۆی ماڵەکەیان دا، بە مەبەستی دەستگیرکردنی شێخ و هاوەڵەکانی،

(١) ئەحمەد بالایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٥٤ – ٥٥.

(٢) مەلا ئەیوب، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٦.

(٣) پێ ڕەش، المصدر السابق، ص ١٣٨.

(٤) گوندیکە لەسەر ڕێگای ورمێ– سێرۆ لەسەر سنووری تورکیا

(٥) رشید کریم خان عقراوی، المصدر السابق، ص ٣٥.

(٦) عەلائەدین سوجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠١.

بەتایبەت دوای ئەوەی سۆفی عەبدوڵڵا بەرەو ڕووی شێخ هات و نیشانەکانی ناپاکی و دووڕوویی لەسەر دەم چاوەکانی هەڵماڵی پێی گوت " **تۆ لە یاسای ئەو حکومەتەی ئێمە ملکەچێیەتی دەکەین دەرچووی، ئێستاش بۆت نییە تەنها ئەوە نەبێت کە خۆت بە ئەمری واقع بسپێری، ئێمەش دەتدەینە دەست حکومەت**"[1].

هەرچەندە شێخ عەبدولسەلام بارزانی هەوڵەکانی چڕ کردەوە بۆ ڕازیکردنی سۆفی عەبدوڵڵا بۆ ئەوەی دەست هەڵگرێت و دووربکەوێتەوە لەو هەزرە نابەجێیانە، بەڵام هەوڵەکانی سەرکەوتوو نەبوو[2]، بۆیە هاوەڵانی شێخ هەوڵیاندا بەرگری بکەن، کە ئەنجامەکەی کوژرانی هەریەکە لە "ئەحمەد حاجی ئەمین و عەزیز گوهار" لێکەوتەوە، پاشان شێخ گەیشتە ئەو بڕوایەی کە بەرگریکردن هیچ سوودێکی نابێت، بە ناچاری دەست بەسەر دەکرێن[3].

بەم شێوەیە جارێکی تر خائینان و شڕەخۆرانی ناوخۆ لەبەر تەماح بەوپەری گەمژەیی و ساویلکەییەوە یەکێکی تر لە خزمەتگوزاران و خەباتکارە شۆڕشگێڕە ڕاستەقینەکانی ئەو گەلەیان تەسلیم بە دوژمنەکەی کرد، دیارە لەنێوان خزمەتگوزاری و خیانەتدا ڕێگای دووەمیان هەڵبژارد، هەڵبەت ئەم مەسەلەیە یەکەمین و دوایین خیانەت نەبووە کە بەکرێگیراوانی ناوخۆ بەرامبەر ئازادیخوازەکانی ئەو سەر زەمینە تووشی بوون[4].

لەو بارەیەوە هەموو سەرچاوەکان کۆکن کە شێخ عەبدولسەلام بارزانی و هاوەڵانی لە گوندی گەنگەچین دەستگیرکراون و ڕادەستی حکومەتی عوسمانی کراون، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە "مەکدول" لەو باوەڕەدایە کە سمکۆی شکاك لە پشت بەدیلگرتنی شێخ عەبدولسەلام بارزانییەوە، لە بەرامبەریشدا "جەرجیس فەتحوڵڵا" جەخت لەوە دەکاتەوە چەند جەردە و ڕێگرێك لە پیاوانی سمکۆی شکاك ئاگادارباوون بەو پارەیەی کە تەرخانکراوە لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی بۆگرتن و بە دەستەوەدانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی[5].

دەکرێت بڵێین دەستگیرکردنی شێخ عەبدولسەلام بارزانی تا ڕادەیەك پەیوەستە بە

(١) عەبدولمونعیم غولامی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١.

(٢) زبیر بلال اسماعیل، المصدر السابق، ص ٦٣؛ مەعرووف قەرەداخی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦.

(٣) صالح محمود البارزانی، المصدر السابق، ص ٣٢.

(٤) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣.

(٥) نجم سەنگاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٠؛ دیقید مکدول، المصدر السابق، ص ١٧٤؛ جرجیس فتح الله، المصدر السابق، ص ٧٤.

هۆکاره ناوخۆییەکان، بەڵام لە ڕاستیدا بابەتەکە زۆر لەوە گەورەترە کە قەبارەکەی بچووک بکرێتەوە، بەڵکو پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بەرژەوەندی و هاوکێشە سیاسییەکانی ئەو کاتەی زلهێزەکان هەبووە.

لەکۆتایدا شێخ و هاوڕێکانی برانە نزکترین بنکەی سەربازی عوسمانی، پاش دیدەنی کردن لەگەڵ فەرماندەی بنکەکە توانی ڕازی بکات بە ڕێگادان بەی هکێك لە هاوەڵانی بەناوی "عەلی مح" بە مەبەستی گواستنەوەی خانەوادەکەی لەمەرگەوەڕ، پاشان گواسترانەوە بۆ سەنتەری ویلایەتی "وان" لەوێش بۆ "دیاربەکر" ئینجا لە ڕێگەی هێزێکی پاسەوانی تووندوتۆڵ ڕەوانەی مووسڵ کران[١].

کاتێك "سلێمان نەزیف" کە ئەوکات والی مووسڵ بوو، هەواڵی گەیشتنی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی پێگەیشت، سواری گالیسکەکەی بوو بەرەو ڕێگای "باب سنجار" بە ڕێکەوت و لە شوێنێکی نزیك مەزارگەی"شێخ قەزیب ئەلبان "گالیسکەکەی ڕاگرت و هاتە خوارەوە و لەسەر لێواری ڕێگاکە دانیشت، وەك بڵێی بەپەلە بێت بۆ بینینی شێخ بە دەست بەسەرکراوی [٢].

پاش بەسەرچوونی ساتێکی کەم شێخ عەبدولسەلام بەسواری دەوارێك بوو بەدیارکەوت، چوار دەورەشی بە سەرباز دەور درابوو، پاشان "سلێمان نەزیف" هەڵساو لێی چووە پێش و پێی گوت تۆ عەبدولسەلام بارزانیت؟ شێخ وەڵامی دایەوە: ئەزم ئەوێ تو دبێژی، دیارە والی مووسڵ بەمەش نەوەستا، بەڵکو پێیگوت بۆچی سەرپێچیت لە فەرمانەکانی حکومەت کرد و نەهاتیە مووسڵ و بەم شێوەیە هاتی، ئینجا چووە سەر گالیسکەکەی و بەرەو سەرای میری گەڕایەوە[٣]، بە دوایدا سەربازەکان شێخیان برد تاکو گەیشتنە "قوڵغە سەربازییەکە" لەوێ شێخ و هاوەڵانی زیندانی کران[٤].

دواتر (سلێمان نەزیف) ئەنجوومەنێکی سەربازی پێکهێنا بۆ دادگایی کردنی ڕووکەشانە،

---

(١) پێ ڕەش، المصدر السابق، ص ١٣٩. سەبارەت بە ڕووداوی خیانەتەکەی سۆفی عەبدوڵڵا و دەستگیرکردنی شێخ عەبدولسەلام، جیاواز لە هەموو بۆچوونەکان "نیکتین" بەکەمێك گۆڕانەوە چیرۆکی دەستگیرکردنی شێخ باس دەکات. بۆ زانیاری پتر بگەڕێتەوە بۆ : بازیل نیکتین و کوردناسی، وەرگێڕان: نەجاتی عەبدوڵڵا، (سلێمانی- بنکەی ژین-٢٠٠٤)، ل ل ٦٠ -٦١.

(٢) عەبدولمونعیم غولامی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.

(٣) مەلائەیوب، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٠٣ – ٢٠٤ .

(٤) زبیر بلال اسماعیل، المصدر السابق، ص ٦٦.

که گوایه شێخی بارزان کاتی خۆی بۆته بەربەست لەبەردەم پێشڕەوی لەشکری شەشەمی عوسمانییەکان که ویستوویانه بچن بۆجەنگی ڕووسیا[١]، بۆیه لە ئێوارەی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٤ز بڕیاریدا شێخ و یاوەرەکانی له سێدارە بدرێن، بەبێ گەڕانەوە بۆ فەرمانی باب عالی[٢].

هەرچەندە له دەوڵەتی عوسمانیدا جێبەجێ کردنی فەرمانی لە سێدارەدان دەبێت بە ئاگاداری فەرمانی سوڵتان بێت، بەڵام والی مووسڵ گوێڕایەلی ئەم ڕێورەسمە کارگێڕیانەی سەرووی خۆی نەبوو، پێدەچێت ترسی لەوە بووبێت لەبەر نزیکبوونەوەی جەنگی جیهانی یەکەم سوڵتانی عوسمانی لەشێخی بارزان و یاوەرەکانی خۆشبێت[٣].

لەوبارەیەوە"زوبێر بیلال" جەخت دەکاتەوە لە وتەکانی "ڕەشاد موفتی"کە لە کەسە بەتەمەنەکانی خانەوادەکەی گوێی لێ بووە و دەڵێت" **بەر لە جێبەجێکردنی بڕیاری لەسێدارەدانی شێخ و یاوەرەکانی بەچەند کاتژمێرێك یاخود ڕۆژێك بروسکەیەکی بابی عالی گەیشتە موسڵ بە مەبەستی دواخستی بڕیاری لە سێدارەدانەکە، بەڵام سلێمان نەزیف دەیزانی بروسکەکە تایبەتە بەکێشەی شێخی بارزان و یاوەرەکانی بۆیە ئامادەنەبوو بیکاتەوە، تا کارەکەی جێبەجێ کرد**"[٤].

هەر بۆ ئەم مەبەستە فەرمانیدا بە هەندێك لە جەندەرمەکان تەقە بکەن وەك ئاگادارییەك بۆ له سێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام لەو شەوەدا بە مەبەستی هاتنە دەرەوەی خەڵك بۆ بینینی ئەم دیمەنە جەرگبڕ و دڵتەزێنە[٥]، کەچی "دەمەلوجی" هۆکاری دروستکردنی ئەو پەشێوییە دەخاتە ئەستۆی والی مووسڵ، بۆ ئەوەی وانیشان بدات کە لایەنگرانی شێخی بارزان هاتوونەتە شاری مووسڵ بۆ ڕزگارکردنی شێخ و یاوەرانی، هەروەها

(١) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٠.

(٢) عەدالەت عومەر ساڵح، بارزانییەکان لە ڕاگواستنەوە تاکو جینۆساید بە پێی بەڵگەنامە فەرمی و مێژوویەکان، کۆنفراسی جینۆساید لەناسنامەوە بۆ پڕۆژە، (چەمچەماڵ-٢٠١٦)، ل ٦. بۆئەم مەبەستە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی بڵاونەکراوە جەخت لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام و یاوەرەکانی دەکات، بۆ بینینی بەڵگەنامەکە بگەڕێوە بۆ پاشکۆی ژمارە(١).

(٣) ئەحمەد بالایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦.

(٤) زبیر بلال اسماعیل، المصدر السابق، ص٧٠.

(٥) عەبدولمونعیم غولامی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.

بەرپاکردنی شۆڕش کە مەترسی دەخاتە سەر شاری مووسڵ[١]. پێدەچێت ئەم کارەی بۆ پەردە پۆشکردنی نییەتە شاراوەکانی بەرامبەر بە شێخی بارزان و ڕازیکردنی ڕای گشتی عوسمانی لەکارە ترسنۆك وقێزەوەنەکەی بێت.

سلێمان نەزیف لەزیندان بە شێخی بارزان دەڵێت "**حکومەت دەسەڵاتدارە هەر زیانێکی پێ بکەوێت دەتوانێت دە هێندە تۆڵە بسێنێت، بەڵام هەر زیانێك بە تۆ بکەوێت بەهیچ قەرەبوو نابێتەوە و چاری حکومەتیش بەتۆ ناکرێت "شێخ عەبدولسەلام بارزانی لەوەڵامدا دەڵێت"من لەپێناو ئازادی گەلی کورد هەموو ئازارێك دەچێژم، بۆچی مافی کورد نادەن ؟**"[٢].

شێخ عەبدولسەلام بەر لەوەی بچێتە بەر تەنافی لە سێدارەدان دەست نوێژێکی شۆرد و هەندێ قورئانی خوێند، پاشان بەرەو پەتی قەنارەکە ڕۆیشت و گوتی"**مردنی من بەم شێوەیە لە بەژەوەندی دەوڵەتدا نییە**[٣]"، پاشان هەرسێ یاوەرەکەشی لە سێدارەدران کە ئەوانیش"محەمەد ئاغای هێشتەیی کە لەتەمەنی پیریدا بوو، هەروەها"عەبدی ئاغای مزووری کە تەمەنی لەدەوروبەری چل ساڵیدا بووە، لەگەڵ "عەلی کوڕی محەمەد ئەمین ئاغای مزووری" خەڵکی گوندی باسێڤا و گەنجێکی تازەپێگەیشتوو بوو[٤].

"عەلی کوڕی مەحەمەد ئەمین ئاغا مزووری" کاتێك سەرکەوتە سەر کورسی سێدارەکە وتە بەناوبانگەکەی وت" **مردن بۆ ئەو حکومەتە با باش بزانن کە بارزانییەکان کۆتایان نایەت بە لە سێدارەدانی ئێمە، بارزانییەکان نامرن**"، ڕاستی وت گەلی کورد هەرماوە و بارزانییەکانیش بەرەو دواڕۆژێکی گەش و خەباتی خۆیان بەردەوام کرد[٥]".

والی موسڵ لە دوای لە سێدارەدانی شێخی بارزان و یاوەرەکانی هەستی دوژمنکارانەی خۆی بەرامبەر شێخ نەشاردەوە، بەڵگەش لەسەر ئەوە، هەڵسا بە بڵاوکردنەوەی ئەو وێنەیەی کە لەگەڵ شێخ و یاوەرەکانی لەکاتی هەڵواسینیان وەرگیرا بوو، لە ڕێگای دانانی ئەم وێنەیە

(١) صديق الدملوجي، المصدر السابق، ص ١٠٤.

(٢) عەدالەت عومەر ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦.

(٣) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٠.

(٤) عەبدولمونعیم غولامی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٥٤ - ٥٥.

(٥) احمد عثمان ابوبكر، الاثار....، ص ص ١٣٢-١٣٣.

لەسەر کارت و بڵاوکردنەوەی لەنێوان بارزانییەکان[١].

دیارە ئەو کارەی والی مووسڵ کاریگەری نەرێنی لەسەر هەڵوێستی کورد بەرامبەر بە ئیتیحادییەکان لە جەنگی جیهانی یەکەم بەجێ هێشت، بەتایبەتی ئەو کاتەی بەریتانییەکان دەستیان بەسەر شاری بەسرە داگرت، کوردەکان ڕەتیانکردەوە ڕووبکەنە بەرەی جەنگ لە باشووری عێراق دژ بە سوپای بەریتانیا، بۆ ئەم مەبەستە "جاوید پاشا" والی بەغدا(١٩١٤ – ١٩١٥) لەیاداشتنامەکەی خۆی دەڵێت "**داوام لەوالی مووسڵ کرد، ژمارەیەك لە خۆبەخشە کوردەکان ڕەوانە بکات، هەرچەندە توانی حەوت سەد چەکدار کۆبکاتەوە لەقەزای دهۆك، بەڵام کاتێك زانییان لەگەڵ بەریتانییەکان دەجەنگن، ڕەتیانکردەوە بچن بۆ باشوور و پێیانوابوو بەریتانییەکان کەسانی چاکن و دەتوانن بەئاشتی لەگەڵیاندا بژین**[٢].

پاش لە سێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام و یاوەرەکانی لە یەکی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٤ پاشان لەگۆڕستانی بەرامبەر مزگەوتی (عومەر ئەلمەولا) کە ئێستا بەگۆڕستانی (ئەلبوبەدران) دەناسرێ نێژران، بارزانییە دەستبەسەر کراوەکانی تریش خرابوونە نێو بەندینخانەوە، ژمارەیەکی زۆریشیان هەرلە نێو بەندینخانەکەدا کۆچی دواییان کرد[٣].

دەسەڵاتی عوسمانیش بۆ ڕێزگرتن لەو خزمەتەی"سلێمان نەزیف" مەدالیایی لیاقا زێڕی کردە خەڵات[٤]، کەچی پەنگخواردنەوە و ڕق وکینەی بارزانییەکانی فەرامۆشکردبوو، بۆیە لەوبارەیەوە "دەمەلوجی"تیشك دەخاتە سەر هەڵوێستی بارزانییەکان و دەڵێت (**بە هەموو دڵنیاییەوە دەڵێم لە سێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام هۆکاری یاخیبوون و گوێڕایەل نەبوونی**

(١) خليل على مراد، عبدالفتاح على البوتاني، المصدر السابق، ص ٦٠. هەر لەو کاتەدا "سلیمان نەزیف" دەستی کرد بە دەستگیرکردنی هەریەکە لە شێخ بەهائەدین بامەڕنی و شێخ نوور محەمەدی گەورە (بریفکانی) بەتۆمەتی بەرزکردنەوەی یاداشتەکە بۆ باب عالی و هاوکاریکردنی شێخ عەبدولسەلام بارزانی، هێنانیان بۆ شاری مووسڵ، سەبارەت بە شێخ محەمەد نوور بریفکانی خرایە زیندانی خنکاندنەوە، بەڵام بەهۆی نەخۆشی پاش پێنج ڕۆژ بردرایە نەخۆشخانە و زۆری پێ نەچوو لەوێدا مرد، دواتر ڕێگای نەدا کەسوکارەکەی تەرمەکەی ببنەوە، بۆیە هەر لەشاری مووسڵ نێژرا، هەرچی شێخ بەهائەدین بامەڕنی بوو، لەلایەن والی مووسڵ ڕێگای پێدرا بگەڕێتەوە شوێنی خۆی. عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥١.

(٢) ابراهيم خليل احمد، المصدر السابق، ص ١٩١.

(٣) عەبدولمونعیم غولامی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.

(٤) ئەحمەد بالایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

بەردەوامی بارزانییەکانە لە دەوڵەتی عوسمانی و تاساڵانێکی زۆریش لەبیری ناکەن)[1].

دوا بە دوای لە سێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و یاوەرەکانی لەسەر فەرمانی والی مووسڵ تەرمەکانیان ڕادەستی کەس و کارەکانیان نەکرایەوە، لەو بارەیەوە چەندین بۆچوون هەیە دەربارەی ئەوەی لەکوێ بەخاك سپاردراون، هەندێك دەڵێن "لەگۆڕستانی "الغرباء المتقطعين" بەخاك سپاردراون، لە بەرامبەریشدا بۆچونێکی تر هەیە کە جەخت لەوە دەکاتەوە شوێنی بەخاك سپاردنیان نادیارە، بەم جۆرە ئەگەر مەزارەکەی شێخی بارزان دیاریش نەبێت، بەڵام خەباتەکەی لە ناو دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆزو و کوردپەروەر ماوەتەوە و یادی ئەم شێخە مەزنە تەنها ڕووڕەشی و شەرمەزاری بۆ پیاوێکی ترسنۆکی وەك "سلێمان نەزیف" هێشتەوە، کەناوبراو نەك بەزیندوویی لێی دەترسا، بەڵکو وا دەردەکەوێت پاش لەسێدارەدانیشی هەر لێی ترساوە[2].

دەکرێت بڵێین شێخ عەبدولسەلام ئاسۆیەکی ڕوون بوو بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، بە شێوەیەك وەك داینەمۆی بیری ئازادی لە کۆمەڵگەی کوردی لەم قۆناغە هەستیارە دەردەکەوێت، بوو بە قوتابخانەیەك بۆ بنیادنانی کەسایەتی کوردی شۆڕشگێڕ، ئەزموونەکانی دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە چەندین کەسایەتی دیار قوتابی ڕێبازەکەی ئەون وەك شێخ ئەحمەدی بارزانی و مەلا مستەفای بارزانی کە ئاڵای خەباتییان هەڵگرت لە شۆڕشە یەك لە دوا یەکەکانی کوردستانی باشوور بە مەبەستی بەدیهێنانی خەونی سەربەخۆیی کوردستان.

(١) صديق الدملوجي، المصدر السابق، ص ص ٩٩ - ١٠٠.

(٢) مەلائەیوب، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٩.

بەشی چوارەم

شۆڕشی یەکەمی بارزان

۱۹۳۱ - ۱۹۳۲

تەوەری یەکەم:

«ڕەوشی سیاسی باشووری کوردستان پێش شۆڕشی یەکەمی بارزان»

دۆزی کورد لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨)، وەك دۆزێکی گرنگی ڕۆژهەڵات دادەنرێت، هەروەها وەك کێشەیەکی گەورە کە ململانێ و گفتوگۆی زۆری لەسەر بوو لەسەر هەردوو ئاستی هەرێمی و نەتەوەیی[١]، هەرچەندە لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی کوردستانی عوسمانی هیچ ڕێگەیەکی تری لەبەردەمدا نەبوو، تەنها ئەوەی بەتەك سوپای عوسمانییەوە بچنە ناو جەنگەوە، تەنانەت لە کوردستانی ئێران کە ئەو وڵاتە بێلایەنی خۆشی لەجەنگدا نیشاندابوو، بەڵام چەندین لافیتە لە سابڵاغ هەڵواسرابوون کە داوایان لە موسڵمانان دەکرد کە بەشداری لە جیهاد بکەن[٢].

حکومەتی بەریتانیا لە کۆتایی ساڵی ١٩١٤دا بۆی ڕوون بووبەوە کەوا دەوڵەتی عوسمانی هاوپەیمانی لاساییکەرەوەی بەریتانیا بەنیازە لەپاڵ هێزەکانی میحوەرەوە بێتە ناو جەنگ و خەریکی جموجۆڵە لە ناوچەی سەرووی کەنداودا، هەر ئەوکاتە بەریتانیا بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ستراتیژی و هێڵەکانی هاتووچۆکردنی و کێڵگە نەوتییەکانی لە ناوچەی سەرووی کەنداودا بڕیاری داگیرکردنی ناوچەی بەسرەی دا[٣].

لەسەرەتای ساڵی ١٩١٧ پاش سێ ساڵ جەنگ و وێرانکاری، سوپای عوسمانی کۆنترۆڵی شەڕی لەدەستدا و لەشکری ڕووس و بەریتانیا بەرەو ئێران و عێراق هەڵشکان، یەکەمیان تاوەکو ئەسفەهان و شارە کوردییەکانی ڕواندز و خانەقین و دووەمیشیان ناوچەکانی باشووری داگیرکرد و دواتر لە ١١ی ئاداری ١٩١٧ بەریتانییەکان بە سەرکردایەتی سێر ستانلی مۆد شاری بەغدا داگیر دەکات[٤].

---

(١) صالح البياتی، الشيخ محمود الحفيد البرزنجی، (السليمانية- مطبعة شفان-٢٠٠٧)، ص ١٧.

(٢) کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی.....، ل ٨.

(٣) فیبی مار، مێژووی نوێی عێراق، وەرگێڕان: حەمە شەریف حەمە غەریب، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات-٢٠١٠)، ل ٣٧.

(٤) کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی.....، ل ٩.

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی لە٣٠ی ئابی ١٩١٨ بەپێی ڕێککەوتنامەی مۆدرۆس، هاوپەیمانەکان لە بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان و یابان بەسەر وڵاتانی مەرکەزی (نەمسا و مەجەر و دەوڵەتی عوسمان و ئەڵمانیا)، بەریتانیا دەتوانێ بەشێك لە ویلایەتی مووسڵ و ویلایەتی بەغدا و ویلایەتی بەسرا داگیر بکات وێڕای گرتنی بەشێك لەناوچەکانی ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمان کە دۆڕاوی جەنگ بوو و شکستیهێنا، کوردەکان پەیوەندی باشیان لەگەڵ بەریتانییەکان هەبوو تاوەکو کۆتایی هاتنی جەنگ لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩١٨هێزەکانی بەریتانیا گەیشتنە ناوچەی کفری لە باشووری شاری کەرکووك و لەوانەی کە پەیوەندییان بە بەریتانییەکان کرد، مستەفا باجەلان لە شاری خانەقین و شێخ مەحموودی حەفید لە سلێمانی و ئەو کوردانەی کە لە کەرکووك نیشتەجێ بوون، هەروەها کوردە ئێزدییەکان لە شنگال لە ١٩١٨[١].

لە ٧ی ئایاری ١٩١٨ هێزەکانی بەریتانیا لەکاتی جەنگدا شاری کەرکووکیان داگیرکرد دەتوانین بڵێین ئەو ڕووداوە یەکەم بەیەك گەیشتنی کارابوو لەنێوان هێزەکانی بەریتانیا و ناوچە کوردنشینەکان[٢]، لە دوای ئاگربەستی مۆدرۆس لە ٣٠ ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨ چاوەڕێی تەنهایەکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێ، سەبارەت بە گەلانی غەیرە تورك کە ئەمەش لەخۆڕا نەبوو، بەڵکو پەیوەست بوو بە حوکمی ئیتحادییەکان لە ناوچەکەدا، سەبارەت بە کوردەکان، بەریتانیا بەرلەوەی حکومەتی عێراقی هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا دابمەزرێنێ حوکمدارێکی لە ناوچەی سلێمانی دامەزراند[٣].

شایەنی باسە ڕەفتاری نا مرۆڤانەی تورکەکان بەگشتی بەرامبەر بە عەشیرەتە کوردییەکان، وایکرد شێخ مەحموود ئەمە پەسند بکات و پەیوەندیان پێوە بکات[٤]، ناوبراو

(١) سروة أسعد صابر، كوردستان الجنوبية ١٩٢٦- ١٩٣٩، ط١، (السليمانية- مطبعة حمدى- ٢٠٠٦)، ص ١٧.

(٢) ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کێشەی کورد لەسەردەمی ئاشتی و دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، (دهۆك- چاپخانەی خانی- ٢٠١٢)، ل ١١.

(٣) سەلام ناوخۆش، شێخ مەحموود و سێ ئەفسەرەکەی داگیرکەران، چ١، (هەولێر- چاپخانەی منارە- ٢٠١٠)، ل ٤٥.

(٤) ئیمان ئیبراهیم ساڵح، شێخمەحموود و هەڵوێستی نێودەوڵەتی لەبەرامبەر شۆڕشەکانی لەنێوان ساڵانی (١٩١٨-١٩٢٧)، گۆڤاری مێژوو، ژمارە (٢٠)، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات - ٢٠١٣)، ل ٦١.

نامەیەکی بۆ (ولسن)[۱] نارد و داوای کرد کە بەیارمەتی ئەوان حوکمێکی خۆیی لە سلێمانی دامەزرێنێ[۲]، شێخ لە نامەکەیدا وێڕای پیرۆزبایی لە سەرکەوتنی ئینگلیز، ئاماژە بەوە دەکات کە کورد هیچ سودێکی لە عوسمانییەکان وەرنەگرتووە و داوا لە ئینگلیزەکان دەکات دان بە مافەکانی کورد دابنێن و ئازادی و سەربەستی لە کوردستان بڵاوبکەنەوە و ڕێگە نەدەن جارێکی دیکە تورکەکان بگەڕێنەوە کوردستان[۳].

دیارە ئەو نامەیە بە دەستی (عەبدوڵڵا سافی) ڕەوانە دەکات بۆ ئینگلیزەکان، بەڵام ناوبراو یەکسەر نامەکە دەداتە دەست (خلیل پاشا)ی فەرماندەی عوسمانییەکان لە عێراق[٤]، تورکەکان لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی شێخ مەحموود کەوتنە تۆڵەسەندنەوە و شێخیان دەستگیر کرد[٥]، دوای دادگایکردن فەرمانی لە سێدارەدانیان بۆ دەرکرد، بەڵام لە ترسی ڕاپەڕینی کورد لایەنگرەکانی شێخ و بە نیازی ئەوەی لەکاتی پێویستدا بۆ بەرژەوەندی خۆیان کەڵکی لێوەربگرن لە بەرامبەر ئینگلیز، ناچار بوون لە بڕیارەکەی خۆیان پاشەگەز ببنەوە و بە خەڵات و پارە و ڕێزێکی زۆرەوە لە تشرینی دووەمی ۱۹۱۸ گەیاندیانەوە سلێمانی، جگە لەمەش (شێخ مەحموود)یان بە سەرکردەی مەدەنی ناوچەکە دامەزراند و نازناوی (نەقیب)یشیان پێ بەخشی، ئیتر لەوکاتەوە بوو بە شێخ مەحموودی نەقیب[٦].

تورکیا لەوکاتەدا دەیویست شێخ مەحموود زویر نەکاتەوە، بۆیە کاتێ کە بەیاننامەی شەڕ وەستان (مۆدرۆس) بڵاوکرایەوە لە ۳۰ تشرینی دووەمی ساڵی ۱۹۱۸ عەلی ئیحسان پاشای سەرلەشکری بەناوبانگی عوسمانی لە مووسڵەوە تەلگرافێکی بۆ شێخ مەحموود نارد

---

(۱) " ولسن "حاکمی گشتی بەریتانیا بوو لەعێراق بۆ کاروباری سیاسی و مەدەنی، ناوبراو حەزێکی زۆر گەورەی هەبوو بۆ داگیرکردنی عێراق و کوردستان بۆئەوەی ببنە داگیرگەی بەریتانیا". هەمان سەرچاوە، ل ۸۹.

(۲) جەمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی۱۲، (هەولێر- چاپخانەی ئاراس- ۲۰۱۲)، ل ۲۰۷.

(۳) جەعفەر عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ۱۹۹.

(٤) ولید حمدی، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا، وەرگێڕان: موحەمەد نوری تۆفیق، (سلێمانی- ۱۹۹۹)، ل ۳۵.

(٥) و. همدی، کردستان و کرد در اسناد محرمانه بریتانیا، ترجمه: بهزاد خوشحالی، (همدان– انتشارات نور علم– ۱۳۵۱هـ.ش)، ص ۲۰ .

(٦) ئەحمەد تەقی، خەباتی گەلی کورد لەیادداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا، ڕێکخستن و ئامادەکردنی: جەلال تەقی، (سلێمانی- چاپخانەی ڕەنج-۲۰۱۱)، ل ۱۹؛ م. ر. هاوار، شێخ مەحموودی.... ، بەرگی یەکەم، ل ل ۳٥٤ -۳٥٥.

که بەناوی حکومەتی عوسمانییەوە حوکمداری سلێمانی بکات[١]، ئەوە بوو شێخ بە ناوی حکومەتی عوسمانییەوە بوو بە موتەسەریف و حوکمی گرتە دەست و ویستی سود لەکات وەربگرێت، دووبارە نامەیەکی بۆ ئینگلیزەکان نارد و داوای لێکردن بەچەند مەرجێك بێنە سلێمانی[٢] .

لە وەڵامی ئەو دەستپێشخەریەی شێخ مەحموود لە کانونی یەکەمی ١٩١٨ ولسن حاکمی گشتی ئینگلیز لە بەغدا (مێجەر نوئێل)[٣]ی وەکو نوێنەری خۆی ناردە سلێمانی[٤]، نوئێل لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ بە ناوی ئینگلیزەوە لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی بەردەرکی سەرادا شێخ مەحموودی بە فەرمانڕەوای سلێمانی و تیرە کوردییەکانی ناوچەی نێوان زێی گەورەو ڕووباری سیروان ناساند[٥].

شێخ مەحموود هەر لەیەکەم ڕۆژی دەست بەکاربوونییەوە لە هەوڵی بنیات نانی کیانێکی سەربەخۆدا بوو، بەڵام بارودۆخ وانەبوو، لەبەر ئەوەی بەریتانیا شێخ مەحموودی بۆ ئەوە دەویست کە حکومەتی تورکیای پێ بترسێنێ کە هێشتا هێزەکانی لە مەڵبەندی مووسڵ دامابوون، هەروەها کاربەدەستانی عەرەبی عێراقیشی پێ بترسێنێ بۆ ئەوەی لە قسەی بەریتانیا دەرنەچن [٦].

---

(١) ملا خالید فریزی، پوختەی مێژووی کورد، (بێ شوێنی چاپ- ٢٠٠٣)، ل ٩٨.

(٢) عوسمان عەلی، کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیدا، وەرگێڕان: کامەران جەمال بابان زادە، (هەولێر- خانەی موکریانی بۆچاپ و بڵاوکردنەوە-٢٠١٣)، ل ١٥٤.

(٣) مێجەر نوئێل: ئەفسەرێکی چالاکی بەریتانی بوو، شارەزای خاکی کوردستان بوو و فارسی بەباشی دەزانی، لەسەرەتادا لەناو خێلی بەختیاری کاری دەکرد لە ساڵەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی نوئێل توانی بچێتە ناو کۆمەڵگەی کوردەوە و پەیوەندی پتەو لەگەڵ سەرۆك خێل و کار بەدەستانی کوردستاندا ببەستێت و کوردیەکی پوخت فێر ببوو، لەناوەڕاستی تشرینی دووەمی ١٩١٨وەکو حاکمی سیاسی لەکەرکووك دامەزرا، دواتر وەك ڕاوێژکار لەگەڵ شێخ مەحموود کاری کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مێجەر نوئێل، یادداشتەکانی مێجەر نوئێل لەکوردستان، وەرگێڕان: حسێن ئەحمەد جاف، حسێن عوسمان نیرکسە جاری، (بەغدا- ١٩٨٤)، ل ٧٨ ؛ سەلام ناوخۆش، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢.

(٤) المس بیل، فصول من تاریخ العراق القریب، ترجمة: جعفرالخیاط، (بیروت- ١٩٧١)، ص ٢٠٨.

(٥) سدیق صالح، بەڵگەنامەیەکی دووەم حکومەتی کوردستانی باشوور، گۆڤاری هەزار مێرد، ژمارە(٦)، (سلێمانی-١٩٩٨)، ل ١٢٠.

(٦) هیوا عەزیز سەعید، ناسیۆنالیزمی کوردی ١٨٨٠-١٩٣٩، (سلێمانی- ٢٠٠٣)، ل ١٠٢؛ عەبدولڕەحمان قاسملوو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢.

لە ڕاستیدا چەند هۆکارێکی تریش هەبوون وایکرد کەوا پەیوەندی شێخ لەگەڵ ئینگلیزەکان تێکبچێت لەوانەش: شێخ کەوتە ژێر کاریگەری ئەو سەرکردە تورکەی کە لەناوچەکەدا هەبوو بە ناوی (علی ئیحسان پاشا) کە لایەنگری خۆی بۆ شێخ دەربڕی لە لایەکی تریشەوە شێخ مەحموود داوای لە ئینگلیز کرد وشەی حوکمداری بۆ شیبکەنەوە و سنووری دەسەڵاتەکەی بۆدیاری بکەن، بەڵام ئینگلیزەکان ئەمانەیان نەکرد[١] .

لە دەرئەنجامی ئەمەدا ئینگلیز"مێجەر نوئێل"ی گۆڕی تاڕادەیەك لەگەڵ شێخدا نەرم بوو، (مێجەرسۆن)[٢] شوێنی گرتەوە و بوو بەڕاوێژکاری سیاسی شێخ مەحموود لە سلێمانی[٣]، سۆن کەسێکی کەللەڕەق بوو ڕق و کینەیەکی زۆریشی بەرامبەر بە شێخ مەحموود هەبوو، هەرلە سەرەتاوە کەوتە پلانگێڕان دژی شێخ و دەسەڵاتەکەی [٤].

قۆناغی ١٩١٨- ١٩٢٠ کە بە قۆناغی ئاشتی دادەنرێت لە کوردستان بەڵام بەهۆی نارازی بوونی ئەفسەرانی ئینگلیز بە دەسەڵاتی عەشائیری ئاکامی ئەوەی لێکەوتەوە کە کوردستان لە قۆناغی ئاشتیش لەئاشتیدا نەبێ و لێرەو لەوێ ڕاپەڕین بەرپا بێ[٥].

سەرەتاکانی ڕاپەڕین دژی دەسەڵاتدارانی بەریتانی لە کوردستان لە ناوچەکانی بادینان دەستیپێکرد، دوای ئەوەی کە هۆزی (گۆیان) لە زاخۆ دژی بەریتانییەکان ڕاپەڕین و لە شارەکە دەریانکردن کە بووە هۆی ڕێخۆشکردن و هاندان بۆ ناوچەکانی تر و لە لایەن کۆمەڵە چەکدارێك بە هاندانی سەرۆك عەشیرەتێك بەناوی (حەسۆ دینۆ)، توانیان (بیرسن) جێگری حاکمی سیاسی لەشارەکە بکوژن[٦]، لەو سەردەمەدا کوردەکان لە ناوچەکانی

(١) جعفر علی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٣.

(٢) مێجەر سۆن: کەسایەتیەکی سیاسی ئینگلیز بوو، زمانی کوردی و فارسی باش زانیوە، پێش جەنگی یەکەمی جیهان بە ناوی (میرزا غولام حسین) لە هەڵەبجە و سلێمانی ماوەیەك ژیاوە، لە دوای لابردنی مێجەرنوئێل دەبێتە حاکمی سیاسی، دوژمنی سەرسەختی شێخ مەحموود بووە. ئیمان ئیبراهیم صالح، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١ .

(٣) ئومێد حەمەئەمین، شێخ مەحموودی حەفید ١٩٢٢-١٩٢٥، (سلێمانی- چاپخانەی چوارچرا- ٢٠٠٨)، ل ٢٨.

(٤) مارتن فان برونەسن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٦.

(٥) سەلام ناوخۆش، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.

(٦) مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩١٤-١٩٣٠، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات-٢٠٠٨)، ٢٠٠٨)، ل ل٩٦-٩٧.

سلێمانی بە سەرکردایەتی (شێخ مەحموود) بەرهەڵستکاری داگیرکەرانیان دەکرد، هەروەها کوردەکان لە ناوچەکانی بادینان سەرقاڵی لێدانی دوژمنی داگیرکەربوون [١].

دوای ڕاگەیاندنی ڕژێمی "ئینتداب[٢]" بەسەر عێراق لە کۆنگرەی سان ڕێمۆ لە ٣ ی ئازاری ١٩٢٠، بەپێی بریاری کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ٢٥ی نیسانی ١٩٢٠ عێراق کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئینتدابی بەریتانیا[٣]، ئەمەش هۆکاری سەرەکی شۆڕشی نیشتمانی لە عێراق بوو دژی بەریتانیا کە لە پێنجی حوزەیرانی ١٩٢٠ دەستی پێکرد هەرچەندە چەندین جووڵانەوەی تر پێش ئەم شۆڕشە دەستی پێکرد و دژی بەریتانیا وەك لە (نەجەف، کەربەلا، حیلە، سلێمانی و ناوچەی تری کورد) و چەندین چالاکی سیاسی لە بەغدا ڕوویدا بۆ کۆتایی هێنان بە ئینتداب، لەم ڕووەوە شۆڕشی ١٩٢٠ دەستی پێکرد و خەڵکێکی زۆر بەشداری ئەو شۆڕشەیان کرد لە سەرۆك هۆز و پیاوانی ئایینی خەڵکی دیکەی عێراق و نزیکەی چەند مانگێکی خایاند[٤].

لەکاتی شۆڕشی ١٩٢٠ لە عێراق، بارودۆخ لە ناوچەکانی بادینان زۆر ئاڵۆزبوو بەتایبەت بارودۆخی ئاکرێ کە سەرجەم سەرچاوە بەریتانییەکان ئاماژەیان بە ئاڵۆزی بارودۆخی ناوچەی بادینان لەو ماوەیەدا دەکرد [٥].

دوای ئەو ڕووداوە هۆزەکانی (سندی، گولی، سورچی، سلێڤانی، قشووری و زێباری) دەستیان بە جموجۆڵکرد دژ بە بەریتانییەکان و ناچاریان کردن کە شوێنەکانیان جێ بهێڵن، لە شارەکانی تر خۆیان قایم بکەن بەرامبەر هەر ڕووبەڕبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ و

(١) محەمەدسالح عەقراوی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٩.

(٢) لەبەندی "٢٢"ی پەیمانی کۆمەڵەی نەتەوەکان باس لەسیستەمی ماندێت کراوە، کە بریتییە لەشێوازێکی شاراوەی داگیرکاری، بەواتای گەلێك بخرێتە ژێر سەرپەرشتی گەلێکی دیکەوە، سەرچاوەی ئەم جۆرە سیستەمە دەگەڕێتەوە بۆ کۆنگرەی ئاشتی لەپاریس کە بڕیاریدا جێبەجێ بکرێت لەسەرئەوگەڵانەی کەپێشتر لەژێر ڕکێفی ئیمپراتۆری عوسمانی و ئەڵمانی بوون، بەبیانووی ئەوەی کەئەم گەڵانە نەگەیشتوونەتە ئاستی وریایی سیاسی، بۆیە پێویستیان بەیارمەتی و ڕاوێژی دەولەتە گەورە پێشکەوتووەکانە تاکو بگەنە سەربەستی و ئازادی تەواو. خلیل علی مراد واخرون، دراسات في تاریخ الاوروبي الحدیث والمعاصر، (موصل- دارالکتب- ١٩٨٩)، ص ٢٧٢.

(٣) عبدالوهاب حمید رشید، العراق المعاصر، (دمشق- دار المدی للثقافة والنشر- ٢٠٠٢)، ص ٧٣.

(٤) عزیز الحاج، القضیة الکردیة في العشیرینات، ط٢، (بغداد- مطبعة الانتصار- ١٩٨٥)، ص ٣٤.

(٥) خلیل مصطفی عثمان، کوردستان الجنوبیة/العراق في سنوات الاحتلال والانتداب البریطانی ١٩١٨-١٩٣٢، ١٩٣٢، رساله ماجستیر، قمت لکلیة اداب، (جامعة دهوك-٢٠٠٥)، ص ٥٩.

شۆڕشگێڕەکان لە شاری ئامێدی کاپتن (ویلی) و مولازم (ماکدۆنالد)یان کوشت دەستیان بەسەر شارەکەدا گرت[١].

لە لایەکی دیکەوە سەبارەت بە سەرەتاکانی ڕووبەڕبوونەوە لەنێوان خەڵکی هەولێر و بەریتانییەکان لەچوارچێوەی ناڕەزای دەربڕین لە داگیرکردنی شارەکە و کۆڕ و کۆبوونەوەکان بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی دژی تێپەڕی نەدەکرد، دەکرێت قۆناغێکی هێمنانە و نەهێنی بێت، بەڵام بەو شێوازەش بەردەوام نەبوو، بەڵکو لە سەرەتاکانی ئابی ١٩٢٠ گەیشتە ڕادەی ئاشکرابوون و هەوڵدان بۆ دەرکردنی ئینگلیز لە شارەکە، سەبارەت بەهۆکارەکانی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە و سەرەڕای بیرۆکەی بەرگری لە شارەکە هەندێك پەیوەست بوو بە هەڵسوکەوتی بەریتانییەکان لە هەولێر و ناڕازی بوون لێیان، لە لایەکی تریش هاوکات بوو لەگەڵ ئەم پەشێوییەی کە ناوچەکانی تری کوردستانی گرتەوە و شۆڕشی دژی بەریتانییەکان لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دەستی پێکرد، کە ئەمەش بەهۆی ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە بوو کە گەلی کورد لە کوردستان لەژێر سایەی بەریتانیا و بەڵێنەکانی تێیدا دەژیان[٢]

سەبارەت بە هەوڵە کردارییەکانیش لەڕۆژی ١٢ی ئابی ١٩٢٠ کاتێك کاپتن (هی) لە ڕێگای گەڕانەوەی لە ڕواندز بەرەو هەولێر دێت لە بۆسەیەکدا لە ناوچەی گەلی عەلی بەگ دەدرێتە بەردەستڕێژی گوللە و بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر ڕزگاری دەبێت لە مردن، ئەوانەی لەگەڵ کاپتن (هی) بوون لەکاتێکدا کە هێرشەکەی کراوەتە سەر (مستەفا ئاغا و عەلی ئەفەندی کوێخا عەبدوڵڵا و مەجید و کانەبی) بوونە، پێش گەڕانەوەی پەیوەندی بەپیاوەکانی لە هەولێر دەکات بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن، کاپتن (هی) لەمبارەیەوە دەڵێت: **"پەیوەندیم لەگەڵ هەولێر کرد و داوامکرد کە سەید عەلی و کۆمەڵێك لە پۆلیسەکان و کۆمەڵێك سوارچاك بێنن، لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ بەسواری لەگەڵ مستەفا ئاغا گەیشتمە شەقڵاوە، کۆمەڵێك لە خەڵکی شەقڵاوە، پێشوازیان لێکرد و پیرۆزباییان لێکردم"**[٣]

سەبارەت بە لیوای سلێمانی بارودۆخی سیاسی و ئاسایش بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تری کوردستان زۆر ئاڵۆز نەبوو لەبەرئەوەی بارودۆخی شار دوای شۆڕشی شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩١٩ ئاسایی بووە و ئەو بارودۆخەش تەنها چەند مانگێکی کەمی بەسەردا تێپەڕی،

(١) مەهدی محەمەد قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧.

(٢) مەهدی محەمەد قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٦.

(٣) دبلیو. ئار. هی، سنتان في کوردستان، ترجمة: فؤاد جمیل، ط١، ج٢، (بغداد-١٩٧٣)، ص ١٠٢.

هـەروەها هێزەکـانی بـەریتانی هێـزی خۆیـان تووندوتۆڵ کـرد بـوو بـۆ دەسـتگرتن بەسـەر شارەکەدا و هێزی سەربازی خۆیان زیاد کرد لە شاردا مووچەی هێزی پۆلیسیان زیاد کـرد کـە خەڵکی ناوچەکە بوون و چەندین ئیمتیازی پێدان[١]

دواتر هەڵوێست لە ناوچەکانی سلێمانی بەتایبەتی لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٢ جـارێکی تـر ئاڵۆز بوو، ئەو لە خۆبایی و سەربەستییەی کە مێجەرسۆن لەناو خەڵکـدا پێشـان دەدا سـەری نەگرت و تا دەهات خەڵك زۆرتر لە بەریتانییەکان تورە دەبوون و کار گەیشتە ئـەو ڕادەیـەی ڕاپەڕین لە هەموو لایەکەوە دەستی پێکرد[٢]

لـە سـلێمانی دوای مێجـەر نوئێـل و دامەزرانـدنی مێجەرسـۆن چـاوەڕوانی سـەرەتای شۆڕشێکی نوێ کوردی دەرکرا، لە قۆناغی حوکمی ڕاستەوخۆ بـەریتانیا بەتایبـەتی لـە نێـوان ساڵانی ١٩١٩-١٩٢٢ کە زیاتر بەدەسەڵاتی مێجەرسۆن لە کوردستان بە تایبـەتی لـە سـلێمانی دادەنرێ، چەندەها گۆڕانکاری لە ڕەوتی سیاسی ئینگلیزدا بەرپابوو، مێجەرسـۆنی کـوردزان و کوردنـاس خـۆی وا پێشـاندەدا تـەنها لـە دژی دەسـەڵاتی شـێخ مـەحموود نـەك کـورد و لـە بۆچوونی هەندێ تۆێژەر، سۆن دەیویست ئیدارەیەکی کورد نوێ هـەبێ، نـەك سیسـتەمێکی عەشایەری وەك ئەوەی شێخ مەحموود[٣]

"سێر پرسی کۆکس"[٤] مەندوبی سامی بەریتانی لە عێراق لە ١ی تشرینی یەکـەمی ١٩٢٠ بە ئەرکی نەهێشتنی شۆڕش و پێکهێنانی حکومەتێکی عـەرەبی لـە عێـراق گەیشـتە بەغـدا و دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ "عەبدولڕەحمان نـەقیب[٥]" و ڕەزامەنـدی نـاوبرا لـە ٢٥ی تشـرینی

(١) خلیل مصطفی عثمان، المصدر السابق، ص ٥٩-٦٠.

(٢) م. ر. هاوار، شێخ مەحموودی، ....، بەرگی دووەم، ل ٢١٥.

(٣) سەلام ناوخۆش، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.

(٤) سێرپرسی کۆکس، ساڵی (١٨٦٤ز) لەدایك بووە، لەساڵی (١٨٨٤ز) پەیوەندی بەحکومەتی هندسـتانەوە کردووە لەدوای ساڵی (١٨٩٣ز) چەنـد پلەیـەکی وەرگرتـووە لەکەنـداو و وڵاتی فـارس لـە (شـوباتی ١٩٣٧ز) مردووە. ئەحمەد حەمەدئەمین، چەندلاپەڕەیەك لەمێژووی نوێی هاوچەرخی عێراق، (هەولێر- چاپخانـەی ڕۆژهەڵات- ٢٠١٠)، ل ٧٥ .

(٥) عبدالرحمن نەقیب: (١٨٤٥-١٩٢٧)، کوڕی سەید عەلی نەقیبە، لە تـەموزی ١٨٤٥ لـە گـەڕەکی بـاب الشیخ لەبەغدا لـەدایك بـووە، ڕەچەڵـەکی دەگەڕێتـەوە بـۆ شـێخ عەبـدولقادری گـەیلانی. یەکـەم سـەرۆك وەزیرانی حکومەتی کاتی بوو لـەعێراق، لـە ڕێککـەوتی (١٩٢٧/٦//١٣ز) کـۆچی دوایـی کـرد لەبەغـدا. بـۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: رجاء حسین الخطاب، عبدالرحمن النقیب، حیاتـه الخاصـة وآراءه السیاسـیة وعلاقاتـه بمعاصریه، (بغداد- ١٩٨٤)، ص ص١٠-١٣؛ علاء جاسم محمد، رجـال العـراق الملـکی، (لنـدن-٢٠٠٤)، ص ص

یەکەمی ١٩٢٠ یەکەمین حکومەتی کاتی لە عێراق دامەزرا کە لە هەشت وەزیرو دوازدە وەزیری بێ وەزارەت پێکهێندرا کە هیچ وەزیرێکی کورد تێدا نەبوو[١].

دوای دامەزراندنی حکومەتی کاتی عێراق بە سەرۆکایەتی "عەبدولرەحمان نەقیب" بەریتانیا کەوتە بیرۆکەی دانانی یەکێك بۆ سەرۆکایەتی عێراق و ئەم بیرۆکەیەش بووە یەکێك لە بابەتەکانی کۆنگرەی قاهیرە لە ساڵی ١٩٢١، لەم کۆنگرەیەدا سێر پرسی کۆکس ناوی پاڵێوراوەکانی خستەڕوو، بەڵام ناوی "فەیسەڵ کوڕی حوسێن[٢]" لە لیستی کاندیکراوان نەبوو کە دواتر بڕیاری کۆتایی لە سەر ئەو درا، دوای گەیشتنی میر فەیسڵ بۆ بەغدا و دانانی وەکو شای عێراق لە ٢٣ ی ئابی ١٩٢١و بڕیاردرا کە ڕاپرسییەکی گشتی ئەنجام بدرێت لە هەموو عێراقدا[٣].

سەبارەت بە ناوچەکانی کوردستان ئەوا سلێمانی بەشداری هەڵبژاردنی نەکرد و هەروەها لە کەرکووك زۆربەی دەنگەکان لە دژی مەلیك فەیسەڵ بوو کە نوێنەری بەریتانیا لیۆن ڕۆڵی هەبوو لە هەولێر لە بەدەستهێنانی دەنگەکان کە بەمەرج دەنگیان دابوو بە زامنکردنی مافە نەتەوەییەکان و ئەوەشیان ڕاگەیاند کە پاشگەز دەبێتەوە گەر بەندی ٦٤ی سێڤەر جێبەجێ کرا و سەبارەت بە ویلایەتی مووسڵ (ئاکرێ، زاخۆ، دهۆك، ئامێدی) ئەوانیش بەمەرج دەنگیاندا بە زامنکردنی مافەکانی کورد بە چوونە پاڵ کوردستانی باکوور

٣٧- ٤١؛ مير بصري، اعلام السياسة في العراق الحديث، الجزء الاول، الطبعة الاولى، (لندن- دار الحكمة- ٢٠٠٥)، ص ص ٦٣-٧٤ .

(١) مەهدی محەمەد قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٢٥-١٢٦.

(٢) شا فەیسەڵی یەکەم: (١٨٨٣- ١٩٣٣)، فەیسەڵی کوڕی شەریف حسێن کوڕی عەلی شەریفی مەکەیە لە ٢٠ی ئایاری ١٨٨٣ لە شاری تائیف لەدایك بووە، ساڵی ١٨٩١ لەگەڵ باوکی دەچێتەوە ئەستەمبوڵ، لەوێشەوە لەژێر سەرپەرشتی مامۆستای تایبەت، زمانی عەرەبی و ئەدەب و مێژوو دەخوێنێت، هەروەها فێری تاکتیکەکانی سەربازیش بوو، ساڵی ١٩٢٠ دەبێتە پاشای سوریا، بەڵام دوای چەند مانگێك دوای شەڕی میسلۆن لە ٢٥ تەموزی ١٩٢٥ جەنەرال غۆرۆ سوریا داگیر دەکات و فەیسەڵ بەرەو ئەوروپا دەچێت، دواتر لەدوای کۆنگرەی قاهیرە لەساڵی ١٩٢١دەکرێتە پاشای عێراق و بەردەوام دەبێتە تاکو ساڵی ١٩٣٣. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عبدالمجيد كاكل التكريتي، الملك فيصل ودورة في تأسيس الدولة العراقية ١٩٢١-١٩٣٣، اطروحة الدكتوراة، (جامعة بغداد- ١٩٩٠)، ص ص ٩-٤٧ .

(٣) مەهدی محەمەد قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠؛

Gerad chaliand, A people without a country: the kurds and Kurdistanm, translated by: Michael pallis, zed book ltd, (londone, ١٩٨٠), p. ٢٤٤.

ئەگەر سەربەخۆبوو بەپێی بەندی ٦٤ سیڤەر و بەردەوامبوونی ماندیەتی بەریتانیا و داننان بەزمانی کوردی لە کاروباری ئیدارەی پاراستنی مافە مەدەنی و سیاسییە ڕەواکانی گەلی کورد[١]، سەرەڕای ئەوانەش دەرئەنجامی دەنگدانەکە بە ڕێژەی ٩٧% ڕاگەیاندرا لە بەرژەوەندی مەلیك فەیسەڵ[٢].

دوای هەڵبژاردنی مەلیك فەیسەڵ کوڕی حسێن وەکو پاشای عێراق، حکومەتی بەریتانیا لە هەمانکاتدا کاری لەسەر پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی تر کرد لە عێراق کە ئەویش مۆرکردنی پەیماننامەیەك بوو لە نێوان عێراق و بەریتانیا کە شوێنی ئینتداب بگرێتەوە کە هێشتا زۆر بەسەر پاشایەتی فەیسەڵ تێپەڕ نەبوو کە مەندوبی سامی بەریتانی ڕەشنوسێکی پێشکەشی فەیسەڵ کرد بۆپەیمان بەستن[٣]، ئەم پەیمانەش بۆ کۆتایی هێنان بە ئینتدابی بەریتانیا بوو لە لایەن عێراق و دەرچوون لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیا و کۆتایی هێنان بە قەیرانی سیاسەتی ناوخۆ بوو لە عێراق کە دواتر بە دامەزراندنی ئەنجوومەنی دامەزراندن لە ساڵی ١٩٢٤ کۆتایی پێهات [٤]

جێگای ئاماژەیە هەردوو دەوڵەتی عێراق و بەریتانیا بەرژەوەندی تایبەتیان لە بەستنی ئەم پەیماننامەیەدا هەبوو، بەریتانیا بۆ دەرچوون لەم کێشەیە کە بەهۆی زۆری خەرجییەکانی سەربازی ڕووبەڕووی بەرهەڵستییەکی بەهێزی ناو پەرلەمانی بەریتانی هاتبوو کە داوای کەمکردنەوەی ئەم خەرجیانەیان دەکرد، عێراقیش ئامانجی کۆتایی هێنان بە سیستەمی ئینتداب و هەڵکشان بەرەو داننانی بەریتانیا بوو بەپەیماننامەکە کە لە نێوان دوو دەوڵەتی سەربەخۆدا بەستراوە[٥]

ئەم پەیماننامەیەش لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ ئیمزا کرا پاش ١٠ ڕۆژ لە پێکهێنانی کابینەی سێیەمی عەبدولڕەحمان نەقیب، بەریتانیا ڕایگەیاند کە مەبەست لەو پەیمانە ئەوە

(١) سروة اسعد صابر، كوردستان الجنوبية....، ص ٢٣ .

(٢) توفيق السويدى، مذكراتي (نصف قرن من تاريخ العراق والقضية العربية)، (لندن – دار الحكمة – ٢٠١١)، ص ٨١.

(٣) خليل مصطفى عثمان، المصدر السابق، ص ٨١.

(٤) ل.ن. كوتلوف، ثورة العشرين الوطنية التحررية في العراق، ترجمة: عبدالواحد كرم، (بغداد- ١٩٧١)، ص ٢٦٦.

(٥) مەهدی محەمەد قادر، هەولێر و پەیماننامەکانی نێوان عێراق و بەریتانیا، گۆڤاری ئەکادمیای کورد، ژمارە (١٨)، (هەولێر- ٢٠١١)، ل ٣٥٩.

نییە کە ببێتە جێگری ئینتداب ئەو ئینتدابەی بەشێوەی بەڵگەنامەیەکی کاریگەر دەمێنێتەوە و ئەرکەکانی حکومەتی بەریتانیا لە عێراقدا دیاری دەکات وەکو نوێنەری کۆمەڵەی نەتەوەکان، نیشتمان پەروەرەکانی عێراقی زیاتر دەنگیان بەرز دەبووەوە و بەتایبەت لە کەربەلاو بەغدا کۆبوونەوە ڕێکخراو، ڕۆژنامە نیشتمانییەکانیش باسی پێویستی داننان بە سەربەخۆیی عێراقیان دەکرد بەر لەمۆرکردنی پەیمانەکە[۱]

لەبارەی هەڵوێستی کورد بە شێوەیەکی گشتی هیچ گرنگییەکی بۆ بەستنی ئەم پەیماننامەیە نەبووە و هۆکاری گرنگی نەدانیان دەگەڕایەوە بۆ چاوەڕوانیان بۆ جێبەجێکردنی پەیماننامەکەی سیڤەر، بەو هیوایەی کە ناوچەکانی باشووری کوردستان بچێتە سەر ئەو دەوڵەتانەی کە پێشنیازکراوە، کورد بەتەواوی ئەو پەیماننامەیەی فەرامۆش کردبوو بەو هیوایەی کە دەسکەوتی گەورەتر لە دەرەوەی ئەم پەیماننامەیە لەژێر سایەی بەریتانیا بەدەست بهێنێت[۲].

سەبارەت بەکێشەی مووسڵ بە بێ ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆی ساڵی ۱۹۱٦ کوردستانی باشوور کە پێی وترا ویلایەتی مووسڵ بەر فەرەنسا کەوت، دواتر بەریتانیا توانی قەناعەت بە فەرەنسا بکات کە دەستبەرداری ئەم ویلایەتە بێت کە ئەمەش لەڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ ڕەنگی دایەوە، بەم پێیەی ویلایەتی موسڵ کەوتە ناو ناوچەکانی داگیرکاری بەریتانیا کە دەیویست دەست بەسەر سەرچاوەکانی نەوت و پێگەی ستراتیجی ویلایەتەکەدا لەڕووی سوپایی و بارزگانییەوە بگرێت[۳].

لە نێوان تورکیا و بەریتانیا ناکۆکی سەبارەت بەویلایەتی موسڵ هاتەئاراوە کە حکومەتی تورکیا ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە ویلایەتەکە مافی ئەوە و داوای گەڕانەوەی دەکرد[٤] لەم

---

(۱) فاضل حسین، کێشەی ویلایەتی مووسڵ، وەرگێران: محەمەد نانەکەلی، (بەغداد- چاپخانەی الرابطة- ۱۹۵۵)، ل ل ۳٤-۳۵.

(۲) مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لە نێوان ساڵانی ۱۹۱٤ ـ ...، ل ل ۸۷-۸۸.

(۳) *Edgar O'balance, the Kurdish stryggle۱۹۲۰ – ۹٤(،londone, ۱۹۹۵), p.۱۹.*

(٤) *Wallace Lyon, (kurds ،arabs and britions) the memoir of wallace lyon in Iraq (۱۹۱۸ – ۱۹٤٤), edited and with an introduction by:david k. Fieldhouse, (I .b.tauris publishers, london – ۲۰۰۲), p. ٤۲؛*

موسى السيد علي، القضية الكردية في العراق من الاستنزاف الى تهديد الجغرافيا السياسية، (ابوظبي- مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية –۲۰۰۱)، ص ۱۳.

بارەیەوە زۆر بیانووی هێنایەوە و بەریتانیاش ئەم بیانوانەی ڕەتکردەوە و کەیسەکە خرایە بەردەم کۆمەڵەی گەلان[۱] دواتر لە ۳۰ی کانونی یەکەم ۱۹۲٤ لەسەر پێشنیاری نوێنەری بەریتانیا لە کۆمەڵەی گەلان بەکۆی دەنگ بریار لەسەر پێکهێنانی لێژنەیەك درا بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ویلایەتی موسڵ و گوێگرتن لە راو بۆچوونی دانیشتوانەکەی[۲].

شۆڕشی "شێخ سەعید[۳]" هۆکارێك بوو بۆ پەلەکردن لە کێشەی ویلایەتی مووسڵ، هەردوو وڵاتی تورکیا و بەریتانیا هیچ مافێکیان نەبوو لە ناوچەی مووسڵ کە کورد زۆرینەی زۆری دانیشتوانی ئەو ناوچانە بوون و حەزیان نەدەکرد بخرێنە ژێر ئینتداب کە بەڵگەش بۆ ئەمە خەباتی نەتەوایەتی کورد بوو بە سەرکردایەتی شێخ مەحموود و سەرکردەکانی دیکەی کورد لە ناوچەی مووسڵ[٤].

---

(۱) کۆمەڵەی گەلان: لەئەنجامی داواکاری ژمارەیەك لەوڵاتان و بیرمەندان و ڕێکخراوەکان وەکو دەزگایەکی نێودەوڵەتی دامەزرا تاکو ڕۆڵی خۆی هەبێت لە ڕێکخستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان و بەدیهێنانی ئاشتی بۆ جیهان، لە (۱۰کانونی دووەم۱۹۲۰) بەشێوەیەکی فەرمی کرایەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کەمال مەزهەر، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم، ل ل ۹٤- ۱۰۲.

(۲) حسێن اسماعیل عزیز ، ژیانی کۆمەلایەتی لیوای سلێمانی لە نێوان ساڵانی (۱۹۲۱ – ۱۹۵۸)، تێزی دکتۆرا پێشکەش کراو بە کۆلێژی ئەدەبیات- زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر، ۲۰۱٤، ل۲۳؛ بهمن كاك عبدالله احمد، دۆزی کورد لە ڕێککەوتنامەو پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان لەسایکس بیکۆ تا جەزائیر ۱۹۱٦–۱۹۷۵، (هەولێر– چاپخانەی هاوسەر–۲۰۱۷)، ل ۹۱.

(۳) شێخ سەعید: لە بنەماڵەیەکی ئاینی باوکی شێخ محەمەدی کوڕی شێخ عەلی یە، لە ساڵی ۱۸٦۵ لە پالۆ لە دایك بووە، دوای مردنی باپیری باوکی گەڕایەوە خنس، بۆیە شێخ سەعید سەرەتای خوێندنی لە خنسەوە دەست پێ کردووە بەخوێندنی زانستە ئاینیەکان، دوای مردنی باوکی سەرپەرشتی بنەماڵەو تەکیەکانی کەوتە ئەستۆ، لە ساڵی ۱۹۰۷ دەستی کردووە بە گەڕان بەناو دێهاتەکانی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات دا و سەرۆکە حەمیدیەکانی ناسی بوو، هەر لەو کاتەدا نازناوی (بدیع الزمان)ی وەرگرت ئەویش لەبەر ئەوەی زۆر لە شیعر و قامەتی حریرە و بەدیع لەبەربووە، شێخ سەعید لە پاڵ کارەکانیشی وانەی دینی دەوتەوە ۱۲ قوتابی بوون بەزانای گەورە، ئەوەی کە دەسەڵاتی شێخی زیاتر کرد شووکردنی کچەکانی بوو بە شێخ و سەرۆك عەشیرەتە کوردیەکان، پیاوێکی تێکۆشەرو بەهێز و بەتوانابووە، هەموو کات دژی زوڵم و زۆرداری دەوەستا، لە ۲۹ حوزەیران ۱۹۲۵ دادگای ئیستقلالی دیاربەکر فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرکرد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: تەلار علی امین، سیاسەتی کەمال و بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە باکووری کوردستان (۱۹۱۸ـ۱۹۳۸)، نامەی ماستەر پێشکەش کراو بە کۆلێژی ئەدەبیات- زانکۆی سەلاحەددین، (هەولێر- ۲۰۰۰)، ل ۹۷.

(٤) جەلیلی جەلیل و ئەوانی دیکە، شۆڕشەکانی.....، ل ل ۲٤۸-۲٤۹.

داخوازی و داواکارییەکانی کورد دەربارەی بەڕێوەبردنی خۆجێیەتی، کەسێك نەبوو گوێی بۆ بگرێت نە لەلای بەریتانیا نە لەلای ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق، دوای ئەوەی هەردوولا گەیشتنە سەر ئەوەی کەوا ویلایەتی مووسڵ بە عێراق بلکێنرێت، لەگەڵ ئەوەی بەریتانیا و تورکیا نەگەیشتنە ڕێککەوتنێکی کۆتایی دەربارەی دۆسیەی ویلایەتی مووسڵ کە ئەم دۆسیەیە ناکۆکی لەسەر بوو گوازرایەوە بۆ کۆمەڵەی گەلان[١].

لە ٢٩ی تشرینی یەکەم ١٩٢٤، سنووڕێکی کاتی لەنێوان عێراق و تورکیا دانرا کە پێی وترا (هێلی بڕۆکسل) لە ٣٠ تشرینی یەکەم ١٩٢٤ کۆمەڵەی گەلان بڕیاری سپاردنی کێشەی مووسڵیدا بە لێژنەیەکی تایبەتی سێ قۆڵی[٢] کە پێك هاتبوون لە (ام. دی.گیرسن)[٣] سەرۆکی لێژنە و بە ئەندامێتی هەر یەك لە (کونت تیلکی)[٤] (أ. باولس)[٥]و ژمارەیەك سکرتێر ویاریدەری شارەزا بۆ لێژنەکە داندرا کە پێك هاتبوون لە (کونت بورتالیس لە سویسرا- السنیور.بو.رو. لە ئیتالیا- المسیو کادیر لە فەرەنسا- المسیو دید لە سویسرا- کرافۆر- ڕۆژهەڵات ناسی هۆلەندی جەواد پاشا نوێنەری تورکیا)[٦].

بەر لە شوباتی ١٩٢٥ لێژنەی بە سەرکردنەوەی ڕاستییەکان بۆ ویلایەتی مووسڵ بچێت، ئیدارەی بەریتانی لە عێراق و حکومەتی تورکی کۆمەڵێ ڕێوشوێنیان بۆ بەهێزکردنی هەڵوێستیان لە نێوان دانیشتوانی ویلایەتەکە گرتەبەر، بەتایبەتی لە ناوچە کوردییەکان و لە کانوونی دووەمی ١٩٢٥ عەبدولموحسین سەعدوون وەزیری ناوخۆی عێراق گەڕان بە هەرێمی باشووری کوردستان و بەدیاریکراوی بۆ هەولێر کرد و لە گەشتەکەی بەڵێنی دا کە مافە نیشتمانییەکانی کورد پارێزراو دەبێت و دواتر دانی بە مافەکانی کورد دەنێت ئەگەر ئەوان بڕیاری تێکەڵاو بوون بدەن بە عێراق[٧].

بێگومان بەریتانییەکان لەوە گەیشتبوون کەوا تورکەکان واز لەمووسڵ ناهێنن بۆیە

---

(١) م. س. لازاریف و ئەوانی تر، مێژووی....، ل ٣٥.

(٢) بهمن كاك عبدالله احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١.

(٣) یەکێك بوو لە کار بەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی سوید، و لەم کاتدا باڵیۆز بوو لە ڕۆمانیا.

(٤) کەسایەتییەکی سیاسی وشارەزایەکی جوگرافی بوو وماوەیەك سەرۆك وەزیرانی مەجەر بووە.

(٥) ئەفسەرێکی خانەنشینی بەلجیکی بووە.

(٦) جرجیس فتح الله، المصدر السابق، ص ص ٣٢٥ - ٣٣١.

(٧) بەیار مستەفا سەیفەددین، سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر تورکیا و کاریگەرییەکانی لەسەر کوردستان، وەرگێڕان: سەرمەند ئەحمەد، چ١، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات-٢٠١٠)، ل ١٩٧.

کوردیان بۆ دوو مەبەست بەکارهێناوە، یەکەمیان بۆ ئەوەی هەستی نەتەوایەتی کورد بجووڵێنن دژ بە تورك و قایل نەبن بەگەڕانەوەی تورك بۆ ویلایەتی مووسڵ، دووەم بۆ ئەوەی لە دواڕۆژێکی نزیکدا کوردستان بلکێت بە میسۆپۆتامیا تا بەهۆیەوە بتوانن دەسەڵاتی خۆیان بەوە ڕابگرن کە عەرەب و کورد هەر لایەکیان سەرپێچیان کرد بەرامبەر بە ئینگلیزەکان لایەکەی تری لێڕاست بکەنەوە و لەجووڵەی بخەن[1]

ئەو لێژنەیەی لە لایەن کۆمەڵەی گەلان ڕاسپێردرابوو بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ناوچەکە گوتی کە لەڕووی ستراتیژییەوە وای دەبینێ کە هێڵی برۆکسل هێڵێکی باشە بۆ ئەوان بکرێتە هێڵی نێوان عێراق و تورکیا، لەڕووی دانیشتوان وا دەبینێ کە دانیشتوان ویلایەتەکە کوردن، کە نە تورك نە عەرەبن و بەزمانی ئاری قسە دەکەن، بەڵام لەگەڵ عەرەب گروپێکی یەکگرتوو پێکدێنن و لە ڕووبەرێکی فراوان نیشتەجێ و ڕوونی کردەوە کە هەستی نیشتمانی بۆ عێراق لای هەندێ عەرەب نەبێت بوونی نییە و هەستی کورد هەستێکی کوردییە نەوەك عێراقی بوون[2] .

لە تەموزی ساڵی ١٩٢٥ لێژنەی کۆمەڵەی گەلان بڕیاری مانەوەی ویلایەتی مووسڵی دا لەسەر عێراق و سنووری باکووریش تاڕادەیەك وەکو سنووری کۆنی ویلایەتەکەی هێشتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوو مەرجی دیاریکراوی دانا لەوانە مانەوەی عێراق لەژێر ئینتدابدا بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ، هەروەها دەوڵەتی عێراق دان بەسروشتی جودایی ناوچە کوردییەکان بنێت لە ڕێگای پێدانی ئیداریەکی خۆیی بە کوردەکان و ڕێگاپێدانیان بۆ ئەوەی پەرە بە ناسنامەی کلتووری خۆیان بدەن لە ڕێگای دامەزراوەکانی تایبەت بەخۆیان[3].

کوردەکان زۆریان ئەوەیان پێ باش بوو کە لێژنەکە ترسەکانی ئەوانی لەوەی بکەونە ژێر دەسەڵاتی هەردوو حکومەتی تورکیا و عێراق بە هەند وەرگرت دوای ئەوەی کە توانیان خۆیان لەداگیرکردنێکی نوێی تورکیا وەلادەن ترسیان لە هەڵوێستی حکومەتی عەرەب بەرامبەریان هەبوو، لە لایەکی دیکەوە سەرپەرشتی کردنی کارەکانی حکومەتی عێراقی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە دڵنیایی پێ بەخشین، بەڵام ئەم ڕەوشە دەگاتە کۆتایی هەر کاتێ بەریتانیا ڕایسپارد عێراق بچێتە نێو کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە

(١) م. ر. هاوار، شێخ محمودی، ....، بەرگی یەکەم، ل ٣٦٦.

(٢) بهمن كاك عبدالله احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٤.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٩٤. چارلز تریب، چەندلاپەڕەیەك لە مێژووی عێراق، و: محەمەد حسێن و عەبدولقادر کەلهور، چ٢، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات-٢٠١١)، ل ٧٥.

و لەبەر ئەو پەیوەندییە گەرمەی نێوان دەسەڵاتی بەریتانیا و عەرەبەکانی سەر دەسەڵات لە عێراق ترسێکی ڕەوا هەبوو لەوەی کە نەکا بەریتانیا بەهۆی ناکۆکی و دووبەرەکی لەڕێی کوردەکانی کوردستان پلانە ستراتیژییەکانی خۆی بەلاوە بنێت[١].

دوای چارەسەری یەکجاری کێشەی ویلایەتی مووسڵ بڕیاری ئەنجوومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٢٥ ویلایەتی مووسڵ درایە عێراق، بەریتانیا و عێراق دەبێ دەست بەگفتوگۆ بکەن بە مەبەستی مۆرکردنی پەیمانێك بۆ ئەوەی ماوەی ئینتدابی بەریتانی بەسەر عێراق (٢٥) ساڵ بخایەنێ، (عەبدولموحسین سەعدون)ی سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەی عێراق یەکسەر بیرۆکەیەکی بۆ سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا نارد و ئاگاداری کردەوە کە عێراق ئامادەیە بۆ گفتوگۆ بە مەبەستی مۆرکردنی پەیمانە پێشنیارکراوە تازەکە، بۆیە حکومەتی بەریتانیا پڕۆژەی پەیمانێکی ئامادەکرد و ناردی بۆ نوێنەری بەرزی بەریتانیا لە عێراقدا تا بیداتە حکومەتی عێراق[٢]

بەندەکانی ئەم پەیماننامەیە لەگەڵ پەیمانی ١٩٢٢ زۆر جیاوازی نەبوو تەنها لە درێژی ماوەکەی نەبێت کە ٢٥ ساڵە و حکومەتی عەبدولموحسین سەعدون، لائیحەی پەیماننامە تازەکەی پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کرد لە ١٨ی کانونی دووەمی ١٩٢٦ بۆ گفتوگۆکردن لەسەری و بڕیاردان و سەرۆك وەزیران هەوڵی تێپەڕاندنی پەیماننامەکەیدا بەخێرایی، بەهۆکاری ئەوەی کە ئەم پەیماننامەیە جیاوازی نییە لەگەڵ پەیمانی پێشوو تەنها لە درێژی ماوەکەی نەبێت، لەمەشدا سەرکەوتوو بوو کاتێ کە ئەنجوومەنی نوێنەران کۆبوونەوەیەکی نهێنیان بەست لە ١١ی کانونی دووەمی ١٩٢٦ کاتێ کە ئەنجوومەن بەشێوەی هەڕەشە ئاگادارکرایەوە بەوەی کە یان ئیمزا لەسەر پەیمانەکە دەکرێت یان ویلایەتی مووسڵ لەدەست دەچێت[٣] و دەنگدان لەسەر پەیماننامەکە کرا کە کاتژمێر و نیوێکی خایەند، بە سەرجەم دەنگی ئامادەبووەکان کە ٥٨ کەس ئامادەبوون و پەیماننامەکەیان پەسەندکرد، ڕۆژی پێشتریش ئەنجوومەنی پیاوماقوڵانی عێراق پەیماننامەکەیان پەسەندکرد، لە ڕۆژی ١٨ی شوبات ١٩٢٦دا پەیماننامەکە خرایەپێش چاوی پەرلەمانی بەریتانیاوە و پەسەندکرا[٤].

---

(١) چارلز تریب، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦.

(٢) فاضل حسین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٠.

(٣) خلیل مصطفی عثمان، المصدر السابق، ص ١٢٤.

(٤) فاضل حسین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٣.

سەبارەت بە هەڵوێستی کورد لەپەیمانی ١٩٢٦ لە دوو هەڵوێستی پێچەوانەی یەکتر دەرکەوت.

یەکەمیان: ئەوان هەماهەنگ بوون لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەریتانی و مانەوەی سیستەمی ئینتداب بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ بەم جۆرە لێکیدەدایەوە کە زامنکردنی مافەکانی کورد، ئەگەرچی پەیماننامەکە بەهیچ جۆرێك ناوی کوردی نەهێنابوو، ئەم ئاڕاستەیە لەژێر کاریگەری لێدوانەکانی سەرۆك وەزیران وایان لێك دەدایەوە کە ئەگەر ئەم پەیماننامەیە پەسەند نەکرێت ئەوا ویلایەتی مووسڵ لە دەست دەردەچێت، ئەوانەی لەگەڵ ئەم ئاڕاستەیەدا بوون گەورە فەرمانبەرانی کورد بوون ئەم هەڵوێستەیان هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ خۆپاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و پلە و پایەی سیاسی و کارگێڕییەکانیان.

ئاڕاستەی دووەم: ئەوانەی کە لە دژی پەیماننامەکە بوون بەهۆی نەهێنانی ناوی کورد و داننەنان بە مافەکانی لە بەڵگەنامەیەکی فەرمی لەم جۆرە کە بەریتانیای خاوەن بەڵێنەکان بۆ کورد لایەنێکی سەرەکی ڕێککەوتنەکە بوو[1].

حکومەتی بەریتانیا لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٩ ڕایگەیاند کە نیازیەتی پشتگیری لە عێراق بکات بۆچوونە ناو کۆمەڵەی گەلانی ١٩٣٢ و گفتوگۆکردن دەربارەی پەیماننامەیەکی نوێی کە دان بەسەربەخۆیی عێراق بنرێت، لە نیسانی ١٩٣٠ گفتوگۆکان دەستی پێکرد، "نووری سەعید[2]"، هەڵبژاردنێکی تووندی دەستبەسەر داگیرکراوی ئەنجام داو لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠دا لە پەرلەمان بە ٦٩ دەنگ بەرامبەر بە ٩ دەنگ پەیماننامەکەی پەسەندکرد و پەیماننامەکە ئینتدابی بەدوایی هێنا، بەڵام کاریگەری بەریتانیای هێشتەوە، بەریتانیا دوو

(١) مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩١٤ـ ...، ل ٣٦٠-٣٦١.

(٢) نووری سەعید: (١٨٨٨–١٩٥٨) لە گەڕەکی مەیدان لەشاری بەغدا لەدایك بووە، ساڵی١٩٠٣ پەیوەندی بە ئامادەیی سەربازی کردووە بە پلەی ملازمی دووەم دەرچووە لەسەردەمی عوسمانییەکان لە خزمەتی سەربازیدا بووە، لەگەڵ هاتنی بەریتانیا ولاتی جێهێشتووە چووە بۆ هیند، لەساڵی ١٩٢١ دەگەڕێتەوە بۆعێراق و ١٤ جار دەبێتە سەرۆك وەزیرانی عێراق و لەگەڵ ٤٧ جاریش وەکو وەزیر دەست بەکار دەبێت، دواجار لە ١٥ تەموزی ١٩٥٨ لە عێراق لەلایەن شۆڕشگێڕان کوژرا، بڕوانە: حسن لطيف الزبيدي، موسوعة السياسة العراقية، الطبعة الثانية، (النجف- ٢٠١٣)، ص ص ٦٣٧-٦٣٨؛ مير بصري، المصدر السابق، ص ص ١٥١ ومابعدها.

(٢) إبراهيم خليل احمد و جعفر عباس حميدى، تاريخ العراق المعاصر، (الموصل-دار الكتب للطباعة والنشر- ١٩٨٩)، ص٧٠.

بنکەی سەربازی بەکرێ گرت و مافی خۆشی لە هەموو ئاسانکارییەکانی عێراق پاراست و ڕاوێژکار و شارەزایانی بەریتانی لە عێراق مانەوە و لە بەرامبەریشدا عێراق مافی وەدەستهێنانی مەشق پێکردن و کەلوپەلی سەربازی و یارمەتی لە بەریتانیا پێ درا[١]

بەندەکانی پەیماننامەکە لە ٣١ی ئازاری ١٩٣٠ ئەو پەیماننامەیە کاتێ جێبەجێ دەکرێ کە عێراق دەچێتە کۆمەڵەی گەلان، هەروەها داننان بە سەربەخۆیی عێراق وەك دەوڵەتێکی ئازاد، دوای جێبەجێکردنی پەیماننامەکە، ئینتدابی بەریتانیا کۆتایی پێ دێت، لەگەڵ هەموو پەیماننامەکانی نێوان عێراق و بەریتانیا کە لە پێشتر مۆر کرابوو[٢]

سەبارەت بە هەڵوێستی کورد لەم پەیمانەدا لەبەرئەوەی پەیمانە تازەکە بەتەواوی بەرامبەر بە داواکارییەکانی کورد بێدەنگ بوو، بۆیە شەپۆلێکی ناڕەزایی لە کوردستان دژی بەردەوام بوونی سیاسەت دژ بە کورد سەری هەڵدا، ئەو سیاسەتەی کە بەریتانیا و عێراق پەیڕەویان دەکرد لە زۆربەی شارەکانی کوردستان کۆبوونەوە و خۆپیشاندان دەستی پێکرد، بە تووندی ناڕەزاییان دەربڕی دژی بەریتانیا و عێراق[٣].

کۆمەڵەی گەلان چەند بڕیارێکی دەربارەی کورد دەرکرد و دەبێت حکومەتی عێراق پابەند بێت پێیەوە، لەوانە زمانی خوێندن زمانی کوردی بێت، کوردەکان ئیدارەیەکی فراوانیان هەبێت لە ناوچەکانیان، کوردستان بۆ ماوەی پانزە ساڵ لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیا بێت، هەر کاتێك گۆڕانکاری لە ئیدارەی عێراق بکرێت دەبێت کورد سەربەخۆ بێت لە بڕیاردان، پێکهێنانی لیوایەکی کوردی لە ناوچە کوردییەکانی باکووری ویلایەتی مووسڵ، بەڵام ئەم داواکارییانە بەهەند وەرناگیرێت و تەنها کەمێکی نەبێت ئەوانی تر جێبەجێ نەکرا[٤].

(١) فیبی مار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨.

(٢) إبراهيم خليل احمد و جعفر عباس حميدى، المصدر السابق، ص٧٠.

(٣) جەلیلی جەلیل و ئەوانی دیکە، شۆڕشەکانی....، ل ل ٢٧٥-٢٧٦.

(٤) غانم محمد العفو، عبدالفتاح علي البوتاني، الكورد والاحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكى ١٩٢١-١٩٥٨، (اربيل- مطبعة وزراة التربية- ٢٠٠٥)، ص ص ٣٢-٣٣.

تەوەری دووەم:

((ژیان و خەباتی شێخ ئەحمەد بەر لەهەڵگیرسانی شۆڕشی یەکەمی بارزان))

پاش لە سێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی بزووتنەوەی نەتەوەی کورد چووە نێو قۆناغێکی نوێوە، ماوەیەکی زۆری نەخایاند جەنگی یەکەمی جیهانی لە ٢٨ ی تەممووزی ١٩١٤ ڕووبدا، ساڵانی جەنگ و دەرئەنجامەکانی ئەم جەنگە کاریگەری هەبوو بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستانیش لەو کاریگەریانە بەدوور نەبوو، چونکە کوردستان چەقی ململانێکان بوو[١].

سەبارەت بە ناوچەی بارزانیش پاش لە سێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە ساڵی ١٩١٤ شێخ ئەحمەدی بارزانی (١٨٩٦-١٩٦٩)ی برای، جڵەوی دەسەڵات لە بارزان دەگرێتە دەست، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا[٢]، کە درێژەپێدەری هەمان ڕێبازی شێخ عەبدولسەلام بارزانی بووە، بە لێهاتوویی و بە شێوەیەکی گورج و شیاو بەڕێوەی برد، هەروەها پەیوەندی نەتەوایەتی درێژەپێدا و بە چاککاریی کۆمەڵایەتی[٣]، ئەرکی ئایینی و نەتەوایەتی خۆی بەجێهێناوە، هەر بەهۆی ئەو ڕێبازەشەوە یەکەم کەس بووە بە هاواری شێخ مەحموودی بەرزنجی چوو، کاتێ لە ساڵی ١٩١٩ دژی بەریتانییەکان ڕاپەڕی[٤].

شێخی بارزان بۆ یەکەمجار لە دەرەوەی دەڤەری بارزان لە نۆڤەمبەری ١٩١٩ ناوی کەوتە سەر زاران، ئەوکاتەی لە ڕاپەڕینەکەی بادینانداا دوو کەس لە ئەفسەرەکانی بەریتانیا بە ئاگاداری و هاوکاری ئەو کوژران، لەوکاتە بەدواوە شێخ ئەحمەدی بارزانی بە یەکێك لە دوژمنە سەرەکییەکانی بەریتانیا هاتە ئەژمار[٥].

---

(١) سامی شۆڕش: بزاڤی رزگاریخوازی کوردی ئیدریس بارزانی نمونەیەك، وەرگێڕان: ڕزگار، (دهۆك- چاپخانەی زانا- ٢٠٠٥)، ل٦٠.

(٢) رشید کریم خان عقراوی، المصدر السابق، ص ٤٣.

(٣) هوشیار مظفر علي امین، الزعیم مصطفی البارزاني، (اربیل– مطبعة الثقافة– ٢٠١٣)، ص٣٠.

(٤) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

(٥) بابە شێخ مەردۆخ ڕۆحانی(شیوا)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣٢.

کوژرانی ئەو دوو ئەفسەرە بەریتانییە بە ئاگادری و هاوکاری ڕێبەری لاوی بارزانییەکان نیشاندەری دژایەتی و ناڕازیبوونی ئەو ڕێبەرەیە بەرامبەر بە ئامادەبوونی ئینگلیز و بێگانەکان لە کوردستان، شێخ ئەحمەد لە هەلومەرجێکدا ڕێبەرایەتی گەلەکەی بەدەستەوەگرت، کە لە لایەکەوە بەهۆی تێکشکانی ولّاتانی ناوەند و هەلّوەشاندنەوەی دەولّەتی عوسمانی، لە لایەکی دیکەوە ئامادەبوونی هێز و سوپای بەریتانی و فەرەنسا لە ناوچەکە کە بارودۆخی ڕامیاری جیهانی و ڕۆژهەلّاتی ناوەڕاست گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینی[١].

پێگەی شێخ ئەحمەد بارزانی لە دوای شێخ عەبدولسەلامی دووەم و شێخ مەحموود بەرزنجی لە باشووری کوردستان لە هەموویان دیارتر بووە، هەروەها دەڤەری بارزانیش هەتا ساڵی ١٩٣٢ وەك تاکە ناوچەیەکی عێراق و کوردستان ماوەتەوە کە دەولّەتی نوێی عێراق-بەریتانیا نەیتوانیووە دەسەلّاتی بەسەردا بکات، هۆکارەکەشی بەندە بە ئامادەبوونی کەسایەتی شێخ ئەحمەد و خودی عەشیرەتی بارزان[٢].

بارزانییەکان ڕۆڵی سەرەکیان گێڕاوە لە ڕاپەڕینەکانی ناوچەی بادینان و زاخۆ و ئامێدی، تەنها بە بەشداریکردن نەوەستاون، بەڵکو سەرکردایەتیان کردووە و پشکی سەرەکییان هەبووە لە هێنانەکایەی بەرەیەکی یەکگرتوو لەناو هۆزە کوردییەکان، لە بەرامبەر داگیرکاری بەریتانی، دیارە دوا بە دوای خامۆشکردنی شۆڕشی بیست لە باشووری عێراق لە لایەن بەریتانییەکان، جارێکی دیکە ئاڵۆزی و پەشێوی لە کوردستان سەریهەلّدایەوە، بارزانییەکان توانیان لە ڕێگای هێزەوە بەریتانییەکان لە ناوچەکەیان دەربکەن، پاش ئەمەش بەرنگاربوونەوەکان بەردەوامی هەبووە لە نێوان ساڵانی ١٩٢١-١٩٢٤، بەڵام بە شێوەی پچڕپچڕ تاکو ساڵی ١٩٢٧[٣].

سەبارەت بە ڕاپەڕینەکەی شێخ مەحموود دژ بەبەریتانییەکان لە ٢١ی ئایاری ١٩١٩پەیوەندی دەکات بە "مەحموود خانی دزلی"[٤] کە هاوپەیمانی بوو[١]، پێی ڕادەگەیەنێ

(١) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٧.

(٢) عەتا قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٠.

(٣) کاوس قفطان، المصدر السابق، ص ص ٣٦ - ٣٧.

(٤) مەحموود خانی دزلی: کوڕی عەزیز بەگی بارا بەگە، لە ساڵی ١٨٧٠ز لە گوندی دزلی سەر بەشاری مەریوان لە کوردستانی ئێران لەدایك بووە، سەرکردەی هەورامیەکان بووە و پەیوەندی لەگەڵشێ خمەحموود پتەو بووە و خۆی بە سەربازی ئەو داناوە، بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: عومەر مارف بەرزنجەیی،

ڕادەگەیەنێ بە زووترین کات لەشکرێکی گەورە پێکبهێنێ لەپێناو دەست گرتن بەسەر شاری سلێمانی و ڕزگارکردنی، مەحموود خانی دزلیش ئامادەیی خۆی نیشاندا و بە لەشکرێکی گەورەوە دەوری سلێمانی گرت[٢]، شێخ مەحموود توانی هێزی (لیڤی)[٣] بشکێنێ کە بۆ بەڕەنگاربوونەوەی نێردرابوو، هەروەها (مێجەر گرین هاوس) [٤] کە لە جێی مێجەر سۆن بەرپرس بوو لەگەڵ ژمارەیەك ئەفسەری تری بەریتانی بەدیل گیران[٥].

ئەمەو سەرەڕای ئەوەی خەزێنەی شارەکەیان شکاند و هێڵی تەلەگرافی نێوان سلێمانی و کەرکووکیان بڕی، ئاڵای بەریتانیا لەسەر بارەگای حاکمی سیاسی هێنرایە خوارەوە دەست بەسەر شارەکە و دەوروبەری داگیراو ئاڵای کوردستان هەڵکرا [٦]

لە ڕاستیدا ئەم ڕووداوە لێدانێکی کوشندە بوو لە هەیبەتی ئینگلیز درا، بۆیە ئینگلیزەکان بەپەلە کەوتنە هەوڵی دامرکانەوەی شۆڕشەکە، لەم پێناوەشدا هەموو هێزێکیان بەکارهێنا، لە دوای چەند ڕۆژێك کۆتاییان بە شۆڕشەکە هێناو لە (دەربەندی بازیان)[٧] شێخ

مەحموود خانی دزلی ولاپەڕەیەك لە مێژووی کورد، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژمارە (٤)، بغداد، ١٩٧٣، ل ل ٤١٤٢؛ کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی حوکمەتی بەریتانیادا، بەرگی یەکەم، (بەیروت- چاپخانەی گرین گلۆری-٢٠٠٩)، ل ١٣٣.

(١) عبدالرحمان ادریس صالح، الشیخ محمود الحفید البرزنجی والنفوذ البریطانی فی کردستان العراق حتی عام١٩٢٥، (السلیمانیة- مطبعة شفان- ٢٠٠٧)، ص ص ١٤٢ - ١٤٣.

(٢) نەجم سەنگاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٥.

(٣) لیڤی: کاتێك بەریتانیا عێراقی داگیر کرد، هێزیکی نێوخۆیی دامەزراند بەمەبەستی شوێن گرتنەوەی هێزەکانی خۆیان و کەم کردنەوەی خەرجیە سەربازیەکان و لێدانی بزووتنەوەو ڕاپەڕینەکانی نێو عێراق، ئەم هێزە لەتورکیاوە هێنرابوون و بە لیڤی ناسران. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری، شاری کەرکووك ١٩١٧-١٩٢٦، (سلێمانی- دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی-٢٠٠٧)، ل ٢٩٣.

(٤) بە هۆی تێکچوونی بارودۆخی سلێمانی مێجەر سۆن بە ناوی پێشوازی لە خێزانەکەی (لیند فالید) ڕۆیشت و گرینهاوسی لەجێی خۆی دانا. نیشتیمان محەمەدئەمین، مێجەرسۆن و کوردناسی، گۆڤاری کەوانە، ژمارە (٢٤)، (سلێمانی- ٢٠١٣)، ل ٢١٩.

(٥) وەدیع جوەیدە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٣.

(٦) عقید عبدالواحد، کوردو نیشتیمانەکەیان، وەرگێڕان: حەمە صالح حاجی مەلا، (سلێمانی-٢٠٠٠)، ل ٩٢.

(٧) دەربەندی بازیان: شوێنێکە دەکەوێتە سەر ڕێگای نێوان سلێمانی و کەرکووك، بەهێڵی بەرگری سروشتی ناسراوە لەمێژوودا بۆ پارێزگاری لە لیوای سلێمانی، هەر هێزیك لێرەدا سەرکەوتوو نەبوایە ئەوا نەیدەتوانی سلێمانی بگرێت. ئومێد حەمەئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩.

مەحموودیان بە بریندارى دەستگیر کرد[١].

دواى گرتنى شێخ لە لایەن بەریتانیاوە ڕەوانەى بەغدا کرا بۆ دادگایى کردنى، حوکمى لە سێدارەدانیان بەسەر داسەپاند، بەڵام دواتر بڕیارەکەیان گۆڕى و کردیان بە دەسااڵ زیندانى و بە گیراوى دوورياں خستەوە بۆ دورگەى (ئەندامان) لە ڕۆژهەاڵتى هیندستان تا گەڕانەوەى لە ساڵى ١٩٢٢[٢]. بەم شێوەیە کۆتایى بە یەکەمین حوکمدارییەتى شێخ مەحموود هات لە سلێمانى کە حەوت مانگ و یەك ڕۆژى خایاند[٣]

شیاوى باسکردنە شێخ ئەحمەد بارزانى هێزێکى بۆ یارمەتیدانى شۆڕشەکەى شێخ مەحموود لە سلێمانى نارد، بەڵام بەهۆى ڕێگریى ئینگلیزەکانەوە، کە بەربەستیان لەبەردەم ئەم هێزە دروست کرد، تا ئەو کاتەى گەیشتنە ناوچەکە شۆڕشەکەى شێخ مەحموود کپ کرابوو[٤].

لە بەرامبەردا ئینگلیزەکان بڕیارياندا زەبرێکى تووند لە ناوچەى بارزان بدەن و خەڵکەکەى دەربەدەر بکەن و لە جێگاى ئەواندا ئاشوورییەکان[٥] نیشتەجێ بکەن، جگە

(١) سەعدى عوسمان حسێن، ڕاپەڕینەکانى کوردستانى باشوور(١٩١٤-١٩٤٥)، گۆڤارى زانکۆ، ژمارە (٢٥)، (هەولێر- ٢٠٠٥)، ل ٦٤٧.

(٢) عەلى سەیدۆگەورانى، لە عەمانەوە بۆئامێدى گەشتێك بە کوردستانى باشوور، وەرگێڕان: تالیب بەرزنجى، (سلێمانى- ٢٠٠٠)، ل١٣٣؛ ڕەمزى قەزاز، بزووتنەوەى سیاسى و ڕۆشنبیرى کورد لە کۆتایى چەرخى نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستى چەرخى بیست، (سلێمانى- چاپخانەى ژین-١٩٧١)، ل ١٢٩.

(٣) ئاکۆ عبدالکریم شوانى، شارى سلێمانى (١٩١٨-١٩٣٢)، (سلێمانى- چاپخانەى زانست-٢٠٠٢)، ل ١١٨.

(٤) وریا ڕەحمانى، کوردستان وکورد لەڕوانگەى نەخشەوانییەوە، (هەولێر-چاپخانەى ڕۆژهەاڵت-٢٠٠٩)، ل ل ١٨٩؛

Karen dabrowska,Geoff hann, op.cit, p.١٥٣.

(٥) ئاشوورییەکان بەر لەجەنگى یەکەمى جیهانى لەسنووری نێوان دەولەتى عوسمانى و ئێراندا دەژیان لە ویلایەتى مووسڵ و ئەرزەروم و وان و هەکارى، زۆربەى ئاشوورییەکانى سنووری دەولەتى عوسمانى لەشوێنکەوتوانى کەلێسەى نەستووری بوون کەبەشێوەزارى سریانى ئارامى دەئاخەفتن و لەناو دەوڵەتى عوسمانى نیمچەسەربەخۆیەکى خودیان هەبووە بۆ فەراهەمکردنى کاروبارەکانیان، لەبەرامبەردا باجیان دەدا بەدەوڵەت، سەبارەت بەژمارەیان لەعێراق هەندیك سەرچاوە ئاماژە بە ٢٥٠ هەزار کەس دەکەن، بەاڵم فاضل حسین بە پشت بەستن بەلێژنەى لێکۆڵینەوەى نێودەولەتى بۆ سنووری عێراق و تورکیا ژمارەیان بە ٨٠ تا ٩٠ هەزار کەس دیارى دەکات. بۆ زیاتر زانیارى بڕوانە: متى عقراوى، العراق الحدیث، تعریب: مجید

لەمەش لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٩ "کۆلۆنیل بیل"ی حاکمی مووسڵ و "کاپتن سکوت" حاکمی ئاکرێ گەشتێکیان بە ناوچەکانی سورچی و زێباری و بارزاندا کرد و دەستیانکرد بە هەڕەشەکردن و سەپاندنی سزاو باجی گەورە بەسەر سەرۆك عەشیرەتەکانی ناوچەکە، کاتێك چوون بۆ بارزان شێخ ئەحمەد بارزانی پێشوازی لێ نەکردن، پاشان هەردوو حاکمەکەی بەریتانیا لە بۆسەیەکی زێباری و بارزانییەکان کوژران[١].

سەبارەت بەم ڕووداوە شێخ ئەحمەد بارزانی بەدەم داواکاری زێبارییەکان دەچێت، پاش ئەوەی داوای یارمەتی هاریکاری لێ دەکەن بۆ ئەنجامدانی ئەو کردە سەربازییە، بۆ ئەم مەبەستەش "شێخ محەمەد سەدیق"ی برای نارد "بیرەکەپرا" تا لەگەڵ ئەواندا بەشداری ئەو دەست وەشاندنە بێت[٢].

دواتریش دەستیان بەسەر شاری ئاکرێ داگرت[٣]، بەریتانییەکان لە ڕێگای ڕاپۆرتێك لەسەر کەسایەتییە سەرەکییەکانی عێراق لە ساڵی ١٩٣٥جەخت لە تێوەگلانی شێخ ئەحمەد دەکەنەوە بە هاوکاری لەگەڵ"فارس ئاغا[٤]"ی زێباری لە کوشتنی دوو حاکمە سیاسییەکەی بەریتانیا[٥].

دیارە هۆزەکان پاش ئەوەی دەست دەگرن بەسەر شاری ئاکرێ، لەسەر چۆنییەتی دابەشکردنی ئەو پارەیەی کە لە شارەکە دەستیان کەوت، خراپ لێکتر ناکۆك دەکەون و ئەم ناکۆکییە شێخ ئەحمەدی بارزانی ناڕەحەت دەکات و بە نیشانەیەکی پڕ مەترسی لە قەڵەمیدا، بۆیە سەرۆك هۆزەکانی کۆکردەوە و پێی گوتن " **ئێوە لەسەر ئەم پارە هیچەی ئەمڕۆ لەئاکرێ دەستان کەوتووە ئاوا بچن بەگژیەکترا ئەی ئەگەر گەنجینەی مووسڵتان**

خدوری، (بغداد- ١٩٣٦)، ص١٣؛ فاضل حسين، مشكله الموصل دراسة في الدبلوماسية العراقية– الانكليزية– التركية وفي الرأى العام، (بغداد-١٩٧٧)، ص ١٠١؛

A. H. Hourani, minorities in the Arab world (Londone, ١٩٤٧), p ٤٤.

(١) وریا ڕەحمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٠.

(٢) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

(٣) وریا ڕەحمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٠.

(٤) فارس ئاغا لەساڵی ١٨٨١ لەدایك بووە سەرۆك خێڵی زێبار و کوڕی محەمەد ئاغایە، ساڵی ١٩٣٧ بووەتە ئەندام پەرلەمانی عێراقلە لیوای مووسڵ تا کۆتایی شوباتی ١٩٣٩، ناوبراو لەساڵی ١٩٤١ کۆچی دوایی کردووە. ڕاپەڕینەکانی بارزان لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی هەردوو حکوومەتی.....، ل ٢١٣.

(٥) سروة اسعد صابر، كوردستان الجنوبية.....، ص ص ٢٣١ -٢٣٢.

دەست کەوێ چی دەکەن"[۱].

لە لایەکی دیکەوە لە ساڵانی سەرەتای بیستەکاندا شۆڕشێکی نێوخۆیی بە سەرکردایەتی "نووری باویل ئاغا[۲]" لە ناوچەی ڕواندز بەرپابوو، بە هەماهەنگی لەگەڵ هۆزە هاوسێکانی لە ماوەیەکی کەم توانرا ناوچەکانی برادۆست و بارزان و باڵەك و هەریر و شەقڵاوە لە ئینگلیزەکان پاك بکرێتەوە، هەروەك هاملتۆن و ئەدمۆندز و مستەرهای و نۆیل لە نووسینەوەی یادداشتەکانیان ناتوانن ڕاستی ئەم ڕووداوانە بشارنەوە کە دەڵێن "**خەریك بوو هێزی ئەو شۆڕشگێڕانە پەلاماری هەولێر بدەن و ئینگلیز بە تەواوەتی لە کوردستان دەرپەڕێنن**"[۳].

دیارە جووڵانەوەکەی "نووری باویل ئاغا" پشتیوانییەکی بێ وێنەی لە لایەن هۆزەکانی دەوروبەری لێکراوە، لەم ڕووەوە هۆزی بارزان یەکێك بووە لەو هۆزە نزیکانەی ڕواندز، بۆ ئەم مەبەستەش شێخ ئەحمەدی بارزانی بۆ پاڵپشتیکردن لەو شۆڕشە دووجار جەنگاوەرەکانی خۆی ڕەوانە کردووە، یەکەمیان لە ساڵی ۱۹۱۹ نزیکەی دووسەد چەکداری ڕەوانە کردووە، پاشان بۆ جاری دووەم هێزێکی دیکە بە سەرکردایەتی "مستەفا بارزانی[٤]" ئەمەش لەوکاتەدا بوو بەر لەوەی هێزی "ئۆزدەمیر پاشا"ی تورك بگاتە ڕەواندز لە ٦ی حوزەیرانی ساڵی ۱۹۲۱[٥].

شێخ ئەحمەدی بارزانی هەروەك هەموو شێخانی تەکیەی بارزان هەوڵیداوە دادپەروەری و یەکسانی لەنێوان چینەکانی کۆمەڵگا بهێنێتە کایەوە، لەهەمان کاتدا هەستێکی نەتەوەیی و نیشتمانی قووڵی هەبووە، هیچ کاتێك جیاوازی نەکردووە لە نێوان خەڵك لەسەر جیاکاری ئایینی و ئاینزایی، بۆ ئەم مەبەستە شێخ ئەحمەد لە ساڵی ۱۹۲۰ لە لایەن "ئەندرانیك ئەرمەنی" نامەیەکی پێ دەگات تێیدا داوای لێدەکات بە ڕزگارکردنی

---

(۱) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ۲۵.

(۲) نووری کوڕی باویل ئاغا کوڕی مەلا عەزیزە، لەساڵی ۱۸۹۲ لە ڕواندز لەدایك بووە، لەساڵی ۱۹۲۰ شۆڕشی ڕاگەیاند لەدژی ئینگلیزەکان، پاش دەستگرتنی بەسەر شاری ڕواندز ئەنجوومەنێکی پێکهێنا بۆ بەڕێوەبردنی شارەکە، لەساڵی ۱۹٦۳ بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە. حسن لطيف الزبيدي، المصدر السابق، ص ٦۳۹.

(۳) مستەفا جوندیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ۱۱۱۳.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل ۱۱۱۳.

(٥) *Wallace Lyon, op.cit, p. ٤۲.*

خانەوادەکەی لەو ڕەشەکوژییەی کە تورکەکان دەرحەق بە ئەرمەنەکان ئەنجامی دەدەن، شێخی بارزان بەدەم داواکارییەکەی دەچێت و پۆلێك لە جەنگاوەرانی بارزان پێك دەهێنێت بە سەرکردایەتی"وەلید بەگ" کە "مستەفا بارزانی" یەکێك دەبێت لەئەندامانی ئەو دەستەیە، دەتوانرێت خانەوادەکەی ناوبراو ڕزگار بکرێت و بیگوازنەوە سوریا، لەم کردەیەشدا چووارده جەنگاوەری بارزانی گیان لە دەست دەدەن[١].

بێگومان دەسەڵاتدارانی بەریتانیا بە وردی چاودێری پەرەسەندن و ڕووداوەکانیان لە کوردستان دەکرد، لە بەهاری ١٩٢٠ ئاشووریەکانیان هاندا و ناردنی بۆ شەڕکردن لەگەڵ کوردا، لەو نێوەندەدا "فارس ئاغا"ی زێباری کە بەشداری کردبوو لە کوشتنی هەردوو حاکمەکەی مووسڵ و ئاکرێ کە لە پێشووتردا ئاماژەمان پێدا، بەخۆی و خێزان و خزم و عەشیرەتەکەی چوون بۆ ئێران و پەنایان بردە بەر سمایل ئاغای شکاك، لە بارزانیش شەڕی خوێناوی لە نێوان جەنگاوەرانی بارزانی و ئاشوورییەکان کە لەژێر فەرماندەیی "پەترۆس ئاغا" بوون قەوما، لەو شەڕەدا بارزانییەکان دیارترین فەرماندەی خۆیان بەناوی "سەعید وەلی بەگ" لە دەستدا[٢].

جگە لەمەش بە گوێرەی هەمان ڕاپۆرتی بەریتانی لەسەر کەسایەتیە سەرەکییەکانی عێراق لە ساڵی ١٩٣٥ ئاماژە بەوە دەکات کە شێخ ئەحمەد بارزانی لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٢ بەشداری لەگەڵ هێزەکانی تورك کردووە و هێرشیان کردۆتە سەر ئامێدی، پاش مانگێك بارزان لە لایەن هێزە ئاسمانییەکانی بەریتانیا بە هاوکاری هێزە ئاشوورییەکان وێران کراوە[٣].

ئەو کاردانەوە تونده‌ی بەریتانیا لەخۆڕا نەبووە، بەڵکو بەریتانییەکان مەترسی گەورەیان هەبووە لە جووڵانەوەکانی بارزان، بۆیە هەموو قورسایی و تواناکانیان خستبووە سەر ئەم ناوچەیە، بە مەبەستی ملکەچکردن و تۆڵەکردنەوە لە ڕێبەری تەکیەی بارزان[٤]، بۆ ئەم

---

(١) عرفات كرم ستوني، المصدر السابق، ص٦٠؛ عەلی زێباری، کەسایەتیا بارزانی و سروشتێ وی یێ خەباتێ، (دهۆك- چاپخانه پارێزگەها دهۆکێ- ٢٠١٣)، ل ١٧.

(٢) زبير بلال اسماعيل، المصدر السابق، ص ٩٤.

(٣) نجدة فتحي صفوة، العراق في الوثائق البريطانية سنة ١٩٣٦، من منشورات مركز دراسات الخليج العربي بجامعة البصرة، (جامعة البصرة-١٩٨٣)، ص ص ٥٦-٥٧.

(٤) حبيب تومی، الاستاذ مسعود البرزاني واستراتيجية اقامة الدوله الكردية، متاح على الموقع الالكتروني:.http: // al – nnas. Com / article/ htomi / ٢٧bvz.htm ، تمت زيارةالموقع في ١٢:٣٠ في ١٠ / ١ / ٢٠١٦

مەبەستە بەریتانییەکان لەڕووی سەربازییەوە هیچ نەما تاقی نەکەنەوە، بۆیە "کاوس قەفتان" دەڵێت" **گەلی کورد یەکەم میللەتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە مەدەنییەتی ڕۆژئاوا بناسێت لە ڕێگای سوپا و بۆردومانکردنی دڕندانەی فرۆکەکانیان، هەروەها کوردستان بۆ بەریتانیا وەك گۆڕەپانی تاقیکردنەوەی هێزی ئاسمانی سەیر کراوە**" بۆ پشتڕاستکردنەوەی وتەکانی جەخت لەگۆتەی کەسێکی ئینگلیز دەکاتەوە کە دەڵێت "**بۆردومانکردنی کوردستان لە ڕاستیدا تاقیکردنەوەیەکی ناڕاستەوخۆی هێزی ئاسمانی بەریتانیایە**"[١].

پاش ئەم ڕووداوە تورکەکان لە ساڵی ١٩٢٣ لە ڕەواندز پاشەکشەدەکەن، دواتر ئاشتەواییەکی کاتی دێتە ئاراوە لەنێوان شێخ ئەحمەد بارزانی و دەسەڵاتدارانی بەریتانی-عێراقی کە تێیدا ڕێگا درا بە شێخی بارزان دەسەڵاتی لە ناوچەکەدا پەراکتیزە بکات بەبێ دەستێوەردانی حکومەت[٢].

لەو هەلومەرجەدا بەریتانیا ویستی بە هەرشێوازێك بێت شێخ ئەحمەد بە لای خۆیدا نزیك بکاتەوە جارێك بە هەڕەشە و جاریکی تر بە پارە هەڵخەڵەتاندن، بەڵام شێخی تەکیەی بارزان هەمیشە لەگەڵ بەرپرسە بەریتانییەکان جەختی لەوە دەکردەوە کە پلە و پایە و سامانی ناوێت، بەڵکو دەیەوێ لەسەر زێدی باب و باپیرانیان بە ئازادی بژین[٣].

حکومەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٢٥ وەك هەنگاوی یەکەمی چەسپاندنی دەسەڵاتی لە گوندی بارزان بنکەیەکی پۆلیسی تێیدا کردەوە[٤]، مەڵبەندێکی حکومەتی "سەرا" لە بیرەکەپڕا دامەزراند، هەرچەندە ئەم هەنگاوەی حکومەت نەبووە هۆی سەرهەڵدانی هیچ ئاڵۆزییەك لە ناوچەکەدا، چونکە شێخی تەکیەی بارزان پێیوابوو ئەم هەوڵەی حکومەت بە مەبەستی بەڕێوەبردن و گرنگی پێدانی ناوچەکەیە لەڕووی خزمەتگوزاری و جێبەجێ کردنی پێداویستیەکانی دانیشتوان[٥].

دیارە حکومەت خۆیندنەوەیەکی پێچەوانەی هەبووە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، بەڵکو

(١) کاوس قفطان، المصدر السابق، ص ص ٣٦-٣٧.

(٢) سروة اسعد صابر، کوردستان الجنوبية....، ص ٢٣٢.

(٣) وریا ڕەحمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٠.

(٤) عەلی تەتەر نێروەیی، نەتەوە و نیشتمان ....، ل ٦٥.

(٥) مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لەساڵانی ١٩٢٦-١٩٣٩، (هەولێر-لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی-٢٠١٣)، ل ١٦٥.

دەیویست لەو ڕێگایەوە ناوچەی بارزان بخاتە ناو بازنەی دەسەڵاتی[۱]، بۆئەوەی کۆتایی بەو خۆبەڕێوە بردنە بێنێت کە لە ناوچەکانی بارزانـدا هـەبووە، چونکە ئـەو ناوچەیـە نیمچـە سەربەخۆبووە هەر لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە بەهۆی سەختی سرووشتی ناوچەکە[۲]، لە لایەکی دیکەوە هەوڵدراوە لەم ڕێگایەوە هێڵی بروکسلی سنووری بچەسپێنێت لەپێناو بـەزۆر لکاندنی ئەو بەشە گرنگەی کوردستان بەعێراق[۳].

لەو هەلومەرجەشدا کـە تەکیـەی بـارزان لـەناو بازنـەی تەڵەکـە و فێڵـەکانی حکومـەتی بەریتانی- عێراقی دەخووڵایەوە، کەچی هەستی نەتەوایـەتی لـە دەروونـی شـێخ ئەحمـەدی بارزانی زیاتر چەکـەرەی دەکـرد، چونکـە هـەر لـەو ماوەیـەدا لـە سـاڵی ۱۹۲۵ لـە بـاکووری کوردسـتان شۆڕشـێك بـە سـەرکردایەتی شـێخ سـەعیدی پیـران دژ بـە دەسـەڵاتدارانی تـورك سـەرهەڵدەدات، شـێخی بـارزان بـە مەبەسـتی هاوکـاریکردنی شۆڕشـەکە هێزێـك بـە سەرکردایەتی "مستەفا بارزانی" ڕەوانەی باکووری کوردستان دەکات[٤].

دوا بە دوای کپکردنی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران لە لایـەن دەسـەڵاتدارانی تـورك، زۆرێك لە سەرکردەکانی باکووری کوردستان ڕوویانکردە بەشەکانی تری کوردستان، سـەبارەت بە باشووری کوردستان شـێخ ئەحمـەد بـارزانی لـە سـاڵی ١٩٢٦ "محەمـەد سـەدیق"ی بـرای ڕەوانەی ڕەواندز دەکات بە مەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردەکانی باکوور بـۆ دارشـتنەوە و بنیادنانەوەی شێوازێکی تۆکمـەتر بـۆ بـەرپاکردنی شـۆڕش لـە داهـاتوودا[٥]، هـەر ئەمـەش وایکردووە کە بەریتانییەکان لە ڕاپۆرتەکانی سـاڵانی داهاتوویـان جـەخت لەوە بکـەنەوە کـە **دەرگای بارزان بۆ هەموو کەسێکی یاخی والایـە، تـەنها دەرگـای شـێخ بـەڕووی بـەریتانیا و حکومەت داخراوە**[٦].

بەریتانییەکان بە تەواوەتی دەرکیان بەوە کردبوو کە ناوچەی بارزان ناوچەیەکی فراوانـی بزووتنەوەی کوردییە لەپێناو بـەدیهێنانی مافـە نەتەوییـەکان، هـەروەك چـۆن لـە سـەردەمی عوسمانییەکان بەوە ناسرابوون کە ملکەچ نابن، بە کردەوەش لە ڕەوشێکی نیمچـە سـەربەخۆ

(١) عوسمان عەلی، کورد لە .....، ل ٢٥٠.

(٢) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٠٦-١٠٧.

(٣) مستەفا جوندیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١٥.

(٤) حامید گەوهەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.

(٥) ڕۆژ عەبدوڵڵا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٨ - ٢٩.

(٦) سروة اسعد صابر، کوردستان الجنوبیة.....، ص ٢٣٧.

دابـوون[١]، ئەمـەش بـەهیچ شـێوەیەك یـەکی نـەدەگرتەوە لەگـەڵ ئـەو سیاسـەتەی کـە بەریتانییەکان لە ناوچەکـەدا پیادەیـان دەکـرد، بۆیـە لـە سـاڵی ١٩٢٧ حکومـەتی بـەریتانی- عێراقـی هێرشـێکی سـەربازیان دژ بـە شـێخ ئەحمـەد بـارزانی ئەنجامـدا، بـە مەبەسـتی یەکلاکردنەوەی کاری شێخی بارزان، بەڵام لـە چەنـد کیلۆمـەتری بارزانـدا ڕێگـای پێشـڕەویان لێگیرا[٢].

دیـارە لـە تشـرینی یەکـەمی سـاڵی ١٩٢٧ بـەر لـە هێرشـە سـەربازیەکەی حکومـەتی بەریتانی- عێراقی، شێخ ئەحمەدی بارزانی هەموو ئامادەکارییەك دەکات، هەروەها داوا لـە حکومـەت دەکـات میلیشـیا ئاشـووریەکان لـە ناوچەکـەیان پاشەکشـەپێ بکـات و مـافی سەرپەرشتیکردنی ناوچەکەی بۆ بگەڕێنێتەوە[٣].

کـەچی بەریتانییـەکان لـەبڕی بـەدەمەوە هـاتنی داواکاریـیـەکانی شـێخی بـارزان، لـە ڕاپۆرتـەکانیان ڕێبـەری تەکیـەی بارزانیـان بـە نـانەوەی پەشـێوی و دروسـتکردنی دڵـەڕاوکێ لـەدەروونی خـەڵکی ناوچەکـە تۆمـەتبار کـرد بـەهۆی ئـەو پڕۆژەیـەی کـە پەیوەسـت بـوو بەنیشتەجێ کردنی ئاشووریەکان لـە ناوچەکـەدا، هـەروەها تۆمـەتی ئەوەشـی درایـەپاڵ کـە ناوچەکەی کردۆتە پەناگەی هەموو ئەو کەسانەی کە لە یاسا دەرچوون [٤].

بێگومان ئەم هێزە بە ناچاری لە ناوچەی "بلێ" مۆڵگەی سەربازیان دامەزرانـد، هاوکـات لەگەڵ ڕووداوەکانی ناوچەی بارزان، لە ناوچەی سلێمانیش شێخ مەحموود بـەرزنجی تـەنگی بە هەڤاڵبەندییەکانی حکومەتی بەریتانی- عێراقی هەڵچنیبوو[٥]، هەر لەوساڵەدا "کۆمەڵـەی پشتیوانی کورد[٦]" دروست بوو، شێخ ئەحمەدی بارزانی دەبێتە سەرۆکی لقی ئەم کۆمەڵەیـە

(١) جەلیلی جەلیل و ئەوانی دیکە، شۆڕشەکانی .....، ل ٢٨٣.

(٢) بابە شێخ مەردۆخ ڕۆحانی (شیوا)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣٣.

(٣) دیڤید مکدول، المصدر السابق، ص ٢٨٣.

(٤) پێ ڕەش، العراق دوله بالعنف (المقاومة الكردية ضد عملية الحاق كوردستان الجنوبية بالعراق على ضوء أرشيفات الحكومة البريطانية بين أعوام ١٩١٨- ١٩٣٧، (جنيف- ١٩٨٦)، ص ٤٠.

(٥) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٨.

(٦) کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان لەلایەن ڕۆشنبیرانی کورد لەشاری بەغدا لـە تـەمووزی ١٩٢٧ دامـەزرا لـە شوێن کۆمەڵەی پێشکەوتن، دەستەی کارگێڕی لە ماڵی (ئەحمەد خواجە) بڕیاری لەسەر درا کەپێکهاتوون، لەسەرۆك و دوو سکرتێر و نۆ ئەندام ئامانجی کۆمەڵەش یەك ڕیزی و ڕێکسـختنی کـورد بـوو بـۆ داکـۆکی کردن بـووە لـە بـەدیهێنانی مافەنەتەوەییـەکانی، هـەروەها ئامـانجی یەکخسـتنی کـورد بـوو لـە باشـووری

لەناو هۆزە کوردییەکانی لیوای مووسڵ بە هاوکاری پیاوەکانی خۆی وەك شەریف ئاغا و عەلی محی و خەلیل شەعبان کە نیوەندگیر بوون لەنێوان شێخ و ناوچە کوردییەکان[١]، لەو بارودۆخەدا "هنری دوبس" مەندووبی سامی نامەیەك ئاڕاستەی شێخ ئەحمەد بارزانی دەکات، تێیدا جەخت لەو دەکاتەوە کە پرۆپاگەندەکان دەگەنە بەغدا بەوەی کە شێخی بارزان ئامادەکاری کردووە بە مەبەستی بەرنگاربوونەوەی حکومەت، لەهەمان کاتدا ئەوەشی خستبووە ڕوو کە حکومەت هیچ نییەتێکی دوژمنکارانەی نییە لە بەرامبەری[٢].

پێدەچێت ئەو هەنگاوەی بەریتانییەکان بۆ ئارام کردنەوەی بارودۆخەکە بێت، چونکە بەرنگاربوونەوەی دوو بەرەی جەنگ کارێکی سەخت دەبێت لەسەر شانی بەریتانییەکان، جگە لەو ئاڵۆزییە سیاسیەی کە بەرۆکی حکومەتی عێراقی گرتبوو بەهۆی پەیماننامەی ساڵی ١٩٢٦.

مەندووبی سامی بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە لە ٣١ی شوباتی ساڵی ١٩٢٨ پشکنەری کارگێڕی مووسڵ "میجور ویلسۆن" ڕادەسپێرێت بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ شێخ ئەحمەد بارزانی، کە کۆبوونەوەکە لە شوێنێك لە نزیك بارزان ئەنجام درا، لەم چاوپێکەوتنەدا "شێخ ئەحمەدی بارزان"داوایکرد مافی سەرپەرشتیاری و چاودێری پێبدرێت لەسەر گوندەکانی سەربە قەزای ڕەواندز، ویلسۆن پێی ڕاگەیاند کە حکومەتی عێراقی وەڵامی ئەم داواییەی ناداتەوە و پەسەندی ناکات، ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی حکومەت بەرپرسیاریەتی چەند ناوچەیەك بە

کوردستان و کار و چالاکییەکاندا ئەم کۆمەڵەیە پەیڕەوی ڕێکخستنی نهێنی دەکرد و سەرچاوەی دارایی کۆمەڵەکەش بریتی بوو لەو ئابوونەوەیەی کە لە ئەندامەکان وەردەگیرا و ئەو یارمەتیانەی کە لەلایەنگرانی و کەسانی بەدەرامەت پێشکەشیان دەکرد و بەپێی بەڵگەنامەیەکی ئەفسەری هەواڵگری تایبەت لەشاری بەغدا تایبەت بەجموجۆڵی کۆمەڵەی پشتیوانی ئاماژە بە بڕی داهاتی مانگانەی کۆمەڵە بە (٢٥٠) ڕوپیە دەکات کە (ئەمین ڕواندزی) لێپرسراوی دارایی بووە، ئەندامانی کۆمەڵەکە پێکهاتبوون لە (مستەفا شەوقی "سەرۆك"، ڕەشید نەجیب "سکرتێری یەکەم"، ئەحمەد خواجە "سکرتێری دووەم"، خەلەف شەوقی داوودی، مەحموود جەودەت، عیزەتی تەل، عەلی عیرفان، حەفید جەودەت، ئەمین ڕواندزی، فائق کاکەئەمین، ڕەئووف بەگ جەلالی، بەشیر موشیر). بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێتەوە بۆ: مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لەساڵانی ١٩٢٦....، ل ل ٢٥٦-٢٦٣.

(١) *Air,٢٣/٤١٦/٦٠٨٨,(From S.S.O "Mosul" to Air staff. Intelligence Hinaidi)* ٦, *February,* ١٩٣٠.

(٢) *Iraq Administration Reports* ١٩١٤ – ١٩٣٢, *Vol(٩),*١٩٢٨ – ١٩٣٠, *P.١٨٤*

سروة اسعد صابر، کوردستان الجنوبیة....، ص ٢٣٣.

شێخ بسپێرێت، بەمەش تارادەیەك ئارامییەکی کاتی لە ناوچەکە بەرقەرار بوو[۱].

لەنێو ئەم ڕەوشە سیاسیەدا شێخ ئەحمەدی بارزانی لە نامەیەکدا بۆ شا فەیسەلی یەکەم داوای یەکبوونی هەوڵەکانی هەردوو نەتەوەی کورد وعەرەبی بۆ دەرکردنی بەریتانییەکان لە عێراق دەکات[۲].

سەبارەت بەو هێزەی کە لە بلێ مۆلگەیان دامەزاندبوو، مستەفا بارزانی لەکاتی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ موتەسەریفی مووسڵ لەسەر داوای شێخ ئەحمەدی بارزانی پێی ڕادەگەیەنێت کە ئەم هێزە بەریتانییە لە"بلێ"یە بێتە هەڵگرتن، ئەگەر بوونیان پێویستە لە شوێنی ئەوان فەوجێکی سوپای عێراق دابنرێت، لەکاتی گەڕانەوەی بۆ بارزان لە "بلێ" فەرماندەی بەریتانی دەبینێت و بە "مستەفا بارزانی" دەڵێت" لە سەرکردایەتی خۆمەوە فەرمانم دراوەتێ کە بەپێی داخوازیتان ئەم ناوچەیە بدەم بە فەوجێکی عێراقی، هیوادارم لەگەڵ برا مووسڵمانەکانتان بە خۆشی بژین، وا ئێمەی ئینگلیزی کافر ناوچەکەتان بەجێ دێلین، پاشتر خۆتان دەبینەوە[۳]".

دیارە ئەم هەڵوێستە دواتر بەکردەوە دەچێتە بواری جێبەجێ کردن، چونکە هەر لە دوای کشانەوەی هێزە بەریتانییەکە لە بلێ لە ساڵی۱۹۳۰ و هاتنی سوپای عێراق بۆ شوێنیان بە سەرکردایەتی "بەرقی سدقی" برای "بەکر سدقی[٤]" ڕەوشەکە بەرەو ئاڵۆزی دەچێت[۱].

---

(۱) *Ibid, P.۱۸* ؛

حامد محمود عیسی، المشكله الكردية في الشرق الاوسط، (القاهرة- مكتبه المدبولی- ۱۹۹۲)، ص ١٥٤.

(۲) مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لەساڵانی ۱۹۲٦....، ل ١٦٦.

(۳) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ۲۵.

(٤) بەکر سدقی شەوقی عەسکەری کە دەگەڕێتەوە بۆ دێی (عەسکەر)ی ناحیەی ئاغجەلەر، لەبنەماڵەیەکی کوردی لەدایك بووە، پاش تەواوکردنی قوتابخانەی ئامادەیی ڕوشدیە، ساڵی ۱۹۰۸ لەقوتابخانەی عەسکەری ئەستەمبۆڵ دەرچووە و پاشان کۆلێژی ئەرکانی عوسمانی خوێندووە و لەبەرەکانی جەنگی جیهانی یەکەمدا بەشداری کردووە، دوای تەواوبوونی جەنگ چووەتە ناو سوپای سوریاوە پاشان گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا و لە سوپای عێراقدا بە پلەی (ڕەئیس) وەرگیراوە، لەساڵی ۱۹۲۸دا بووە بە (عقید) و لەساڵی ۱۹۳۱دا پلەی زەعیمی وەرگرتووە و کراوەتە سەرکردەی سوپای باکوور، لەساڵی ۱۹۳۲دا بووە بە (ئامر لیوا) و کراوەتە فەرماندەی باشوور، لەساڵی ۱۹۳٦ یەکەمین کودەتای ئەنجامدا و حکومەتەکەی یاسین هاشمی ڕوخاند، تاماوەی نۆ مانگ و ۲۰ ڕۆژ بەڵام لە ئابی ۱۹۳۷دا بە پیلانێك کوژرا. گەلێك کتێبی سەربازی داناوە. یاسین صابر ساڵح: ئینسکلۆپیدیای گشتی، (سلێمانی- بڵاوکراوەکانی دەزگەی چاپ و پەخشی سەردەم- ۲۰۰۵)، ل ۲۰۱٤؛ محمد علی الصویرکی، معجم اعلام

تەوەری سێیەم:

«هەوڵە سیاسی و سەربازییەکان بۆ لاوازکردنی پێگەی شێخی بارزان»

بەریتانییەکان بەر لە شۆڕشی یەکەمی بارزان هەوڵەکانیان چڕ کردەوە لە گوشار خستە سەر حکومەت بە مەبەستی هێرشکردنە سەر بارزان، بە مەبەستی تەمبێ کردن و ڕاگواستنی خەڵکەکەی و جێگیرکردنی ئاشوورییەکان لە ناوچەکە[٢]، بەڵام هەڵوێستی سوپا بە شێوەیەکی گشتی لەوکاتدا پێچەوانەی خواستی بەریتانییەکان بوو، چونکە هەندێك لە ئەفسەرە عەرەبە نیشتمان پەروەرەکان هەستیان بەمەترسی هەڵگیرسانی جەنگی ناوخۆیی کرد، بۆیە ڕەتیانکردەوە هەڵسن بە ئەنجامدانی کردەی سەربازی، بەریتانییەکان نەیانتوانی پێداگری بکەن لەسەر فشارەکانیان، چونکە لە لایەك مەترسیان هەبوو لە هەڵگەڕانەوەی سوپا و ئاکامەکانی، لە لایەکی دیکەوە بەستنی پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٠ لە ڕێگادابوو، بۆیە هێرشکردنە سەر بارزان بۆ کاتێکی دیکە دواخرا[٣].

هەرچەندە حکومەت لەوکاتەدا سەرقاڵی دامرکاندنەوەی شۆڕشی شێخ مەحموود بوو لە سلێمانی، بۆیە لەگەڵ ناوچەی بارزان کەوتە شەڕی دەروونی و پڕوپاگەندە، ڕایانگەیاند کە (شێخ ئەحمەد) وازی لە ئایینی ئیسلام هێناوە و خەڵك هان دەدات بۆ گاور بوون، بەریتانییەکان دەستێکی باڵایان هەبوو لە بڵاوکردنەوەی ئەم پڕوپاگەندانەدا لە ناو ڕیزەکانی خەڵکدا[٤].

دیارە "کۆلۆنیل لاین" ئەفسەری بەریتانی لەبەشی پەیوەندییەکان ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە

الکرد (فی التاریخ الاسلامی والعصر الحدیث في کردستان و خارجها)، (السلیمانیة – بنکەی ژین – ٢٠٠٦)، ص ص ١٤٦ – ١٤٧.

(١) مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لەساڵانی ١٩٢٦....، ل ١٦٧.

(٢) •*Edmund A. Ghareeb, Historical Dictionary of Iraq, (lanham- the scarecrow press, Inc – ٢٠٠٤), p.* ٤١.

(٣) کاوس قفطان، المصدر السابق، ص ٤٥.

(٤) *Iraq Administration Reports* ١٩١٤ – ١٩٣٢ ،*Vol (١٠),*١٩٣١ – ١٩٣٢, *PP.*٣٥٠ – ٣٥١ ؛ سەعدی عوسمان، بزاڤی رزگاریخوازی....، ل ١٠٨.

لەو بابەتە بەتایبەت لە کانوونی یەکەمی ساڵی ۱۹۳۰ لەنێو هۆزەکانی دراوسێی بارزان دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی بەربڵاوەکانی لە دژی تەکیەی بارزان و ڕێبەرەکەی[۱]، ئامانجی بەریتانییەکان لە بڵاوکردنەوەی ئەم پڕوپاگەندانە هاندانی هۆزەکانی دەوروبەری ناوچەی بارزان بوو، بۆ دژایەتی کردنی خودی شێخ ئەحمەدی بارزانی، هەوڵەکانی بەریتانیا سەری گرت و ناکۆکی و ململانێ کەوتە نێوان بارزان و یەکێك لە هۆزەکانی دەوروبەری کە هۆزی برادۆست بوو[۲]، بە سەرۆکایەتی "شێخ ڕەشیدی لۆلان[۳]".

دەسەڵاتدارنی عێراقی بە پاڵپشتی بەریتانیا ویستیان لە گرتنەبەری ئەو شێوازە کارکردنە ڕاستی و دروستی شۆڕشە نوێخوازەکەی کورد بزر بکەن لەبەردەم ڕای گشتی و هەڵبدۆزنەوە بۆ کپکردنی، هەربۆیە دەستیانکرد بە ڕێکخستنی پڕۆپاگەندە فراوانەکانیان دژ بە تەکیەی بارزان و لەکەدارکردنی ڕێزو پێگە ئایینییەکەیان، بۆ ئەم مەبەستەش گەڕان بەدوای هۆکارە ناوخۆییەکان بۆ لێکترازاندنی ڕیزە تۆکمەکەی شۆڕش، ئەویش وروژاندنی هۆزەکان بوو دژ بە شێخنشینی بارزان[٤].

لەوبارەیە بەریتانییەکان زۆر بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم دۆسیەدا کردووە، ئەویش لە ڕێگای بزاوتنی هەستی ئایینی خەڵك، بە شێوەیەك ئایینی ئیسلامیان وەك چەکێك لەم پڕۆپاگەندەیە بەکارهێناوە بۆ بەرهەڵەستیکردنی داواکارییە نەتەوەییەکانی کورد[٥].

لەم ڕووەوە لە ۱۹ی ئابی ۱۹۳۰ لە شاری سلێمانی لە ڕێگای بڵاوکراوەکانیان بەناونیشانی "المسلم الموحد الکردی" کە لەڕووی زاراوەوە ئاڕاستەیەکی ئایینی دەبەخشێت،

---

(۱) حسین مەدەنی، سەرچاوەی پێشوو، ل ۳۸۰.

(۲) سەعدی عوسمان، بزاڤی رزگاریخوازی....، ل ۱۰۸.

(۳) سەبارەت بە "ڕەشید لۆلان "شێخی تەریقەتی سۆفیە لەناوچەی برادۆست، جگە لەکوردستانی باشوور ژمارەیەك موریدی هەیە لە بەشەکانی تری کوردستان بەتایبەت لە باکووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەمێژووی هاوچەرخی کوردستانی باشوور، ڕۆڵی هەبووە لەدژایەتی کردنی شۆڕشەکانی بارزان. بۆپتر زانیاری بڕوانە: مێژان عارف عبدالرحمن بادی، الحرکە القومیة الکوردیة التحرریة في کوردستان العراق ۱۹۵۸- ۱۹٦۳، (اربیل- مطبعة وزارة التربیة - ۲۰۰۵)، ص ۷۱ ؛

*Michael m. Gunter ،op.cit, pp.*۱۹ -۲۰.

(٤) زبیر بلال اسماعیل، المصدر السابق، ص ۱۰۳.

(٥) عزیز حسن عزیز البارزانی: الحرکە القومیة الکوردیة التحرریة فی کوردستان العراق ۱۹۳۹-۱۹٤٥، (دهوك- دار سپیرێز للطباعة والنشر- ۲۰۰۲)، ص ۳۲.

تێیدا سەرکردەو ڕێبەرە نەتەوەییەکانی کوردیان لە ناوچە کوردنشینەکان لەکەدار دەکرد[١]، وەسفیان دەکردن بە"فەرامۆشکردنی ئایینی ئیسلام" یاخود "خاوەن هزری نابەجێ" و "تێکدەر"، هەروەها جەختیان لەوە دەکردەوە کە بۆ نوێنەرایەتی گەلی کورد ناشێن[٢].

لە لایەکی دیکەوە هەر بەمەش نەوستان، بەڵکو ئەمجارە هانایان بردە بەر تۆمەت بخشینەوە لەسەر ڕەفتار و کەسیەتی شێخ ئەحمەد بارزانی بەوەی کە لەڕووی دەروونییەوە نالەبار و نەشیاوە[٣]، ئەمەش ناڕاستە بەڵگەش ئەوەیە مێژووی ڕاپەڕینی بارزان ئەو ڕاستیە ڕوون دەکاتەوە، کە شێخ ئەحمەدی بارزانی وەك پێشینانی خۆی لە ڕێبەری کردنی گەل و عەشیرەتەکەی نەك هەر سەرکەوتوو بوو، بگرە بۆیەکەم جار لە سەردەمی ئەودا بەپێی فەرمانی ئەو چەندین دەستە لە جەنگاوەرانی بارزانی نێردراونەتە باکووری کوردستان بۆ هاوکاری یارمەتیدانی شۆشگێڕانی کورد دژ بەدەسەڵاتدارانی تورك، بێگومان ئەمەش کردەوە و بڕیارێکە لە مرۆڤێکی لەباری دەروونییەوە نالەبار ناوەشێتەوە[٤].

دەکرێت بڵێین لە دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەی شێخ مەحموود بەرزنجی ئاڵای خەباتی ڕزگاریخوازی لە بارزان هەر دەشکایەوە[٥]، لەگەڵ ئەوەشدا وەك قەڵایەکی پۆڵاین بوو لەبەردەم داگیرکەران و پەناگەیەك بوو بۆ هەموو ئازادیخوازێکی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان، ئەمەش دەبێتە بەربەست لەبەردەم بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا و حکومەتە دەستکردەکەی لە بەغدا، بۆیە هەموو هەوڵێکیان خستبووەگەڕ بۆ لەباربردنی، چ بەشێوازی سەربازی یاخود پڕوپاگەندەی ڕێکخراو، لەوبارەیەوە "ئەحمەد خەواجە" کۆی تۆمەتەکان کە خراونەتە پاڵ شێخی بارزان بە دروستکراوی بەریتانیا وەسف دەکات و بە بەڵگە دەیسەڵمێنێت و دەڵێت " **کاتێك لە "ئاسەف ڕەئووف" نووسەری کاپتن "لاین"م پڕسی، ئایا ئەوە ڕاستە کە شێخ ئەحمەد بارزانی لەئایینی ئیسلام وەرگەڕاوە؟ ئەویش دەڵێت "بەشەڕەفم، بەنیکاحم بارزانییەکان ئاگایان لەم قسانە نییە، هەمووی لەژووری**

(١) عبدالفتاح علي البوتاني، الحركه القومية.....، ص ص٨٠- ٨١.

(٢) عزيز حسن عزيز البارزانى، المصدر السابق، ص ٣٢.

(٣) کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣.

(٤) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٠.

(٥) *Gerad chaliand, op.cit, p.٢٤٤.*

"لاین"وە بڵاوەکرێنەوە"[۱].

بەریتانییەکان توانییان لە هاندانی شێخ ڕەشیدی لۆلان لە دژی شێخی بارزان سوود لە پرۆپاگەندەکانیان وەربگرن، لە ماوەی مانگەکانی تەموز و تشرینی دووەمی ساڵی ۱۹۳۱ چەندین بەرەنگاربوونەوە لەنێوانیان ڕوویدا، کە بەریتانییەکان ڕۆڵی سەرەکیان تێدا گیراوە[۲].

دیارە ڕاپۆرتی ئەفسەرێکی هەواڵگریی بەریتانی لە هەولێر دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە بەریتانییەکان لەپشت پەردەوە هەوڵی گەورەکردنی ئەو ناکۆکی پەشێویانە دەدەن لەنیوان هەردوولا، وەك لە ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت" **شێخ ئەحمەد لە۲۹ی تەممووزی ساڵی ۱۹۳۱ نامەیەکی بۆ شێخ ڕەشیدی برادۆست دانیشتووی گوندی لۆلان ناردووە، داوای لێکردووە بۆ سەر ئایینی تازە، لەوکاتەی شێخ ڕەشید ڕازی نەبووە، شێخی بارزان هێزێکی سێ سەد کەسی بەفەرماندەیی مستەفا بارزانی ناردووە بۆ ئەوەی بەزەبری هێز ملکەچیان بکات**"[۳].

لەم ڕاپۆرتە بە ڕوونی دەردەکەوێت کە بەریتانییەکان دەیانەوێت دەستێشخەری ناکۆییەکان بخەنە ئەستۆی تەکییەی بارزان و بۆڕای گشتی نیشان بدەن کە بارزانییەکان لە ڕێگای هێزەوە دەیانەوێت هەژموونی خۆیان بەسەر هۆزەکانی دیکەی ناوچەکە بسەپێنن، لە ڕاستیدا ئەگەر بارزانییەکان دەستێشخەربن بۆ هێرشکردنی سەر برادۆستەکان، ئەی بۆچی شێخی بارزان داوا لە حکومەت دەکات بۆ هاتنە نێو کێشەکە و ڕاگرتنی دەست درێژییەکانی ڕەشید لۆلان، بەڵام داواکەی هەرچەندە شوێنی خۆی نەگرت[٤]، کەچی سەملێنەری ئەو ڕاستیەن کە برادۆستەکان سەرەتا هێرشیان کردووە.

سەبارەت بە پێشهات و ڕووداوەکانی نێوان شێخی بارزان و شێخ ڕەشید، سەرەتا شێخ ڕەشیدی لۆلان بۆ وەستان لە دژی شێخ ئەحمەدی بارزانی بانگەشەی جیهادکردن بۆ سەرۆك هۆزەکانی "سورچی، خەیلانی، باڵەك و شیوەزوی"دەکات، بەڵام بانگەوازەکەی لە لایەن سەرۆك هۆزەکان ڕەت دەکرێتەوە[٥].

---

(۱) ئەحمەد خواجە، چیم دی (شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی مەزن)، (هەولێر-دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- ۲۰۱۳)، ل ل ۲۹۵، ۲۹۷.

(۲) سروة اسعد صابر، كوردستان الجنوبية.....، ص ۲۳۹.

(۳) عوسمان عەلی، چەندلێکۆلینەوەیەك.....، ل ۲۳۹.

(٤) پێ ڕەش، العراق دوله....، ص ص ۳۷–۳۸.

(٥) مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لەساڵانی ۱۹۲٦....، ل ١٦٩.

دوا بە دوای ڕەتکردنەوەی بانگەوازەکەی شێخ ڕەشیدی لۆلان، برادۆستەکان دەستیانکرد بە هێرشکرنە سەر بەشی ڕۆژهەڵاتی سنووری بارزان، لە ڕاستیدا ئەو هەراو پێکدانانە ئەوەندە لەسەر بنەمای ڕکابەری دەسەڵات و ململانێی هۆزایەتی نەبوو، بە قەد ئەوەی ئەوەندەی پەیوەست بوو بە سیاسەتبازی و بوختانی حکومەتی عێراقی و بەریتانییەکان، کە هەوڵەکانیان چڕ کردبووەوە لەپێناو تێك بەردانی کوردان و لەکەدارکردن و کەمکردنەوەی کاریگەری ڕۆڵی هۆزی بارزانی ڕاپەڕیوو لە کاروانی ڕەهەندە نەتەوەییەکان[١].

لە هاوینی ساڵی ١٩٣١ برادۆستەکان پەلاماری هۆزی شێروانی ناوچەی بارزانیاندا و گوندەکانی "گرکال، کۆلەك و بابکێ"یان تاڵانکردو ماڵەکەنیان سوتاند، لە بەرامبەر ئەو شاڵاوەی برادۆستەکان "مستەفا بارزانی" لەگەڵ هێزێك شوێن تاڵانکەران کەوت و لە دەشتی "هێڕت" پاش لێکدانێکی کتوپڕ ماڵ و ماڵاتی ئەو گوندانەی لێ سەندنەوە[٢].

دیارە مەبەستی شێخ ڕەشیدی لۆڵان بۆ هێرشکردنە سەر هۆزی شێروان بە تایبەتیش گوندی "گرکال" دەگەڕایەوە سەر بیرکردنەوەکانی خودی شێخ ڕەشید کە دەیویست هەژموونی تەکیەی لۆڵان بەسەر ئەو گوندە بسەپێنێت لە دەشتی هێڕت کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ناوچەی برادۆست کە چووبوونە ژێرڕکێفی تەکیەی بارزان[٣].

جارێکی دیکە لە٢٥ تشرینی دووەمی هەمان ساڵ، برادۆستەکان پەلاماری ئەو ناوچەیان دایەوە، بەڵام بارزانییەکان بە سەرکردایەتی "وەلی بەگ" توانییان بەرەنگاریان ببنەوە و ناچار بە ڕاکردنیان بکەن، پاش ئەوەی ئەو سامانەی تاڵانیان کردبوو بە جێیان هێشت[٤].

دوا بە دوای شاڵاوی برادۆستەکان، حکومەت ڕۆڵی نێوەندگیری گێڕا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەردوو لایەن، بۆیە لەسەرەتای تشرینی دووەمی ١٩٣١ لێژنەی نێوەندگیری کە پێك هاتبوون لە موتەسەریفی مووسڵ و هەولێر و قایمقامی ڕەواندز و زێبار لەگەڵ هەریەکە لە نوێنەری شێخی بارزان کە بریتی بوو لە "مستەفا بارزانی" و نوێنەری

(١) مستەفا جوندیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١٦.

(٢) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨؛ عەلی زێباری، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٨–١٩.

(٣) زبیر بلال اسماعیل، المصدر السابق، ص ١٠٩.

(٤) مەنسوور شێخ ڕەئووف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٤؛ دیقید مکدول، المصدر السابق، ص ص ٢٨٤-٢٨٥.

برادۆستەکان لە ئاکرێ کۆبوونەوە، بەڵام کۆبوونەوەکە هیچ دەرئەنجامێکی لێنەکەوتەوە[۱].

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ئەفسەری هەواڵگری تایبەت لە شاری هەولێر، شێخ ئەحمەدی بارزانی چاوەڕوانی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی لێژنەکە دەکات و لەهەمان کاتیشدا ئەوەش ڕادەگەیەنێت کە هیچ هێرشێك بۆ سەر ناوچەکانی برادۆست ئەنجام نەدرێت تا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ڕادەگەیەنرێت، هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند ئەگەر دەرکەوت لێژنەکە بەرگری لە ڕاستی و مافەکان ناکات، ئەوە بەرگری لە پێگە و هەژموونمان لە ناوچەکە دەکەین[۲].

سەبارەت بە دوا دانیشتن لە لایەن هەردوولایەنی ناکۆك، خاوەن کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد" ئاماژە بە هەوڵەکانی قایمقامی زێبار"بلە" دەکات کە بەناوی حکومەتی عێراقەوە پەیوەندی بە شێخی بارزان دەکات، کە گوایە حکومەت حەز دەکات ناکۆکی لەنێوان بارزانییەکان و برادۆستەکان نەمێنێ، شێخ ئەحمەد ئەم داخوازیەی حکومەتی پەسند کرد، بە مەرجێ لایەنگرانە نەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش "محەمەد سەدیق"ی برای وەك باوەڕپێکراوی خۆی ڕەوانەی ئەو کۆبوونەوەیە کرد، هاوکات لەگەڵ ئەم پێشهاتە "مستەفا بارزانی"لە دەرەوەی بارزان بوو[۳].

بێگومان دواتر دەردەکەوێت کە حکومەتی عێراقی و دەسەڵاتی بەریتانی بە هیچ شێوەیەك مەبەستیان چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکان نەبوو، بەڵکو ئەم کارەیان زیاتر فێڵێکی سیاسی و سەربازی بوو، بۆ ئەوەی فەرماندە بەهێزەکانی بارزان لە ناوچەکە دووربخەنەوە، تا بەئاسانی بتوانن لە ڕێگای هێزی سەربازییەوە شێخنشینی بارزان لەناوببەرن[٤].

گوزارشتە دەرەکییەکانیش ڕەهەندێکی تری هەوڵەکانی بەریتانیا دەخەنەڕوو بۆ لاوازکردنی پێگەی تەکیەی بارزان، ئەویش لە ڕێگای باوەڕپێهێنانی حکومەتی عێراقی بەوەی کە تورکیا بەنهێنی هاوکاری شێخ ئەحمەدی بارزانی دەکات، چونکە تورکیا نیگەران و نارازی

(۱) حسن مصطفى، البارزانيون وحركات بارزان ۱۹۳۲–۱۹٤۷، (بغداد- دار افاق عربية للصحافة والنشر- ۱۹۸۳)، ص ۲٦.

(۲) مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لەساڵانی ۱۹۲٦....، ل ۱٦۹.

(۳) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ۲۸.

(٤) أيوب بارزاني، المقاومة الكردية للاحتلال ۱۹۱٤–۱۹٥۸، (فرنسا- دار نشر- حقائق المشرق-۲۰۰۲)، ص ۱۰٥.

بووە لە دانانی سەید تەهای نەهری وەك قایمقامی ڕەواندز[١].

لە بەرامبەریشدا حکومەتی تورکیا بە گومان بوو لە مەبەستی بەریتانیا لە نیشتەجێ کردنی ئاشوورییەکان لە ناوچەی بارزان، بەوەی بیکاتە نیشتمانێك بۆ ئاشوورییەکان و پێگەیەك بۆ بەریتانیا، لەهەمان کاتدا هەردوو حکومەتی تورکی و عێراقی لێك دابڕێ[٢].

هەواڵگری بەریتانیا لە لای خۆیەوە بە وردی چاودێری جووڵانەوەی شێخی بارزانی کردووە لە سنووری تورکیا، بۆ ئەم مەبەستە "عوسمان عەلی" ئاماژە بەنامەیەکی موتەسەریفی مووسڵ دەکات کە بۆ قایمقامی هەکاری ناردووە، تێیدا گلەیی کردووە لەوەی کە شێخ ئەحمەدی بارزانی چەکی کڕیووە لە شەمدینان و لەهەمان کاتدا پەیوەندی بە قایمقامی شەمدینان کردووە لە ئەگەری نوشست هێنانی شۆڕشەکەی دژ بەدەسەڵاتی عێراقی داڵدەی بدات، ئەم کارەش لە لایەن شەریف ئاغای زێباری ئەنجام دراوە کە لە لایەن شێخی بارزان ناردراوە و بەڵێنی بەدەستهێنانی چەك و تەقەمەنی لە حکومەتی تورکی وەرگرتووە[٣].

لە لایەکی دیکەوە حکومەتی تورکیا بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی عێراقی و بەریتانی بەگومانەوە لە هەڵوێستەکانی شێخی بارزانیان ڕوانیووە، بە جۆرێك سووربوون لەسەر ئەوەی کە شێخ ئەحمەدی بارزانی هاریکاری کوردەکانی باکوور دەکات، لەهەمان کاتدا پێیانوابوو کە ناوچەی بارزان بووەتە شوێن و پەناگەی کوردە نەیارەکانی حکومەتی تورکیا[٤].

لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠ حکومەتی تورکیا لەکاتی سەردانیکردنی "نووری سەعید" سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ ئەم ولاتە، پێشنیاریان کرد بۆ ناوبراو کە شاڵاوێکی تەمبێ کردن لە هێزەکانی تورکیا و عێراق لە دژی شێخ ئەحمەد لەسەر زەوی عێراق بەرپابکرێت، بەڵام سەرۆك وەزیرانی عێراق بەم پێشنیارە ڕازی نابێت و لە وەڵامدا دەڵێت "**حکومەتەکەی نەخشەی سەربازی بەدەستەوەیە بۆ دەستبەسەراگرتنی شێخی بارزان**[٥].

---

(١) عوسمان عەلی، کورد لە.....، ل ٢٥٥.

(٢) سروة اسعد صابر، کوردستان الجنوبية.....، ص ٢٣٥. عوسمان عەلی، چەندلێکۆلێنەوەیەك.....، ل ٢٤٢.

(٣) عوسمان عەلی، چەندلێکۆلێنەوەیەك.....، ل ٢٤٢.

(٤) أيوب بارزاني، المصدر السابق، ص ١٠٩.

(٥) عوسمان عەلی، چەندلێکۆلێنەوەیەك.....، ل ٢٤٣؛ بیلال ن. شمشیر، بەڵگەنامەکانی ئینگلیز لەبارەی کێشەی کوردی تورکیاوە (١٩٢٤–١٩٣٨) شۆڕشەکانی شێخسەعیدی پیران، ئاگری و دەرسیم، وەرگێڕان: سەلمان عەلی، (سلێمانی– چاپخانەو ئۆفسێتی ئاسا–٢٠٠٢)، ل ٤٧٦.

لەوبارەیەوە ڕاپۆرتێکی بەریتانی جەخت لەوە دەکاتەوە کە "عیسمەت ئینینۆ" لەکاتی سەردانیکردنی مەندوبی سامی"فرنسیس همفریز[1]" بۆ تورکیا، پێی ڕادەگەیەنێت **کە ئومێدەوار دەبێت بەوەی حکومەتی عێراقی بەپەلە کاربکات بۆ ئەوەی شێخی بارزان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، چونکە بە ئاشکرا سۆزداریپەکی تەواو لە لایەن خەڵکەوە بەرامبەر بە یاخیبوونی کوردی هەیە لەتورکیا**[2].

ئێرانیش هەمان هەڵوێستی تورکیای هەبووە، بەتایبەت لەکاتی سەردانەکەی مەلیك فەیسەل بۆ تاران لە ٢٨ی نیسانی ١٩٣١ لە کۆشکی گوڵستان کۆبوونەوەیەکی فراوان بەڕێوەچوو لەنێوان هەریەکە لە فروغی و تەیمورتاش لە لایەنی ئێرانی و نووری سەعید و ڕۆستەم حەیدەر لە لایەنی عێراقی بە مەبەستی گفتوگۆ کردن لەسەر سێ کێشەی سەرەکی نێوانیان لەوانە کێشەی شەتولعەرەب و هاریکاری نەوتی لەنێوانیان و کێشەی کورد، سەبارەت بەکێشەی کورد لایەنی ئێرانی پێداگرییان لەوە کردەوە کە هەموو دەروازەیەك داخراو دەبێت لە بەرامبەر هەر داواکارییەکی کورد کە ڕەنگدانەوەی نەتەوەیی بێت و داواکاریش بوون کە عێراق وەك تورکیا لەو بارەیەوە لەگەڵیان هاوڕا بێت، بەڵام لەم کۆبوونەوەیەدا وەڵامێکی ڕوونیان لە لایەنی عێراقی وەرنەگرت تەنها ئەوە نەبێت کە سیاسەتی عێراق لەو بارەیەوە بریتییە لە یەکگرتوویی خاکی عێراق و ڕێگا بەهیچ کەس نادەن یەکێتی عێراق تێکبدات[3].

هەڵوێستە نەتەوەییەکانی شێخی بارزان تەنها قەتیس نەبوو لە باشووری کوردستان، بەڵکو هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستانی گرتەوە، لە نیسانی ساڵی ١٩٣١ لە بارزان کۆبوونەوەیەکی ڕێکخست بۆ سەرۆکە کوردەکان، کە تێیدا بەڵێنی دا بەناردنی چوارسەد

---

(١) فرنسیس همفریز لە٢٤ی نیسانی ساڵی ١٨٧٩ لەدایك بووە، کۆلێژی سەربازی تەواو کردو وەك کۆلۆنیل سەرەتای سەدەی بیستەم لەشەری ئەفریقادا بەشداری کردووە، ماوەیەکی زۆر لەهیندستان و ئەفغانستان کاری کردووە، کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم لەشەرگەکانی ئەوروپادا بەشداربووە، لەساڵی ١٩٢٩ بووەتە مەندوبی سامی بەریتانی لەعێراق، لەنێوان ساڵانی ١٩٣٢–١٩٣٥ هەر لەعێراق بوو بەباڵیۆزی بەریتانی، دوای لەچەند کۆمپانیایەکی گەورەی وڵاتەکەیدا کاری کردووە بەکۆمپانیای نەوتی عێراقیەوە، هەریەکە لە وڵاتانی عێراق لەساڵی ١٩٣٣ و ئەفغانستان لەساڵی ١٩٢٨ خەڵاتی فەرمی بەرزیان داوەتێ، ڕۆژی ٢٨ی ئابی ١٩٧١ مردووە. کەمال مەزهەر، کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە .....، ل ١٨٩ .

(٢) بیلال ن. شمشیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١٥؛ عەتا قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٩.

(٣) توفیق السویدی، المصدر السابق، ص ص ٢٢٨ - ٢٢٩.

جەنگاوەر لەگەڵ ناردنی نامە بۆ سەرکردە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەنێویاندا "سەید موحسین" برای سەید تەها کە داوای لێکردن پشتیوانی لە شۆڕش بکەن لە کوردستانی ئێران بۆ تۆڵەسەندنەوەی خوێنی "سمکۆی شکاك"[1]، هەروەها ڕاپۆرتە بەریتانییەکان ئاماژە بەڕۆڵی شێخی بارزان دەکەن لە ناردنی سەد چەکدار بۆ پشتیوانی شۆڕشگێڕانی ئۆرەماری، هەروەها تیشك دەخاتە سەر ڕۆڵی شوێنکەوتووانی شێخی بارزان کە لەئابی ساڵی ۱۹۳۰ دژی تورکەکان جەنگاون[2].

دەسەڵاتدارانی تورکیا زۆر نیگەران بوون لە فراوانبوونی چوارچێوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەتایبەت لە باشووری کوردستان، بۆیە جارێکی دیکە یادداشتێکیان ئاڕاستەی حکومەتی عێراقی کرد، سەبارەت بە پاسەوانیی کردنی ناپێویستی سەر سنوور، لە یادداشتەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە کوردانی عێراق کۆمەك و هاوکاری پێشکەش بە کوردانی تورکیا دەکەن و هەوڵ دەدەن لەو ئاستەدا کاری تێکدەرانە بۆ بەرژەوەندی هێزەکانی کورد لە ناوچەی "ئاڕاڕات[3]" ئەنجام بدەن[4].

سەبارەت بەڕاپەڕینی ئاڕاڕات، دیارە تورکەکان دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران سیاسەتێکی تووندیان بەرامبەر کوردەکانی باکوور لەنێوان ساڵانی ١٩٢٦–١٩٢٧ گرتەبەر، وەك پەیڕەوکردنی سیاسەتی بە تورك کردن و بێ بەشکردنییان لە مافە کانیان و چەوساندنەوەیان و دابەزینی ئاستی بژێوی ژیانیان، تەنانەت ژمارەیەکی زۆری کوردیان

(١) عوسمان عەلی، چەندلێکۆڵینەوەیەك.....، ل ٢٤٥.

(٢) أيوب بارزاني، المصدر السابق، ص ١٠٩؛ بيلال ن. شمشير، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٥٨، ٣٦١؛ نووری کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧؛

Jack David Eller, frome culture to ethnicity to conflict: an anthropological persective on international ethnic conflict, (United States of Amerca– ١٩٩٩), p.١٨٦.

(٣) ئاڕاڕات یاخود ئاگری داغ ناوچەیەکی شاخاوی سەخت و ناهەمواره، لوتکەی ئاڕاڕات بەهەردوو لوتکەیەوە ئاڕاڕاتی گەورە و بچووك قەڵایەکی سروشتیە بەپانتایی ٩٦٠کم چوارگۆشەپێك دەهێنێت، کە هەردوو لوتکەکە ١٢کم لێك دوورن، ئاڕاڕتی بچووك بەـ٣٣٩٦ مەتر و ئاڕاڕتی گەورەش بە ٥١٥٧ مەتر لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزن، کە هەردووکیان لەملەی "سەردار بولاکدا"کە ٢٤٤٥ مەتر بەرزە یەکانگیر دەبن: کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٤.

(٤) جەلیلی جەلیل و ئەوانی دیکە، شۆڕشەکانی .....، ل ٢٧٩.

ڕاگواستەوە بۆ ناوچەکانی ئەنادۆل[۱].

پەیڕەوکردنی ئەم جۆرە سیاسەتانە لە لایەن تورکەکان، نەبوونە هۆکاری بێ دەنگ بوونی کوردەکان لە ئاست مافەکانیان، چونکە هەستی نەتەوایەتی لەناو کوردەکان ڕەگی داکوتابوو، بۆیە لە ئەنجامی ئەم چەوساندنەوە و سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، کوردەکان بەردەوام بوون لە هەوڵەکانیان لە ڕێگەی ڕاپەڕین و دامەزراندنی ڕێکخراو بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردەکان، دەستیانکرد بە چالاکی نەهێنی و ئاشکرا لە ڕێگای ڕێکخراوەوە بۆ کۆکردنەوەی کوردەکان تاکو ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێڕی ئەنجام بدەن[۲].

دیارە"کۆمەلەی خۆیبون[۳]" کە لە ساڵی ۱۹۲۷ دامەزرا ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی لەناو کوردان و ئامادەکاری سیاسی و سەربازی بۆ ئەنجامدانی ڕاپەڕین لە ناوچەی ئاڕاڕات، بۆ ئەم مەبەستەش ئیحسان نووری پاشا (۱۸۹۲–۱۹۷٦) بۆ سەرکردایەتی کردنی ڕاپەڕین دەستنیشان کرد[٤].

دەسەڵاتدارانی تورکیا لەنێوان ساڵانی ۱۹۲۸–۱۹۲۹ هەوڵەکانی چڕ کردەوە بۆ

---

(۱) م.س. لازاریف و ئەوانی تر، مێژووی ....، ل ل۳۷۱–۳۷۲؛ حەسەن ئەرفەع، کوردەکان، وەرگێڕان: حامید گەوهەری، (هەولێر- چاپخانەی منارە- ۲۰۰۷)، ل ۷۵؛ م. ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستووریەکانی تورکیا و کورد لەسەردەمی نوێدا، وەرگێڕان: دلێرئەحمەد، (سلێمانی- چاپخانەی مەڵبەندی کوردۆلۆجی- ۲۰۰۷)، ل ۲۹.

(۲) فاتح ڕەسوڵ، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ، (سلێمانی- ۲۰۰۷)، ل ل ٦۷-٦۸.

(۳) ئەم کۆمەڵەیە لەئابی ساڵی ۱۹۲۷ دامەزرا کەڕێکخراوەکانی تەعالی کوردستان و کۆمەڵەی ڕێکخراوە کوردییە کۆمەڵایەتییەکان و پارتی کۆمەڵەی سەربەخۆی کوردستان و کۆمەڵێك سەرۆك خێڵ و کەسانی نیشتمان پەروەر بەشداریان کرد تیایدا و ئەم کۆمەڵەیان دامەزراند بەیەکگرتوویی هەموو ڕێکخراوەکان، ئەم کۆمەڵەیە زیاتر سیاسی بوو، کەئامانجی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لە ڕێگەی تێکۆشان و دژی تورك، تەنانەت پەیوەندی لەگەڵ پارتی ئەرمەنی"تاشناق" دروستکرد، پاشان ڕۆڵێکی گرنگی بینی لەئامادەکاری بۆ سازدانی ڕاپەڕین لەئاڕاڕات و ئیحسان نووری پاشای وەك سەرکردەی ڕاپەڕین دەست نیشانکرد، هەروەها ڕۆژنامەیەکیان دەرکرد بەناوی "ئاگری" بۆ ئاگاداربوون لەڕوودا و پێشهاتەکانی ڕاپەڕینی ئاڕاڕات، سەبارەت بەکۆمەڵەکە چەند لقێکیان لەسوید و لوبنان و ژمارەیەکیان لەوڵاتانی ئەوروپا دامەزراند. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دروست بوونی ئەم کۆمەڵەیە بگەڕێنەوە بۆ: محمد ملا احمد، جمعیة خویبون والعلاقات الکردیة– الارمنیة، (اربیل- من منشورات بنکەی کاوا-۲۰۰۰)، ص ص ۳۹–٤۹؛ زنار سلۆپی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ۱۱۸-۱۳۲.

(٤) حسین مەدەنی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ۲۷٦–۲۷۷.

لەنێوبردنی جووڵانەوەکە، پاش ئەوەی نەیانتوانی لە دانوستانەکان لەگەڵ ئیحسان نووری پاشا کە چەندین جیاوکی زۆریان خستە بەردەمی وەك پێدانی پلەی جەنڕالی و بڕینەوەی مووچەیەکی زۆر، لەهەمان کاتدا بەڵێنیادا بەوەی کە دەیکەن بە مولحەقی سەربازی لە هەر وڵاتێکی ڕۆژئاوا کە خۆی ئارەزووی دەکات[١]، بەڵام ڕەتکردنەوەی پێشنیارەکان لە لایەن ناوبراو وایکرد تورکەکان دەست بکەن بە سیاسەتی تووندوتیژی و ڕاوەدوونانی کوردەکان، بۆیە سەرجەم هێزەکانی کورد لە ناوچە شاخاوییەکانی ڕۆژهەڵات بەتایبەت شاخەکانی ئاڕاڕات جێگیر بوون و کردیان بە بنکەی سەرەکی شۆڕشگێڕان[٢].

ئیحسان نووری پاشا سەرکردەی ڕاپەڕین لە ڕۆژنامەی"ئاگری" داوای لە کوردان کرد هاوکاری ڕاپەڕینەکە بکەن، تاکو لە زوڵم و ستەمی تورك ڕزگاریان بێت[٣]، هەرچەندە تورکەکان لەو ماوەیەدا بۆ ئەوەی مەترسی فراوانبوونی ڕاپەڕینەکە کەم بکاتەوە، هەندێك چاکسازی و ئاسانکاری لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات ئەنجامدا[٤]، بەڵام لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٠ سوپای تورکیا بە سەرکردایەتی "ساڵح پاشا" بە هەموو پێداویستیە جەنگییەکان ڕووبەڕووی هێزی ڕاپەڕین دەبێتەوە لە دەشتی زیلان لە باکووری ئەرجیس، کە تێیدا کوردەکان شکستیان خوارد و بە ناچاری ڕوویانکردە ناوچە شاخاوییەکانی نێوان تورکیا و ئێران[٥].

هەرچەندە لەو ماوەیەدا لە کوردستانی باشوور هێزی یارمەتی گەیشتە شۆڕشگێران و ڕاستەوخۆ لەگەڵ تورکەکان بەرەنگاری یەکتربوونەوە، بەڵام یارمەتییەکانی سۆڤیەت و ئێران بۆ سوپای تورکیا، تەرازووی هێزی زیاتر لاسەنگ کرد، بەمەش لە ئەیلوولی ١٩٣٠ سوپای تورکیا پەلاماری ناوچە شاخاوییەکانی ئاڕاڕاتی دا، تواناییان کۆتایی بە ڕاپەڕینەکە بهێنن، پاش ئەوەی ئیحسان نووری پاشا و ژمارەیەك لە سەرکردەکانی ڕاپەڕین پاشەکشەیان کردە ناو خاکی ئێران[٦].

---

(١) کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٦.

(٢) م. س. لازاریف و ئەوانی تر، مێژووی ....، ل ٣٧٢.

(٣) فاتح ڕەسوول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠.

(٤) م. ئە. حەسرەتیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.

(٥) م. س. لازاریف و ئەوانی تر، مێژووی....، ل ٣٧٤؛ عەبدولڕەحمان قاسملوو، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

(٦) کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٦؛ جەلیلی جەلیل و ئەوانی دیکە، شۆڕشەکانی.....، ل ٢٧٠؛ حەسەن ئەرفەع، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠.

شیاوی باسکردنە یەکێك لە کارە هـەرە دیارەکـانی شـێخی بـارزان لـە ڕۆژگـاری شۆڕشـی ئاڕاڕات لە سێدارەدانی نوح بەگی برای مووسا بەگ بوو کـە بکـوژی کورحسـێن و پیاوەکـانی بوو، دیارە نوح و برازاکەی مەدنی کوڕی مووسـا بـەگ هاوسـەفەری کورحسـێن و پیاوەکـانی بـوون لـەکاتی ڕۆیشـتنیان بـۆ نـاو ڕیزەکـانی شۆڕشـگێڕانی ئـاڕاڕات، لـە شـەودا مـەدەنی و پیاوەکانی هەستان بە کوشتنی کورحسێن، کاتێك شێخی بـارزان بەمـەی زانـی دەسـتیکرد بـە لێکۆڵینەوە و بۆی دەرکەوت کە نوح بە نهێنی پەیوەندی لەگەڵ تورکیا هەبوو، لە تۆڵەی ئـەو خیانەتەدا شێخی بارزان نوح بەگی گرت و لە سێدارەی دا دواتریش مەدەنی لە لایەن نەوەی کوڕی حسێن بە ناوی بەهران دەکوژرێت و تۆڵەی باپیرەی خۆی کردەوە[١].

لە لایەکی دیکەوە لە بەرامبـەر یارمـەتی و هاوکاریـیـەکانی شـێخی بـارزان بـۆ ڕاپـەڕینی ئـاڕاڕات، حکومـەتی تورکیـا نارەزایـەتی خـۆی دەربـڕی بـۆ حکومـەتی عێـراق، لە وەڵامـدا دەسـەڵاتدارانی عێـراق ڕایدەگەیـەنێت کـە هـیچ دەسـەڵاتێکی بەسـەر ناوچـەی بـارزان و کەسایەتی شێخ ئەحمەدی بارزانی نییە[٢].

لـە ڕاسـتیدا هەڵوێسـتە نەتەوەییـەکانی شـێخی بـارزان و چالاکییـەکانی و فراوانبـوونی هەژموونی تەکیەی بارزان، مەترسیەکانی دەسەڵاتدارانی عێراقـی و بـەریتانی زیـاتر کـردووە، کە لە ڕاپۆرتەکانی حکومـەت بـەڕوونی دەردەکـەوێت، وەك ئەوەی فەرمانـدەی سـەربازگەی غەزلانی"ئیبراهیم فەهیم" **کە ئاگاداری دەسەڵاتدارانی عێراقی دەکاتەوە کە جووڵانەوەکـانی شێخی بارزان نیشانە و هێمایە بۆ دوژمنایەتی کردنی حکومەت، بۆیـە پێشـنیار دەکـات بـۆ دەسەڵاتدارانی عێراقی کە لە لایەن سوپاوە پەلامار بدرێت**[٣].

لـە بەرامبـەردا حکومـەتی تورکیـا لـە تشـرینی یەکـەم سـاڵی ١٩٣٠ هێزێکـی چەکـداری ڕەوانەی سنووری قەزای ئامێدی و زێبار دەکات، لەوکاتەدا شێخی بارزان هەڵدەستێت بۆ خۆ ئامادەکردن و بـەرگری کـردن، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش کۆبوونەوەیـەك ئـەنجام دەدات لەگـەڵ سەرۆك هۆزە کوردییەکانی ناوچەکە، پاشان هێزێکـی ١٥٠٠ کەسـی ئامـادە دەکـات کـە ٣٠٠

(١) بیرەوەریەکانی ئیحسان نووری پاشا، وەرگێڕان: وریـا قـانع، (هـەولێر- چاپخانـەی وەزارەتی پـەروەردە- ٢٠٠١)، ل ل ٧٦-٧٧.

(٢) عەلی تەتەر نێروەیی، نەتەوە و نیشتمان....، ل ٦٦.

(٣) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٠٦-١٠٧.

کەسیان بارزانی بوون[١].

سەرەڕای ئەو ڕووداوانەی سەرەوە، کاربەدەستانی بەریتانی بێ دوودڵی کەوتنە هاندانی حکومەتی عێراقی لە ڕێگای ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە لایەن ئەفسەرانی سیاسییەوە دەردەکرێن، بەتایبەت ئەو ڕاپۆرتەی کە لە لایەن ئەفسەری خزمەتگوزاری بەریتانی لە مووسڵ تێیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە شێخ ئەحمەدی بارزانی بە بەردەوامی نامەی پێ دەگات لە ناوچەکانی زاخۆ و ڕەواندز دەربارەی سەربەخۆیی کورد[٢]، ئەوەی زیاتر مەترسیەکانی حکومەتی عێراقی قوواڵتر کردەوە ئەو ڕاپۆرتانە بوون کە باسی لە هەوڵەکانی هەریەکە لە شێخی بارزان و شێخ مەحموود بوو لە پەیوەندیان لەگەڵ فەرەنسا لەپێناو بەدەستهێنانی پشتگیری دژ بەحکومەتی عێراقی[٣].

دیارە پاش هەموو ئەو هاندانانە سروشتییە حکومەتی عێراقی بیر لەوە بکاتەوە بە هاوکاری بەریتانیا لە دارشتنی پلان بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر ناوچەکە و نەهێشتنی شێخنشینی بارزان.

(١) عەلی تەتەر نێروەیی، نەتەوە و نیشتمان....، ل ٦٦.

(٢) سروة اسعد صابر، كوردستان الجنوبية....، ص ٢٣٣.

(٣) عزيز حسن عزيز البارزانی، المصدر السابق، ص٣٧. سەبارەت بەو بابەتە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کەحکومەتی فەرەنسا لەو ماوەیەدا وای دەبینی کۆتایی هێنان بە ماندێتی بەریتانیا لەعێراق مەترسی هەیەلەسەر بەرژەوەندییەکانی فەرەنسا لەسوریا، چونکە لەسوریاش داوای هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی ماندێت دەکرێت، کە هەردوو وڵات لەیەك کاتدا سیستەمی ماندێتیان بەسەردا سەپێندرابوو، لەڕووی مەنتیقەوە مایەی قبوڵکردن نیەکە خەڵکی سوریا لە ڕووی ڕۆشنبیری و زانسیەوە زۆر لەعێراقیەکان باڵاتربوون داوای لابردنی ئەو سیستەمە نەکەن، پێدەچێ هەر ئەمەش وایکردبێت کە فەرەنسا هەوڵەکانی چڕ بکاتەوە بۆ دروستکردنی پەشێوی ناجێگیری لەعێراق بۆئەوەی ئەو مەرجە دەستەبەر نەبێت بۆ ڕزگاربوونی عێراق لەسیستەمی ماندێت کە تێیدا جەخت لەو مەرجە دەکرایەوە کەپێویستە ئەو وڵاتە توانای پارێزگاری سیستەم و ئاسایشی- گشتی هەبێت لەهەموو بوارەکاندا. عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الثالث، (بيروت- منشورات مكتبه اليقظة العربية- ١٩٨٢)، ص ص ١٩١-١٩٢؛ فاضل حسين، تاريخ العراق المعاصر، (بغداد- ١٩٨٠)، ص ٨٠.

تەوری چوارەم:

«ڕەوشی بارزان لە ٩ تا ١٢ی کانوونی دووەمی ١٩٣١»

شۆڕشی شێخ عەبدولسلام بارزانی، یەکەم هەنگاو و دوا هەنگاوی بارزانییەکان نەبوو لە ئاڕاستە نەتەوەییەکان، بەڵکو ئەوان خۆیان بەداکۆکیکەرو بەرگریکار ئەزانی لە مافە کانی کورد لە هەموو ناوچە و پارچەکانی کوردستان، هەر بەو تێڕوانین و دیدگایەوە بارزانییەکان نەك لە شۆڕشدا تەنها هاوکاری شۆڕشەکانی خۆیان بوون، بەڵکو هاوپشتی شۆڕشە یەك لە دوایەکەکانی تریش بوون، بە هانای شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و سمکۆی شکاك و شێخ مەحموود چوونە[١].

بارزانییەکان لە لێدان و سەرکوتکردنی نەیارەکانی دۆزی گەلی کورد و پیاوە دۆست و بەکرێگیراوی وڵاتانی دەوروبەری کوردستان قەد دەستیان نەپاراستووە، ئەو هۆزانەی چوونەپاڵ دەوڵەتی عێراق دوای دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە بۆ لێدانی دەسەڵات و هەژموونی بارزانییەکان، تواناو هێزەکانی خۆیان لە دەست دا بەهۆی ئەو گورزانەی لەسەر دەستی بارزانییەکان بەریان کەوت لە ساڵی (١٩٣٢ز).

دەرکەوتنی دۆزی کورد لە گۆڕەپانی سیاسی نێودەوڵەتی لە کۆنگرەی(سیڤەر) کە لە ١٠ئابی١٩٢٠ز، ئەنجامدرا ئومێدێکی بۆ کورد دروست کرد[٢]، دواتریش کە کۆنگرەی (لۆزان[٣]) لە ٢٤ تەموزی ١٩٢٣ز، ڕێکخرا ئەو ئومێدەی کوردی لەباربرد[٤].

کۆنگرەی سیڤەر کە لە ساڵی ١٩٢٠ز، لەنێوان وڵاتانی هاوپەیمانانی سەرکەوتوو و لەجەنگی یەکەمی جیهانی و دەوڵەتی عوسمانیدا ڕێکخرا، بە گوێرەی ئەم پەیمانە تورکیا

(١) کارزان شاکری: شۆڕشی ئەیلوول شۆڕشێك لە پێناو مانەوە و سەربەخۆبوون، گۆڤاری سەفین (سیاسی و مێژووی وکۆمەڵایەتی گشتیە)، ژمارە (٦٢)، (هەولێر-ئابی ٢٠١٥)، ل ١١.

(٢) محمد ساڵح عەقراوی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

(٣) پەیمانی لۆزان: بە پێی ئەم پەیمانە پەیمانی سیڤەر هەڵوەشایەوە و تورکیای کەمالی هەموو وڵاتەکەی بۆمایەوە و باسی هیچ مافێکی کورد نەهاتە کردن. مسعودبارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢-٦٣.

(٤) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، وەرگێڕان: کوردۆ، (ئەڵمانیا- چاپخانەی نوکسەوە-١٩٧٢)، ل ٧.
٧.

چووە ژێربارى كۆمەڵێ بەڵێنى زۆر قورسەوە[١]، كە بڕگەى (٦٤، ٦٣، ٦٢) دا، بەشى كوردى چەسپاندبوو لە چوارچێوەى قەوارەیەكى سەربەخۆ دوور لە دەسەڵاتى دەوڵەتى عوسمانى[٢]، بەڵام بەرژەوەندى ئابووری و سیاسى وڵاتانى زلهێز بەهۆى هاتنە پێشەوەى چەند ڕووداوێكى سیاسى لە دەوڵەتى عوسمانى بەهۆى گۆڕانكارى لە سیاسەتى ئەو وڵاتانە، دواجار لە تێروانینیان بۆ دۆزى كورد كە بوونە هۆى فەرامۆشكردنى مافە نەتەوەییەكانى كورد لەكۆنگرەى(لۆزان) لە ساڵى ١٩٢٣ز[٣].

هۆكارەكانى پاشگەزبوونەوەى هاوپەیمانان لە بەڵێنەكانیان بەكورد دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك لەوانە: پێشكەوتنى بزووتنەوەى نیشتیمانى توركیا كە مستەفا كەمال ئەتاتورك سەركردایەتى دەكرد و بەستنەوەى ناوچە كوردیەكانى ئەنادۆڵ بە كۆمارە نوێیەكەى كە ئەم ناوچەیە بەشێك بوو لەو ناوچەیەى كە لە پەیمانى سیڤەر بریارى لەسەر درابوو وەك ناوچەیەكى خۆبەڕێوەبردن، هەروەها توركیا ڕەتیكردەوە بە هیچ شێوەیەك ناوى كورد یاخود ئەرمەن لە پەیمانى لۆزان باس نەكرێت كە ئەم پەیماننامەیە شوێنى پەیمانى سیڤەرى گرتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا كێشەى ویلایەتى موسڵ داواكارییەكانى هەریەكە لە توركیا و عێراق لە لایەك و بەریتانیا لە لایەكى دیكەوە، بەرژەوەندییە نەوتییەكانى بەریتانیا لە عێراق بەتایبەت لە ناوچەى موسڵ وایكرد بەریتانیا پاڵپشتى داواكارییەكانى عێراق بكات لە لكاندنى ئەم ویلایەتە بە عێراقى عەرەبى، هەروەها نزیكبوونەوەى توركیا لە یەكێتى سۆڤیەت هۆكاریكى دیكە بوو بۆ زیاد بوونى دڵەڕاوكێى بەریتانیا و ئارەزوو كردنى لە بنیادنانى پەیوەندییەكى باش لەگەڵ توركیا و دوورگەوتنەوەى لە بیرۆكەى پاڵپشتى كردن لە دامەزراندنى دەوڵەتێكى كوردى[٤].

لە لایەكى دیكە كۆنگرەى قاهیرە كە لەپێناو باسكردنى دۆزى عێراق لە ساڵى ١٩٢١ز

---

(١) نەوشیروان مستەفائەمین، كوردوعەجەم مێژووى سیاسى كوردەكانى ئێران، چ٣، (سلێمانى- چاپخانەى ڕووبار-٢٠٠٧)، ل ٢٩٥.

(٢) برهان ابابكر یاسین، كوردستان في سیاسة القوى العظمى ١٩٤١ - ١٩٤٧، ترجمة: هوراس، (دهوك – مطبعة هاوار- ٢٠٠٢)، ص ٤١. بۆ زانیارى زیاتر لەسەركۆنگرەى سیڤەر و برگەكانى كۆنگرەكە سەبارەت بەكورد بڕوانە: سەلام ناوخۆش، بەندەكانى كۆنگرەى سیڤەر و خوێندنەوەیەكى تر، چ٣، (هەولێر- چاپخانەى منارە- ٢٠٠٩).

(٣) جرجیس فتح الله، المصدر السابق، ص ص ٢٣٤-٢٣٥.

(٤) برهان ابابكر یاسین ، المصدر السابق، ص ص ٤١ - ٤٢.

ئەنجامدرا، نەیتوانی داخوازیەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراق بسەلمێنێت، بەهۆی پێنەگەشتنی هزری نەتەوەیی و یەك نەبوونی داخوازی و خواستی جەماوەری کوردستان لەسەر مەسەلە نەتەوایەتیەکانی، هەموو ئەمانە و پاشان هاتنە پێشەوەی کێشەی مووسڵ لە ساڵی ١٩٢٥، ئەم ڕووداوانە بوون کە پاڵیان بە نەتەوەی کورد بە شێوەیەکی گشتی و بارزانییەکان بەتایبەتی جارێکی دیکە کار بکەن لەمەڕ گۆڕینی تێڕوانینی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەر دابەشکرابوو، یان گۆڕینی تێڕوانینی وڵاتانی زلهێزی جیهانی لەسەر مافەکانی گەلی کورد بەتایبەتیش لە باشووری کوردستان[١].

بۆیە دەبینین کاتێك شیخ مەحموودی حەفید لە ساڵی١٩٣٠ز، ڕاپەڕینی بەرپا کرد وەکو پەرچەکردارێك لە بەرامبەر هەڵوێستی حکومەتی عێراقی و بەڕیتانی و پشتگۆێ خستنی مەسەلە نەتەوەییەکان، ئەوە بوو بارزانییەکان هێزێکیان بە سەرکردایەتی (مەلا مستەفای بارزانی) لەسەر ڕاسپاردە و پێشنیازی (شێخ ئەحمەدی بارزانی)، بۆ هاوکاری هێزەکانی شێخ مەحموود ڕەوانەی ناوچەکە کرد، بەڵام بەر لەگەیشتنی هێزەکە ڕاپەڕینەکە سەرکوتکرا[٢].

بارزانییەکان لە بیرە نەتەوەییەکانیان پەشیمان نەبوونەوە، بەڵکو هەمیشە بە دوای گەڕاون بۆ ئەنجامدانی ڕاپەڕین و هەڵگەڕانەوە لە دژی دەسەڵات، ئەو هەوڵە جارێکی تر بۆ بارزانییەکان ڕەخسا بۆئەوەی بڕیاری هەڵگیرسانی شۆڕشی یەکەمی بارزان بدەن لە ساڵی (١٩٣١- ١٩٣٢ز) بە ڕابەرایەتی (شێخ ئەحمەدی بارزان ١٨٩٦-١٩٦٩ز)[٣]، یەکێك بوو لە سەرکردەکانی باشووری کوردستان کە لە مێژەوە دژایەتی بەریتانیا و دواتریش حکومەتی عێراقی کردووە بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتیەکانیان[٤]. لە ڕاستیدا ئەم ماوەیەی شۆڕشی بارزان گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە بەهۆی ڕووداوەکانی و کاریگەریان لەسەر

(١) واحید عومەر محیەدین، دانوستانەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد و حکومەتەکانی عێراق (١٩٢١-١٩٦٨)، (سلێمانی- ٢٠٠٦)، ل ٤٨.

(٢) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

(٣) •*Jacqueline s. Ismael, Tariq y. e and Glenn perry: Governments and politics of conternporary middle East :continuity and change, (London, Routledge-٢ edition),* ٢٠١٦, *p.* ٢٣٣.

(٤) سەعدی عوسمان هەروتی، بزاڤی رزگاریخوازی....، ل ١٠٧؛

*Edmund A. Ghareeb, op.cit, p.*٤١.

کوردستان بەگشتی و ناوچەی شۆڕشەکە بەتایبەتی[١].

بەریتانیا لە ساڵی ١٩٣٠بڕیاریدا ئینتدابی خۆی لە عێراق کۆتایی پێبهێنێت، لەسەر ئەو بنەمایەی عێراق گەیشتوتە ئەو ئاستەی دەتوانێ خۆی بەڕێوە ببات و لە بوارەکانی ئابووری و ڕامیاری و مافەکانی مرۆڤ بەرەو پێش چووە[٢]، ئەمەش بووە هۆکار و بیانوویەکی باش بۆ حکومەتی عێراقی بۆئەوەی زیاتر پشت لە بەڵێنەکانی خۆی بکات سەبارەت بە کورد کە دەبوایە بەپێی ڕاسپاردەی کۆمەڵەی گەلان مافەکانی بۆ کورد دەستەبەر بکردبایە[٣].

بە واژووکردنی پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٠ کێشەی کورد سەریهەڵدایەوە لەکاتی گفتوگۆکردن دەربارەی پەیماننامەکە، ناوچەکانی کوردستان بە گشتی گرژی تێکەوت[٤]، لەبەرئەوەی لەو پەیماننامەیەدا هیچ ئاماژەیەك بە مافەکانی کورد نەکرابوو کە چاوەڕوان دەکرێ، لە ئەنجامدا ناڕەزایی کوردەکان سەریهەڵدایەوە و چەندین شێوەی وەرگرت و چەندین چالاکی لە کوردستان ئەنجام درا[٥]، لەم ڕووەوە حکومەتی عێراقی پێی وابوو (تۆفیق وەهبی)[٦] ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە هاندانی خەڵکی سلێمانی بۆ بەشداری نەکردن لەو هەڵبژاردنەی بەنیاز بوون بۆ پێکهێنانی پەرلەمانی نوێ لە عێراقدا ئەنجامی بدەن، حکومەتی عێراقیش ئەو هەڵبژاردنەی زۆر لا مەبەست بوو، چونکە پەرلەمان هەڵوەشێندرا بووەوە، دەبوایە لە ماوەی دوو مانگدا پەرلەمانی نوێ هەڵبژێردرێت، لەو بەرئەنجامەدا و بەپێی بڕیاری (٨٩٦) لە ٢٨ ی ئابی ١٩٣٠ تۆفیق وەهبی لەسەر کار لادراو بانگ کرایە بەغدا

---

(١) حسین مەدەنی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٧.

(٢) اسماعیل عبدالله اسماعیل، ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ بەردەرکی سەرای سلێمانی هۆکار و دەرئەنجامەکانی، گۆڤاری مێژوو، ژمارە (١٣)، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات-٢٠١٠)، ل ٧٩.

(٣) نەوشیروان مستەفائەمین، کوردستانی عێراق لەسەردەمی قەلەم و موراجەعات (١٩٢٨-١٩٣١)، چ١، (سلێمانی- چاپخانەی ئۆفسێتی دەزگای سەردەم- ١٩٩٩)، ل ٥٠.

(٤) حمد الحمدانی، چەند لاپەڕەیەك دەربارەی مێژووی نوێی عێراق، وەرگێڕان: شەماڵ ئەحمەد، (سلێمانی- چاپخانەی چوارچرا- ٢٠١٢)، ل ٢٥ .

(٥) ئاکۆ عبدالکریم شوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٣

(٦) تۆفیق وەهبی، کەسایەتیەکی دیاری خەڵکی سلێمانیە، یەکێکەلە کوردپەروەرانی ئەوسەردەم و زۆر دژی دژی تورك بووە، ناوبراو ئەفسەر بووە لە سوپای عێراقی و ماوەیەکیش فەرماندەی قوتابخانەی جەنگی بووە لە بەغدا. محەمەد ڕەسوڵ هاوار، سەرجەمی بەرهەم: وتارە کوردیەکان، ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح، بەرگی ٤، (سلێمانی- چاپخانەی شڤان-٢٠٠٨)، ل ١٦٦ .

[۱]، لە شوێنی ئەو (گاون)ی موتەسەریفی بەریتانی دانرا، ئەمەش بووە هۆی نارەزایی خەڵك و دۆخەکەی ئاڵۆز کرد و خەڵکی داوای گەڕانەوەی تۆفیق وەهبیان دەکرد[۲].

حکومەتی عێراقی سووربوو لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن و ئیمزاکردنی پەیماننامەی بەریتانی _ عێراقی، لە (٦ ی ئەیلوولی۱۹۳۰) هەڵبژاردن بۆ نوێنەرانی پەرلەمانی عێراق لە سلێمانی دەستی پێکرد [۳]، بۆ ئەو مەبەستە حکومەتی عێراق و ئینگلیزەکان لە سلێمانی نزیکەی (۳۰) کەسیان کۆکردەوە بەناوی کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد لە ناو سەرای سلێمانی، بۆئەوەی هەڵیانبژێرن بۆ پەرلەمانی عێراق بە ناوی شاری سلێمانی و ناوچەکانیانەوە، لەم کاتەدا زۆربەی دانیشتوانی سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری بە کۆی دەنگ بایکۆتی هەڵبژاردنەکەیان کرد، لە بەردەم بارەگای موتەسەریف کۆبوونەوەیەکیان لەژێر دروشمی (بڕوخێ ئیستعمار) و (ئازادی بۆ کوردستان) سازکرد [٤].

لە دواتردا جەماوەر بە هەموو چین وتووێژەکانییەوە دەستیان کرد بە خۆپیشاندان و دەربڕینی نارەزایی و هێرشکردنە سەر سەرای سلێمانی بۆ بەردبارانکردنی ئەو کۆمەڵە خۆفرۆشەی کە لەوێ کۆبووبونەوە[٥]، لە ئاکامی ئەمەدا شەڕو بەیەکدادان ڕوویدا پیاوانی حکومەت تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد و دەیان کەس کوژران و بریندارکران و ژمارەیەکی زۆری خەڵکیش زیندانی کران[٦]، ئەو ڕۆژە لە سەرچاوە مێژوویییەکان ناونرا بە (ڕۆژی ڕەشی ئەیلوول)[۷].

لەو هەلومەرجەدا دەڤەری بارزان لە داواکردنی مافی کوردان بەدەر نەبوو، بەتایبەت

---

(۱) نەوشیروان مستەفا ئەمین، کوردستانی عێراقلەسەردەمی.....، ل ٦۱؛ ئاکۆ عبدالکریم شوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ۲۳٤.

(۲) م. ر.هاوار، شێخ مەحموودی.....، بەرگی دووەم، ل ۷۱٤.

(۳) نەجم سەنگاوی، خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد (۱۸۸۰-۱۹۹٤)، (سلێمانی- چاپخانەی پەیوەند-۲۰۰۹)، ل ٥٥ .

(٤) نەجم سەنگاوی، کوردستان و سەرکردە و.....، ل ۳۸۸؛ جەلیلی جەلیل و ئەوانی تر، شۆڕشەکانی....، ل ٦۲.

(٥) نەجم سەنگاوی، کوردستان و سەرکردە و .....، ل ۳۸۸.

(٦) سەعدی عوسمان حسێن، ڕاپەڕینەکانی....، ل ٦٥۷؛

Jamal jalal Abdulla, the kurds on the way to statehood, published by: author house, ۲۰۱۲, p. ۹۲.

(۷) کەمال مەزهەر ئەحمەد، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە.....، ل ۱٤۷.

شێخی تەکیەی بارزان لە نیسانی ١٩٣١ داوای لە کۆمەڵەی گەلان کرد ئۆتۆنۆمی یاخود سەربەخۆیی بدات بەکورد[١]، لە بەرامبەردا حکومەتی عێراقی لە دەسپێکی وەرگرتنی سەربەخۆیی هەوڵیدا توانا و دڕندەیی خۆی نیشانی کورد و سەرکردەکانی بدات، بەڵام شێخ ئەحمەد بارزانی یەکێ لەو ڕێبەرە دیارانەی کورد کە ئامادە نەبوو سەر دانوێنێت بۆ دەسەڵاتی عێراقی، بۆیە حکومەت لە ڕێگای داڕشتنی چەندین پیلان سەرەتا لە ڕێگای هۆزەکانی دەوروبەر پاشان ئەنجامدانی لەشکرکێشی لە ٩ی کانوونی یەکەم ساڵی ١٩٣١ بۆ سەر بارزان لەژێر سەرکردایەتی سەرهەنگ بەرقی بەگ[٢].

دوا بە دوای چەند لە یەکگیربوونێك لەنێوان بارزان و برادۆستەکان کە لەپێشوودا باسمان لێوە کردووە، حکومەتی عێراقی گەیشتە ئەو ڕایەی کە بەتەواوی بچێتە مەیدانەوە لەگەڵ ئەوەش نەیدەتوانی ڕاستەوخۆ و بەبێ هۆ سوپا بنێرێتە سەر ناوچەکە، لەبەرئەوە کەوتە بیانوو گرتن، لەو کاتەشدا "باجی مەڕومالّات" وەردەگیرا ساڵانە ناوچەی بارزان لە گۆترە هەندێ پارەی دەدا بە حکومەت لە جیاتی هەموو ئەو مەڕومالّاتەی کە لە ناوچەکەدا هەبووە، بەڵام حکومەت پێداگری دەکرد لەسەر سەرژمێری تەواوی مەڕومالّات و پارەکە بە گوێرەی ئەو سەرژمێرییە بدرێت[٣].

شێخ ئەحمەدی بارزانی بەم کارەی حکومەت ڕازی نەبوو، دەیگوت "**بارزان بە بارودۆخی تایبەتدا تێپەڕیوە، بەهۆی کۆچی بەردەوامی شوانکارە و دانیشتوان ژمارەی پێویست مەڕومالّات لە ناوچەکەدا نییە، ئەمە پێچەوانەی ئەو نەریتەیە کە لە کۆنەوە لە ناوچەی بارزان پیادەکراوە، پێشەکی باجێکی دیاریکراو دراوە بەناوی باجی سنووردار**[٤]"

لە لایەکی دیکەوە پاڵەپەستۆی حکومەتی تورکیا بەسەر حکومەتی عێراقی بەگوێرەی پەیماننامەی سێ قۆلی نێوانیان، کە لە یەکێك لە بەندەکانی هاتبوو هەردوولا ڕێگە نەدەن بە چالاکییەکانی کورد لەسەر سنوور، ئەمەش وایکردووە حکومەتی عێراقی هەوڵەکانی چڕ بکاتەوە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکە و بەستنەوەی بە دەسەڵاتی ناوەندی لە بەغدا و کۆتایی هێنان بەو دەسەڵاتە خۆجێیەی کە لە ناوچەکە لەژێر دەسەڵاتی شێخی

(١) *Jamal jalal Abdulla, op.cit, p. ٩٢.*

(٢) عەلی تەتەر نێروەیی، نەتەوە و نیشتمان....، ل ٦٧.

(٣) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٥٢-١٥٣.

(٤) عوسمان عەلی، چەندلێکۆلێنەوەیەك.....، ل ل ٢٣٦-٢٣٧.

بارزان بەڕێوە دەبردا[١].

جگە لەمانەش ئارەزووی ئیدارەی بەریتانی یەکێکی تر بووە لە هەوڵەکان بۆ هێرشکردنە سەر بارزان، ئەویش بە بیانووی مەشق پێکردنی سوپای عێراقی بوو لە ناوچە شاخاوییەکان، چونکە نوێنەری باڵای بەریتانی و ئەفسەرانی ئینگلیز ویستوویانە بەر لە ساڵی ١٩٣٢ سوپای عێراقی مەشقی پێبکردبێت[٢]، چونکە حکومەتی عێراقی بە مەبەستی باشکردنی توانا و شارەزایی سەربازی ئەفسەرەکانی لە ١ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٢٨ قوتابخانەیەکی سەربازی دامەزراند بوو لەسەر شێوەی کۆلێژی ئەرکانی بەریتانی کە تێیدا پەرە بە تواناکانی ئەفسەرانی عێراقی دەدرا لەسەر شێواز و راهێنانی سەربازی بەریتانی[٣].

لەوبارەیەوە مەسعود بارزانی ئاماژە بە کتێبەکەی "هاملتۆن" بە ناونیشانی "طریق فی کوردستان" دەکات و بۆچوونەکەی دەگێڕێتەوە کە دەڵێت" **کاتێ ساڵی ١٩٣١ حکومەت سوپای ناردە سەر شێخ ئەحمەدی بارزان، ئەم بیانووەیان بۆ من هێنایەوە: باشە ئێمە چی لەم سوپای عێراقە بکەین کە پارەیەکی زۆرمان لەچەك و سازکرنیدا خەرج کراوە، ئەگەر نەینێرینە ڕێگەی ڕەواندز کە هونەری شەڕکردن فێر ببێ، با لەم شەڕەی دژی کوردا فێرە شەڕ بێت، ئەو وەڵامەکەی بە پێکەنینەوە وەرگرتەوە: نزیکتر لەم ناوچەیە بۆ بەغدا و مووسڵ سنووڕێکی بەرفراوانی بیابانی چۆل هەیە کە هی عێراقە بۆ تاقیکردنەوەی تۆپ و تفەنگ و بە گەڕخستنی تانك و فرینی فڕۆکە و تەقاندنی تۆپ شتی چاکە، لەوێ تاقی بکەنەوە کە بەر کەسیش ناکەوێت، بەڵام مەینێرن بۆ کوردستان، چونکە ئێرە عەرەبیشی لێیە نەوەکو بەریان بکەوێ**[٤]".

دیارە لەو ماوەیەدا بەتایبەت لە نیسانی ١٩٣١ هێزی ئاسمانی پاشایەتی عیراق دامەزرا، کە لە لایەن بەریتانیاوە فڕۆکەی بۆ ئامادە کرا و فڕۆکەوانەکانیشی لەو قوتابیانە بوون کە لە قوتابخانەی سەربازی پاشایەتی دەرچوو بوون، هەرچەندە لە سەرەتای دروست بوونی ئەم هێزە بە دەست کەمی کەسانی شارەزاوە دەینالاند، لەگەڵ ئەوەش یەکەمین کردەی سەربازیان لە باشووری کوردستان بەتایبەت ناوچەی بارزان تاقیکردەوە لەنێوان ساڵانی

(١) عمر محمد محمد کریم، القضیة الکردیة في سیاسة الحکومات العراقیة ١٩٣٢-١٩٤٦، (السلیمانیة- مطبعة شظان- ٢٠٠٩)، ص ص ٧٣-٧٤.

(٢) عوسمان عەلی، چەندلێکۆلینەوەیەك.....، ل ل ٢٣٦-٢٣٧.

(٣) ابراهیم محمد العقیدی، المصدر السابق، ص ٥٢.

(٤) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢.

۱۹۳۱ – ۱۹۳۲ [۱].

لە ڕاستیدا ئەم بیانوانەی حکومەت بۆ هێرشکردنە سەر بارزان تەنها بەهانەی شاراوە بوو، سەرەڕای بوونی هۆکاری تریش لەپشتەوە کە لە لایەن بەریتانییەکان پشتگیری دەکرێ، ئەویش دانانی ئاشووریەکان بوو لە ناوچەکانی دەوروبەری بارزان[۲]، بەڵام حکومەت ئالۆزی و ناکۆکییەکانی نێوان بارزان و برادۆستەکانی لە بەرژەوەندی خۆی بەکارهێنا و کردی بە بیانوویەکی ڕاستەوخۆ بۆ هێرشکردنە سەر دەڤەری بارزان[۳].

دیارە لەکاتی هەوڵەکانی قایمقامی زێبار"بلە" بۆ نێوەندگیری لەنێوان تەکیەی بارزان و برادۆستەکان کە لە پێشوودا ئاماژەمان پێکردووە، ئاگادارییەك لە حکومەتی عێراقەوە دەگاتە سەرهەنگ"بەرقی بەگ" کە پەلاماری بارزان بدات، چونکە بارزان چۆڵە و تەنها چەند پاسەوانێکی کەم نەبێت کەس لای شێخ ئەحمەدی بارزانی نییە، ئەمەش هەڵێکی زێڕینە کە هاتوتە پێش بۆ دەستگیرکردنی شێخی بارزان[٤].

بەرقی بەگ بەپێی فەرمانی باڵاوە لە بەرەبەیانی ۹ کانوونی یەکەمی ساڵی ۱۹۳۱ لە ژوردوی "بلە"ی مەرکەزی قەزای زێبار کە ۱۰کم لە بارزانەوە دووربوو بەرەو ئەو ئامانجەی کە بۆی دانرابوو سوپاکەی جووڵاند، بە نیازی ئابلوقەدانی بارزان و دەستگیرکردنی شێخ و بڵاوەپێکردنی داروەدستەکەی[٥]، دوا بە دوای گەیشتنی ناوبراو بە دەوروبەری بارزان، خێرا هێزەکانی دابەش کرد، تا دڵنیابوو لەوەی کە گوندەکە بە تەواوتی ئابلوقەدراوە، لەوکاتەدا شوانێك لە گوندەکە دەردەچێت و لە لایەن هێزەکە دەستگیر دەکرێت و بەرەو بارەگای بەرقی بەگ دەیبەن، لەوێش نامەیەکی هەڕەشە ئامێزی پێ ڕەوانە دەکەن بۆ شێخ ئەحمەدی بارزانی کە تێیدا داوای لێ دەکەن خێرا و بێ قەید وشەرت خۆی بەدەستەوە بدات[٦].

سەبارەت بەو نامەیەی کە بۆ شێخی بارزان ناردرابوو، لە سەرەوەی نامەکە ئاماژە بە

---

(١) F. O. ٣٧١/ ٩١٦٥٩ –EQ١٢٠١/٤, notice on the Iraqi army ١٩٥١, prepared by the general staff, the war office.

(٢) *Edgar O'balance, op.cit, p.* ٢٠.

(٣) کاوس قفطان، المصدر السابق، ص ٥٣.

(٤) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩.

(٥) محمد بریفکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧.

(٦) مەنسوور شێخ ڕەئووف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٦.

ئایەتێکی قورئانی پیرۆز کرابوو "**یاایها الذین امنوا اطیعوالله واطیعوا الرسول و اولی الامر منکم**"، لەژێرەوەی نامەکەشدا نووسینێك کە بەشێوازی دەربڕینێکی هەڕەشە ئامێزبوو تێیدا جەختی دەکردەوە لە ملکەچ بوونی شێخی بارزان وەك هاتبوو"**واباشتره خۆت ڕادەستی حکومەت بکەیت**" بەڵام ئەم شێوازە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ شێخی بارزان سەرکەوتوو نەبوو، چونکە شێخ ئەحمەدی بارزانی زۆر باش ئینگلیزەکانی دەناسی کە ئایین بۆ چەوساندنەوەی گەلان بەکاردەهێنێت[1].

بێگومان ئەم دیاردەیە زۆر بەڕوونی لە حکومەتەیەك لە دوا یەکەکانی عێراق دەردەکەوێت بۆ کپکردن و لەناوبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کە"ئاین"یان کردوتە سەرمەشقی ئەنجامدانی کارەکانیان دژ بە کورد، وەك شاڵاوی بەدناوی ئەنفال، کە سوودیان لەناوی سورەتێکی قورئان وەرگرتووە بۆ جینۆسایدکردنی گەلی کورد و چەندان کاری لەم جۆرە.

لەبارەی پلانی حکومەت بۆ دەستگیرکردنی شێخی بارزان "ناجی شەوکەت[2]" کە ئەوکات وەزیری ناوخۆ بوو، لە یادداشتنامەکەیدا دەڵێت "**بڕیاردرا هێزێك ئامادە بکرێت بۆ دەستگیرکردنی شێخ و پاشان گواستنەوەی بۆ شاری مووسڵ، دوای ئەوەی کە زانرا لایەنگرانی بەهۆکاری هەندێ کاروبار لەدەوروبەری نین، وەزارەتی بەرگری فەرمانی دەرکرد بۆ "بەرقی بەگ" فەرماندەی ناوچەی مووسڵ بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە سەربازییە، بەڵام جێگای سەرسووڕمانە ئەم فەرماندەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە گرنگە دەستەیەکی سەبازی"سریه العسکریه" ڕاسپارد کە ئەفسەرەکەی کورد بوو، بەر لەوەی ئەرکەکەی جێبەجێ بکات ئاگاداری بۆ شێخی بارزان نارد کە خۆی ڕادەست بکات، ئەمەش بۆ شێخ**

(١) عزیز حسن عزیز البارزانی، المصدر السابق، ص ٣٨.

(٢) ناجی شەوکەت کوڕی شەوکەت پاشا سەرۆکی پۆلیسی- بەغدا لەساڵی ١٨٩٣ لە کوت لەدایك بووە، یاسای خوێندووە لەجەنگی جیهانی یەکەم پەیوەندی بە سوپای عوسمانی کردووە لەساڵی ١٩١٧ لەلایەن ئینگلیزەکان بەدیل دەگیرێت، پاشان پەیوەندی دەکات بەجووڵانەوەکەی شەریفی مەککە، لەماوەی فەرمانڕەوایەتی پاشایەتی لەعێراق یەك جار بووەتە سەرۆکی کابینەی حکومەت لە ١٩٣٢/١١/٢٠ تا ١٩٣٣/٣/١٨، لە حکومەتی بەرگری نیشتمانی ساڵی ١٩٤١ لەپۆستی بەرگری کاری کردووە، پاشان لەساڵی ١٩٤٥ لەئیتالیا دەستگیر دەکرێت و ڕادەستی حکومەتی عێراقی دەکرێتەوە، بۆ ماوەی ١٥ ساڵ فەرمانی زیندانی بەسەردا سەپێنرا، دواتر مانەوەی زۆرەملێ بەسەردا سەپێندرا لەساڵی ١٩٤٧ بەڵام ساڵێك دواتر بەر لێخۆشبوونی گشتی کەوت، ناوبراو لەساڵی ١٩٨٠ کۆچی دوایی کردووە. عبدالوهاب حمید رشید، المصدر السابق، ص ١٨٥.

ئەحمەدی بارزانی دەرفەتێك بوو کە لایەنگرانی کۆبکاتەوە و بەرەنگاری دەستە سەربازییەکە ببێتەوە[۱].

دیارە حکومەتی عێراقی وا گومانی بردبوو، ئەگەر بەنهێنی لە شەودا گەمارۆی بارزان بدات، پاشان هێرشی لەناکاو ئەنجام بدات کاریگەری دەبێت لەسەر ڕووخانی وەی بارزانییەکان، کە ئەنجامەکەی خۆبەدستەوەدانیان دەبێت بە هێزەکانی عێراق[۲]، بەڵام فەرماندەی ناوچەی مووسڵ لە گەڕانەوەی "مستەفا بارزانی" و جەنگاوەرەکانی بۆ ناو بارزان لە ئێوارەی ڕۆژی ۱۹۳۱/۱۲/۸بێ ئاگابوو[۳].

شێخ ئەحمەدی بارزانی پاش گەیشتنی نامە هەڕەشە ئامێزەکەی فەرماندەی ناوچەی مووسڵ، دەست بەجێ جەنگاوەرانی ناو بارزانی کۆکردەوە، پاش ڕاوێژکردن لەسەر پێشهاتەکان بڕیاردرا بەرگری بکەن تا دوا دڵۆپی خوێنیان، بۆیە لە بەرامبەردا نامەیەکی تووندی بۆ بەرقی بەگ نارد‌ەوە و پێی ڕاگەیاند"**تۆ و هێزەکەت هاتوونەتە سەر مااڵی ئێمە، بەرگریکردنیش مافی ڕەوای ئێمەیە، لەبەرئەوە ئێمە پارێزگاری لە خۆمان دەکەین و تۆش چیت لەدەست دێت بیکە**[٤]".

لەو هەلومەرجە ناهەمواردا کە ڕووبەڕووی بارزان دەبوویەوە، کەچی شێخ ئەحمەد لە بیری ڕزگارکردنی ئەو قوتابیە گەنجانەوە بوو کە لە ئامێدی و هۆرەماری و ناوچەکانی تر ڕوویان کردبووە تەکیەی بارزان بە مەبەستی خوێندن لەسەر دەستی مەلا سەعید ئاکرەیی[٥]، بێگومان ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە شێخانی تەکیەی بارزان لە ڕۆژگارە سەخت و ناخۆشەکاندا هێزی گەنجی خوێندەوار و خاوەن زانستیان بە سەرمایەی میللەت زانیووە، بۆیە بەر لە بیرکردنەوە لە گیانی خۆیان، هەوڵیانداوە گیانی ئەم توێژە پارێزراو بێت.

سەبارەت بەشەڕ و پێکدادانەکەی نێوان بارزان و سوپای عێراق لە بەرەبەیان دەستی پێکرد تاکو ئێوارە بەردەوام بوو، کە هێزی بارزانییەکان لە ۸۰ جەنگاوەر تێنەدەپەڕی توانییان فەوجێکی سەربازی سوپای عێراق تێکبشکێنن، کە فرۆکەیەکی جەنگی بەریتانی پاڵپشتی

(۱) ناجی شوکت، سیرة وذکریات ثمانین عاما، (بیروت- ۱۹۷۵)، ص ۱۹۹.

(۲) أیوب بارزاني، المصدر السابق، ص ۱۰۵.

(۳) پاول شیسمەن، خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل ۷۹.

(٤) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ۳۰.

(٥) أیوب بارزاني، المصدر السابق، ص ١٠٦.

دەکردن[١]، پاش تێکشکانی سوپای عێراق، فەرماندەی ناوچەی مووسڵ و ژمارەیەکی کەمی ئەو هێزەی بەشداری کردبوو لە شاڵاوەکە توانییان خۆیان لە چنگی جەنگاوەرانی بارزان دەرباز بکەن و خۆیان بگەیەننە بارەگای فەوج لە بلە[٢]، پاش ئەوەی نزیکەی ١٢٦ لاشەی سەربازی کوژراو و بەشێکی زۆر لە چەك و جبەخانەیان لە مەیدانی جەنگ جێهێشت، لە بەرامبەریشدا تەنها پێنج جەنگاوەری بارزانی گیانیان لە دەستدا[٣]، هەرچەندە بارزانییەکان بەهۆی ڕووخانی وەزی سەربازانی عێراقی دەیانتوانی دەست بگرن بەسەر "بلە" سەنتەری قەزای زێبار، بەڵام شێخی بارزان فەرمانیدا بە وەستاندنی پێشڕەوییەکانی جەنگاوەرانی بارزان[٤].

حکومەتی عێراقی پاش شکستە سەربازییەکەی بەرامبەر تەکیەی بارزان بەیاننامەیەك لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٣١بڵاوەکاتەوە بۆ پەردەپۆشکردنی شکستەکەی و سەرلێشێواندنی ڕای گشتی عێراقی کە تێیدا هاتووە" **لەم دواییەدا شوێنکەوتووانی شێخ ئەحمەدی بارزانی دەست درێژیان کردۆتە سەر دێهات و دانیشتوانی دراوسێکانیان و کاری سووتاندن و کوشتنیان تێیدا ئەنجام داوە، بۆیە حکومەت فەرمانی بەو فەوجەی کە لە"بلە"یە کردووە بۆ هەڵسان بە هەندێ ڕێوشوێنی پێویست، لە ئەنجامی ئەودا ڕووبەڕووبوونەوە ڕوویدا لەنێوان مەفرەزەیەکی فەوجەکە و پەیڕەوانی شێخ لە بەرەبەیانی ٩ی کانوونی یەکەم کە بوتە هۆی کوژرانی ١٣ سەرباز لەگەڵ ئەفسەرێك و بریندارببوونی ٩ کەس لە سوپا و پۆلیس، هەروەها کوژرانی نزیکەی ٢٠ کەس و بریندارببوونی ٣٠٠ کەسی تر لە چەتەکان، حکومەتیش جدییە لە وەرگرتنی ڕێوشوێنی کاریگەر بۆ لە ڕیشە دەرهێنانی ئەو خراپەکارانەی کە ئاسایش دەشێوێنن و ئاسوودەیی دانیشتوان تێکدەدەن**[٥].

لێرەدا پێویست بە هەڵوەستەیەك دەکات بۆ دەرخستنی ڕاستی بەیانەکەی حکومەتی عێراقی، ئەویش ئەو زیادەڕەوییە لە کەمکردنەوەی زیانەکانی حکومەت و نیشاندانی

(١) وریا ڕەحمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٠.

(٢) مەنسوور شێخ ڕەئووف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧.

(٣) پاول شیسمەن، خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٩.

(٤) ناجی شوکت، المصدر السابق، ص ١٩٩.

(٥) مەعرووف چیاووك، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٥٣-١٥٤؛ ئەحمەد خواجە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠١ .

ژمارەیەکی گەورە لە زیانەکانی جەنگاوەرانی بارزان[١]، بەڵام ئەگەر سەیری سەرچاوەکانی ئەو سەردەمە بکەین دەبینین جیاوازی زۆر لەنێوان سەرچاوەکان بەدی دەکرێت لە ژمارە و زیانەکانی سوپای عێراق، وەك ئەوەی"ناجی شەوکەت"ی وەزیری ناوخۆ لەکاتی ڕووداوەکە لە یاداشتنامەکەیدا ئاماژە بە کوژرانی زیاتر لە ٥٠ سەرباز دەکات، کەچی بەیانەکەی حکومەت تەنها ئاماژە بە١٤ کوژراو دەکات[٢]، بێگومان جیاوازی باسکردنی ژمارەی زیانەکان دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە بەیانەکەی حکومەت دووڕە لە ڕاستی و تەنها بۆ پەردە پۆشکردنی ڕاستی و دروستی ڕووداوەکەیە.

دوای شکستخواردنی سوپای عێراق بەرامبەر بارزانییەکان، هێزە ئاسمانییەکانی بەریتانیا لەسەر داوای حکومەتی عێراق بۆ ڕۆژی دووەم بۆردومانی گوندی بارزانیان کرد[٣]، هاوکات لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کە بارزان پێدا تێدەپەڕی، محەمەد سەدیق وەك نوێنەری شێخی بارزان لەسەر ڕاسپاردەی قایمقامی زێبار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەگەڵ برادۆستەکان چووبوو بۆ گفتوگۆ و دانوستاندن، بەڵام لەگەڵ بیستنی هەواڵەکانی بارزان دەستیکرد بە دەستگیرکردنی قایمقام و پیاوەکانی[٤].

محەمەد سەدیق گەیشتە ئەو بڕوایەی کە هیچ هەوڵێك لە ئارادا نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵکو نەخشە و پیلانی حکومەتە بۆ دوورخستنەوەی ژمارەیەکی زۆری چەکدارە بارزانییەکان لە بارزان بۆ ئەوەی بە ئاسانی داگیری بکات و شێخی بارزانیش دەستگیر بکات یاخود لەناوی ببات[٥]، بۆیە لە ١١ی کانونی یەکەم محەمەد سەدیق بەیاوەری هێزەکەی و قایمقام و پاسەوانەکانی گەیشتنە بارزان، ڕۆژێك دواتر شێخی بارزان فەرمانیدا بە ئازادکردنی قایمقام و پاسەوانەکانی لەگەڵ هەموو ئەو دیلانەی کە لە شەڕی بارزاندا دەست بەسەرکرابوون[٦]، لەگەڵ بەڵێندان بە گەڕاندنەوەی ئەو چەك و جبەخانەیەی کە لە لایەن جەنگاوەرانی بارزان لەکاتی شەڕەکەدا دەستی بەسەردا گیرابوو[٧].

---

(١) زبير بلال اسماعيل، المصدر السابق، ص ١١٢.

(٢) ناجی شوکت، المصدر السابق، ص ١٩٩.

(٣) سروة اسعد صابر، كوردستان الجنوبية....، ص ٢٤١.

(٤) پێ ڕەش، العراق دوله....، ص ٥٤.

(٥) أيوب بارزاني، المصدر السابق، ص ١٠٦.

(٦) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

(٧) حسن مصطفى، المصدر السابق، ص ٣٠.

هـەر لـەم ڕووەوە شـێخی بـارزان پـەیامێکی بـە قایمقـامی دەستبەسـەرکراو نـارد بـۆ بەرپرسانی حکومەت و داخی خۆی بۆ ئەم ڕووداوە پیشاندا تـا ئاشـتی و ئـارامی بگەڕێتـەوە ناوچەکـە[١]، هـەروەها جـەختی کـردەوە لەوەی کـە هـیچ ویسـتێکی نییـە بـۆ دووبـارە هەڵگیرساندنەوەی شەڕ[٢]، لە بەرامبەردا حکومەت لەبـەر چەنـدین هۆکـار وای نیشـاندا کـە داخوازی شێخ ئەحمەدی بارزانی بە دڵە، لەوانە خەریك بوونی هێـزە سـەربازییەکانی عێـراق بە شۆڕشی شێخ مـەحموود کـە لـەپیرانەوە بـەرەو سـلێمانی هـاتبوو[٣]، لـە لایـەکی دیـکەوە بەسەرداهاتنی وەرزی زستان کە نەدەتوانرا لە ناوچەکەدا کـردەی سـەربازی ئـەنجام بـدرێت تاکو وەرزی بەهار، ئەمەش دەرفەت بوو بۆ حکومەت تـا لـەو ماوەیـەدا نەخشـە و پلانێکـی سەربازی وورد و پێشکەوتوتر دابڕێژێت[٤].

جگە لەمانەش حکومەتی عێراقی لەو ئاگربەستە کاتییەدا دەیویست سـوود لـەو ماوەیـە وەربگرێت بۆ کۆکردنەوە و ڕاکێشانی ئاغا و دەرەبەگ و سەرۆك هۆزەکانی ناوچەکـە کـە دژ بە تەکیەی بارزان بوون لە ڕێگای پڕ چەککردنیان و هەروەها ئامادەکاری کـردن بـۆ میلیشـیا ئاشوورییەکان و بەکارهێنانیان دژ بە بارزانییەکان[٥].

هـەروەها بـەهۆی ئـەو بەرگریکردنـە سـەختەی بارزانییـەکان نوانـدیان ئـەو دەرسـە واتابەخشـەی بـە فەرمانـدەی ناوچـەی مووسـڵیاندا لـە ٩ی کـانوونی یەکەمـدا دڵنیـابوونی دەسەڵاتداران لە نـەتوانینی هەڵسـانی فەوجی"بلـە" بـە شـاڵاوێکی دیکـە بـێ ئەوەی چەنـد هێزێکی زیاتر خاوەن چەکی باشتر یارمەتی بدات، ئەم هۆیانە پاڵیان بە حوکمەتەوە نا کە بە شێوەیەکی کاتی لە هەڵوێستی خۆی پاشگەز ببێتەوە و ئامـادەیی و ئـارەزووی خـۆی پێشـان بدات بۆ لە یەکگەیشتن لەگەڵ شێخی بارزان[٦].

دیـارە دوای سـەرنەکەوتن و هەرسـهێنانی پلانـی حکومـەت لـە داگیرکردنـی بـارزان، قەیرانێکی گەورەی خوڵقاند لە ناوەندە فەرمییەکانی دەسەڵات لە بەغدا، بەتایبـەت لـەنێوان "نووری سەعید" کە ئەوکات سەرۆك وەزیران بوو لەگەڵ "ناجی شەوکەت"ی وەزیری نـاوخۆ،

(١) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١.

(٢) سروة اسعد صابر، كوردستان الجنوبية....، ص ٢٤١.

(٣) مەعرووف چیاووك، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٤.

(٤) حسن مصطفى، المصدر السابق، ص٢٩؛پێ ڕەش، العراق دوله....، ص ٥٤.

(٥) سروة اسعد صابر، كوردستان الجنوبية....، ص ص ٢٤١-٢٤٢.

(٦) مەنسوور شێخ ڕەئووف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٩.

کار گەیشته ئەوەی که سەرۆك وەزیران داوای دەست له کارکێشانەوەی وەزیری ناوخۆی له "شا فەیسەل" کرد، بەڵام وەزیری ناوخۆ ڕەتیکردەوە و تکای له فەیسەل کرد فەرمان بدات به ئامادەبوونی لەبەردەم دادگا لەگەڵ "جەعفەر عەسکری[١]" وەزیری بەرگری، پاشان شا فەیسەل و نووری سەعید له داواکەیان پاشگەزبوونەوە[٢].

له دوای ئەم ڕووداوە وەزیری ناوخۆی عێراق داوا له "کورنوالیس[٣]"ی ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ دەکات، به یارمەتیدانی هێزە ئاسمانییەکانی بەریتانیا بۆسوپای عێراقی به مەبەستی تەمبێ کردنی شێخنشینی بارزان، له بەرامبەر داواکاریەکەی وەزیری ناوخۆ، پاش دوو ڕۆژ کۆرنۆالیس وەڵامێکی ئەرێنی پێدەدات[٤].

دوای ئاگربەستەکەی بارزان، حکومەت سەرقاڵی دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەی شێخ مەحموود دەبێت له سلێمانی، سەبارەت به شۆڕشەکەی شێخ مەحموود کە هاوکات بوو

(١) جەعفەر عەسکەری: (١٨٨٥- ١٩٣٦)، سەرۆك وەزیرانی پێشوو و یەکەم وەزیری بەرگری عێراق بوو محمد جەعفەرکۆری مستەفا کۆری مەلا عبدالرحمن عەسکەرییە، لە ١٥ ی ئەیلوولی ١٨٨٥ لە شاری بەغدا دایك بووە، سەرەتایی و دوا ناوەندی لەبەغدا تەواو کردووە، دواتر دەچێتە ئەستانەلەوێ قوتابخانەی سەربازی تەواو دەکات بەپلەی ملازمی دووەم، دواتریش لە سوپای عوسمانی خزمەتی کردووە، هەروەها بەشداری کردووە لە شۆڕشی عەرەبی بەسەرکردایەتی شەریف حسین، پاشان دەبێتە حاکمی حەلەب لەنێوان ساڵانی (١٩١٩-١٩٢٠)، دواتر دەگەڕێتەوە عێراق و دەبێتە وەزیری بەرگری. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حسن لطيف الزوبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية، (بيروت- مؤسسة المعارف للمطبوعات-٢٠٠٧)، ص ٤٦٥

(٢) عبدالرزاق الحسني، المصدر السابق، ص ١٨١.

(٣) سێر کینهان کۆرۆنوالیس لە ١٩ی شوباتی ساڵی ١٨٨٣ لەنیۆیۆرك لەدایك بووە، باوکی نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی ناسراو بوو، زانکۆی ئۆکسفۆردی تەواو کردووە، زمانی عەرەبی خوێندووە و ساڵی ١٩٠٦ لەسودان، وە دوای ئەوە لەمیسرو عەرەبستان کاری کردووە، لەشەڕەکانی وڵاتەکەیدا دژی لەشکری عوسمانی لەسوریا و فەلەستین بەشداری کردووە، لەساڵی ١٩١٦ بووتە کۆلۆنێل و کراوەتە بەڕێوەبەری بیرۆ (مەکتەبی) عەرەبی بەناوبانگ لەساڵی ١٩١٩ەوە پەیوەندی نزیکی لەگەڵ مەلیك فەیسەلی یەکەمدا هەبووە و حوزەیرانی ساڵی ١٩٢١ لەگەڵیدا هاتووتەعێراق، لەوساوە بۆماوەی ١٥ ساڵان بووەتە ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراقی، ساڵی ١٩٣٥ خۆی خانەنشین کردووە و بەو بۆنەیەوە مەلیك غازی ویسامی رافیدەینی داوەتێ، لەگەڵ بەڕپابوونی جەنگی دووەمی جیهانی گەڕاوەتەوە سەر کار و لەنیسانی ساڵی ١٩٤١ تا ئازاری ساڵی ١٩٤٥ بووەتە باڵیۆزی بەریتانی لەعێراق، ڕۆژی ٣ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٩ لە لەندەن مردووە. کەمال مەزهەر، کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە.....، ل ١٧٩.

(٤) زبير بلال اسماعيل، المصدر السابق، ص ١١٤.

لەگەڵ شۆڕشی یەکەمی بارزان، مەترسییەکی گەورەیان لەسەر حکومەتی عێراقی و دەسەڵاتی بەریتانی لە عێراق دروست کرد، دیارە شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩٢٧ لەژێر گوشاری ئینگلیز بە ناچاری بەوە ڕازی بوو لەناو خاکی کوردستانی ئێران بمێنێتەوە و دەستیش نەخاتە ناو کاروباری باشووری کوردستان[١]، بەڵام دوای کوشتاری شەشی ئەیلوول و هانابردنی کەسوکاری کۆژراوەکان بۆ شێخ مەحموود سەرلەنوێ دەستی دایەوە چەك و ئەو پەیمانەی شکاند کە دابووی بە مەندووبی سامی بەریتانی و حکومەتی عێراق [٢] .

لەو بارودۆخەدا حکومەتی عێراق و بەریتانیا ترسێکی زۆریان لاپەیدا بوو لەوەی شێخ دووبارە دەسبکاتەوە بە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی، هەر لە چوارچێوەی ئەم مەبەستەدا لە١٠ی ئەیلوولی ١٩٣٠ "جەمیل مەدفەعی[٣]" وەزیری ناوخۆی عێراق، نامەیەکی بۆ شێخ مەحموود نارد و داوای سەرپێچی نەکردنی ئەو پەیماننامەی لێکرد کە لەگەڵ حکومەتدا مۆریکردووە لە ساڵی١٩٢٧[٤]، بەڵام شێخ مەحموود گوێی پێنەدا کەوتە خۆئامادەکردن، لەوبارەیەوە شێخ سەلامی شاعیری بە نهێنی نارده بەغدا بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری ئەو ئەفسەرە کوردانەی کە پشتی پێدەبەستن، بۆیە ژمارەیەك لەو ئەفسەرانە هەڵاتن و خۆیاندایە پاڵ شێخ مەحمود و کەوتنە خۆئامادەکردن بۆ ڕاپەڕینی داهاتوو[٥].

شێخ مەحموود هێزێکی زۆری لەدەور کۆبووەوە لەو بەرئەنجامەدا بڕیاریدا دەست بە هێرش بکات، لێرەدا هێزەکەی کردە دووبەش، بەشێکی بۆ دەوروبەری پێنجوێن و شارباژێر و بەشەکەی تریشی بۆپشدەر نارد[٦]، بەریتانیا و حکومەتی عێراق مەترسیەکی زۆریان

---

(١) کەمال مەزهەر، کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە.....، ل ١٩٦.

(٢) نەجم سەنگاوی، کوردستان و سەرکردە.....، ل ٣٨٨ .

(٣) جەمیل کۆڕی محەمەد عەباس لەساڵی ١٨٩٠ لەموسڵ لەدایك بووە، لەقوتابخانەی سەربازی خۆێندوویەتی، دواتر لەساڵی ١٩١١ بەئەفسەری تۆپخاوێژ لەئەندازەی سەربازی لەئەستانە دەردەچێت، بەشداری جەنگی جیهانی یەکەمی کردووە لەسوپای عوسمانی، لەساڵی ١٩٢٣ گەڕاوەتەوە عێراق پۆستی جۆراجۆری وەرگرتووە، لەساڵی ١٩٥٨ لەبەغدا کۆچی دوایی کردووی. ئەحمەد حەمەدئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٦.

(٤) م. ر. هاوار، شێخ مەحموودی.....، بەرگی دووەم، ل ٧٥٤.

(٥) کەمال مەزهەر، چەندلاپەڕەیەك لە.....، بەرگی دووەم، ل ١٠١. ئەفسەرەکان بریتی بوون لە (مەحموودجەودەت، حامد جەودەت، ملازم کامل حەسەن). نەوشیروان مستەفائەمین، کوردستانی عێراق لەسەردەمی.....، ل ١٤٥.

(٦) جەمال بابان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٨-١٧٩.

لێنیشتبوو لەوەی شێخ مەحموود و چەکدارەکانی پەلاماری سلێمانی بدەن، بۆیە نەخشەیەکی وردیان بۆبەرگریکردن لە سلێمانی دانا بەناوی (پڕۆژەی بەرگری کردن لە سلێمانی)[١]، بەڵام ئەمە مەترسییەکانی کەم نەکردەوە، هەر بۆیە بە پاساوی نائارامی بارودۆخ بەپێی بڕیارێك، ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لە ٢٤ئاداری١٩٣١حوکمی عورفی لە سلێمانی ڕاگەیاند وبڕیاردرا کاروباری سەربازی و مەدەنی بدەنە فەرماندەیەکی سەربازی لێهاتوو تاکو باری نائارامی لە شارەکەدا نەهێڵێت[٢].

پاشان لە ٥ی نیسانی ١٩٣١ ڕاپەڕینی ئاوباریك[٣] ڕوویدا، فڕۆکەکانی ئینگلیز و سوپای سواره و پیادەی حکومی درێغیان نەکرد لە بۆردومانکردنی سەنگەری شۆڕشگێڕان[٤]، ئەمانە لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە خیانەتی هەندێك لە عەشایەرە کوردەکانی ئەوناوچەیە و ڕێککەوتنیان لەگەڵ دوژمناندا لەکاتێکدا شێخ هیوایەکی هەرە گەورەی بەوان هەبوو، هەروەها ناهاوسەنگی لە هێزی هەر دوولادا، وایکرد شێخ مەحموود لەم هەوڵەشی شکست بهێنێ[٥].

دوای شکستەکەی شێخ مەحموود لە ئاوباریك هەوڵیدا بپەڕێتەوە بۆ ناو سنووورەکانی ئێران، بەڵام ئێرانیش ئامادە نەبوو دالدەی بدات، بەڵکو هەردوو حکومەتەکە بە فیتی ئینگلیزەکان ڕێککەوتن لە ١٣ی مایس هێرشی هاوبەش دەستپێبکەن دژی شێخ مەحموود، بەم جۆرە شێخ ناچاربوو دەست لە خەباتی چەکداری هەڵگرێت لە١٤ی مایسی ١٩٣١ڕوویکردە ناوشار و خۆی ڕادەستی حکومەت کرد[٦].

لە دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەی شێخ مەحموود بەرزنجی ئاڵای خەباتی

---

(١) ئاکۆ عبدالکریم شوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٧.

(٢) م. ر. هاوار، شێخ مەحمودی.....، بەرگی دووەم، ل ٧٥٧.

(٣) ئاوباریك شوێنێکە لە نزیك کەرکووك.

(٤) عومەر مەعرووف بەرزنجی، مەحموود خانی دزڵی- شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، (سلێمانی-٢٠٠٠)، ل ١٢٣.

(٥) جەمال بابان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٩.

(٦) حەسەن جاف، گرینگی شەڕی ئاوباریك ١٩٣١ لەمێژووی شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی حەفیددا، گۆڤاری مێژوو، ژمارە(٦)، (هەولێر- چاپخانەی منارە-٢٠٠٨)، ل ١٠٧؛ تاريخ وقائع الشهر في العراق وماجاورة في.....، ص ٦٤٣.

ڕزگاریخوازی لە بارزان هەر دەشکایەوە[1]، بۆیە جارێکی دیکە حکومەت بەخۆی کەوتەوە بۆ ئەوەی بەدڵنیایی و بێ ترس ئاوڕ لە پەلاماردانی بارزان بداتەوە[2]، کەهەردەم وەك قەڵایەکی پۆڵاین بوو لەبەردەم داگیرکەران و پەناگەیەکیش بوو بۆ هەموو ئازادیخوازێکی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان، ئەمەش بەربەستێك بوو لەبەردەم دەسەڵاتدارانی عێراقی لە لایەك و بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە لایەکی دیکەوە.

(١) *Gerad chaliand, op.cit, p. ٢٤٤.*

(٢) فاخر عالی عبابکر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١.

تەوری پێنجەم:

«خامۆشکردنی شۆڕشی بەکەمی بارزان و دەرئەنجامەکانی»

دوای شکستخواردنی سوپای عێراق بە سەرکردایەتی بەرقی بەگ لە ۹ی کانوونی دووەمی ساڵی ۱۹۳۱، ڕەوشی ناوچەی بارزان تا بەهاری ساڵی ۱۹۳۲ ئارام بوو، بەڵام ئەم هێمنییە تا سەر بەردەوام نەبوو، چونکە هەر لە بەرهاری هەمان ساڵ ئاگاداری گەیشتە شێخی بارزان کە حکومەت نیازی خراپە و خەریکە لە ناوچەکانی ڕواندز و ئاکرێ و ئامێدی هێزی زۆر کۆدەکاتەوە بە هیوای پەلاماردانێکی گەورە بۆ سەر ناوچەکە[1].

بەپێی بەڵگەنامەیەکی بەریتانی لە۳۱ی کانوونی دووەمی ۱۹۳۱، کە تێیدا حاکمی مووسڵ ئاگادارکراوەتەوە کەوا شێخی بارزان بە جیدی خۆی ئامادە دەکات بۆ هێرشگەلی نوێ، چونکە دەسەڵاتدارانی عێراقی هێزەکانی خۆی کۆدەکاتەوە کە زۆر پێ دەچێت بەرەو دهۆك بڕۆن، لە مووسڵیش تەواوی هێزەکانی بارزان نازانرێت و بەهۆی خراپی کەشوهەواوە فرۆکەوانی بەریتانی مەحاڵە بتوانن سووسەی ناوچەکە بکەن[2]. ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەن کەوا شێخی بارزان ئاگاداری نیاز خراپی حکومەت بووە، لە ئەنجامدانی شاڵاوێکی گەورە بۆ سەر دەڤەری بارزان.

بێگومان لەسەر حکومەت پێویست بوو چاو بە پلانەکانی خۆیدا بگێرێتەوە، چونکە ئەو بەرگرییە سەخت و بوێرانەی کە لە شەڕی بەرقی بەگ تووشی سوپاکەی هاتبوو پێی سەڵماند کە پەلاماردانی بارزان پێویستی بە نەخشەیەکی ورد و هێزێکی زۆرتر هەیە[3]، لەوبارەیەوە حکومەتی عێراقی بەر لە دەسپێکردنی شاڵاوەکانی بۆ سەر بارزان، داواکارییەکی فەرمی لە ۱۸ی شوباتی ۱۹۳۲ ئاڕاستەی تورکیا دەکات، کە ڕێگا بگرێت لە چوونی شێخی بارزان و

(۱) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ۳۲.

(۲) ڕاپەڕینەکانی بارزان لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی هەردوو حکوومەتی....، ل ٤١.

(۳) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ۳۲.

لایەنگرەکانی بۆ ناو خاکەکەی[١].

حکومەتی عێراقی لە ١٠ی ئازاری ١٩٣٢ ئاگادارییەك ئاڕاستەی شێخ ئەحمەدی بارزانی دەکات بۆئەوەی لەبەردەم قایمقامی زێبار"بلە" ئامادەبێت و لەهەمان کاتدا پێیان ڕاگەیاند کە حکومەت بە نیازە بە دامەزراندنی بنکەی حکومەتی لە ناوچەی بارزان[٢]، بۆ ئەم مەبەستەش ماوەی دوو ڕۆژیان بۆ شێخی بارزان دیاریکرد تا ڕازی بوونی خۆی سەبارەت بەو بابەتە ڕابگەیەنێت، واتای ئەمەش کۆنترۆڵکردن و دەست بەسەرداگرتنی تەواوە بەسەر ناوچەکە و بەرگریکردنە لە جووڵانەوەی هێزەکانی بارزان[٣].

شێخی بارزان ئەم وریاکردنەوەی فەرامۆشکرد، چونکە بە تەواوەتی نیازی حکومەتی دەزانی، هەر بگاتە ئەوێ دەستگیری دەکەن[٤]، بۆیە حکومەت پاش ئەوەی بۆی ڕوون بوویەوە کە شێخ ئەحمەدی بارزانی نایەتە ژێر باری داواکارییەکانیان، دەستی کرد بە خستنەڕووی بەڵێنی بریقەدار بۆ خودی شێخی بارزان، لەوانە ئەگەر شێخ ملکەچی خۆی بۆ حکومەت دەربببڕێت ئەوە لە بەرامبەردا حکومەت بەڵێنی سەلامەتی دەداتێ و پێشیان ڕاگەیاند با لەمووسڵ نیشتەجێ بێت و بە ئازادانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ناوچەکەیدا بکات[٥].

بەپێی بەڵگەنامەیەکی بەریتانی لە٢٤ی شوباتی ١٩٣٢ موتەسەریفی هەولێر "جەلال بابان" لە لایەن حکومەتی عێراقی ڕادەسپێردرێت بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ شێخی بارزان، بۆ ئەم مەبەستە لە ٢٧ی شوبات سەردانی ئامێدی دەکات و لە ڕێگای نامەیەك داوای دیدەنی شێخ ئەحمەد بارزانی دەکات، وەك دەردەکەوێت لە نامەکەدا بەناوی حکومەتەوە پێشنیاری کۆمەکێکی زۆری بۆ کردووە، بەرامبەر وازهێنان لە شۆڕشەکەی[٦].

لە بەرامبەر پێشنیارەکەی حکومەت، شێخی بارزان وەڵامی موتەسەریفی هەولێر دەداتەوە و دەڵێت" **بەوانە بڵێ کە دەیانبینی کەوا من بۆ فرۆشتن نیم و هەموو زێڕی**

(١) أيوب بارزاني، المصدر السابق، ص ١٠٩.

(٢) فاضل البراك، مصطفى البارزاني الاسطورة والحقيقة، (بغداد- دار الشؤون الثقافية العامة-١٩٨٩)، ص ص ٧٦–٨٢؛ نیسان حسن ڕۆستم، کورد و دەسەلاتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق ١٩١٦–١٩٦٨، (سلێمانی- خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما–٢٠١٧)، ل ٥٥.

(٣) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٥.

(٤) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

(٥) عبدالعزيز العقيلي، تاريخ حركات بارزان الاولى ١٩٣٢، (بغداد- مطبعة الشباب- ١٩٥٥)، ص ٢٧.

(٦) مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لەساڵانی ١٩٢٦....، ل ١٧٠.

حکومەت ناتوانێ من بکرێ، من شێخی بارزانم و هەر بە شێخی بارزان و سەرۆکی شۆڕشگێڕانی کورد دەمێنمەوە کە خەبات دەکات بۆ ئازادی گەلەکەی و بڕیاری من گەڕانەوەی لێ نییە"[1].

لە لایەکی دیکەوە مەندووبی سامی "فرنسیس همفریز" نامەیەك بۆ شێخی بارزان دەنێرێت و تێیدا داوا لە شێخ ئەحمەدی بارزانی دەکات بە مەرجەکانی حکومەت ڕازی بێت[2]، لەهەمان کاتدا وەزیری ناوخۆی عێراقیش جەختی لەوە دەکردەوە لە ئەگەری ڕەتکردنەوە شێخی بارزان بە داواکارییەکەی حکومەت، ئەو بە یاخی و دەرچوو لە دەسەڵاتی حکومەت هەژمار دەکرێت و چاوەڕێی سزای تووندبێت[3].

دوا بە دوای ڕەتکردنەوەی داواکارییەکانی حکومەت لە لایەن شێخی بارزان، بڕیاری لەنێوبردنی شۆڕشەکەی بارزان درا لە ڕێگای هێزی سەربازی عێراقی بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی بەریتانی[4]، چونکە حکومەتی عێراقی و دەسەڵاتی بەریتانی مەترسی ئەوەیان هەبوو لە بەرفراوانبوونی بڵێسەی شۆڕش و ناکۆکییەکان بۆ ناوچەکانی دیکە[5]، لەوبارەیەوە بەڵگەنامەیەکی بەریتانی بە ڕوونی هەوڵ و ئامادەکارییەکانی حکومەتی عێراقی دەخاتەڕوو بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچەی بارزان کە تێیدا هاتووە " **لەم ساڵدا بڕیاردرا لەکاتێکدا کەشوهەوا لەباربێت و پێداویستییەکان ئامادەکاری بۆ کرابێت، هێزێکی گەورەی سوپای عێراقی بە قۆناغ بنێردرێت بۆ داگیرکردنی تەواوی ناوچەی بارزان، پاش زاڵ بوونی سوپای عێراقیش بەسەر تەواوی ناوچەی بارزان، ئیدارەی مەدەنی تێیدا دابمەزرێت، بە پاڵپشتی هێزێکی لێهاتوو، هەروەها لەسەر داواکاری حکومەتی عێراقی، هێزی هەوایی پاشایی بەریتانی تەواوی ڕەزامەندی خۆی نیشانداوە بە بەشداریکردن لەگەڵ هێزەکانی عێراقی بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کردە سەربازییە"**[6].

هاوکات لەگەڵ جمووجۆڵە سەربازییەکانی حکومەتی عێراقی، شێخی بارزان هەستی بەوە کرد کە پێویستە دەست بە ئامادەکاریەکان بکات بە مەبەستی بەرگریکردن، بۆیە

(١) ڕاپەڕینەکانی بارزان لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی هەردوو حکوومەتی....، ل ٤٦.

(٢) محمود الدره، القضية الكردية، (بيروت- منشورات دار الطليعة- ١٩٦٦)، ص ١٩٩.

(٣) أيوب بارزاني، المصدر السابق، ص ١٠٨.

(٤) محمود الدره، المصدر السابق، ص ١٩٩.

(٥) فاضل البراك، المصدر السابق، ص ٧٦.

(٦) أيوب بارزاني، المصدر السابق، ص ١٠٨.

لەیەکەم هەنگاویدا دەستیکرد بە دابەشکردنی ئەو هەزار جەنگاوەرەی خۆی بۆ سەر سێ بەرە[١]، کە هێزی سەرەکی بە سەرکردایەتی "مستەفا بارزانی" کە ئەرکەکەی بریتی بوو لەبەرگریکردن لە قۆڵی (مێرگەسور- شێروان)[٢]، بەرامبەر هێرشی لیوای عێراقی هێرشبەر بەناوی "دای"، هەروەها هێزێکی دیکە بە سەرۆکایەتی محەمەد سەدیق بارزانی بە یاریدەدەری حاجی تەها ئاکرەیی بۆ بەرەی (باڵندە- ئامێدی)، بەرامبەر بە ڕەتلی (بۆل)، شێخی بارزانیش هێزێکی لەژێر سەرپەرشتی خۆی هێشتەوە بەرامبەر ئەو فەوجەی کە لە"بلە"ی نیمچە گەمارۆدراو بۆ ڕێگەگرتنی پیرس لەو هێزە یەدەگەی کە لە (ئاکرێ)وە دەهات[٣].

سەبارەت بە پێکهاتەی سوپای عێراقی لەو شاڵاوەدا بریتی بوون لە (٢٥٠) ئەفسەر و (٤٤٣٧) پلەداری جۆراوجۆر و (٦) تیپی پیادە و دوو تۆپخانەی چیایی و کەتیبەیەکی سوارە، لەگەڵ هەندێك یەکەی خزمەتگوزاری دیکە، کە ئەوکات نیوەی سوپای عێراقیان پێکدەهێنا، جگە لەمانەش حکومەتی عێراقی توانی سەرۆك هۆزەکانی دەوروبەری بارزان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و هێزێکیان لێ پێکبهێنێت بۆ پاڵپشتیکردنی سوپای عێراقی لەکاتی ئەنجامدانی شاڵاوە سەربازییەکەی بەهۆی شارەزابوونیان لە جوگرافیای ناوچەکە[٤].

سوپای عێراقی لە ١٥ی ئازاری ١٩٣٢ بەپێی پلانێکی پێشتر نەخشە بۆ داڕێژراو لە هەرسێ قۆڵی قەزاکانی (ڕواندز و ئاکرێ و ئامێدی)یەوە بە یارمەتی هێزی کرێگرتەی هەندێ لە هۆزەکان دەستکرا بە ئامادەکاری بۆ هێرشێکی بەربڵاوی گەورە بۆ سەرناوچەکانی بارزان[٥].

یەکەم جەنگیش لە ١٨ی ئازاری هەمان ساڵ ڕوویدا لە دەوروبەری گوندی "کورکێ" لە ڕۆژهەڵاتی مێرگەسۆر، یەکەکانی هێزی "دای" پێشڕەوییان کرد بە ئاڕاستەی ئەو شەڕگەیەی بەرامبەریان، هێزێکی بارزانییەکان بە فەرماندارییەتی "ئەحمەد نادر" لە دوای شەڕێکی

(١) پاول شیسمەن، خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠.

(٢) هوشیار مظفر علي امین، المصدر السابق، ص ٣٢.

(٣) عوسمان عەلی، چەندلێکۆلینەوەیەك.....، ل ٢٤٨.

(٤) أیوب بارزاني، المصدر السابق، ص ص ١٠٨-١٠٩. سەبارەت بەوورەکاری نەخشەی سوپای عێراق بۆ پەلاماردانی بارزان کە لەلایەن فەرماندەی ئەرکانی سوپا و وەزارەتی ناوخۆ لە ١٩٣٢/٣/١٥ دارێژرابوو بگەڕێتەوە بۆ: مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٤-٣٥.

(٥) مستەفا جوندیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١٨؛ *Edmund A. Ghareeb، op.cit، p.٤١.*

سەخت، توانیان هێزەکەی "دای" بشکێنن و پاشەکشەیان پێبکەن بەرەو مێرگەسۆر، پاش ئەوەی ژمارەیەك لاشە و تەقەمەنی لە دوای خۆیان جێهێشت[١]، لە تۆڵەی ئەم شکستە و بۆ بەرزکردنەوەی وڕەی گیانی ئەوانەی مابوون، هێزی ئاسمانی بەریتانی (R.A.F) لە ڕۆژی ١٩ی ئازای ١٩٣٢ هاتە مەیدان و شاڵاوی تووندی هێنایە سەر دەڤەری بارزان، بەتایبەت گوندی بارزان کە شاڵاوە ئاسمانییەکانی هێزی هەوایی بەریتانی بە شەو و ڕۆژ نەدەپسایەوە، بە شێوەیەك شەڕی سەر زەوی تەنیا ببوو بە وردە تەقەی کەم بایەخ، ئەم بارودۆخەش تا دوای مانگی ئازار درێژەی کێشا[٢].

بەریتانییەکان لە ڕێگای ئەم بۆردومانە سەختانەی کە ئەنجامی دەدا، دەیانویست بە هەرشێوەیەك بێت بە خێراترین کات شۆڕشەکەی بارزان خاموّش بکەن، بۆئەوەی کێشە بۆ عێراق دروست نەبێت بەهۆی زڕاندنی ناوبانگییەکەی لەکاتی چوونی بۆ ناو کۆمەڵەی گەلان، لەوبارەیەوە "جەواهیر لال نەهرۆ" بە ڕوونی تیشك دەخاتە سەر دڕندەیی هێزی هەوایی بەریتانی و دەڵێت" **هەوڵیاندا کۆتایی بەم شۆڕشە بهێنن بەهێزی ئاگر، بە شێوەیەك ئەم هێزە ببوو بەهێزێکی پۆلیسی**[٣]"، لە ڕاستیدا وابوو چونکە بەبێ ئەوەی بەزەییان بە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەدا بێتەوە ناوچەکەیان دووچاری بۆردومانێکی سەخت کردەوە[٤].

لەسەرەتای مانگی نیسانی ١٩٣٢ هێزی "دای" بە سەرکردایەتی عەقید "حاج سری ئەحمەد" شاڵاوێکی فراوان و تووندی کردە سەر ئەو بەرەیەی کە گوندەکانی نێوان مێرگەسۆر و شێروانی دەگرتە خۆ، بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی بەریتانی، لە ٣ی نیسانی هەمان ساڵ بارزانییەکان لە ڕێگای پیادەکردنی تەکتیکێکی سەربازی بە تەواوەتی ئەو دۆڵەیان واڵا کرد بۆ حکومەتی عێراقی کە درێژ دەبوویەوە بەرەو بیێرسیاڤ و خۆیان لە بەرازاییەکان قایم کرد، هێزەکانی حکومەت وا گومانیان برد کەوا بەبێ بەرگری توانیویانە مەبەستەکانیان بپێکن لە داگیرکردنی ناوچەکە، بەڵام خۆشیەکانی حکومەت بوو بە کارەسات و دۆڕاندن، چونکە "مستەفا بارزانی" دوای کۆکردنەوەی هێزەکانی لەو قۆڵەدا هێرشێکی تووند و پێچەوانەی ئەنجامدا، کە تێیدا توانی ئەو هێزەی گەیشتبووە بیرسیاڤ لە هێزەکانی

(١) عوسمان عەلی، چەندلێکۆڵینەوەیەك.....، ل ٢٤٩.

(٢) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧.

(٣) کاوس قفطان، المصدر السابق، ص ٥٤.

(٤) جەلیلی جەلیل و ئەوانی دیکە، شۆڕشەکانی....، ل ٢٨٤.

تری بەرەکە دایببڕێت[۱].

مستەفا بارزانی بە یاوەری جەنگاوەرەکانی لە شەڕێکی دەستەویەخەدا تووانیان شکست بەو هێزەی "دای" بهێنن و جگە لە ژمارەیەکی کەم کەسیان لێ دەرنەچوو، ژمارەی کوژراوان گەیشتە "۲۵۳" و بریندارێکی زۆر و ژمارەیەکیش بەدیل گیران، لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنی هەموو ئەو کەلوپەلە سەربازیانەی کە هەبوو، ئەم مەیداندارییە بە شەڕی "دۆڵا ڤاژی[۲]" ناودەبرێت[۳].

جێگای ئاماژەپێکردنە هێزەکانی بارزان پاش ئەوەی تووانیان هێڵی گواستنەوەی نێوان هێزی دای و مێرگەسۆر لە یەك دابڕن، ئەوکاتەی کاروانێکی سەربازی بە سەرکردایەتی پشکنەری گشتی سوپای عێراقی "رۆبنسۆن" بەڕەنگاری هێزی شۆڕشگێران دەبێتەوە و لە ئاکامدا کاروانی سوپای عێراقی تووشی شکست دەبێتەوە و پشکنەری گشتیش بە بریندای پاشەکشە دەکات بەرەو مێرگەسۆر[٤].

هەواڵی ئەم نەبەردییە وەك کوتکێك بوو کە بەسەر ئینگلیز و پیاوەکانی کەوت، هەرچەندە هێزی نوێیان لە کەرکووك و بەغدا هێنا، بەڵام نەیانتوانی پەلامارێکی دیکە لەو ناوچەیە ساز بکەن، بۆیە هەموو توانستی خۆیان خستە سەر هێزی ئاسمانی کە بەشەو و ڕۆژ بە چەشنێکی دڕندانە بۆردومانیان دەکرد[٥].

"حەسەن مستەفا" لەکتێبەکەیدا کە پڕاوپڕ تێروانینەکانی بەلای حکومەتدا دەشکێنێتەوە سەبارەت بەشەڕی دۆڵاڤاژی دەنووسێت" **پاش سەرکەوتنی بارزانییەکان بووە هۆکارێك بۆ بەرزبوونەوەی وەریان و باش بوونی بارودۆخیان لە دەستەبەرکردنی خۆراك و زیادبوونی چالاکی و کردە سەبازییەکانیان، بەڵام دوای یەك ڕۆژ لە شەڕەکەدا، ڕەتلی "دای" بە یارمەتی هێزی ئاسمانی بەریتانی توانیان گەرووی "مامسیك" و ناوچەی زازوك پاك بکەنەوە لە چەکدارانی بارزانی پاش ئەوەی هەندێك لە دێهاتەکانی ناوچەکەیان وێرانکرد، زیانی زۆریان بە دوژمن "مەبەستی بارزانییەکانە" گەیاند، کە ژمارەی کوژراو و بریندارەکانیان زیاتر بوو لە ۱۲۵ چەکدار، لە بەرامبەردا هێزەکانی عێراق تەنها ۳ کوژرا و ٤**

(۱) زبیر بلال اسماعیل، المصدر السابق، ص۱۲۰.

(۲) شەڕی دۆڵاڤاژی لەسەرچاوەکان بە شەڕی "مامیسك" هاتووە.

(۳) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ۳۸.

(٤) أیوب بارزاني، المصدر السابق، ص۱۱۱.

(٥) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ۳۸.

بریندارياں هەبووە[1]".

بێگومان دەکرێت بڵێین تێڕوانینەکانی "حەسەن مستەفا" لەڕووی لۆژیکەوە دووڕە لە ڕاستی، چونکە بەپێی یاسا گشتییەکانی سەربازی، هەمووکات ئەو هێزەی کە هێرشبەرە زیانی زیاترە لەوەی کە لەسەنگەری بەرگریدایە، دیارە ناوبراو هەوڵی داوە لە ڕێگای باسکردنی ئەو بابەتە ڕاستی زیانە گەورەکانی سوپای عێراقی بشارێتەوە.

شیاوی باسکردنە شەڕ تەنها لە بەرەی مێرگەسۆر- شێروان قەتیس نەبوو، بەڵکو لە هەموو بەرەکاندا بارزانییەکان بەڕەنگاری سوپای عێراقی دەبوونەوە، لەم ڕووەوە هێزەکانی ڕەتلی ئاکرێ لە بەرەی بارزان- ئاکرێ سەرکەوتوو نەبوون لە داگیرکردنی شاخی پیرس کە لە کۆتایی مانگی ئازاری ۱۹۳۲ هەوڵی بۆ درابوو، لە سەرەتای مانگی نیسانی هەمان ساڵدا جارێکی دیکە هەوڵەکە دووبارە کرایەوە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو، بۆیە فەوجی "بلێ" هەر لەو شوێنەی خۆی بە ئابلوقەدراوی بێ جووڵە مایەوە، هەرچەندە هەموو هەوڵێك درا لە لایەن حکومەتی عێراقی بە پاڵپشتی و یارمەتی سەرۆك هۆزە کوردیە بەکرێگیراوەکان بۆ گەیاندنی یارمەتی بۆیان[2].

دیارە هەوڵەکانی حکومەت لە چڕکردنەوەی شاڵاوەکانی بۆ"بلێ" زیاتر بۆ گوشار دروستکردن بوو لەسەر شۆڕشگێڕان لە بەرەی باشوور، بۆیە حکومەتی عێراقی دەستی کرد بە پێکهێنانی ڕەتڵێکی نوێ بە ناوی ڕەتڵی "باز" لەژێر سەرکردایەتی عەقید "ئیسماعیل نامیق" کە پێکدەهات لە بارەگای ڕەتڵ و سێ فەوجی پیادە و کەتیبەیەکی سوارە و چەند دەستەیەك لە تەلگراف، تەندروستی، بەیتەرە و گواستنەوە، ئەرکی ئەم ڕەتڵە بریتی بوو لە داخستنی هەموو ئەو ڕێڕەوانە لەڕووی جەنگاوەرانی بارزانی بەتایبەت لەسەر زێی گەورە[3].

سەبارەت بە هێڵی بالندە- ئامێدی، سەرۆك هۆزی ڕێکانی پاڵپشتی حکومەتی عێراقی دەکرد لەم قۆڵەدا کە جێگای مەترسی بوو لەسەر بارزان، بەڵام نەیانتوانی هیچ پێشڕەوییەك لەم بەرەیەدا بکەن، ئەوەی زیاتر بووە مایەی نیگەرانی بارزانییەکان ڕەفتاری "سەدیق ئاغای ئۆرەماری" بوو کە بەر لە شاڵاوەکانی حکومەت لە دەست ڕێکانییەکان ڕایکردبوو، لە لایەن بارزانییەکان پەنادرابوو، بەڵام ناوبراو لەو بارودۆخەدا خیانەت دەرحەق بە بارزانییەکان

(۱) حسن مصطفى، المصدر السابق، ص ص ۳۸-٤۱.

(۲) مەنسوور شێخ ڕەئووف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ۱۱۱.

(۳) زبیر بلال اسماعیل، المصدر السابق، ص ۱۲۲.

دەکات، لە بەرامبەر خەڵاتێکی کەمی ئینگلیزەکان هەڵدەستێ بە گرتنی ٢٥ بارزانی و ڕادەستکردنیان بە هێزەکانی حکومەت لەئامێدی[١].

بە شێوەیەکی گشتی دوای سەرنەکەوتنی سوپای عێراق لە هەموو قۆڵەکان لە بەرامبەر هێزەکانی بارزان، وایکرد هێزە ئاسمانییەکانی بەریتانیا بخزێتە ناو شەڕەکان بە شێوەیەکی چڕ و بەرفرەوان، بۆ ئەم مەبەستە فرۆکە بەریتانییەکان ڕۆژانە دە جار بۆردومانی گوندەکانی دەڤەری بارزانیان دەکرد، لەم ڕووەوە لە ٢٧ی نیسانی ١٩٣٢ "باڵەفڕێکی بەریتانی[٢]" لە باشووری ناوچەی شێروان لە لایەن بارزانییەکانەوە دەخرێتە خوارەوە، پاش دەستگیرکردنی "فرۆکەوانەکە و یاریدەدەرەکەی[٣]"، شێخی بارزان داوای ناردنی پزیشکی کرد، بە مەبەستی تیمارکردنیان[٤]، هەرچەندە شێخی بارزان بە وتەی دوژمنەکانی کە تاوانی بێ دینی خرابووە پاڵ، بە میهرەبانی ئیسلامی و ئینسانییەوە لەگەڵیان جووڵایەوە، هەوڵیدا بە لە بەرچاوگرتنی هەلومەرجی تەنگژاویی دەڤەری بارزان و نابەرابەری و ناهەوسەنگی هێز لەو ڕێگایەوە کۆتایی بە شەڕەکە بهێنێت[٥].

دیارە کەوتنەخوارەوەی فرۆکە بەریتانییەکە بۆ ماوەیەك شەڕ و بۆردومانەکانی وەستاند، لەو بارەیەوە بەریتانییەکان هەر زوو بەدەم داواکارییەکەی شێخی بارزان چوون، لە ناردنی پزیشك بە یاوەری کاپتن"هۆلت" سکرتێری باوەڕپێکراوی بەریتانی و وەرگێڕێك، لە ٣ی ئایاری ١٩٣٢ کاپتن "هۆلت" چاوی بە شێخی بارزان دەکەوێت، لەم دیدەنییەدا شێخ ئەحمەدی بارزانی بۆچوونی خۆی و ئەو دەست درێژی و زۆرداریەی بەسەر بارزان دەکرێت بۆی ڕوون کردەوە[٦].

پاشان ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە فرۆکەوانەکان ئازاد بکرێن لە بەرامبەردا کاپتن هۆلت بە ناوی حکومەتی بەریتانیا بەڵێنیدا بە ئازادکردنی ئەو ٢٥ بارزانییەی کە "سەدیق ئاغای ئۆرەماری" ڕادەستی حکومەتی کردبوون لە ئامێدی، هەروەها بڕیاردرا شەڕ ڕابگیرێت و دەست بکرێت بە وتووێژ بۆئەوەی تەناهی و ئاشتی بگەڕێتەوە و سوپا بگەڕێتەوە

(١) پاول شیسمەن، خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٨٢-٨٣.

(٢) فرۆکەکە لەجۆری (Wapiti) بوو.

(٣) ناوی فرۆکەوانەکە (J.Wells) و یاریدەدەرەکەی (G.Vans) بوو.

(٤) أيوب بارزاني، المصدر السابق، ص ١١٢؛ نیسان حسن ڕۆستم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

(٥) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٤.

(٦) مەنسوور شێخ ڕەئووف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٢.

بنکەکانی پێشووی خۆیان و ناوچەکە ئاوەدان بکرێتەوە و تەنها فەرمانگە و بنکەی پۆلیس بهێڵدرێتەوە، لەگەڵ دەرکردنی لێبووردنی گشتی[١].

کاپتن "هۆلت" بەڵێنەکانی خۆی بردەسەر، هەر بە گەیشتنەوەی بە شاری هەولێر، ئەو ٢٥ بارزانییە ئازاد کران و فرۆکەوانەکانیش گەڕاندرانەوە، بەڵام ئاشتی زۆر درێژ خایەن نەبوو، چونکە ئەو ڕێککەوتنەی پێشوو کە ڕەزامەندی لەسەر درابوو لە لایەن حکومەتی عێراقی ڕەتکرایەوە، بەڵکو بەغدا دەیویست بە گشتی دەڤەری بارزان و شێخنشینەکەی لەناو ببات، بۆیە داوای دانانی چەکی بەبێ مەرج لە بارزانییەکان کرد[٢].

بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی عێراقی لە کۆتاییەکانی مانگی ئایاری ١٩٣٢ "شێخ نووردین بریفکانی" ڕادەسپێرێت بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ شێخی بارزان بە مەبەستی گەیاندنی داواکارییەکانی حکومەت لە دەست پێکردنەوەی وتووێژەکان، هەرچەندە شێخی بارزان ڕازی بوونی خۆی نیشاندا بۆ "شێخ نووردین بریفکانی" بە ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ لایەنی عێراقی- بەریتانی[٣]، کەچی لایەنی عێراقی- بەریتانی جەختیان دەکردەوە لە ئەنجامدانی گفتوگۆ لە گوندی هۆستان کە ئەوکات فەوجێکی تەواوی سوپای عێراقی تێیدابوو، شێخی بارزان باوەڕی بە ئینگلیزەکان نەبوو، بۆیە ئەم مەرجەی قبوڵ نەکرد، داوای کرد کۆبوونەوەکە لە شوێنێك دوور لە بارەگای هێزە عێراقییەکان ئەنجام بدرێت و چەندیش دەیانەوێت با چەکدار لەگەڵ خۆیاندا بهێنن، لە حالەتێکیشدا ئەم دوو پێشنیارەیان ڕەتکردەوە جارێکی تر گوێ لە مەرجەکانیان ڕاناگیرێت[٤].

لە لایەکی دیکەوە شێخی بارزان بە شێخ نووردین بریفکانی ڕاگەیاند" **ئەگەر چەکەکانمان فڕێ بدەین ئینگلیز وازمان لێ ناهێنێت، ئەوان دەیانەوێت ئێمە مافمان نەبێت و بیرووڕا دەرنەبڕین، ئەوان داگیرکەری خاکی ئێمەن و دوژمنی دینمانن، من باش دەزانم کە هۆزێکی بچووکی وەك ئێمە ناتوانێت بەربەرەکانی ئینگلیز بکات، بەڵام ژیان بریتییە لە وەستانەوەی بە شەڕەفانە، ئینگلیز دەتوانێت هەموو گوندەکانی ئێمە بسوتێنێ و دەرمان**

(١) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

(٢) پاول شیسمەن، خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٣.

(٣) زبیر بلال اسماعیل، المصدر السابق، ص ١٢٥.

(٤) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤٣-٤٤.

بکات و هانکوژێت، بەڵام ناتوانێت هانکاته لایەنگری خۆی"[1].

نووسەری کتێبی"پەنجەکان یەکتری ئەشکێنین" لەبارەی دیدارەکەی شێخی بارزان و شێخ نوورەدین بریفکانی ئاماژە بەوە دەکات **کـە داواکارییـەکانی شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی هـیچ خواستێکی سیاسی یاخود نەتەوەیی لە حکومەت نەبووە، بەڵکو دەیویست حکومـەت لێـی ببوڕێت و وازیان لێ بهێنێت لە شوێنی خۆیان بژین، حکومەت دەست وەرنەداتە کاروباری ناوچەکەیانەوە، لە ناکۆکی ئەوان و عەشیرەتەکانی تردا بەلای دوژمنەکانیدا دانەشکێنێت**[2].

لەوبارەیەوە دەکرێت تیشك بخەینە سەر چەند بەڵگەیەکی مێژوویی کە دەرخـەری ئـەو ڕاستیەن کە شێخی بارزان هەمووکات مەبەستە نەتەوایەتییەکەی لا گرنگ بووە لەوانە:

١-سەرەڕای نەبوونی ڕێکخستنێکی سیاسی لەو سەردەمەدا بۆ پاڵپشتی کردنی شۆڕشـەکە لـە لایـەك و بڵاوبـوونەوەی نەخوێنـدەواری و نـەزانی لـە لایـەکی دیـکەوە هۆکارێـك بـوون بـۆ لاوازبوونی هوشیاری سیاسی، لەگەڵ ئەوشدا شێخی بارزان و شۆڕشـەکەی ڕێگایـان خۆشـکرد بۆ بنیادنانی هوشیارییەك لەبارەی کێشەی کورد لە کوردستانی عێراق.

٢-داواکارییەکانی شێخی بارزان ناوچەگەرایی نەبووە، چونکە بۆ لەنێو بردنـی ئـەم شۆڕشـە و شێخنشینی بارزان هەریەکە لە وڵاتانی تورکیا و عێراق و ئێران لەگـەڵ پاڵپشـتییەکانی هێـزی ئاسمانی بەریتانی بەشداریان تێیدا کردووە، هـەر ئەمـەش وایکـرد لـە ٨ی تـەممووزی سـاڵی ١٩٣٧ ڕێککەوتنامەی "سەعد ئاباد" لە تارانی پایتەختی ئێران ببستڕێت بـۆ لـەنێوبردنی هـەر بزاڤێکی شۆڕشگێڕی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان.

٣- جگـە لەمانـەش شـێخی بـارزان هـەر جووڵانەوەیـەکی شۆڕشـگێڕی لـە هـەر پارچەیـەکی کوردسـتان هەبووایـە، ئەوە بـێ دوودڵـی جـەنگاوەرانی خـۆی ڕەوانـە کـردووە، لەوانـە بـۆ یارمەتیـدانی شۆڕشـەکەی شـێخ سـەعیدی پیـران، هـەروەها شۆڕشـەکەی شـێخ مـەحمود بەرزنجی و شۆڕشەکەی ئاگری داغ و ئەنجامدانی کۆبوونەوە لە بارزان بە مەبەستی پاڵپشـتی کردن لە شۆڕشگێڕانی کوردسـتانی ڕۆژهەڵات بـۆ تۆڵـەکردنەوە لـە خـوێنی سـمکۆی شـکاك، هەموو ئەمانە دەرخەری ئەو ڕاستیە نین کە شێخی بارزان چەند پێـداگری کـردووە لـە مافـە نەتەوییەکان.

---

(١) زبير بلال اسماعيل، المصدر السابق، ص ١٢٥.

(٢) نەوشیروان مستەفائەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنین (دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێـراق ١٩٧٩–١٩٨٣، (بێ شوێنی چاپ- ١٩٩٧)، ل ٤٤.

٤- چەندین بار دەستەوارەی زۆری پێدراوە لە لایەن حکومەتی عێراقی بۆ ئەوەی واز لە شۆڕشەکەی بهێنێت، بەڵام وەڵامەکەی بریتی بوو لەوەی کە "هەموو زێڕەکانتان ناتوانێت من بکڕێت" ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەوەی کە شێخی بارزان هیچکات بە دوای پلەوپایە و سامان نەبووە، بەڵکو هەموو ئارەزووەکانی بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و مافەڕەواکانی گەلی کورد بووە.

دوو ڕۆژ پاش گەڕانەوەی "شێخ نوورەدین بریفکانی" ژمارەیەکی زۆر فرۆکەی ئینگلیزی و بە شەپۆڵی یەك لە دوای یەکدا ڕوویانکردە سەر ناوچەی بارزان، هەر شتێکیان لە خوارەوە بەرچاو کەوتبایە بۆردومانیان دەکرد، تەنانەت بۆمبی دانراو (القنابل الموقوتە) لەو ناوچەیە بەکارهێنرا کە منداڵێکی زۆری کوشت، چونکە لە بۆمبە فڕێدراوەکان کۆدەبوونەوە و لە پڕێکدا دەتەقیەوە و لەناوی دەبردن[١]، بێگومان ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییە کە هێزەکانی ئاسمانی بەریتانی ڕۆڵێکی شەرمەزاریکەری بینیووە لە کپکردنی شۆرش و دەنگە نارازییەکانی گەلی کورد بە شێوەیەکی دڕندانە[٢].

لە ئەنجامی بۆمبارانکردنی سەختی ناوچەی بارزان بە گشتی و گوندی بارزان بە تایبەت، لە لایەن فرۆکە بەریتانییەکان لەکاتی ڕۆژدا، وایکرد دانیشتوانی دێهاتەکان پەنا ببنە بەر چیاکان و ئەشکەوتەکان[٣]، لەهەمان کاتدا دانیشتوانی گوندەکان لە شەودا ڕوویان لە دێهاتەکانییان دەکردەوە بە مەبەستی دابینکردنی خواردەمەنی و پێداویستییە تایبەتیەکانی ژیانیان، بەڵام بەهۆی بۆمبە فڕێدراوە کاتییەکان لە کتوپڕیدا بەهۆی تەقینەوەکان ماڵەکان وێران دەبوون و زیانی گیانی و مادەی زۆری بە دوای خۆیدا دەهێنا[٤].

ئەم بارودۆخە ناهەمواره بارزانییەکانی ناچار کرد شەو و ڕۆژ لە ئەشکەوتەکان بمێننەوە و دێهاتەکانیان چۆڵ بکەن[٥]، چونکە زیانی گیانی خێزانەکان زۆر زیاتر بوو لە زیانی چەکداره شەڕکەرەکان[٦]، بە جۆرێك لەو ماوەیەدا فرۆکە بەریتانییەکان نزیکەی ٧٩ گوندیان وێران کرد، لە کۆی ٢٣٨٢ خانوو لەو دەڤەرە ١٣٦٥ خانوو بەهۆی بۆمبارانکردنی فرۆکەوە

(١) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

(٢) ماجد عبدالرضا، القضية الكردية في العراق، (بغداد – منشورات الطريق الجديدة - ١٩٧٥) ، ص ٦٨.

(٣) ئەحمەد خواجە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٢.

(٤) کاوس قفطان، المصدر السابق، ص ٥٥.

(٥) وەدیع جوەیدە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨٦.

(٦) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

ڕوخێنران و سوتێنران، سەرەڕای ئەوەش بەکارهێنانی "مین" کە پێشێل کردنێکی ڕوون بوو لە"پەیماننامەی هیگ[1]"ی ساڵی ١٩٠٧ و پەراوی یاسای سەربازی بەریتانی ساڵی ١٩١٤، کەچی لەو ناوچەیە بەکارهات و زیانێکی گەورەی گیانی لەنێو خەڵکی سڤیل دروست کرد[2].

دوا بە دوای ئەو تووندوتیژیانەی دەرحەق بە بارزانییەکان ئەنجام درا، بە هیچ شێوەیەك ویژدانی جیهانی پێشکەوتووخواز نەجوولا بە لۆمەکردن بێت یاخود ڕەخنەیەك لە هەڵسوکەوتەکانی بەریتانیا و دەسەڵاتدارانی عێراقی، هەر ئەمەش هۆکاربوو بۆ ئەوەی دەستی بەریتانیا والا بێت بۆ هەر کارێك بخوازێت ئەنجامی بدات لە سوتاندن و وێرانکردن و لەناوبردن، بۆ ئەم مەبەستە "ویلسۆن" حاکمی سیاسی بەریتانی لە عێراق لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم دەڵێت "**بارودۆخی کەمینەکان لە عێراق جیاوازە لەوانی دیکە، بەهۆی نەبوونی ئەندام یاخود نوێنەر لەکۆمەڵەی گەلان بۆ ئەوەی دەنگیان بگەیەنێتە جنێف**"[3].

لەو بارودۆخەدا ڕۆژنامە فەرمییەکانی بەریتانیا پڕ بوون لە بابەتی هەمەلایەنە دەربارەی پێشکەوتنەکانی عێراق و جەخت کردنەوە لە خۆشگوزانییەکانی، هەرچەندە لەکاتی وەرگیرانی عێراق لە کۆمەلەی نەتەوەکان لە بەیاننامەیەکدا پێداگری کرابوو لە دانپێدانانی عێراق بە مافی کەمە نەتەوایەتییەکان و دابینکردنی مافی ژیان و ئازادی ئاینی، بەلام ئەوەی جێگای سەرنج بوو دەزگاکانی ڕۆژنامەوانی بەریتانی هیچ دەرفەتیکیان لەدەست نەدەدا، بەلکو هەر زوو ڕۆڵ و کاریگەری ئینگلیزیان بە گوێی دەسەڵاتدارانی عێراقی دەچڕپاند لە نەهێشتنی مەترسی کوردی(الخطر الكوردي) لەسەر سیستەمی حوکم لە عێراق، لەو بارەیەوە ڕۆژنامەی " تایمز" دەنوسێت " **هەنگاونانی عیراق بە ئاراستەی سەربەخۆیی زۆر خێرا بوو بەتایبەت پاش ئەو ڕێوشوێنانەی کە دوو سال لەمەوبەر کاری لەسەر کردبوو بە**

---

(١) لەبەشی دووەمی پەیماننامەکە بەناونیشانی کردەسەربازییەکان و بەندی یەکەمی ئەم بەشەش جەخت دەکاتەوە لە بەکارهێنانی ئەوکەل وپەلانەی کە زیان بە بەرامبەر دەگەینێت لەگەڵ ئابلوقەدان و بۆمبارانکردن، بەجۆرێك لەمادەی ٢٢ی ئەم بەندە هاتووە لایەنە شەڕکەرەکان مافی ڕەهایان نیە لەهەڵبژاردنی ئەوکەل و پەلە سەربازیانەی کەزیان بەبەرامبەرەکەی بگەینێت، لەماددەکانی ٢٣ و ٢٥ تیشك دەخاتەسەر ڕێگا پێنەدراوەکان، بەتایبەت ئەوچەکانەی کەزیانی گیانی زۆر بگەینێتە هاولاتی سڤیل و هەروەها ڕێگاگرتن لە هێرشکردن و بۆمبارانکردنی شار و گوند و ماڵی نەپارێزراو بەهەموو شێوەیەك. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێتەوە بۆ: اتفاقية هيغ ١٩٠٧/١٠/١٨ الاتفاقية الخاصة باحترام قوانين واعراف الحرب البرية، www.icrc.org/ara/resources(international committee of the red cross)

(٢) ديڤيد مكدول، المصدر السابق، ص٢٨٦؛ جەمال گردەسۆری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢.

(٣) كاوس قفطان، المصدر السابق، ص ٥٦.

مەبەستی جێگیر کردنی پایەکانی دەسەڵاتی پاشایەتی، بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارە بەر لە ۱۲ مانگ بابەتی حوکمرانییە لە بارزان، ئایا شێخ ئەحمەد بارزانی دەسەڵاتداری بارزانە یاخود پاشا و کابینەی حکومەتەکانی"[۱]. دیارە ئەم نووسینە وەك بیرخەرەوەیەکە بۆ دەسەڵاتدارانی عێراقی کە بەبێ بەریتانیا پایەی دەسەڵات لە عێراق هیچ کات جیگیر نەدەبوو.

شێخی بارزان لە یەکی حوزەیرانی ۱۹۳۲ هەموو لێپرسراوانی هۆزی بارزانی وەکو "وەلی بەگ، خەلیل خۆشەڤی، ئەحمەد نادر، عەبدوڵڵا کرکەموی و حەسەن محەمەد ئەمین"ی بانگ کرد، پاش وتووێژ کردن لە بارودۆخی ناوچەکە لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە بڕیاریاندا پەنا ببنە بەر تورکیا و بە شێوەیەکی ڕێك وپێك و بەردەوام بن لە داکۆکی کردن و داپۆشینی کشانەوە، هەر کە شوێنێکیان بەجێ دەهێشت، هێزەکانی سوپا پێش دەکەوتن بۆ داگیرکردنی[۲].

لە ۱۰ی حوزەیران خێزانە بارزانییەکان لە دۆڵی "زێت" و گوندەکانی دەوروپشتی کۆبوونەوە بۆ چوونە ناو تورکیا، بەڵام شێخی بارزان پاش کۆبوونەوەی لەگەڵ لێپرسراوە بارزانییەکان بڕیار لەسەر چەند خاڵێك درا لەوانە: کەمترین ژمارەی خێزان بچێتە ناو تورکیا، هەروەها ئەو خێزانانەی کەمەترسیان لەسەر نییە بگەڕێنەوە گوندەکانیان[۳] و خەریکی ژیانی ئاسایی خۆیان بن، لەگەڵ بردنەوەی چەکی کۆن لەگەڵ خۆیان بۆ ڕادەستکردنەوەی بە حکومەت، تەنیا ئەو خێزانانە بچن بۆ تورکیا کە مەترسیان لەسەرە، لەگەڵ مانەوەی (۲۰۰-۳۰۰) چەکدار بە فەرماندەیی"وەلی بەگ، خەلیل خۆشەڤی، ئەحمەد نادر، عەبدوڵڵا کرکەموی و حەسەن محەمەد ئەمین "لەسەر سنوور لەنێوان گوندەکانی "گەردی"، بە جۆرێك چەکی زیادە لای ئەوان بێت تا لەکاتی پێویستدا کەڵکی لێ وەربگرن[٤].

شێخ ئەحمەدی بارزانی لە۲۰ی حوزەیرانی۱۹۳۲ هەریەکە لە محەمەد سەدیق و حاجی تەها ئامێدی ڕەوانەی گوندی گرانە کرد، کە گوندێکی گەردیەکانە دەکەوێتە ناو خاکی تورکیا، بە مەبەستی ڕاوێژ کردن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حکومەتی تورکیا بۆ ڕێکخستنی

(۱) شاكرو خدو محوى، المسألة الكوردية في العراق المعاصر، ترجمة: عبدي حاجى ، (دهوك ، دار سبيريز للطباعة والنشر- ۲۰۰۸) ، ص ۹۲.

(۲) مەنسوور شێخ ڕەئووف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ۱۱۹.

(۳) نیسان حسن ڕۆستم، سەرچاوەی پێشوو، ل ۵۸.

(٤) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.

ڕێوشوێنە تایبەتییەکان بۆ چوونە ناوەوەی خێزانە بارزانییەکان بۆ ناو تورکیا[١]، پاشان حکومەتی تورکیا ڕەزامەندی خۆی نیشاندا بەوەی کە خێزانە بارزانییەکان وەك پەناهەندە وەربگرێت، بەو مەرجەی لە گوندی گرانە چەکەکانیان بە دەستەوە بدەن و لە ڕاستیدا بارزانییەکان بۆ دوورکەوتنەوە لە سازکردنی هەر گیروگرفتێك لەگەڵ تورکەکان هەندێك لە چەکەکانیان ڕادەستی حکومەتی تورکیا کرد، بەمەش خێزانە بارزانییەکان دەستیانکرد بە پەڕینەوە لەسنوور و چوونە ناو گوندی گرانە[٢].

